





# له "ڕۆژنامەی کوردستان" و "کوردستان میدیا"وە

## بانەمەڕی ٢٧٢٦

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی؛ ڕحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:


١- وانەکانی قاسملوو لە سەردەمی شەڕ و ئاگربەسدا........................................... د. ئاسۆ حەسەن زادە ..... ٥

٢- شەهیدبوونی پێشەوا، پەیمانێکی کۆمەڵایەتی بۆ تێکۆشان و دەستگرتن بە ئامانجەکان..... ئەبووبەکر کاروانی ..... ١٠

٣- دەوری دووەمی وتووێژەکانی ئەمریکا و ئێران لە پاکستان، بەرەو کوێ؟..................... مستەفا مەعرووفی ..... ١٥

٤- سەبارەت بە وتارەکەی هاوڕێ مستەفا هیجری لە پارلەمانی ئورووپا!......................... ئیبراهیم لاجانی ..... ١٩

٥- غەریبی خاک.......................................................................... ئاسۆ مینبەری ..... ٢٣

٦- شەهید خەلیلی محەممەدی (ناسراو بە خەلیلە سوور).................................... برایم چووکەڵی ..... ٢٦

٧- لە «یەکپارچەیی خاک»ەوە بۆ «یەکێتیی ئارەزوومەندانە».................................. مێهدی مێهرپەروەر ..... ٣٠

٨- د.کەیوان ئازاد ئەنوەر: "میقداد مەدحەت بەدرخان" پەیامی کوردایەتی و سەربەخۆیی لە تاراوگەوە بە جیهان گەیاند.

دیمانە: شەهرام سوبحانی ..... ٣٣

٧- ستراتیژیی ئێمە؟!.................................................................. سۆران عەلیپوور ..... ٤٢

٨- تەسلیمبوون یان دارمان: بژاردەی ستراتیژیی سنووردار بەردەستی ئێران.................... حەسەن قارەمانی ..... ٤٧

٩- کوردستان ئەمجارەش بە سازی خۆی هەڵپەڕی........................................... دارسمە ..... ٥٢

١٠- دیپلۆماسیی ئێرانی؛ بەهانەیەک بۆ کوشتنی کات و تیرۆرکردنی نەیاران......................... ئازاد مستۆفی ..... ٥٥

١١- میراتی دیکتاتۆرێک.................................................................. د. قادر وریا ..... ٦٣

١٢- نەخشەی نوێی ژیۆپۆلیتیکی و بووژانەوەی ئابووریی جیهان؛ شەڕی ئێران و پرسی کورد.... شاڕوخ حەسەنزادە .... ٦٦

١٣- بڕینی ئینتەرنێت لە ئێران؛ قەیرانێکی فرەڕەهەند و پاشهاتە قووڵەکانی......................... بێهزاد قادری ..... ٦٩

١٤- هاوپەیمانەتی کوردستانی لە ڕوانگەی بەرپرسیارەتیی کۆمەڵایەتییەوە.............. د. ئازاد محەممەدیانی ..... ٧٢

١٥- ڕۆڵی دیپلۆماسی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێران لە ژێر ڕۆشنایی ئایدیۆلۆژیی یاسای بنەڕەتیدا........................

د. ئارەزوو نستانی ..... ٧٧

١٦- گرنگی و بایەخی پێکهاتنی هاوپەیمانیی کوردستانی!...................................... ئیبراهیم لاجانی ..... ٨٥

١٧- دیپلۆماسیی یەکدەنگ، دەرفەت و بەربەستەکان.......................................... هیوا بەهرامی ..... ٨٩

١٨- توندڕۆیی و نەرمڕۆیی لە کۆماری ئیسلامیدا لە نێوان ڕاستی و گەمەی سیاسیدا............ مستەفا مەعرووفی ..... ٩٤

١٩- "هیچ زیندانییەک بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەی زیندانەکەی هەوڵ نادا"........ د. ئاسۆ حەسەن زادە ..... ١٠١




سەرچاوە
Serchawe

٢٠- ڕاگەیەندراوی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران سەبارەت بە لەسێدارەدانی "یەعقووب کەریمپوور" و "ناسر بەکرزادە"........................................................................................ ١٠٤
٢١- سوژەڤانی و کۆڵەکەی چوارەمی دیموکراسی (دیاردەناسیی ئازادیی بلاڤۆک لە بنیادنانی دیموکراسی و سەروەریی هزریدا. ....................................................................................... شاهۆ حوسێنی ..... ١٠٦
٢٢- لە بەرداشی شەڕی ئەمریکا و تاراندا کێ چارەنووسی کورد دیاری دەکات؟................. شەماڵ تەرغیبی ..... ١١١
٢٣- سازبوونی هاوپەیمانیی کوردستانی وەک پێویستییەکی سیاسی لە نێو تەنگژە بنەڕەتییەکانی ئێراندا .................
....................................................................................... حەسەن قارەمانی ..... ١١٤
٢٤- یەکیەتی، هاوپەیمانی و ئەرکەکانی حیزب لە هەلومەرجی تازەی خەباتدا................ ئیبراهیم لاجانی ..... ١٢٠
٢٥- لە گرتنی گەرووی هۆرمزدا کێ دەیباتەوە، ئێران یا ئەمریکا؟........................... فەرهاد سلێمانپوور ..... ١٢٨
٢٦- دوژمنانی کورد لە هاوپێوەندیی نەتەوەیی کورد زراویان چووە!............................. عومەر باڵەکی ..... ١٣٨
٢٧- پێوەندییە دینامیکییەکانی نێوان خەباتی مەدەنی و خەباتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان...........................
....................................................................................... د. خالید خەیاتی ..... ١٤٢
٢٨- ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی یان دژبەری یەکتری؟......................................... عەلی بداغی ..... ١٤٦
٢٩- جووڵانەوەی میللی و دێموکراتیکی کوردستان؛ (بزووتنەوەیەکی ڕەسەن، سەربەخۆ و سەرچاوەگرتوو لە ویست و ئیرادەی خەڵکی کوردستان)........................................................................ ئیبراهیم لاجانی ..... ١٥٠
٣٠- دیار بوون لە ڕێگەی دیپلۆماسییەوە سەرەڕای بەربەستی مەیدانی.................... د. ئاسۆ حەسەن زادە ..... ١٥٣
٣١- پاش وەرگرتنی زانیاری لەمەڕ "هێرشی کۆتایی"؛ بژارەکانی ترامپ لە بەرانبەر ئێراندا کامانەن؟.......................
....................................................................... و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور .... ١٥٨
٣٢- کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا: لە شوناسی کولتوورییەوە هەتا داخوازیی سیاسی و نەتەوەیی.....................
....................................................................................... شەهین زادئەحمەد ..... ١٦٣
٣٣- سەرکوتی ئابووری.................................................................... ئاسۆ مینبەری ..... ١٦٨
٣٤- ئاگربەستێک کە نابێتە ئاشتی!.......................................................... ئیبراهیم لاجانی ..... ١٧١
٣٥- قاسملوو و سەمفۆنیای خۆڕاگری....................................................... هێمن مەردانی ..... ١٧٦
٣٦- کوردستان؛ لە سیاسەتی حاشالێکردنەوە هەتا بەردەوامیی بەرگری و خۆڕاگری................ هەوراز کاویان ..... ١٨١
٣٧- میلیتاریزمی نەرم؛ ڕێژیم چۆن "ژن" دەکاتە قەڵغانی ئایدیۆلۆژیای توندوتیژی؟............. ئاسۆ ساعێدی ..... ١٨٦
٣٨- شیکاریی گۆڕانکارییە گوتارییەکانی بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران و کوردستان (١٣٨٨ - ١٤٠٤)...................................................................... ناسر ساڵحیئەسڵ ..... ١٩١

## بانەمەڕی ٢٧٢٥

٣٩- گڵۆڵەی ئاڵۆزی شەڕ!.......................................................... ڕەزا دانشجوو ..... ١٩٦

٤٠- بازاڕ لە نێوان دەست بەسەرداگرتنی سپای پاسداران و شەڕی ژیۆپۆلیتیکیدا: قەیرانی وزە، دارِمانی دراو و بێمتمانەیی گشتی لە ئێران........................................................ ئەمیر سوڵتانی ..... ٢٠١

٤١- هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید سەید کامیل حەیدەری)................................ برایم چووکەڵی ..... ٢٠٦

٤٢- کارەساتی داخستنی تەنگەیەکی تەنگاوکەر..................................................... دارسمە ..... ٢٠٩


٤٣- مانەوەی ڕێژیمی ئێران؛ هەڕەشەیەکی گەورەتر لە چەکی ئەتۆمی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.........................
.................................................................................... حەسەن قارەمانی ..... ٢١٢






سەرچاوە
Serchawe

# وانەکانی قاسملوو لە سەردەمی شەڕ و ئاگربەسدا





**ئاسۆ حەسەن زادە**

"زیاتر لە هەموو شتێک، ئەوەی میراتی سیاسیی قاسملوو بۆ ئەمڕۆ بە ئێمەی دەڵێ، دەوری سەرەکیی عاملییەتی نێوخۆییە پێش ئەوەی دینامیکە دەرەکییەکان جارێکی تر کوردانی ئێران بەرەو پەڕاوێز ببەنەوە"

لە بارودۆخێکدا کە شەڕی ئەمریکا و ئێران دەتوانێ دوورەدیمەنی جێگە و پێگەی ئێران و کوردستان سەرلەنوێ پێناسە

بکاتەوە، پێویستیی هزر و ڕوانگەکانی د. عەبدولڕەحمان قاسملوو لەبارەی دێموکراسی، بەکاراکتەربوونی کورد و سیاسەتی ڕوون لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ناسەقامگیرییە ژێئۆپۆلیتیکی و گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە خۆی دەردەخا. بەڵام میراتی قاسملوو بەدیاریکراوی چییە و بۆچی هێشتا و لە ئەمڕۆشدا گرنگە؟

بە شێوەیەکی پارادۆکسیکاڵ، دڵنیاییەک بەدی ناکرێ کە ڕاوەستانی شەڕەکەی ئەم دواییە ئارامی بۆ ئێرانییەکان بەدیاری بێنێت. بۆ زۆر کەس، بەتایبەتی لە نێو کوردانی ئێراندا، نیگەرانییەک هەیە کە سازانێکی نوێی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئێران لە کۆتاییدا ببێتە هۆی درێژکردنەوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی، بەبێ ئەوەی ئەو ڕێژیمە ناچار بێ ئیمتیازێکی مانادار بەتایبەتی لە کایە نێوخۆییەکانی وڵات لە بەرژەوەندیی خەڵکدا بدات.

ئەم نیگەرانییە پاشخانی مێژوویی هەیە و پێشتر ئەزموون کراوە. قۆناغەکانی دوای شەڕەکان یان گرژییە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ ئێران بە دەگمەن بوونەتە هۆی کرانەوەی سیاسی لە ئاستی نێوخۆییدا. بەپێچەوانەوە، زۆربەی کات بوونەتە هۆی توندوتیژی و سەرکوتی زیاتر. بۆ نموونە ڕێککەوتنی بەرجام (٢٠١٥) کە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان بۆ میانەڕەوی و کرانەوەی سیاسی، پەرەئەستاندنی سەرکوت و چەقبەستوویی سیاسیی لە ئێراندا بەدوادا هات.

نموونەیەکی کۆنتر و دراماتیکیتر، کۆتاییهاتنی شەڕی ئێران و عێراقە لە ساڵی ١٩٨٨دا. بەدوای ڕێککەوتنی ئێران و عێراق لەسەر کۆتاییهێنان بە شەڕی نێوانیان هەزاران زیندانیی سیاسی لە ئێران لەسێدارە دران و ڕێژیم هەڵمەتێکی بەردەوامی تیرۆرکردنی نەیارانی خۆی لە دەرەوەی وڵات دەست پێ کرد. یەکێک لە یەکەمین و دیارترین قوربانییەکانی ئەم هەڵمەتە، د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو، کە لە ساڵی ١٩٨٩ لە شاری ڤییەن و لە کاتی دانوستان لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیدا تیرۆر کرا.

ئەمڕۆ، ترسێک هەیە کە ڕەوتێکی هاوشێوە جارێکی تر دووبارە بێتەوە. هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی لەسێدارەدانەکان لە نێوخۆی وڵات، بەرپرسانی ئێران هەڕەشەکانی خۆیان دژی لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردی جێگیر لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەست پێ کردووەتەوە و بەئاشکرا داوای دەرکردنیان دەکەن. ئەم حیزب و لایەنە سیاسییانە لە کاتی شەڕی چل ڕۆژەی دواییدا کرابوونە ئامانجی هێرشی موشەکی و درۆنیی کۆماری ئیسلامی و ئێستا بارودۆخیان ناسکتر و هەستیارتریشە.

لە بارودۆخێکی وادا، مەسەلەی کورد چیتر بابەتێکی پەراوێزی یان تاکتیکی نییە، بەڵکوو جارێکی تر دەبێتە شوێنی

بەرجەستەبوونی درز و کەلێنێکی سیاسیی گەورە؛ درزێک کە جارێکی تر گرنگیی وریاکردنەوەکان و ڕێباز و ڕوانگەکانی د. قاسملوو دەخاتەوە بەرچاو. ڕێک لەو کاتانەدایە کە نەبوونی ئەو بەئاشکرا هەست پێ دەکرێ؛ نەک هەر لەبەر ڕەتکردنەوەی شێلگیرانە و لێبڕاوانەی پاشەکشە لە بەردەم بارودۆخە سەختەکان و ئامادەیی بۆ قبووڵکردنی ریسکی دەسپێشخەرییەکان لەلایەن قاسملووەوە، بەڵکوو هەروەها لەبەر هەبوونی دووربینی و ڕوانگەیەکی سیاسیی بەهێز لەلای ناوبراو.

هیچ کەسایەتییەکی سیاسیی کورد نەیتوانیوە بەو ڕوونییە پرۆژەیەکی سیاسی دابڕێژێت کە داخوازییەکانی کورد بە بیرێکی فراوان و گشتیگیر بخاتە ڕوو. بیر و کردەوەی قاسملوو لە سەردەمی ئێستادا تەنیا بایەخێکی مێژوویی نیە، بەڵکوو گرینگییەکەی بۆئیعتباری ئەو چوارچێوەیە دەگەڕێتەوە کە ئەو بۆ ئاڕاستەکردنی پێکگەیشتنی نێوان مافەکانی کورد، خەبات بۆ دێموکراسی لە ئێران و سیاسەتی نێودەوڵەتی دایڕشتبوو.

د. قاسملوو بە شێوەیەکی هاوکات لە دوو بەرەی پێکەوەبەستراودا - کوردی و ئێرانی - هەڵدەسووڕا. لە ئاستی ئێراندا، ئەو بۆ بنیاتنانی جێگرەوەیەکی جێ متمانە لەبری کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشا. بەڵام لە ڕوانگەی ئەووە، جێگرەوەیەکی ئاوا نەدەبوو لەسەر دروشمی ناڕوون یان هاوپەیمانیی هەلپەرستانە دابمەزرابێت، بەڵکوو پێویستی بە بناغەیەکی سیاسیی ڕوون و پتەو هەبوو. بۆ وی پێوەرێکی ئەم بناغەیە بەڕەسمی ناسینی فرەنەتەوایەتی لە ئێراند وەک مەرجێکی پێویست بۆ هەر هاوپەیمانییەکی پایەدار بوو. هەر ئەم هەڵوێستە بووە هۆی ئەوەی ئەو هاوپەیمانی نەک تەنیا لەگەڵ ڕەوتە پاشایەتیخوازەکان، بەڵکوو بەگشتی لەگەڵ هەر هێزێک کە دێموکراتی ڕاستەقینە نەبوو، ڕەت بکاتەوە.

لە ئاستی کوردیدا، ئەندێشەی ئەو تێکەڵەیەک بوو لە واقیعبینی و پلانی درێژخایەنی نەتەوەیی. ئەو دابەشبوونی کوردستانی لە نێوان چەند دەوڵەتدا وەک واقیعەتێکی عەینی دەدیت و جەختی دەکردەوە کە پێویستە بزوتنەوەی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان خەباتەکەی لە چوارچێوەی نەتەوەیی تایبەت بە خۆیدا بەرەو پێش ببات. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمەی بە واتای دابڕان و ترازانی نێوان کورد نەبوو. بەپێچەوانەوە، ئەو چالاکانە بۆ بەهێزکردنی هاوپشتیی نێوان پارچە جیاوازەکانی کوردستانی گەورە هەوڵی دەدا و پێی وابوو ئەم خەباتانە، هەرچەندە لێک جیاوازن، بەڵام بە قووڵی پێکەوە بەستراونەتەوە. هەروەها جەختی دەکردەوە کە نابێ پەیوەندییە ناوچەییەکانی بزوتنەوەی کورد لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی تێیدا چالاکن لەسەر حیسابی بەرژەوەندییەکانی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بێت. ئەم ڕوانگە گشتگیرە یەکگرتوویەکی بە پرۆژە سیاسییەکەی قاسملوو بەخشیبوو کە ئەمڕۆ تا ڕادەیەکی زۆر کاڵ و ونە.

زۆرێک لە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن هێشتا باس لە گۆڕینی ڕێژیم دەکەن بەبێ ئەوەی ئاوڕ لە فرەیی و هەمەجۆریی نێوخۆیی ئێران بدەنەوە. لە هەمان کاتدا، لەنێوان هەندێک گرووپی کوردیشدا، داخوازییە سیاسییەکان هەندێک جار بێ ئەوەی بخرێنە نێو چوارچێوەیەکی بەرفراوانتری ئێرانییەوە، دەخرێنە ڕوو. قاسملوو بەتەواوی بەدوای دروستکردنی پرد بوو لە نێوان ئەم دوو ڕەهەندەدا. چ ئەم واقیعە قبووڵ بکەین و چ نا، و هەرچەند ڕەنگە دڵخوازیش نەبێت، ئەو بە باشی تێگەیشتبوو کە داهاتووی ئێران و چارەسەری مەسەلەی کورد دوو بابەتی لێک دانەبڕاون.

بۆ ئەو، تەنیا دەربڕینی ئامانجە سیاسییەکان بەس نەبوو؛ بەڵکوو دەبوایە بە هەمان ڕادە بایەخ بە شێوازەکانی تێکۆشانیش بدرێت. ئەندێشە سیاسییەکەی ئەو جیا نەبوو لە پابەندییەکی ئەخلاقیی بەهێزیش. قاسملوو بەردەوام جەختی دەکردەوە شێوازەکانی خەبات دەبێت ڕەنگدانەوەی ئەو بایەخانە بن کە بەرگرییان لێ دەکرێت. ئەو ئارگیومێنتی ئەوەی دەهێناوە کە خەبات لەگەڵ ڕژێمێک کە سەرەتاییترین پێوەرە مرۆییەکان پشتگوێ دەخات، نابێت ببێتە هۆی وەلانانی بنەما ئەخلاقییەکان. ئەو پێشمەرگەکانی خۆی ڕاسپاردبوو لە شێوازە تیرۆریستییەکان دوور بکەونەوە، بە شێوەیەکی مرۆیی لەگەڵ دیلەکاندا بجوڵێنەوە و ئازادیان بکەن، تەنانەت ئەگەر ئەم کارە ببێتە هۆی ئەوەی لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا کەمتر ببینرێن و کەمتر فۆکووسیان بخرێتەسەر.

ئەم یەکانگیرییە ئەخلاقییە بۆ کایەی نێودەوڵەتیش درێژ دەبۆوە. سەرەڕای ئەوەی قاسملوو لە جیهانێکدا ژیابوو و خوێندبووی کە بەهۆی دابەشکارییەکانی شەڕی ساردەوە دروست ببوو، ئەو بە ڕاشکاوی دەستێوەردانی سۆڤیەتی لە پراگ لە ساڵی ١٩٦٨ و هەروەها بەبارمتەگرتنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران لە ساڵی ١٩٧٩ی مەحکووم کرد. لە کاتێکدا هەڵوێستی ئاوا ئەوەندەش ئاسان نەبوو. ئەو دواتر، لە دەیەی ١٩٨٠دا، "سۆسیالیزمی دیموکراتیک"ی هێنایە نێو بەرنامەی حیزبەکەیەوە و لە مۆدێلە سۆسیالیستییە دیکتاتۆرەکان دوور کەوتەوە، ئەمەش وەک ڕێگایەک بۆ ئەوەی دەرفەت بۆ پێوەندی و کارلێکی لەگەڵ لایەنە ڕۆژئاواییەکانیشی بۆ برەخسێ.

قاسملوو بە تێگەیشتنێکی ورد لە بەرتەسکی و سنووردارbوونی پشتگیریی نێودەوڵەتی، پەیوەندیی لەگەڵ سۆسیال دێموکراتەکانی ئەورووپا گرێ دا و هەوڵی ئەوە بوو پەیوەندییەکانی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش پەرە پێ بدات. کەمێک پێش تیرۆرکردنی، چاوەڕوان دەکرا سەردانی واشینگتن بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، هەمیشە دژی پاشکۆیەتی و بەستراوەبوون بوو و جەختی لەسەر سەربەخۆیی سیاسیی حیزبەکەی دەکردەوە.

ئەو جەختی دەکردەوە پشتگیریی دەرەکی هەرگیز نابێت لەسەر حیسابی وەلانانی سەربەخۆیی سیاسی یان ڕێگری لە ئازادیی

بانەمەڕی ٢٧٢٥

کردەوەی سەربەستانە بێت. بە بڕوای ئەو، چارەنووسی کورد نە لە واشینگتن، نە لە لەندەن و نە لە پاریس، بەڵکوو لە خودی کوردستان دیاری دەکرێت. ئەم ڕوانگەیە، ڕەتکردنەوەی دیپلۆماسی نەبوو، بەڵکوو بانگهێشتێک بوو بۆ خۆبەڕێوەبەریی سیاسی و خۆڕاگریی نێوخۆیی. ئەم وریابوونەش ڕەگی لە ئەزموونی مێژوویيدا هەبوو. ئەو لە ساڵی ١٩٨٨ و لە کۆتایی شەڕی ئێران و عێراقدا وانەی ساڵی ١٩٧٥ی بە بیر سەرکردایەتی و هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبەکەی هێنایەوە؛ کاتێک کە دوای ڕێککەوتنامەی جەزائیر لە نێوان ئێران و عێراقدا، هێزە کوردییەکانی عێراق لەناکاو لەلایەن هاوپەیمانە دەرەکییەکانیانەوە تەنیا مانەوە. لە ڕوانگەی قاسملووەوە، ئەم ڕووداوە نیشاندەری ناسەقامگیریی هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەکان و پێویستیی پشتبەستن بە خۆ بوو.


شەڕی ئێستا و دەرهاویشتە نادیارەکانی، تەنیا گرنگیی ئەم بابەتە زیاتر دەکەن. لە کاتێکدا ئەکتەرە دەرەکییەکان خەریکی پێداچوونەوەن بە ستراتیژییەکانی خۆیان بەرامبەر بە ئێران، مەترسیی هەمیشەیی پشتگوێخرانی دینامیکە نێوخۆییەکان - لەوانە داخوازییەکانی کورد - بوونی هەیە. لە سەردەمی ئێستادا زۆر جار فاکتەری کورد دێتە ئاراوە، بەڵام زۆربەی کات بە شێوەیەکی ئامرازی و دابڕاو لە هەر ئەندێشەیەکی سیاسیی مانادار.

نزیکەی چوار دەیە دوای سەردەمی قاسملوو، ئۆپۆزسیۆنی ئێران هێشتا پەرشوبڵاوە و ڕوون نییە کە ئایا سەرنجدانەوەی نێودەوڵەتیی بۆ مەسەلەی کورد لە ئێران بە شێوەیەکی کاریگەر بەکار دەهێنرێت یان نا. پرسیار دەربارەی چۆنیەتی تێکەڵکردنی داخوازییە نەتەوەییەکان لەنێو جێگرەوەیەکی سیاسیی یەکگرتوودا، و ئەوە کە ئایا کوردەکان دەتوانن دەسپێشخەرییەکە جارێکی تر بگرنەوە دەست یان نا، هێشتا بێ وەڵام ماوەتەوە. لەم بوارەدا، ڕوانگەی قاسملوو کەمتر وەک سەرچاوەیەکی مێژوویی و زیاتر وەک دەرفەتێکی لەدەستچوو دێتە بەرچاو.

خوێندنەوەی دووبارەی میراتی قاسملوو بە واتای سەیرکردنی ڕابردوو نییە، بەڵکوو ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ ئەو پرسیارانەی هێشتا بێ وەڵام ماونەتەوە. ساتەوەختی ئێستا ئەم مەسەلانەی جارێکی تر بە چەشنێک هێناوەتەوە گۆڕ کە بیرکردنەوە لە گرینگیی تێکەڵکردنی واقیعبینیی سیاسی لەگەڵ پابەندییەکی قایم بە ئامانجە ستراتیژییەکانی دۆزی کورد و بنیاتنانی خەبات لەسەر بنەمایەکی ڕوون و توانای چالاکی لە چەندین بەرە و لە ژینگەیەکدا کە تا دێت ئاڵۆزتر دەبێت دەکاتە پێویستییەکی بێئەملاوئەولا. زیاتر لە هەموو شتێک ئەوەی میراتی قاسملوو بۆ ئەمڕۆ بە ئێمەی دەڵێ دەوری سەرەکیی عاملییەتی نێوخۆییە پێش ئەوەی دینامیکە دەرەکییەکان جارێکی تر کوردانی ئێران بەرەو پەراوێز ببەنەوە.

ای بانەمەڕی ٢٧٢٦

## شەهیدبوونی پێشەوا، پەیمانێکی کۆمەڵایەتی بۆ تێکۆشان و دەستگرتن بە ئامانجەکان





**ئەبووبەکر کاروانی**

هێگڵ - بە خوێندنەوەیەکی کوردانە- لە ساتەوەختێکی مێژوویی دیاریکراودا، پێشەوا دەکاتە «ڕوحی کورد» بە سەرپشتی مێژووەوە. بەڵام شەهیدبوونی کۆتایی بەم پێگەیە ناهێنێت؛ بەڵکوو نەمری دەکات.

پێشەوا شەهید دەبێت، بەڵام ئاڵاکەی دەستی ناکەوێت؛ بەڵکوو بە پەنجەکانی ڕۆحی هەڵیدەگرێت و دەیسپێرێت بە درێژەپێدەرانی ڕێگاکەی. ئەمەش بەرامبەر تیۆریی پەیمانی کۆمەڵایەتیی کوردییە لەنێوان ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوە لەگەڵ

یەکدی، و لەنێوان ئەوان و پێشەنگانی ناسیۆنالیزمی مێژووسازی کوردی و سەرکردایەتی. ئەم پەیمانە وشیاری و ئاگاداری دروست دەکات؛ کارێک کە لە سەردەمی نوێدا ناسیۆنالیزم لە ڕێیەوە هەوڵی نەتەوەسازی و بەهێزکردنی گیانی هاوچارەنوسیی دەدات.

لە سایەی دۆخی بێدەوڵەتیی کوردیشدا، بە گەڕانەوە بۆ دۆخی گریمانەکراوی سروشتیی کوردی - کە دۆخی سەربەخۆیی و پەیمانبەستی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردە- بۆ ئەوەی لە سایەی هەست و ئامانج و ناسنامەی هاوبەشدا وەک ئەندامی نەتەوە سەیری خۆیان و پەیوەندیی نێوانیان و ئەوی دی و ئامانجی هاوبەشیان بکەن، دەتوانین ژێرخانێکی فکریی خۆماڵی بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی دابمەزرێنین. لەو چوارچێوەیەدا، چەمکی شەهید و ڕەمزەکان دەکرێن بە کەرەسەیەکی بنەڕەتیی پەروەردەی سیاسی؛ بۆ خۆبیناکردنەوە و زاڵبوون بەسەر ناکۆکی و لاوازییە ستراتیژەکاندا. پێشەواش وەک ڕەمزی هاوبەشی ناسیۆنالیزمی کوردی و دابەشبوونی ئایدیۆلۆژی و حیزبی، دەتوانێ ڕۆڵێکی تەوەرەیی لەم پرۆسە مێژووییەدا بگێڕێت؛ ئەرکی دووبارە دارشتنەوەی پایەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕوانگەی مەرجەعییەتی ژێکاف و کۆمار و سەرکردایەتیی پێشەوا.

پێشەوا قازی محەممەد، کاتێک شەهید دەبێت، سەنگەر و پێگەی سەرۆکایەتی چۆڵ ناکات؛ بەڵکوو دەبێتە هەست و وزە لەنێو ڕوحی پێشمەرگە و تێکۆشەردا. بەمەش، بە واتای ڕەمزی و بەهایی و نەتەوەییەکەی، دەتوانین باس لە دۆخێکی دیاریکراوی «دۆنادۆن»ی کوردی بکەین. بەو واتایەی، پێشەوا وەک بەرجەستەکەری ڕۆحی نەتەوە لە چرکەساتێکی مێژوویی هەستیاردا، لە ڕێی کردەیەکی ڕەمزی و ڕۆحییەوە، بە پێچەوانەی بیرۆکەی دۆنادۆنی ئاینیی باوەکە، گیانی دەچێتە نێو ڕۆح و ویژدان و خەیاڵی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی. لەم چوارچێوەدا، ئەم «گوێزانەوە»یە تاکەکەسی و سنووردار نییە؛ بەڵکوو گشتگیرە: لە یەک کاتدا لەنێو کۆی ژیان و گیانی ڕۆڵەکاندا ئامادەیە و درێژە بە ژیانی خۆی دەدات. ئەویش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە پێشەوا مرۆڤێکی ئاسایی نەبوو؛ تەنها بۆ خۆی و حەزە تاکەکەسییەکان نەژیا. وەک دۆرکهایم ئاماژەی پێ دەکات، ئەو جۆرە ژیانە تەنها ڕوویەکی سنوورداری مرۆڤ پێکدەهێنێت. ڕووە قووڵ و باڵاکەی ژیان لەوەدایە کە مرۆڤ ئینتیمایەکی قووڵ بۆ کۆمەڵگە و نەتەوە هەبێت و لە پێناو چاکەی گشتی و خێروخۆشی هەمووواندا بژیت. بەمەش مرۆڤ دەبێتە مرۆڤی باڵا و ڕەهەندە قووڵەکەی مرۆڤبوونی خۆی دەگات؛ ڕۆحی گەورەتر دەبێت و دەبێتە ڕەمزێکی ئەخلاقی. پێشەواش نموونەیەکی ڕوونە لەم جۆرە ژیانە: بۆ خۆی نەژیا، بەڵکوو بە ژیانێکی سەرمەشقانە ڕۆح و ئاواتی نەتەوەکەی بەرجەستە کرد.

لەو چوارچێوەیەدا، «بۆ خۆ ژیان» نێوەڕۆکێکی نوێ و ڕۆحی و ئەخلاقی وەردەگرێت و دەبێتە دیوی دووەمی «بۆ خۆ

نەژین»؛ واتە بۆ ئەوانی دی ژیان. کاتێک مرۆڤ بۆ چاکەی گشتی و شکۆی نەتەوە و دادپەروەری دەژیت، لە ڕاستیدا بۆ قوولایی مرۆڤبوونی خۆی دەژیت. هەر بەم هۆیە پێشەواله کاتی ژیانیدا چێژ لە وەڵامدانەوە بە ئەرکە ئەخلاقییەکان وەردەگرێت، و لە دوای مەرگ و شەهیدبوونیشدا لە دڵی میللەتدا دەژیت و دەبێتە خاوەن ناو و ناوبانگێکی گەورە. ئەو ژیانی خۆی بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی و سەربڵندی نەتەوەکەی تەرخان کردبوو. هیوا و ئاواتی میللەتەکەی لە کەسێتیی خۆیدا بەرجەستە دەکرد. بە مەرگ و شەهیدبوونی ئیلهامبەخشی کورد و ناسیۆنالیزمی کوردییان لە تواندنەوەی کولتووری ڕزگار کرد. لە ڕێی دروستکردنی مەودایەکی زەینی و ڕوحی، لەنێوان نەتەوەکەی و گوتار و دامەزراوە مۆدێرنەکانی دەسەڵاتدا، ڕەوتی نەتەوەسازیی سەرکوتکارانەی ڕەزاشا و محەممەدڕەزاشای خاو کردەوە. هەروەها توانی بە دروستکردنی هەست و خەیاڵێکی هاوبەش دەربارەی کوردستان و کۆمار و ئاڵا و شەهیدان، بەربەستێکی دەروونی بۆ تاک و کۆمەڵگەی کوردی دروست بکات. ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی لە دۆخی سەختدا، کورد خۆی بەدەست نەدات و بەو گێڕانەوەیە قایل نەبێت کە "نەتەوە نییە". گەشەی ناسیۆنالیزمی کوردی و جەماوەریبوونی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، بەڵگەیەکی ڕوونە بۆ ئەم ڕاستییە.

پێشەوا و کۆماری کوردستان واتایەکی تەواوکەرن. کۆمار هەوڵێک بووە بۆ دووبارە پەیوەستبوونەوە بە مێژووی خۆی و دروستکردنی کەڵەکەبوون و گوزارشتدانەوەیەکی هاوچەرخ لە نەتەوەیەک، کە لە ڕابردوودا سەلماندوویەتی توانای ژیان و داهێنان و خۆبەڕێوەبردنی هەیە. بۆیە کاتێک لە مێژووی نوێشیدا تووشی نسکۆ و گلان و هەوراز و نشێو دەبێت، بەردەوامیی مێژوویی پێمان دەڵێت ئەوەی کاتیی و تێپەڕە کۆمار نییە، بەڵکوو ڕووخان و کەوتنەکەیەتی. هەلومەرجی سەختی مێژووی هاوچەرخی کورد کاتییە و ئەمڕۆ یان سبەی تێدەپەڕێت.

کۆمار ڕیزپەڕ و بەرهەمی لەدەستدەرچووی مێژوو نییە، هەوری بەرخۆری هاوین نییە بە کاتی بێت و بەزوویی تێپەڕێت، بەڵکوو ڕەگەکانی لە مێژوویەکی دێرینتردا وزە و ژیان و مانەوە وەردەگرن، لە مێژووی هاوچەرخیشدا ڕەگێکی لە ئەزموونە حوکمڕانییەکانی کوردستانی باشوور و شێخ مەحموود و ئەوانی دیکەی لای سمکۆ و سێهەم لە پیران و باکوور، و بە گشتی مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد و پێشەنگانی ناسیۆنالیزمی کوردیدا هەیە. مادام مێژووی کۆماریش بە بەروارێکی کاتی و تەمەنێکی ١١ مانگی ڕواڵەتی گرێ نەدرابێت، بەڵکوو بە بەرجەستەکردنی ئاواتێکی مێژوویی فراوانتر و قووڵتر و ڕەگداکوتراوتری کورد بێت وەک نەتەوە، بە هەمان شێوە و بە ئاقاری ئایندەشدا کۆتاییهاتنی نابەسترێتەوە بە ونبوونی مەیدانییەوە، چونکە ئەویش بە حوکمی ڕەمزبوونی بەواتای ڕەمزییەکەی نەڕووخاوە، بەڵکوو شەهید بووە. شەهیدیش لە ڕووی هێما و مەعنەوییەوە نامرێت و بە جۆرێکی تر درێژە بە ژیانی دەدات، بەکردەوەش کۆمار وەک ئەزموونێکی حوکمڕانی مۆدێرنی شەهیدی کوردیی، بوو بە بەشێکی زیندوو و جیانەکراوەی کۆی یادەوەری کوردی لە مێژووی نوێدا، بۆیە ئەگەر لە

١١ مانگی کۆماردا حوکمڕانی بەشێک لە نەتەوە و قەڵەمڕەوی جوگرافیای کوردستانی ڕۆژهەڵاتی کردبێت، ئەوا دوای شەهیدبوونی و لە ئاستی مەعنەوی و هێمایەکەیدا تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، حوکمی سەرجەم کوردستانی مێژوویی و گەورە و نەتەوەی کورد و گەلی کوردستانی بە گشتی کردووە و دەیکات.

کاتێک دەسەڵاتێکی حوکمڕانی بە هێمایی کراوی مەعنەویی شەهیدیش حوکمی ناوەوەی مرۆڤی کورد دەکات، دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی سەردەست و زۆردار لە ئاستێکی بەرچاوی کۆمەڵ و بە تایبەتی دەستەبژێری نەتەوەیی کوردیدا توانای ڕەوایەتیی خۆی لەدەست دەدات. بە پێچەوانەی هەلومەرجی باو و واقیع و دەسەڵاتی ماددی سەپاوەوە خۆی و گوتارەکەی بە نامۆ و کاتی و زۆردار و داسەپاو سەیر دەکرێت. زیاد لەوەش چاوەڕێی دەرفەتێکی گونجاو و مێژوویی دەکرێت بۆ پاشەکشەپێکردن و ملپێکەچکردنی بۆ خواست و داواکارییەکان و کۆتاییهێنان بە نەرمییەت و لووتبەرزییە نەتەوەییەکەی. ئەمەش لە جەوهەردا تێکەڵە لەگەڵ پرسی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) نوێنەرایەتیکردن و ڕەوایەتی سیاسی و ئەخلاقیی، لەپێناو دەستگرتن بە وەسێتی پێشەوا و شەهیدان و ئامانجە ناوەندییەکانیان.

دیوی دووەمی ئەم پەیمانە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییە کوردییەش، کە کوردەکان لە دۆخی سرووشتی کوردیدا کە دۆخی خۆوێناکردن وەک نەتەوە و سەربەخۆییە، بەو جۆرەی پێشتر ئاماژەمان پێکرد، هەڵوێست دەربڕینە بەرامبەر ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی ئەو دەوڵەتە مۆدێرنانەی لەسەر دامەزراوە و کوردیان بەسەردا دابەش کراوە. بەحوکمی ئەوەی کورد وەک نەبووێک مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، ڕێز لە ئیرادەی نەگیراوە، پرسی پێ نەکراوە و ڕای وەرنەگیراوە، چونکە وەک نەتەوە دان پێدانەنراوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە خواستێکی پشتئەستوور بە دەسەڵات و زەبروزەنگی دەوڵەت هەبووە بۆ تواندنەوە و سڕینەوەی لە مێژوودا. کاتێکیش ئێمە وەک نەتەوەیەکی جیاواز بەشێک نەبووبین لەو گرێبەستە، لە ڕووی شەرعی و قانوونی و ئەخلاقییەوە پابەندیمان بەرامبەری بۆ دروست نابێت. هەر بۆیە ئێمەی کورد پابەندین بەو پەیمانە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەی کە پرۆژەی ناسیۆنالیزمی کوردی و کۆماری کوردستانی لەسەر دامەزراوە. وەفاداری و پابەندبوون بە پەیامی کۆماری مەسیحئاسای نەڕووخاو و هەوڵدان بۆ دووبارە بونیاتنانەوەی بەگوێرەی پێوەر و داخوازیی هەلومەرجی مێژوویی نوێ، دەچێتە چوارچێوەی پەیمانی کۆمەڵایەتی کوردییەوە، چونکە یەکێک لە بابەتەکانییەتی.

ئەزموونی کۆماری بە هێما و خەیاڵکراو، کاتێک ویستیان لە مێژوودا بیسڕنەوە، ناسیۆنالیزمی کوردی و خەیاڵی نەتەوەیی، لە دەستی ڕفاندن و لە ویژدانی ڕۆڵەکانی نەتەوەدا بە هێما و نەمرییان کرد. وەک ڕەمزێک بۆ هەوڵدانی کورد بۆ ئامادەبوون لە مێژوودا و خۆنمایشکردن وەک نەتەوە، خستیانە سەر هەموو هاوکێشەکانی هێز و دەسەڵات. ئەوان دڵیان بەوە خۆش بوو، کۆرپەی هیوای بەرجەستەی ئێمە لە کۆماردا، هاوشێوەی مووسا، داویانە بە دەم ڕووباری مێژوویەکی

**بانەمەڕی ٢٧٢٥**


بێبەزەییەوە. دڵی ئێمەش هەروەک دایکی مووسا داخورپاو ئازاری چەشت و گری گرت، بەڵام هەرگیز ئەو باوەڕەی لەدەست نەدا کە ڕووبار بەو جۆرە نییە ئەوان وێنای دەکەن. ڕۆژێک دێت کۆمار لە فۆرمێکی کامڵتر و شکۆمەندتردا دەگەڕێتەوە.

ئەم تێگەیشتن و دیدە نەتەوەیی و ئەخلاقییە شکست و پاشەکشەکان دەکات بە کاتی و تێپەڕ. نایانبەستێت بە جەوهەرێکی شکستخواردووی نامێژوویی، بۆ ئەوەی کورد و ناسیۆنالیزم و شۆڕشەکەی نەبنە قوربانی جەنگی دەروونی بەرامبەران و هاوکێشەکانی هێز، و چارەنووسی خۆیان و داهاتووی ململانێکان لە ئێستادا قەدیس نەکەن، بەڵکوو لە داهاتوویەکی جیاوازدا.

سەیری بکەن و وێنای بکەن. داهاتوویەک، دەبێتە درێژەپێدەری ساتەوەختی ئامادەبوونی کورد وەک بکەری مێژوویی و شارستانی. خوێندنەوە و وێناکردنێکی لەوجۆرەش شکستەکان دەگۆڕێت بە دەستکەوت، دۆخی بێبەشی و ژێردەستەییش دەکات بە گوناهی مێژوویەکی تێپەڕ. لە ئایندە یەکداخۆی دەنوێنێت ونمایش دەکات، کورد تیایدا هەڵساوەتەوە، تەنها شەڕی مانەوەو نەتوانەوەش ناکات، بەڵکوو گوشار دروست دەکات بۆ بەشداریکردن و هاوسەنگی و هاوشانی و یەکسانیی لەگەڵ ئەوانی دی نەتەوەییدا. لەو ئاییندە خەیاڵکراوەشەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئێستا، بۆئەوەی لەپانتایی زەین و ڕوحیدا، جەنگی سەربەخۆیی وشیاری خۆی بکات، تاکوە ئەم پانتاییە بگۆڕێت بە گۆڕەپانی یەکەمی شکاندنی بتی زەینیی دۆخی ژێردەستەیی، بۆ ئەوەی لەسایەی دۆخە سەختەکاندا متمانەبەخۆی نەدۆڕێنێت، لە چاوی بەرامبەرەوە سەیری خۆی و مافەکانی و جیهان و ئایندە نەکات، بەڵکوو ببێتە خاوەن چیرۆک و گێڕانەوەی تایبەت بە خۆی، چیرۆک و گێڕانەوەیەک، کۆتاییهێنان و باڵادەستی فکریی گوتاریی بەرامبەر دەکاتە سەرەتای کۆتاییهێنان بە باڵادەستییە ماددی و فیزیکییەکەی لە داهاتوودا، لەپێناو ئەوەی ئازادانە جۆری پەیوەندییەکانی خۆی بەدەوروبەر و جیهانەوە دیاری بکات.

**ای بانەمەڕی ٢٧٢٦**

# دەوری دووەمی وتووێژەکانی ئەمریکا و ئێران لە پاکستان، بەرەو کوێ؟






**مستەفا مەعرووفی**

وا دیارە پاکستان لە هەوڵی ئەوەدایە خۆی ئامادە بکات بۆ میوانداریکردن لە وەفدەکانی ئەمریکا و ئێران بۆ وتووێژێکی دیکە و هەوڵدان بۆ ڕێککەوتن لە نێوانیاندا. بێگومان هیچ وڵاتێک پێی خۆش نییە لە پەنای خۆی شەڕێک هەبێت و نائارامی لە دەوروبەری خۆیدا ببینێت، بەڵام هەمووی هەر ئەمە نییە؛ تورکیەش ئەمجارە شانبەشانی پاکستان هەوڵەکانی لەم پێناوەدا چڕ کردووەتەوە.

مەسەلەکە ئەوەیە کە وڵاتە نادێموکرات و سەنترالیستەکان زۆرجار کێشە و نیگەرانییەکانیان لە چوارچێوەی مەسەلە ستراتیژی و دەرەکییەکاندا دێننە گۆڕێ و کێشە نێوخۆییەکانی نێو سنووری وڵاتی خۆیان حەشار دەدەن و سانسۆڕ دەکەن. هەوڵی ئەم دوو وڵاتە پەیوەندیی هەیە بە کێشەیەکی دیکەی نێو خاکی خۆیان؛ تورکیە لەبەر کێشەی کورد و پاکستان لەبەر کێشەی بەلووچ. هەردوو وڵات لەگەڵ ئەوەدا کە کێشە و ململانێی ناوچەییان لەگەڵ ئێران هەیە، بەڵام نیگەرانی ڕووخانی کۆماری ئیسلامین کە نەکا کاریگەریی لەسەر دۆخی داسەپاوی کورد لە ڕۆژاوای ئێران و بەلووچ لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێرانەوە هەبێت کە بۆ خۆیان بەسەر بەشێک لەم دوو نەتەوەیەدا زاڵن. ئەوەی مەبەستی سەرەکییە لەم وتارەدا، جگە لە ئامانجی نێوەندگیرییەکان، ئەوەیە کە ئێران و ئەمریکا لەم وتووێژانەدا هەرکامیان بەدوای چیدا دەگەڕێن؟

## شەڕێکی تا ئێستا بێئاکام

لە شەڕدا ڕەنگە کەس خۆی بە دۆڕاو نەزانێت، یان لانیکەم نەیەوێت دان بە شکستی خۆیدا بنێت؛ بەتایبەتی بۆ ڕێژیمێکی ئایدۆلۆژیک و ئاخیرەتی کە «شەهید»بوون و لەنێوچوونیش بە سەرکەوتنێک دەزانێت. بەڵام گەیشتن یان نەگەیشتن بە ئامانجەکانی شەڕ و ڕادەی زەرەر و زیانەکان، پێوانەیەکی لۆژیکی و وردن و بەدوورن لە هەست و سۆزی لایەنێکی شەڕەکە. لە ئاکامی دەوری یەکەمی وتووێژەکانی ئەمریکا و ئێران لە پاکستان، دوو حەفتە ئاگربەس لە لایەن ئەمریکاوە ڕاگەیەندرا. هەرچەند لەوانەیە ئێران بەهیوا بووبێت پاش ٣٩ ڕۆژ شەڕ پشوویەک بە هێزەکانی بدات کە بەتوندی لەژێر بۆمبارانی ئەمریکا و ئیسرائیلدا بوون، و لە فکری ئەوەدا بووبێت کە تەرمی لەسەر دەستان ماوی خامنەیی بنێژێت و بە ڕاکێشانی ئاپۆڕای خەڵک بۆ ڕێوڕەسمی پرسە و ناشتنی، گڕوتینێک بە «تعزیه» بدات کە وەک ڕێژیمێکی مەزهەبی گرنگییەکی بنەڕەتی و ئایدۆلۆژیکیی هەیە. بەڵام دۆخی ناسکی ئاگربەسەکە و بەردەوامیی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر حیزبوڵڵای لوبنان و گەمارۆدرانی گەرووی هۆرمۆز لە لایەن ئەمریکاوە، ئەگەری وەدیهاتنی هیوایەکی وای بۆ کۆماری ئیسلامی نەهێشتەوە.

لەگەڵ ئەوەدا ئەمریکا و ئیسرائیل وێڕای ئامانجی هاوبەشیان لەم شەڕەدا دژ بە کۆماری ئیسلامی، ئامانج و مەبەستی جیاشیان هەبوو؛ بۆ ٣ ئامانجی سەرەکی ئەم شەڕەیان دەست پێ کرد: یەکەم، ڕووخانی کۆماری ئیسلامی کە ئامانجی سەرەکیی ئیسرائیل بوو، بەڵام ئەمریکا لەم بارەیەوە لێدوانی دژبەیەک و ناڕوونی هەبووە؛ دووەم، لەناوبردنی توانای هاژەکی و درۆنیی کۆماری ئیسلامی؛ سێیەم، لەناوبردنی بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران و دەستبەسەرداگرتنی ئۆرانیۆمی پیتێنراو. تا ئێستا ئەمریکا و ئیسرائیل لە هیچکام لەو ئامانجانەدا سەرنەکەوتوون. بەڵام لە هەوڵی ئەم دوو وڵاتەدا بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە، زەبری زۆر قورس بەر کۆماری ئیسلامی کەوتووە کە ئەگەر ئەم ڕێژیمە بە هەر هۆیەک لەسەر

دەسەڵات بمێنێتەوە، ساڵانێکی زۆری پێ دەوێت قەرەبوویان بکاتەوە.

سەرەڕای ئەو زەبرە قورسانەی بە کۆماری ئیسلامی گەیشتوون، بەتایبەتی کوژرانی خامنەیی و ژمارەیەکی زۆر لە پلەبەرزترین فەرماندە نیزامی و ئیتیلاعاتییەکانیان، ئەم ڕێژیمە هەتا ئێستا نەڕووخاوە. بەپێچەوانەوە توانیویەتی بە هێرشی هاژەک و دڕۆن ئەمنییەت و ئاسایشی نزیک بە ١٠ وڵاتی ناوچەکە بشێوێنێت؛ توانیویەتی بە شێواندنی هێمنایەتیی گەرووی هۆرمۆز، بازاڕی نەوت و وزەی جیهان تووشی قەیران بکات.

## چاوەڕوانییەکان لە دەوری دووەمی وتووێژەکان

لە بەرەبەری دەستپێکردنی دەوری دووەمی وتووێژەکاندا، هەرکام لە لایەنەکانی شەڕ پێیان وایە کارتی سەرکەوتن لە دەستی ئەواندایە.

### هیواکانی ئێران لەم وتووێژانەدا دوو فاکتۆری سەرەکین:

**یەکەم؛** فشار بۆ سەر بازاڕی وزە و چوونە سەری نرخی نەوت لە جیهاندا؛
**دووەم؛** پەرەگرتنی نارەزایەتی لە وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازی بە ئەمریکاشەوە لە ئاکامی کەمی و گرانبوونی نرخی نەوت و سووتەمەنیدا. ئەمانە هەردووکیان خاڵی لاوازی ئەمریکان لەم شەڕەدا.

سیاسەتی ئەمریکا بە هەموو ناڕوونی و هەڵوێستە دژبەیەکەکانی، لە کردەوەدا تا ئێستا ئەوە بووە کە هەر لە نێو ئەم ڕێژیمەدا هێندێک کەس بدۆزێتەوە کە مەرجەکانی ئەمریکا جێبەجێ بکات و ڕێژیم لە تەواوەتیی خۆیدا نەڕووخێت. هۆیەکەشی ئەمەیە کە نەکا ئێرانیش تووشی چارەنووسی ئەفغانستان و عێراق بێت. ئەمریکا ئەو کاتیش لە هەڵەدا بوو و ئێستاش لە هەڵەدایە؛ ئەو کات لە هەڵەدا بوو، چونکە بە ڕووخاندنی ڕێژیمی عێراق بە کردەوە ئێرانی کرد بە زلهێزی ناوچەکە و کۆماری ئیسلامی توانی پێگە و هێزەکانی بگەیەنێتە سەر سنوورەکانی ئیسرائیل، خەونێک کە لە ماوەی ٨ ساڵ شەڕ لەگەڵ عێراق بۆی بەدی نەهاتبوو. بۆیە ئەمریکا لە ئەزموونی عێراقدا شکستی خوارد، چونکە کۆماری ئیسلامی هەبوو. ئێستا بۆ لە هەڵەدایە کە ئەگەر پێی وابێت کۆماری ئیسلامی بڕوات تووشی چارەنووسی عێراق و ئەفغانستان دەبێت؟ چونکە کۆماری ئیسلامییەکی دیکە نابێت تا ئێران تووشی چارەنووسی عێراق یان ئەفغانستان بکات. ئەمە یەکێک لە هۆیەکانی مانەوەی کۆماری ئیسلامییە.

## بانەمەڕی ٢٧٢٥

هیچکام لە هێرشەکانی ئەمریکا دژی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی ڕووخان نەبووە، هیچ هەنگاوێکی ئەمریکا بۆ پشتیوانی و ڕێکخستنی ئۆپۆزیسیۆنی ئەم ڕێژیمە بە مەبەستی دروستکردنی ئاڵتێرناتیڤ نەبینراوە. لە کاتێکدا ڕوون و ئاشکرایە کە لە ئاسمانەوە ئەم ڕێژیمە دەکرێت لاواز بکرێت، بەڵام دەبێت لەسەر عەرز بڕووخێت. بۆ ئەمە ئەمریکا هیچ بەرنامەیەکی نە بۆ خۆی و نە لە ڕێگەی ئێرانییەکانەوە نەبووە. بەپێچەوانەوە، دژایەتی لەگەڵ ئاڵتێرناتیڤێکی ئەوتۆ لە لایەن ئەمریکاوە بینراوە. تەنیا هێزێک کە لە سەرەتای دەستپێکردنی هێرشەکاندا بۆ سەر ئێران ئاماژەی پێ کرد کە بێنە مەیدان، هێزە کوردییەکان بوون. هەر دوو ڕۆژ دوای شەڕ لەمەش پاشگەز بووەوە و تەنانەت ئێستا کە ئاگربەس لە گۆڕێدایە، تاقە شوێنێک کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەردەوامە لە بۆمبارانکردنی، بنکەی سەرەکیی هێزە کوردییەکانە کە ئەمریکا تەنانەت ئامادە نییە بە ئاماژەیەکی بچووکیش باسی بکات. کەوابوو لەبەر ئەوەی کە ئەمریکا و ئیسرائیل بە ئامانج و مەبەستە سەرەکییەکانیان لەم شەڕە نەگەیشتوون، ڕەنگە بووبێتە هۆی ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی زیاتر لە خۆی ڕاببینێت و خۆی بە دۆڕاو نەزانێت و بە ئاسانی مل بۆ داخوازییەکانی ئەمریکا لە وتوویژەکاندا نەدات کە بە تەسلیمبوون ئەژمار دەکرێت. سروشتییە کە لەم وتوویژانەدا کۆماری ئیسلامی هەوڵ بدات لە نێوان تەسلیمبوون و دەستپێکردنەوەی هێرشەکاندا کەڵک لە مێتۆدی چیرۆکی «هەزار و یەک شەو» وەربگرێت؛ واتە هونەری درێژکردنەوەی وتوویژەکان بۆ کڕینی کات، کە بە زیانی ئەمریکایە.

### دووڕێیانیی بەردەم وتوویژەکان

دەوری دووەمی وتوویژەکان لە کاتێکدا دەست پێ دەکات کە ئیسرائیل و ئەمریکا زۆرجار ڕایانگەیاندووە کە «جارێ کارێکی زۆرمان بە ئێران ماوە». بەپێی سەرچاوەکان، هەر ئێستا ئەمریکا خەریکی ناردنی هێز و کەرەستەی شەڕیی زیاترە بۆ ناوچەکە و ڕایگەیاندووە ئەمە بۆ فشار هێنانی زیاترە بۆ سەر ئێران کە مەرجەکانی ئەوان قبووڵ بکات، ئەگینا شەڕ دەست پێ دەکاتەوە. ئەم وتوویژانە تەنانەت ئەگەر بۆ دواجاریش نەبن و درێژیش ببنەوە، دوو ئاکامیان زیاتر نییە: یان کۆماری ئیسلامی مەرجەکانی ئەمریکا قبووڵ دەکات و شەڕ کۆتایی پێ دێت، یان شەڕ دەست پێ دەکاتەوە کە درێژەکێشانەکەی پەیوەندیی بە دوو فاکتۆرەوە هەیە: توانای ئەمریکا لە درێژەدان بە شەڕ تا چ ڕادەیەک دەبێت (لەم حاڵەتەدا ئەگەر ئەمریکا بێ ئەوەی بە ئامانجەکانی بگات و دەست لە شەڕ هەڵگرێت، لە ڕاستیدا شکستی ساڵی ١٩٧٢ لە شەڕی ڤێیتنامدا دووپات دەکاتەوە) و توانای کۆماری ئیسلامی لە خۆڕاگری لە بەرانبەر هێرشەکان و پێشهاتە نێوخۆییەکاندا کە بێگومان سنوورێکی هەیە.

١ی بانەمەڕی ٢٧٢٦

## سەبارەت بە وتارەکەی کاک مستەفا هیجری لە پارلمانی ئورووپا!






**ئیبراهیم لاجانی**

وتارەکەی کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پارلمانی ئورووپا بە زمانی کوردی، لە لایەن چاوەدێرانی سیاسی، وەک کردەوەیەکی سیاسیی چەند لایەنە هەڵدەسەنگێنرێ. ئەو کردەوەیە نەک هەر نیشانەی حزووری سیاسیی نەتەوەیی کورد لە ئاستی دامەزراوەکانی یەکیەتیی ئورووپادایە، بەڵکوو لە چوارچێوەی

دیپلۆماسی و خەباتی مێژویی گەلی کورد لە ئێران بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیدا، مانایەکی سیمبولیک و کارکردانەی هەیە. لەو وتارەدا ئەو کردەوەیە لە سێ ئاستدا لێکدەداتەوە. ئاستی شوناسی و سیمبولیک، ئاستی دیپلۆماتیک و مافەکانی مرۆڤ و ئاستی ریتۆریک دیسکۆرسی خەباتگێڕانە.

زمانی کوردی وەک ئامڕازی خۆناساندن وخۆنیشاندانی سیاسی خاوەنی ئەو بایەخەیە. وتاردان بە زمانی کوردی لە دامەزراوەیەکی ڕەسمی یەکیەتیی ئورووپادا، لە ئەدەبیاتی سیاسیدا بە کردەوەیەکی سیمبولیک لەقەڵەم دەدرێ. کردەوەیەک کە چەند پەیامی گرنگی تێدایە. بەڕەسمی ناسینی شوناس و زمان و فەرهەنگی کوردی لە فەزایەکدا کە بەشێوەیەکی ئاسایی تەنیا زمانی ڕەسمی دەوڵەتەکان بەکار دەهێنرێت.

بەکارهێنانی زمان وەک ئامڕازی خەبات و بەربەرەکانی مەدەنی بایەخێکی دیکەی ئەو ئەکتەیە. ئەوە بۆیە زۆر گرنگە چوونکە زمانی کوردی لە ئێراندا لەگەڵ کۆسپ و بەربەست و سەرکوتی جۆراوجۆری دەوڵەتی بەرەوڕوویە. نیشاندانی سوژە و کاراکتەرێکی سیاسی کورد کە نەک هەر لە جوگرافیای ئێراندا، بەڵکوو لە ئاستی نێونەتەوەییشدا دەدوێ و کێشەی کورد دێنێتە گۆڕێ.

لە پێوەندی لەگەڵ پرسی نوێنەرایەتیدا، کەڵکوەرگرتن لە زمانی دایک لە دامەزراوەیەکی نێونەتەوەییدا خۆی لە خۆیدا بە شێوەیەکی سیمبولیک بریتییە لە هێنانەگۆڕی داخوازە ڕەواکانی کورد. ئەوە بەو مانایەیە کە نەتەوەیەک تەنانەت ئەگەر دەوڵەتیشی نەبێت، دەتوانێت زمانەکەی لە ئاستی نێونەتەوەیدا بەکار بێنێ و گوێی لێ بگیرێ.

ئاستی دیپلۆماتیک و مافەکانی مرۆڤ: پارلەمانی ئورووپا یەکێک لەو دامەزراوانەیە کە لە سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپادا و لە پێوەندی دەگەڵ مافەکانی مرۆڤ و چاودێری بە سەر مافە نەتەوەیی، زمانی و ئایینییەکاندا، ڕۆڵێکی پڕبایەخ دەگێڕێ. بۆیە حزووری ڕێبەرێکی سیاسی گەلی کورد لە ئێران لەو ئەنستیتۆ گرنگەدا پەیامێکی چەند لایەنە دەگەیەنێ.

بەنێونەتەوەیی کردنی پرسی کورد: ئەو کردەوەیە پرسی مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە ئاستی نێوخۆیی و ئێرانییەوە، دەگوێزێتەوە بۆ ئاستێکی ئورووپایی.

**کەڵکوەرگرتن لە دیپلۆماسی گشتی:** پێشکەشکردنی وتار وەک نوێنەری گەلی کورد لە پارلمانی ئورروپادا بۆخۆی بە


سەرچاوە
Serchawe

جۆرێک لە کاری دیپلۆماسیی گشتی دادەنرێت. دیپلۆماسییەک کە ئامانجەکەی بریتییە لە ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانی بیروڕای گشتی، کۆڕوکۆمەڵەکانی لایەنگرانی مافی مرۆڤ و ناوەندەکانی بڕیاردان و سیاسەتگوزاری لە ئورووپا.

**پێداگرتنەوە لەسەر ئەسڵەکانی مافەکانی مرۆڤ:** لەو جۆرە دەرفەتانەدا، بە شێوەیەکی گشتی، ڕێبەرانی گەلانی بندەست پرسی ماف و ئازادییەکان، مەسەلەی چەوسانەوە و هەڵاواردنی پێکهاتەیی، مافی بەشداری و هاوبەشی لە پرۆسەی سیاسیدا، مافی خوێندن بە زمانی دایک، مافە نەتەوەیی و ئایینی و زمانییەکان دەخەنە بەرباس. هەموو ئەوانەش لە پەیماننامە و کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتوون. بەوجۆرە ویست و داخوازەکانی گەلی کورد بە زمان و ڕیتۆریکی مافەکانی مرۆڤ دەردەبڕدرێن و لە ئاکامدا باشتریش وەردەگیرێن.

**دۆزینەوەی ئەو کاناڵانەی ڕەوایی بە خەباتی کورد دەبەخشن:** حزووری سیاسی و ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکانی پارلمانی ئورووپادا، بۆ هەر حیزبێکی سیاسی و بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازانە، مەشرووعییەت درووست دەکات. ئەوە بەتایبەتی ئەوکاتە گرنگە، کە ئەو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییانە، ئەو بزووتنەوانە، وەک بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە نێوخۆدا لەگەڵ سەرکوت و زەبروزەنگ بەرەوڕوون و حەقی تێکۆشانی سیاسییان نییە.

**دیسکۆرسی خەباتگێڕانە:** لە ڕیتۆریکی خەباتگێڕانەی کورددا سێ توخمی سەرەکی هەن. شوناس و ناسنامەی نەتەوەیی، خەبات و بەربەرەکانی و بەرخۆدان، مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد لە چوارچێوەیەکی دێموکڕاتیدا.

لەو پێوەندیەدا وتارەکەی کاک هیجری چەند کارکردی هەیە. پێناسەکردنەوە، یا داڕشتنەوەی سەرلەنوێی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد لە چوارچێوەیەکی دیپلۆماتیکدا و گواستنەوەی بۆ کۆنتێکستێکی مەدەنی. ئەوە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا پێی دەگوترێ تێکەڵکردنی بەرخۆدانی سەخت دەگەڵ خەبات و بەربەرەکانییەکی نەرم. بەرهەمهێنانی دیسکۆرسێکی تازە بۆ کورد لە ئێران، کە پێ لەسەر لابردنی ستەم و هەڵاواردن و دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد لەف ۆرمی فیدرڕالیزمدا دادەگرێ.

بایەخێکی دیکەی ئەو بڕیارەی سکرتێری گشتی هەوڵدان بۆ خوڵقاندنی ڕیوایەتێکی هاوبەش لە نێوان هەموو بەشەکانی کوردستاندایە. کەڵکوەرگرتن لە زمانی کوردی لە ئاستی پارلمانی ئورووپادا، بەجۆرێک دەبێتە هۆی دروستبوونی پێوەندییەکی سیمبۆلیک لە نێوان ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا. ئەمە حافیزەی بەکۆمەڵی کورد بەهێزیت دەکات و دەبێ بگوترێ هەر چەشنە کار و خەباتێکی لەو چەشنە لە ئاستی نێونەتەوەییدا کۆیادی بەکۆمەڵی

بانەمەڕی ٢٧٢٥

كوردەكان بەهێزتر دەكات و خەبات و تێكۆشانی كورد دەباته پێشتر و ئاسۆیەكی تازه به ڕووی میللەتەكەماندا دەكاتەوه.

## بایەخی ئەو كاره له سیاسەتی ئێراندا

وتارەكەی كاك مستەفا له فەزای سیاسیی ئێرانیشدا بایەخ و گرنگییەكی تایبەت به خۆی هەیه. هێنانەگۆڕێی مەسەلەی نەتەوه بندەستەكانی ئێران له ئاستی نێونەتەوەییدا، له پارلمانی ئورروپادا، كار دەكاته سەر گفتوگۆی نێوان ئورووپا و ئێران له بواری سیاسی و مەسەلەی پێشێلكرانی مافەكانی مرۆڤدا. ئەوەش به نۆرەی خۆی سەرنجی دونیا و بیروڕای گشتی ئورووپا بۆ لای خەباتی گەلی كورد ڕادەكێشێ. لەوەش زیاتر، هێنانەگۆڕێی پرسی كورد له ئێران له پارلمانی ئورووپادا، به جۆرێك له فەزای سیاسی ئێرانیشدا ڕەنگ دەداتەوه.


## بەهێزكردنی وێژمانی مافتەوەر له سیاسەتی كوردیدا

ئەو جۆره دەرفەتانه دەبنه هۆی ئەوەی كه نوێنەرانی كورد پێ لەسەر بردنەپێشی خەباتێكی سیاسی و مەدەنی و دوور له توندوتیژی دابگرن.

بەوجۆره دەتوانین بڵێین كه ئامادەبوون و پێشكەشكردنی وتار بەزمانی كوردی لەلایەن سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، له پارلمانی ئورروپادا، هەر بەتەنیا به ڕووداوێكی مێدیایی دانانرێ. بەڵكوو كارێكی سیاسی و دیپلۆماتیكی چەندلایەنەیه له چوارچێوەی خەبات و تێكۆشانی گەلی كورد له كوردستانی ئێراندا.

ی بانەمەڕی ٢٧٢٦

# غەریبی خاک





**ئاسۆ مینبەری**

پرسی خاک بۆ کورد تەنیا جوغرافیا نییە، ئەم پرسە پێوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ شوناس، مێژوو و تەنانەت مانەوەی کورد وەک نەتەوە هەیە. کورد وەکوو گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتی جیهان هەمیشە هەوڵی دەستەبەرکردنی ماف و سەروەریی خۆی داوە. هەر ئەمە وای کردووە "نیشتمان" هێمای خولیاکانی بۆ سەربەخۆیی و دیاریکردنی چارەنووسی بێت.

خاک بۆ کورد، تێکەڵاوێک لە بیرەوەری، ئازار، بەرخودان و هیوا بە داهاتوویە، داهاتوویەک کە بە هەزاران لاوی نیشتمانی بۆ بوونەتە قوربانی و بێگومان کاروانی گیانفیداییەکەشیان دووردرێژە. خاک و نیشتمان دووانەیەکی لێکدانەبڕاون، پرسی نیشتمان مرۆڤ بە خاک دەبەستێتەوە و وا دەکا کە لەپێناویدا ئامادەی هەر چەشنە گیانبازییەک بێت. لە بەرانبەردا نەبوونی خاک و نیشتمانی سەربەخۆ وای کردووە کە کورد تووشی نەهامەتی زۆر ببێتەوە. زۆر جار بە ڕووداونی ڕووداوێک، زامی نەبوونی خاک و نیشتمان دەکولێتەوە و تاکی کورد خۆی لە قووڵایی زامێکدا دەبینێتەوە کە پێی وایە قەت سارێژ نابێت. هەرچەند مێژووی کورد پڕ لەم زامە ناسۆرانەیە بەڵام لەم وتارەدا دەمەوێ دوو بابەت باس بکەم و بە بەراوردێکیان تۆزێک زیاتر زامەکە هەڵدەمەوە.

لە هاوینی ١٤٠١دا، ژینا ئەمینی لە تارانی پێتەختی کۆماری ئیسلامیدا، بە بیانووی ڕەچاونەکردنی حیجابی دڵخوازی ڕێژیم کرایە ئامانجی فەتلێکی سیستماتیکی حکوومەتی. دوای شەهیدبوونی باس لەوە کرا براکەی لە ئیدارەی گەشتی ئێرشادی ڕێژیم گوتوویەتی: ئێمە غەریبین! ئەمە تەنیا یەک ڕستە نییە! تراژێدیایە، تراژێدیایەک کە ئەوەی بێ خاک و نیشتمان نەبێ لێی تێ ناگات. ئەو جوغرافیایەی کۆماری ئیسلامی ساڵانێکە پارێزگاریی لێ دەکات و بە نیشتمانی هەمووانی ناو دەبات، ئەو خاکەی کە لە کاتی شەڕدا و بە قسەی خۆی کوردی غەیوور بە باشترین پاسەوانی دەزانێ لە هەموو ساڵانی ڕابردوودا، تەنیا غەریبستانێک بۆ کورد و نەتەوەکانی دیکە بوو! بۆیە ژینای غەریب لەو شارەدا و بێبەزەییانە بوو بە قوربانیی سیاسەتی ئیدئۆلۆژیکی خۆبەزلزانی ناوەند و دواتر تەرمە بێ گیانەکەی گەڕێندرایەوە بۆ کوردستان!

لە لایەکی ترەوە و لە ڕۆژانی ڕابردوودا و لە درێژەی دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان و کردنە ئامانجی حیزبە کوردستانییەکان لەم هەرێمە، سێ کچە پێشمەرگەی کوردستان بە ناوەکانی غەزاڵ مەولان، نەدا میری و سەمیرا ئەڵڵایاری شەهید بوون. شەهیدبوونی ئەم سێ کچە پێشمەرگەیە -کە هاوکات شەهیدبوونی لاوێکی دێموکراتیشی لەگەڵ بوو- جارێکی دیکە هەست و سۆزی خەڵکی ورووژاند و شەپۆلێکی بەرین لە هاوخەمیی بۆ شەهیدبوونی ئەم کچانە لەنێو خەڵکدا دەستی پێ کرد. بەڵام زامەکە ئەوکاتە زیاتر بەسوێ بوویەوە کە بەخاکسپاردنی تەرمەکان بە هۆی باری ئەمنییەوە تووشی ئاڵنگاریی زۆر بوویەوە و لە کۆتاییشدا زۆر غەریبانە بە خاکی کوردستان ئەسپێردران.

کۆماری ئیسلامی پێش بەخاکسپاردنی تەرمی غەزاڵ، گۆڕستانەکەی کردە ئامانج و نەیهێشت تەرمە بێگیانەکەشی لە ئاسوودەییدا بنێژرێت! ئەم دۆخە وەبیرهێنەرەوەی ئەوە شێعرەی مامۆستا شەریفە کە دەڵێ: "من لە شاری خۆم غەریب و بۆ هەموو بێگانە خۆم، کۆتری کوژراوی ڕێگەی لانە خۆم، بێلانە خۆم"! ئەمانە گێڕانەوەیەکن لە سێ چیرۆک، سێ بەسەرهات، سێ ڕووداو، سێ شەهید و سێ کچی پڕ لە ئاوات و خۆزگە!

**بانەمەڕی ٢٧٢٥**


سەرنجدانێکی هەر دوو بابەتەکە، دەرخەری قووڵیی زامەکانی ئێمەیە، زامی نەبوونی خاک و ئاوارەبوون لە نیشتمان! ئەگەرچی ئەم دوو چیرۆکە لە دوو جوغرافیای جیادا ڕوویان داوە و هەرکامەیان بە چەشنێکن، بەڵام دوو خاڵی هاوبەشیان هەیە! ئەویش هەبوونی دوژمنێکی ستەمکار و بێبەش بوونمان لە خاکە!

ژینا بە دەستی سەرسەختترین دوژمنی کوردستان، واتە کۆماری ئیسلامی شەهید بوو. ئەم کچە بوو بە قوربانیی ئیدئۆلۆژییەک کە ساڵانێکە ژن دەچەوسێنێتەوە و نە وەک مرۆڤ و نە وەک ژن هیچ مافێکی پێ ڕەوا نابینێ. لەلایەکی دیکەوە کچە پێشمەرگەکانی کوردستان وەک کەسانێکی خاوەن هەست و ئاوەز، بە هەستکردن بەو ستەمە کە ژینای کردە قوربانی، دێنە مەیدانی خەباتەوە و بۆ بەرگری لە مان و شوناسی خۆیان چەکی پێشمەرگایەتی لە شان دەکەن. لەم دوو چیرۆکەدا، چوار کچی پڕ لە خۆزگە و ئاوات بە چارەنووسی جیاواز شەهید بوون. بیرکردنەوە لەم ڕووداوانە پێمان دەڵێ کە لە هەر سێ ڕووداوەکەدا، پرسی خاکە کە ئەم کچانە کۆ دەکاتەوە، ژینای بێگانە لە تاران و غەزاڵ، نەدا و سەمیرای پێشمەرگەی دابڕاو لە خاک و زێد! تێڕامان لە شەهیدبوونی ئەو کچانە کە هەرکامەیان دەیانتوانی لە داهاتوو و لەسەر خاکێکی سەربەست خزمەی زیاتر بە نەتەوەکەیان بکەن، ئەو هەقیقەتەمان وەبیر دێنێتەوە کە ئەگەر لە قۆناغە هەستیار و چارەنووسسازەکاندا، هەوڵ بۆ ڕزگاربوونی خاک و نیشتمانەکەمان نەدەین، پرسی خاک وەک پرسێکی چارەسەرنەکراو بەرە لە دوای بەرە، ڕۆڵەکانمان دەکاتە قوربانی.

وتەیەکی دوکتور قاسملوو بیر دێنمەوە کە ئەگەر ئەم نەوەیە لە ڕزگارکردنی خاکدا نەتوانین ڕۆڵی شیاوی خۆمان بگێڕین، بێگومان نەوەکانی داهاتوو و بە هەزاران غەزاڵ، نەدا، سەمیرا و ژینا دەبێ لە تروپکی لاویدا ببنە قوربانی. هەزاران کچی وەک ئەوان هەن کە ئاواتیان هەناسەکێشان لەسەر خاکی خۆیان و بونیاتنانی نیشتمانێکی دوور لە شەڕ و ڕازاوە بە ئازادی و سەربەستییە.

**٢ی بانەمەڕی ٢٧٢٦**

# شەهید خەلیلی محەممەدی (ناسراو بە خەلیلە سوور)




"سنە لە پاییزا ژیا، بە سەد شەقامی سوورەوە
کە ئاوێر بەیانییەک چەکی چیای دەکردە شان"



برایم چووکەڵی

ئەو کۆمەڵگەیەی زوڵمی نەتەوەییان لێ کراوە، ڕۆڵەکانیان زۆر ئازایانە بەرەنگاری داگیرکەران دەبنەوە و بە خوێنی

خۆیان ڕەوایی گەلەکەیان دەسەلمێنن و ئازایانە لە دوژمن ڕادەپەڕن. گەلی کورد زۆر ڕۆڵەی لە ڕێگەی ڕزگاریی نەتەوەکەیدا بەخت کردووە؛ بە هەزاران تێکۆشەری نێو ڕیزی هێزە سیاسییەکان و بە دەیان هەزار شەهیدی بێدیفاعی کردووەتە خوێنبایی ئازادیی کورد و ڕزگاریی کوردستان. لە کەسیش شاراوە نییە کە بەشی هەرە زۆری ئەو قوربانییانە، بەتایبەتی ئەوانەی کادر و پێشمەرگە و فەرماندەی خەباتی چەکدارانە بوون، سەر بە حیزبی دێموکرات بوون. ئەمە لەگەڵ هەموو تاڵی و پڕژانییەکەی، شانازییەکی گەورەیە و تێکۆشەرانی دێموکرات حەقیانە پێی بنازن و پێی سەربەرز بن؛ بەتایبەتی ئەگەر لەبەرچاو بگرین کە میراتگرانی ئەو شەهیدە سەربەرزانە، هەروا ڕێبواری ڕێگاکەیانن و ئامادەن بۆ ئەوەی هەرکات پێویست بێت، گیان بەخت بکەن و ڕێبازی سەرکەوتن تەخت بکەن. شەهید خەلیلی محەممەدی یەک لەو ڕۆڵە بەوەجانەیە کە لە هەگبەی "شاخ و شۆڕش"ی ئەم ژمارەیەدا ناو و یادی بەرز ڕادەگرین.

خەلیل ساڵی ١٣٣٨ لە گوندی "سیاسەران" سەر بە ناوچەی "حوسێناوا"ی سنە، لە بنەماڵەیەکی دەستکورت و هەژار لەدایک بوو. تەمەنی منداڵیی تێپەڕ نەکردبوو کە ماڵەکەیان چوو بۆ شاری سنە و لەوێ گیرسانەوە. خەلیل هەر لە منداڵییەوە بۆ پەیداکردنی بژێوی بنەماڵەکەی دەستی بە کارو کاسبی کرد. هەتا سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧ی ئێران، هیچ کات بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی نەمردنەژی نەوەستا. دوای سەرکەوتنی شۆڕش، خەلیل لە ساڵی ١٣٥٨ ڕیزی هەڵۆ سەربەرزەکانی دێموکراتی لە هێزی شەریفزادە هەڵبژارد و دەستی بە تێکۆشانی سیاسی کرد؛ وەک پێشمەرگەیەکی لێهاتوو خۆی نیشان دا و بوو بە نموونەی پێشمەرگەکانی هێزی شەریفزادە. ئەو بەهۆی ئازایەتی لە شەڕەکاندا، پاش ماوەیەک وەک سەرپەل دیاری کرا و ساڵی ٦٢ بە فەرماندەی لک دەستنیشان کرا.

خەلیل وەک فەرماندە لکێکی بەتوانا و بەئەزموون، زۆر شەڕی ناوچەی سنەی فەرماندەیی کرد. لە شەڕەکانی بەرووەر و سەرجۆ، ئازایەتییەکی کەموێنەی لە خۆی نیشان دا. با لێرەدا ئاوڕێک لە "کوردستانی خوێناوی"ی ئازا سەکری بدەینەوە،

بزانین لەسەر شەهیدانی شاری سنە و بەبۆنەی شەهیدبوونی خەلیلە سوور چی گوتووە:

سنە سەرتۆپی دڵی یارانە
سەرگوڵی باغی ئەویندارانە
سنەکەم سوورە گوڵی، دڵ خوێنە
ئاڵی رووتەختی زەوی بژوێنە
پڕ لە ئازایە، کەژی نەخشینی
دەنگی ژین بەرزە لە دەشتی ژینی

لەشە پۆلایە چەمی ناوەستێ
بەستەڵەک خوێنیدڵی نابەستێ
گەر بەخێرایی دەنووسێ خامە
دڵی خوێناوی لەشی پڕ زامە
باڵیسەربەرزی ژیان دەرمانە
سنەی بەرزە هەڵۆی هەرمانە
سنە کانیاوی ورەی دڵدارە
ڕەندی سەرتۆپی لە لادێ و شارە

پاش ٣ ساڵ بەرپرسیاریەتی لەو هێزەدا، ساڵی ١٣٦٥ وەک فەرماندەی لک ڕەوانەی مەڵبەندی ٢ لە ناوچەکانی سەقز و دیواندەرە کرا .ئازایەتیی خەلیل لەم ناوچانەش بوو بە وێردی سەر زمانی خەڵک و پێشمەرگە. شەڕەکانی شاخەڕەشی جەوشەن، پشتی مازوار، کاکەسیا، کۆڵ، دۆزەغدەرە، نێرگەسەڵە، دەرەگاوان، شاقەڵا، دەرەویان فارس، باینچوو، جادەی سنە-سەقز، بانە-سەقز و باخی شێخان، نموونەیەکی بچووکن لە ئازایەتی و فیداکارییەکانی خەلیلە سوور. ئەو چەند جار بریندار بوو؛ بۆ وێنە لە شەڕی کۆڵ و دۆزەغدەرە زۆر بەتوندی بریندار بوو و هەموو جارێک پاش ساڕێژبوونەوەی برینەکەی، لە مەتەرێزی شەرەف و کوردایەتیدا سەربەرزانە دەهاتەوە مەیدان و برینەکانی، تینی خەباتی لە نێو دڵ و دەروونی پڕ لە هەستیدا بەتینتر و بەهێزتر دەکرد.

خەلیل ساڵی ١٣٧١ گەڕایەوە مەڵبەندی یەک و لەو مەڵبەندە دەستی بە تێکۆشان کردەوە. ساڵی ٧٣ کرا بە جێگری هێزی زاگرۆس و ساڵی ١٣٧٤ کرا بە فەرماندەی ئەو هێزە؛ و لەو بەرپرسیاریەتییەشدا نیشانی دا کە فەرماندەیەکی لەخۆبوردوو، فیداکار و بەتوانایە. لە ساڵی ١٣٧٥ لە ڕێکخستنی تازەی هێزەکاندا، وەک فەرماندەی بەتالیۆنی زاگرۆس دیاری کرا و تا کاتی شەهیدبوونی ئەو ئەرکە گرینگەی بەڕێوە برد.

خەلیل فەرماندەیەکی ئازا، لێهاتوو و دڵسۆز بوو. ئەو خۆشەویستی کادر، پێشمەرگە و خەڵکی ناوچەکانی سنە، سەقز و دیواندەرە بوو. ڕێزی بۆ خەڵک دادەنا و زۆر جار دووپاتی دەکردەوە: "ئەمن بۆیە شەو و شەونخوونی دەکێشم تا خۆم و نەتەوەکەم نانێک بە خۆشی بخۆین و هەوای ئازادی هەڵمژین". خەلیل هەمیشە لەسەر هەست بوو، دوژمنی بەکەم نەدەگرت. شەهید وەستا ئەحمەد، فەرماندەری هێزی بەیان ساڵی ٦٧ لە چیای وەنەوشە دەیگوت: "بە ئاواتەوەم ببینم خەلیلە سوور ٥ خولەک خەوی لێ کەوتووە". سووربوونی خەلیل لەسەر کار و ئەرکەکانی وای کردبوو هەرکەس جارێک چاوی پێ بکەوتایە، بۆی دەردەکەوت کە چەندە بەتوانا و ئەرکناسە.

**بانەمەڕی ٢٧٢٥**

بەداخەوە خەلیلی سوور ڕۆژی ٣ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٧٥، له شەڕ و تێکهەڵچوون لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی له گوندی "سەرجۆ" له ناوچەی "چەم شار"ی سنه، پاش شەڕێکی ئازایانه گیانی پێشکەش بە نەتەوە بەشخوراوەکەی کرد و سەری کردە بەردەبازی سەرکەوتن.

**٢ی بانەمەڕی ٢٧٢٦**

---

**له «یەکپارچەیی خاک»ەوە بۆ «یەکێتیی ئارەزوومەندانە»**





**مێهدی مێهرپەروەر**

لە مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، چەمکی «دەوڵەت - نەتەوە» لە وڵاتە فرەنەتەوەکاندا، نەک وەک ئامرازێک بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی، بەڵکوو وەک دەزگایەکی سەرکوتکەر بۆ سڕینەوەی ناسنامە جیاوازەکان بەکار هێنراوە. ئێران وەک نموونەیەکی بەرچاوی ئەم مۆدێلە، لە سەدەی ڕابردوودا گۆڕەپانی ئاڵۆزییەکی قووڵ بووە لە نێوان «ناوەندگەرایانی پاوانخواز» و ئەو نەتەوانەی بۆ وەدەستهێنانی سەرەتاییترین مافە مرۆیی و نەتەوەییەکانیان تێدەکۆشن. لەم نێوەندەدا، نەتەوەی کورد وەک پێشەنگی بزووتنەوە دێموکراسیخوازەکان، هەمیشە کەوتووەتە بەر تۆمەتی «جوداخوازی»، تەنیا لەبەر ئەوەی داوای مافی دیاریکردنی چارەنووس و کۆتاییهێنان بە ستەمی ناوەندی کردووە.

گوتاری سیاسیی ناوەندگەراکان (چ ئەوانەی لەسەر کورسیی دەسەڵاتن و چ ئەوانەی وەک ئۆپۆزیسیۆن چالاکن)، لەسەر بنەمای «یەک نەتەوە، یەک زمان، یەک خاک» دارێژراوە. ئەم دروشمە ئەگەرچی ڕواڵەتێکی نیشتمانیی هەیە، بەڵام لە نێوەڕۆکدا پرۆژەیەکی مەترسیداری «ئاسیمیلاسیۆن» یان تواندنەوەی کولتووریی نەتەوە نافارسەکانە. کاتێک ناوەندگەراکان باس لە «یەکپارچەیی خاکی ئێران» دەکەن، مەبەستیان پاراستنی سنوورەکان لە دەستدرێژیی دەرەکی نییە، بەڵکوو دەیانەوێت ئەو باڵادەستییە سیاسی و فەرهەنگییە بپارێزن کە ڕێگە نادات هیچ زمان و کولتوورێکی دیکە لە دەرەوەی بازنەی «فارسبوون»دا هەناسە بدات.

ئەم لۆژیکە وای کردووە کە زمانەکانی کوردی، بەلووچی، تورکیی ئازەری و عەرەبی، وەک هەڕەشە بۆ سەر «ئاسایشی نەتەوەیی» لەقەڵەم بدرێن. لە ڕوانگەی ئەوانەوە، یەکپارچەیی خاک تەنیا لە ڕێگەی سڕینەوەی فرەیی بەدی دێت. ئەمەش هەمان ئەو سیاسەتەیە کە لە سەردەمی پەهلەوییەوە دەستی پێ کرد و لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیشدا بە بەرگێکی ئایینییەوە هەروا بەردەوامە.

جوداخوازی ئەو چەکەیە کە ناوەندگەراکان بەردەوام دژی کورد بەکاری دەهێنن بۆ ئەوەی ڕەوایەتی لە داواکارییە دێموکراتیکەکانی کورد وەربگرنەوە. کاتێک کورد داوای مافی دیاریکردنی چارەنووس، خوێندن بە زمانی دایک و هەروەها دابەشکردنی دادپەروەرانەی دەسەڵات و سامانی وڵات دەکات، ناوەندگەراکان بە خێرایی پەنا دەبەنە بەر پاساوی «پارچەپارچەبوونی ئێران».

ئەوەی ئێران بەرەو لێکترازان دەبات، داواکاریی نەتەوەکان نییە، بەڵکوو ئەو عەقڵییەتە داخراوەیە کە ئامادە نییە دان بە بوونی «ئەوی دیکە»دا بنێت.

خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە لە پرسی نەتەوەکاندا، جیاوازییەکی بنەڕەتی لە نێوان دەسەڵاتی پاشایەتی، کۆماری ئیسلامی و بەشێکی زۆری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دیاسپۆرادا نییە. هەموویان لەسەر یەک بنەما کۆکن: «ناوەندگەراییەکی ڕەها».

لە چەند دەیەی ڕابردوودا، هەر کاتێک کورد هەنگاوێکی بەرەو ڕزگاری ناوە، ئەم سێ بەرەیە (کە لە پرسەکانی دیکەدا نەیاری یەکترن) لە سەنگەرێکی هاوبەشدا دژی کورد یەکیان گرتووە. ئەم هاوڕاییە نیشان دەدات ئەوە عەقڵییەتێکی «خۆسەپێن»ە کە نەتەوەکانی دیکە وەک «کەمینە» و «پاشکۆ» دەبینێت، نەک وەک هاوبەشی یەکسان.

**بانەمەڕی ٢٧٢٥**

ئەگەر ناوەندگەراکان بەڕاستی نیگەرانی یەکپارچەیی خاکی ئێرانن، دەبێت تێبگەن کە یەکپارچەیی بە زەبری هێز و لوولەی تفەنگ، یەکپارچەییەکی لەرزۆکە و لە یەکەم وەرچەرخانی مێژووییدا هەڵدەوەشێتەوە. تەنیا ئەو یەکپارچەییەی لەسەر بنەمای «هاوپەیمانیی ئارەزوومەندانە» بونیاد بنرێت، دەتوانێت جێگیر و بەردەوام بێت.

هاوپەیمانیی ئارەزوومەندانە واتە: دانان بە فرەیی نەتەوەییدا و گۆڕینی ئێران بۆ وڵاتێکی فرەنەتەوە، نەک دەوڵەتێکی تاک نەتەوە. جێبەجێکردنی دیموکراسییەکی ڕاستەقینە کە تێیدا مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ هەموو نەتەوەکان پارێزراو بێت. دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان ناوەند و هەرێمەکاندا بە شێوەیەک کە هەر نەتەوەیەک خۆی کاروباری خۆی بەڕێوە ببات.

ئەم مۆدێلە نەک هەر نابێتە هۆی پارچەبوونی وڵات، بەڵکوو دەبێتە هۆی دروستبوونی یەکێتییەکی پتەو کە لەسەر بنەمای «بەرژەوەندیی هاوبەش» و «ڕێزی لایەنەکان» بونیاد نراوە. کاتێک کورد، بەلووچ، تورک و عەرەب هەست بکەن لەم نیشتمانەدا خاوەن مافن و وەک مرۆڤی پلە دوو سەیر ناکرێن، ئەو کاتە خۆیان دەبنە پارێزەری سەرەکیی ئەو یەکپارچەییە. ئەگەر بڕیار بێت ئێرانی داهاتوو وڵاتێکی ئارام و سەقامگیر بێت، دەبێت لە جیاتی «یەکپارچەیی زۆرەملێ»، باس لە «پەیمانی ئارەزوومەندانەی نەتەوەکان» بکرێت. کورد داوای «ژیانی شایستە» و «ناسنامەی پارێزراو»ی کردووە، ئەگەر ناوەند ئامادە نەبێت ئەم داوایانە دابین بکات، ئەوا بەرپرسیاریی هەر لێکترازانێک لە ئەستۆی ئەو عەقڵییەتە ناوەندگەراییەیە کە جیاوازییەکان بە هەڕەشە دەبینێت، نەک بە دەرفەت.

**٢ی بانەمەڕی ٢٧٢٦**

---

# پرۆفیسۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر: (میقداد مەدحەت بەدرخان) پەیامی کوردایەتی و سەربەخۆیی لە تاراوگەوە بە جیهان گەیاند


کردستان
١٣١٥
کورد یک بونغند، نەتەوە کورد بۆنی خوش بۆت
نەتەوە کوردی تێکەل نەبێت، نەتەوەی تێکەل نابێت
بسم الله الرحمن الرحیم
کردستان
ئامانجی نامەکمان
بۆ خوێنەرانمان

**وتووێژ: شەهرام سوبحانی**

**ئاماژە: بە بۆنەی یادی ١٢٨ ساڵەی دەرچوونی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی (کوردستان) و ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی، کە وەک وەرچەرخانێکی مەزنی مەعریفی و نەتەوەیی لە مێژووی هاوچەرخی کورددا تەماشا دەکرێت؛ بەم بۆنەوە وتووێژێکی تایبەتمان لەگەڵ بەڕێز کەیوان ئازاد ئەنوەر، پسپۆڕ و شارەزای بواری مێژوو ڕێکخستووە.**

**لەم دیدارەدا، تیشک دەخەینە سەر ڕەهەندە شاراوەکانی سەرهەڵدانی یەکەمین سەکۆی میدیایی کورد لە تاراوگە، و ئەو ژینگە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی کە وای کرد بنەماڵەی بەدرخانییەکان لە قاهیرەوە پەیامی ڕزگاریخوازی و هۆشیاریی نەتەوەیی بڵاو بکەنەوە. مامۆستا کەیوان ئازاد، بە دیدێکی قووڵی مێژوویی و شیکارییەوە، وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاری گرنگ دەداتەوە؛ لەوانە: پەیوەندیی نێوان بنەماڵەی بەدرخان و دەسەڵاتدارانی میسر، ئاستەنگەکانی بەردەم بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکە، پرسی شێوەزار و زمانی ستاندارد، و هەڵسەنگاندنی پێگەی میدیای کوردی لە ئێستادا بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ.**

**ئەم وتووێژە، هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە چۆن (میقداد مەدحەت بەدرخان) توانی لە سەردەمێکی پڕ لە داگیرکاری و بێدەنگ کردندا، چەمکی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕێگەی پیت و وشەوە زیندوو بکاتەوە و تۆوەکە بخاتە ناو گۆڕەپانی نەوەکانی دوای خۆی.**

**شەهرام سوبحانی**: ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم، بۆچی بنەماڵەی (بەدرخان)ییەکان (قاهیرە)یان وەک یەکەم وێستگە بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەی "کوردستان" هەڵبژارد؟ ئایا ئەمە تەنیا بەهۆی سانسۆڕی عوسمانییەکانەوە بوو، یان کەشی ڕۆشنبیریی ئەوکاتی میسر (سەردەمی محەممەدعەلی پاشا و خێدیوییەکان) کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبوو؟

**پرۆفیسۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر**: بۆ ئاگاداریی بەڕێزتان؛ شاری (قاهیرە) کە لە ئێستادا پایتەختی دەوڵەتی (میسر)ە، لە ساڵی (١٨٠٥) ی زایینییەوە بووە ناوەندی دەسەڵاتی (محەممەد عەلی پاشا)؛ ئەمەش دوای ئەوەی ناوبراو وەک فەرماندەیەکی سەربازیی عوسمانی گەیشتە (میسر) و دواتر بە والی ئەو ویلایەتە دەستنیشان کرا. (محەممەد عەلی پاشا) لە شاری (قاهیرە)وە دژی دەوڵەتی عوسمانی ڕاپەڕی و قەوارەیەکی سیاسیی نوێی بۆ خۆی دامەزراند. لەو ڕێکەوتەوە تا ساڵی (١٩٥٢)، خۆی و نەوەکانی فەرمانڕەوایی وڵاتی (میسر) یان کرد.

سەردەمی دەرچوونی ڕۆژنامەی "کوردستان" هاوکاتە لەگەڵ سەردەمی دەسەڵاتی سێهەم ئەندامی بنەماڵەی (محەممەد عەلی پاشا)، کە ئەویش (عەباس حیلمی) دووەمە (١٨٩٢ - ١٩١٤ز). لەو قۆناغەدا، (محەممەد عەلی پاشا) و نەوەکانی بەگشتی پشتیوانییان لە دۆزی کورد دەکرد؛ ئەمەش بەهۆی ئەوەی کورد لەو سەردەمەدا نەیاری دەوڵەتی عوسمانی بوون، هەروەک چۆن دەسەڵاتی (میسر) یش لە کێبڕکێ و ململانێدا بوو لەگەڵ عوسمانییەکاندا.

هەر بۆیە، لە سەردەمی (میر بەدرخان پاشا) (١٨٢١ - ١٨٤٧ز) کە میری میرنشینی (بۆتان) بوو، پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان ئەو و (محەممەد عەلی پاشا) و دەسەڵاتدارانی (میسر) دا هەبووە. (میقداد مەدحەت بەدرخان) کە لە نەوەکانی (میر بەدرخان)ە، سوودی لەو پەیوەندییە مێژووییە وەرگرت کە بۆیان مابووەوە. بەهۆی ئەو زەمینە لەبارە و ئەو ئازادییەی لە سەردەمی (محەممەد عەلی پاشا) وە تا سەردەمی (عەباس حیلمی پاشا) لە (میسر) دا هەبوو، شاری (قاهیرە) بووە گونجاوترین وێستگە بۆ ئەوەی نەوەیەکی میرانی بەدرخانییەکان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیی تێدا بڵاو بکاتەوە.

**شەهرام سوبحانی**: دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی هاوکات بوو لەگەڵ بڵاوبوونەوەی چەمکەکانی نەتەوایەتی و مۆدێرنیتە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا. ئایا دەتوانین بڵێین ڕۆژنامەی کوردستان پەرچەکردارێک بوو بەرانبەر سیاسەتی ناوەندگەرایی دەوڵەتی عوسمانی، یان پرۆژەیەکی ڕۆشنبیریی ڕووت بوو بۆ بەئاگاهێنانەوەی تاک؟

**پرۆفیسۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر**: دەرکەوتنی بیری نەتەوایەتی (ناسیۆنالیزم) - چ کوردی بێت یان تورکی، فارسی و عەرەبی - دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەیەمی زایینی؛ ئەمەش دوای سەرهەڵدانی ئەو بیرۆکەیە لە ئورووپا و گواستنەوەی بۆ ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست. لەو سەردەمەدا، عوسمانییەکان لە لووتکەی دەسەڵاتدا وەک هێزێکی نەتەوەیی تورک

دەردەکەوتن، بەڵام لە بنەڕەتدا خۆیان وەک هێزێکی ئیسلامیی گەورە دەناساند و خۆیان بە ڕابەری نەتەوە و پێکهاتەکانی دیکە دەزانی.

پاش گواستنەوەی چەمکی ناسیۆنالیزم لە ئورووپاوە بۆ نێو نەتەوەکانی (فارس، تورک، عەرەب، کورد، ئەمازیغ، بەربەر، قیبتی و پێکهاتەکانی تر)، ئەم بیرۆکەیە لە ڕێگەی چینە خوێنەوارەکانەوە گەیشتە نێو کۆمەڵگەکان و لەو نێوەندەشدا گەیشتە نێو کورد. هەروەک ئاماژەمان پێ کرد، (میر بەدرخان) لە ساڵی (١٨٢١)ی زایینییەوە هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دا و تا ساڵی (١٨٤٧) بەردەوام بوو لەسەر ئەو کارە؛ پێموایە ناوبراو پێش (شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری)، ڕابەری بیری نەتەوایەتی و دامەزرێنەری دەوڵەتی کوردییە لە مێژوودا.

(میقداد مەدحەت بەدرخان) یش کە لەم بنەماڵەیە بووە، بووەتە هۆی ئەوەی بیری نەتەوایەتی لە نێو ئەم بنەماڵەیەدا ڕەگ و ڕیشەیەکی مێژوویی هەبێت و کاری بۆ بکەن. هەر بۆیە دەبینین نەوەیەکی ئەو بنەماڵەیە لە شاری (قاهیرە)، بە دەرکردنی ڕۆژنامەی "کوردستان"، یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی جێگیر دەکات.

جێی ئاماژەیە، لە ساڵی (١٩٠٨) دا تورکەکان لە ڕێگەی دامەزراندنی "کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی" بیری ناسیۆنالیزمی تورکییان بەسەردا زاڵ بوو و کاریان بۆ کرد. لای فارسەکانیش بە هەمان شێوە، ئەو دیاردەیە لە دوای شۆڕشی مەشرووتەی ئێران دژی (موزەفەردین شای قاجار) دەرکەوت. کەواتە کوردیش وەک پێکهاتە و نەتەوەیەکی ڕەسەنی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە پاڵ عەرەب و فارس و تورکدا، یەکێک بووە لەو نەتەوانەی کاری بۆ دۆزی نەتەوایەتی و ناسیۆنالیزمی کوردی کردووە. لێرەوە دەردەکەوێت کە دەرچوونی ڕۆژنامەی "کوردستان" کارێکی نامۆ نییە، بەڵکوو هاوکات بووە لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەو شەپۆلە ناسیۆنالیستییەی کە لە ئورووپاوە گەیشتە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و نێو هەردوو دەوڵەتی (عوسمانی) و (قاجاری).

**شەهرام سوبحانی**: (میقداد مەدحەت بەدرخان) لە یەکەم ژمارەدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئامانجی ڕۆژنامەکە "هۆشیارکردنەوەی کوردە لە ڕووی زانست و مەعریفەوە". بەبۆچوونی جەنابت، زمانی ڕۆژنامەکە و ئەو گوتارەی بەکاری دەهێنا، تا چەند توانی ئەو بۆشاییە مەعریفییە پڕ بکاتەوە لە کاتێکدا ڕێژەی خوێندەواری زۆر کەم بوو؟

**پرۆفیسۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر**: (میقداد مەدحەت بەدرخان) ،وەک کەسایەتییەکی ڕۆشنبیری ئەو سەردەمە و نەوەی بنەماڵەیەکی خوێنەوار و نەتەوەیی وەک بەدرخانییەکان، لە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەکەیدا ڕوانگە و ستراتیژی خۆی بۆ

خوێنەران ڕوون کردووەتەوە. ئەو بە وردی ئامانجەکانی دەرکردنی ڕۆژنامەکەی دەستنیشان کردووە و ویستوویەتی ئەو ڕێگایە دیاری بکات کە بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی دەبێت پێیدا تێپەڕێت تا دەگاتە ئەنجام.

ئامانجی سەرەکیی ئەم ڕۆژنامەیە، هۆشیارکردنەوەی تاکی کورد بووە لە ڕێگەی زانست و مەعریفەوە. (میقداد مەدحەت بەدرخان) ویستوویەتی بە کۆمەڵگەی کوردی ڕابگەیەنێت کە ڕۆژنامەکەی دەروازەیەکە بۆ گەیاندنی زانیاری، هەواڵ و ڕووداوەکانی سەردەم؛ ئەمەش بە مەبەستی بەئاگاهێنانەوەی کورد لە خەوی غەفڵەت و ڕەتکردنەوەی ژێردەستەیی و داگیرکاری.

هەروەها، ناوبراو داوای لە میر و سەرۆک هۆز و خێڵەکان کردووە کە کۆتایی بە ململانێ نێوخۆیی و چینایەتییەکان بهێنن و تێ بکۆشن بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کوردستان، تاوەکوو کوردیش وەک گەلانی ئەورووپا بگاتە مافە ڕەواکانی خۆی. لە ڕاستیدا (میقداد مەدحەت بەدرخان) ویستوویەتی ئەو پەیامەی کە باپیرە گەورەی (میر بەدرخان) بەهۆی هەلومەرجی مێژووییەوە بۆی جێبەجێ نەکرا، بیگەیەنێتە نەوەکانی داهاتوو؛ بەو ئومێدەی لە داهاتوودا سەرکردەیەک لە ناو کورددا هەڵبکەوێت کە بتوانێت نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا کۆبکاتەوە.

سەبارەت بەوەی ئایا (میقداد مەدحەت بەدرخان) توانی ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە، دیارە ئامانجی سەرەکیی ئەو گەیاندنی پەیامەکە بووە. وەک ئاماژەمان پێ کرد، کاتێک باپیرە گەورەی (میر بەدرخان) بەو هەموو هێزە چەکدارییە، دارایییە باشە، ئیدارەدانە تۆکمەیە و ئەو ناوچە بەرفراوانەی لەژێر دەسەڵاتیدا بوو، نەیتوانی لە ماوەی ٢٦ ساڵەی تەمەنی فەرمانڕەوایەتیدا دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێت، ئەوا سروشتییە کە (میقداد مەدحەت بەدرخان) یش بەتەنیا نەتوانێت ئەو ئامانجە بپێکێت.

بەڵام گرنگیی کارەکەی لەوەدا بوو کە توانی ئەو پەیامە بگەیەنێتە تەواوی تاکەکانی کورد و لە مێژوودا بێ چەندوچوون بیسەلمێنێت کە هەموو هەوڵێکی خۆی بۆ سەربەخۆیی کوردستان، یەکڕیزیی کورد و زیندووکردنەوەی هەستی ناسیۆنالیزم خستووەتە گەڕ. بە کورتی، ئەو "تۆپەکەی هاویشتە ناو گۆڕەپانی کۆمەڵگەی کوردی" تاوەکوو لە داهاتوودا کاری لەسەر بکەن. پێم وایە پەیامێکی دروستی گەیاند؛ ئەوەی کە نەیدەتوانی بە کردار ئەنجامی بدات، توانی لە ڕێگەی گوتار و نووسینەوە بە جیهانی بگەیەنێت، بۆیە کارەکەی زۆر لە جێی خۆیدا بوو.

**بانەمەڕی ٢٧٢٥**

**شەهرام سوبحانی**: لە ڕووی زمانەوانییەوە، ڕۆژنامەی (کوردستان) بە شێوەزاری کرمانجیی سەروو دەنووسرا، بەڵام هەوڵی دەدا ببێتە زمانێکی ستاندارد. ئایا ئەم ڕۆژنامەیە چ ڕۆڵێکی گێڕا لە گواستنەوەی زمانی کوردی لە دۆخێکی زارەکییەوە بۆ دۆخێکی نووسراوی مۆدێرن و ڕۆژنامەوانی؟

**پرۆفیسۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر**: پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە کوردستانی گەورە لە ئێستادا بەسەر چەند دەوڵەتێکدا دابەش بووە؛ کوردستانی باکوور لە ژێر دەسەڵاتی تورکیە، کوردستانی خۆرئاوا لە ژێر دەسەڵاتی سووریە، کوردستانی باشوور لە چوارچێوەی عێراق و کوردستانی خۆرهەڵاتیش لە ژێر دەسەڵاتی ئێراندایە. هەروەها دوو بەشی دیکەی کوردستان دەکەونە ناو سنووری وڵاتانی ئازەربایجان و ئەرمەنستان.

لە ڕوانگەیەکی واقیعییەوە، نزیکەی ٦٥٪ی دانیشتووانی ئەم جوگرافیا بەرفراوانە بە شێوەزاری کورمانجیی سەروو دەئاخڤن، و نزیکەی ٣٥٪ی تریش بە شێوەزارەکانی کورمانجیی خواروو (سۆرانی)، لوڕی، هەورامی و گۆرانی قسە دەکەن. ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە زۆرینەی ڕەهای کوردستان بە شێوەزاری کورمانجیی سەروو دەدوێن، و تەنیا بەشێک لە کوردستانی خۆرهەڵات و باشوور بە شێوەزارەکانی تر قسە دەکەن.

سەبارەت بەم پرسە مێژووییە، (میقداد مەدحەت بەدرخان) وەک نەوەی بنەماڵەیەک کە شێوەزاری ڕەسەنیان کورمانجیی سەروو بووە، هەر ئەو شێوەزارەشی لە نووسینەکانیدا بەکارهێناوە. ئەمە مافێکی سروشتی خۆی بووە، چونکە هەم شێوەزاری ئاخاوتنی بنەماڵەکەی بووە و هەم شێوەزاری زۆرینەی گەلی کورد بووە لەو سەردەمەدا؛ بۆیە ئاسایی بووە کە هەوڵی دابێت بیکاتە زمانی ستاندارد.

ئەم بابەتە دوورە لە لایەنگری کەسی، چونکە ئەگەر لەو سەردەمەدا شاعیر و زانایانی وەک (نالی، مەحوی، سالم و کوردی) ئەو کارەیان بکردایە، بێگومان بە شێوەزاری کورمانجیی خواروو دەیاننووسی، وەک چۆن بۆ کوردێکی لوڕ، گۆران یان هەورامیش هەر بەو جۆرە دەبوو. کەواتە هەڵبژاردنی شێوەزاری کورمانجیی سەروو لەلایەن (میقداد بەدرخان)ەوە، ڕەنگدانەوەی واقیعی ئەو سەردەمە و ژینگەی کۆمەڵایەتی و جوگرافیی ئەو بووە.

**شەهرام سوبحانی**: ڕۆژنامەگەریی کوردی بە دیاردەیەکی دەگمەن دەست پێ دەکات، ئەویش لەدایکبوونە لە'تاراوگە'. ئایا ئەم خەسڵەتە (دووری لە خاک و جەماوەری مەبەست) چ کاریگەرییەکی دەروونی و سیاسیی لەسەر شێوازی داڕشتنی هەواڵ و وتارەکان هەبووە؟ ئایا ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی ڕۆژنامەگەریی کوردی زیاتر 'سیاسی و خەباتگێڕ' بێت وەک لەوەی'پیشەیی



سەرچاوە
Serchawe

و هەواڵساز' بێت؟

**پرۆفیسۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر**: پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە لەو قۆناغە مێژووییەدا، تاکی کورد زیاتر لە ڕوانگەی خەبات و بژێوییەوە سەیری ژیانی دەکرد و بارودۆخەکە وەک سەردەمی ئێستا پێشکەوتوو نەبوو تا وەکوو ڕۆژنامەگەری وەک پیشەیەکی سەربەخۆ و "هەواڵساز" دەربکەوێت. لەو سەردەمەدا، ڕۆژنامەگەری ئامرازێک بوو بۆ خەباتی سیاسی و نەتەوەیی؛ هاوشێوەی ئەو ڕۆژنامانەی کە ئێستا پارتە کوردییەکانی خۆرهەڵات لە شاخەوە دەریان دەکەن (وەک ڕۆژنامەی کوردستان) بۆ گەیاندنی پەیامی شۆڕش، کە بێگومان جیاوازە لەو ڕۆژنامانەی لە قۆناغی حوکمڕانی و دەوڵەتداریی هەرێمی کوردستاندا دەردەچن.
(میقداد مەدحەت بەدرخان) لە دەرکردنی ڕۆژنامەی (کوردستان)دا، لەبری پیشەگەریی میدیایی، زیاتر جەختی لەسەر پەیامی کوردایەتی و خەباتی ڕزگاریخوازی دەکردەوە. ئەو ویستی لە ڕێگەی ئەم میدیایەوە پەیامی ناسنامەی کورد، سەربەخۆیی و یەکڕیزی نەتەوەکەی بە جیهانی دەرەوە بگەیەنێت، کە ئەمەش هەنگاوێکی تەواو دروست و مێژوویی بوو.

دەرکردنی ڕۆژنامە لە تاراوگەدا ئاڵنگارییەکی گەورە بوو، چونکە لەو سەردەمەدا خاکی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی (عوسمانی) و (قاجاری)دا بوو؛ دەسەڵاتدارانی عوسمانی بە هیچ جۆرێک ڕێگەیان نەدەدا کەس بە زمانی کوردی بنووسێت. ئەگەر لە نێوخۆی نیشتماندا ئەو ئازادییە هەبووایە، (میقداد بەدرخان) پەنای بۆ (قاهیرە) نەدەبرد بۆ ئەنجامدانی خەباتی سیاسی.

هەمیشە دەبێت ئەوەمان لەیاد بێت کە مرۆڤی تاراوگەنشین، ئاسەواری غوربەت و ئاوارەیی بە نووسینەکانییەوە دیارە و خەمەکانی قووڵترن لەوانەی لە سەر خاکی ئازاد دەنووسن. بەڵام سەرەڕای ئەو خەم و ئاوارەییە، کاتێک سەیری لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (کوردستان) دەکەین، دەبینین وەک کارێکی سیاسی و نەتەوەیی، پڕە لە هیوایەک کە ئومێد دەبەخشێتە کورد بۆ گەیشتن بە دەوڵەت و مافە ڕەواکانی خۆی.

**شەهرام سوبحانی**: لەو سەردەمەدا گەیاندنی ڕۆژنامەکە لە (میسر) و ئورووپاوە بۆ ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان پرۆسەیەکی زۆر ئەستەم بووە. ئایا بەڵگەنامە مێژووییەکان چی دەڵێن سەبارەت بە تۆڕی دابەشکردن و خوێنەرانی ئەو کاتە؟ کێ بوون ئەوانەی ڕۆژنامەکەیان دەخوێندەوە؟

**پرۆفیسۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر**: کاتێک یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە (قاهیرە) و لە سەر دەستی کەسایەتییەکی دیاری

**وەک (میقداد مەدحەت بەدرخان) و بە تێپەڕبوونی تایبەتیی خۆی دەردەچێت، پێویستە چەند ڕاستییەکی مێژوویی لەبەرچاو بگرین:**

**یەکەم:** کەم دەرامەتی و سنوورداری توانای دارایی، وای کردووە تیراژی ڕۆژنامەکە ئەوەندە زۆر نەبێت تا بگاتە هەموو ناوچەکانی کوردستان و دەستی تەواوی خوێنەواران و ناوەندە بڕیار بەدەستەکان.

**دووهەم:** نەبوونی دەزگا و دامەزراوەیەکی گواستنەوە و دابەشکاریی ڕێکخراو، ئاستەنگێکی گەورە بووە لە بەردەم گەیشتنی ڕۆژنامەکە بە ناوچە دوورەدەستەکانی کوردستان و دەرەوەی وڵات

**سێهەم:** ڕێژەی خوێندەواری لەو سەردەمەدا زۆر کەم بووە (نزیکەی ٥٪) و لەناو ئەو ڕێژە کەمەشدا، چەمکی "ڕۆژنامە" وەک میدیایەکی نوێ هێشتا ئاشنا نەبووە.

دەتوانین بڵێین (میقداد مەدحەت بەدرخان) ئەم ڕۆژنامەیەی زیاتر بۆ داهاتوو و بۆ چەسپاندنی مێژوویەک چاپ کردووە. ئەگەرچی گەیشتووەتە دەستی سەدان کەس، بەڵام نەگەیشتووەتە دەستی هەزاران. زانیارییە مێژووییەکان سەبارەت وردەکاری بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکە لە نێوخۆی کوردستان (بەتایبەت لە خۆرهەڵاتی کوردستان) زۆر کەمن و ئەم لایەنە هێشتا لە مێژوونووسیی کوردیدا وەک پێویست کاری لە سەر نەکراوە. واقیعەکە ئەوەیە کە ڕەنگە تەنیا ژمارەیەکی زۆر کەم لە خوێنەوارانی شارەکانی خۆرهەڵات چاویان بەم ڕۆژنامەیە کەوتبێت.

ئامانجی سەرەکی، دەرچوونی ڕۆژنامەیەکی کوردی بووە لە ناوەندێکی گرنگی سیاسی و ڕۆشنبیری وەک (قاهیرە). لەوێشدا، ڕەنگە تەنیا بگاتە دەست ئەو دەستەبژێرە خوێنەوارەی کە لە (میسر)دا بوون. لایەنێکی تریش، پرسی شێوەزار بووە؛ کورمانجیی سەروو کە زمانی ڕۆژنامەکە بووە، بۆ ئەو بەشەی کورد (٣٥٪) کە بە شێوەزارەکانی تر دواون، نامۆ بووە. ئەگەر بە پێوەری ئێستاش بپێورێت، کتێبێک بە کورمانجیی سەروو لە شارەکانی وەک سلێمانی یان سنە، خوێنەری تایبەت و سنوورداری هەیە؛ چ جای ئەو سەردەمەی کە ١٢٨ ساڵ لەمەوبەر بووە. کەواتە، گرنگیی مێژوویی ڕۆژنامەی (کوردستان) لەوەدایە کە بووە بناغە و دەستوورێک بۆ مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی، نەک ئەوەی چەندە بە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا بڵاوبووەتەوە.

**شەهرام سوبحانی: پاش ١٢٨ ساڵ، کاتێک دەڕوانینە دۆخی ئێستای میدیای کوردی، ئایا هەمان ئەو ئاڵنگارییانە**



سەرچاوە
Serchawe

دەبینیتەوە کە بەدرخانییەکان ڕووبەڕووی دەبوونەوە؟ بۆ نموونە: کێشەی دارایی، پەرتەوازەیی گوتار، و کاریگەریی حیزب لەسەر میدیا؟

**پرۆفیسۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر**: دوای تێپەڕبوونی ١٢٨ ساڵ بەسەر ئەو وێستگە مێژووییەدا، کورد هێشتا نەگەیشتووەتە سەربەخۆیی تەواوەتی؛ تەنیا لە باشووری کوردستان قەوارەیەکی نیمچە سەربەخۆ و لە خۆرئاوای کوردستانیش دەسەڵاتێکی خۆسەر هەیە، کە هەردووکیان ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاستەنگی نێوخۆیی، هەرێمی و نێودەوڵەتی بوونەتەوە.

لەم چوارچێوەیەدا، دەتوانین بڵێین ڕۆژنامەگەریی کوردی هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە بەرز و ستانداردەی کە لە وڵاتانی ئورووپا یان وڵاتانی دراوسێی وەک (ئێران، تورکیە و وڵاتانی عەرەبی) دەبینرێت. ئەگەرچی لەم ماوەیەدا هەزاران ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە دەرچوون و هەنگاوی باش نراون، بەڵام میدیای کوردی وەک هێزێکی کاریگەر هێشتا لە لووتکەی تواناکانی خۆیدا نییە.

ئەم دۆخە دیاردەیەکی سروشتییە؛ چونکە نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت کە ئێمە سەبارەت بە نەتەوەیەک دەدوێین کە بەسەر چوار شێوەزار و شەش وڵاتی جیاوازدا دابەش کراوە، کە هەر یەکەیان خاوەن زمان، کولتوور و سیستەمێکی سیاسیی جیاوازن. لە نێوان زیاتر لە ٢٠٠ دەوڵەت و سەدان نەتەوەی جیهاندا، بێگومان دەرەنجامی هەوڵەکانی کورد هاوشانی نەتەوەیەکی خاوەن دەوڵەتی وەک ئەمریکی، بەریتانی، ئێرانی یان تورک نابێت.

لە کۆتاییدا، دەکرێت بڵێین ڕۆژنامەگەری و میدیای کوردی بەپێی ئەو واقیعە سەختەی تێیدایە، هەنگاوی زۆر باشی ناوە و تەنانەت لە هەندێک وێستگەدا لە ڕەوتی مێژووی خۆی پێش کەوتووە، بەڵام هێشتا ڕێگەیەکی زۆری لەبەر دەمە بۆ ئەوەی بگاتە ئەو ئاستە بەرزەی کە بتوانێت شان لە شانی میدیای وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان بدات.

**شەهرام سوبحانی**: بەدرخانییەکان توانییان لە ڕێگەی ڕۆژنامەکەوە پەیوەندی لەگەڵ خۆرهەڵاتناسەکان و دونیای دەرەوە دروست بکەن. ئایا میدیای کوردیی ئەمڕۆ توانیویەتی ببێتە پردێک بۆ گەیاندنی دۆزی کورد بە جیهان، یان زیاتر لە بازنەیەکی نێوخۆییدا دەخولێتەوە؟

**پرۆفیسۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر**: ئەگەر بە ویژدانەوە هەڵسەنگاندن بۆ مێژوو بکەین، دەبینین بنەماڵەی بەدرخانییەکان ئەوەی لە توانایاندا بوو ئەنجامیان دا. لە سەردەمی میرایەتی (میر بەدرخان پاشادا) (١٨٢١ - ١٨٤٧ز)، کارێکی مەزنیان

بانەمەڕی ٢٧٢٥

لە بەڕێوەبردنی میرنشینی بۆتاندا کرد. دواتریش نەوەکانیان یەک لە دوای یەک، هەوڵی بێوچانیان دا تا خەباتی کوردایەتی لە ڕێگەی ڕۆژنامەگەری، نووسین، دیپلۆماسی و کۆڕ و کۆبوونەوەوە بە ناوەندە بڕیاربەدەستەکانی جیهان، بەتایبەت لە ئورووپا و ئەمریکا بگەیەنن.


ئەگەرچی هەوڵەکانیان زۆر بوو، بەڵام بەهۆی نەبوونی پشتیوانیی دارایی و سیاسیی پێویست، و هەروەها پەرتەوازەیی هەوڵە نەتەوەییەکان کە هەریەکەو لە لایەکەوە کاری دەکرد، نەتوانرا ئەو ئەنجامە کۆتاییە بەدەست بهێنرێت کە (میقداد مەدحەت بەدرخان) خەونی پێوە دەبینی. ئەم دۆخە لە ڕوانگەی مێژووییەوە سروشتییە؛ چونکە کاتێک نەتەوەیەک یەکگرتوو نەبێت و خاوەنی قەوارەیەکی سیاسیی یەکگرتوو نەبێت، هەوڵە تاکەکەسی و بنەماڵەییەکانیش بێبەرگ نابن، بەڵام ناگەنە ئاستی سەرکەوتنی یەکجاری.

سەبارەت بە واقیعی ئێستای میدیای کوردی، دەبینین هەنگاوی زۆر گەورە نراوە؛ بوونی نزیکەی سەد کەناڵی ئاسمانی دەستکەوتێکی کەم نییە. بەڵام ئەگەر بمانەوێت بەراوردی بکەین لەگەڵ میدیای نەتەوەکانی دراوسێ (عەرەب، تورک و فارس)، دەبێت بڵێین هێشتا نەگەیشتووینەتە ئاستی کێبڕکێ لەگەڵ ئەواندا. ئەمەش هۆکارەکەی ڕوونە: کاتێک عەرەب خاوەنی ٢٢ دەوڵەتە، تورک و ئێرانیش خاوەن دەوڵەت و سەروەریی خۆیانن، کورد هێشتا بێ دەوڵەتە، زمانی یەکگرتووی ستانداردی نییە و دابەشکراوە.

سەرەڕای ئەمانەش، وەک پسپۆڕێکی بواری مێژوو (نەک میدیا)، پێم وایە میدیای کوردی لە ئێستادا زۆر لە پێش ڕەوتی سیاسەت، دیپلۆماسی و کایە ئەکادیمی و کۆمەڵایەتییەکانی تری کوردەوەیە. لە ئێستادا کەناڵە گەورەکانی ڕاگەیاندنی کوردی لە ئاستی جیهانیدا کێبڕکێ دەکەن، لە کاتێکدا کە کاری حیزبی، دەوڵەتداری و کایە ڕۆشنبیرییەکانی تر هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستە بەرزە.

٢ی بانەمەڕی ٢٧٢٦

## ستراتیژیی ئێمە؟!





**سۆران عەلیپوور**

لەگەڵ هەر شەڕێکدا بێجگە لەوەی زۆر لە هاوکێشە سیاسی و ژێئۆپۆلیتیکییەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و هاوسەنگیی هێز دادەڕێژرێتەوە، کۆمەڵێک پرەنسیپ و بەهای بەرزی ئەخلاقی، مرۆیی و ئازادیخوازنەش دەکەونە بەردەم ئەزموونکردن و ئاڵنگارییەکی جیددییەوە. پەیمان و گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکان کە لە کاتی ئاشتیدا تریفەیەکی پیرۆزیان هەیە، لە پشت

هەوری تاری دەمارگرژی و کەف و کوڵی هەڵچووی هەست و ڕقدا ون دەبن.

شەڕی ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ ئێمەی کورد تەنیا ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازی و سەیری ڕووخانی قەڵای زۆرداری نییە، کە بێگومان ئەو دارمانەش هیوایەکی لەمێژینەیە و بەربەستێکی گەورەی گەیشتنی کورد بە "دانیشتنێکی ئاسوودە لە داوێنی چیا"دایە، بەڵکوو لە لایەکی دیکەشەوە هەموو ئەو دروشم و بەها بەرزانەی لە دامەزرانی کۆمارەوە تا ئێستا باوەڕمان پێ هەبوون، دەخاتە بەردەم ئەزموونێکی نوێوە.

با لەوەوە دەست پێ بکەم کە کۆماری ئیسلامی زۆر زوو دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧، بانگەوازی شەڕ و فتوای جیهادیان دژی گەلی کورد ڕاگەیاند و لەو کاتەوە تا ئێستا ئەو شەڕە هەر لە ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارییەوە تا هێرشکردنە سەر پێکهاتە، ناسنامە، کولتوور، زمان، زەوی و ئاسمانی کوردستان بەردەوام بووە. کۆماری ئیسلامی کە هیچ پێوەرێکی ئەخلاقی و مرۆیی لە دامەزراندنەوەی حکوومەت و داڕشتنی سیاسەتەکانیدا ڕەچاو نەکرد، چاوەڕوانیی لێ نەدەکرا لە کاتی شەڕدا لانیکەم ڕێز لە کۆمەڵێک بنەما و ڕێککەوتنی جیهانی بگرێت. ئەو ڕێژیمە بە پەیڕەوکردنی تاکتیکی "سەرزەمینی سووتاو" لە کوشتنی منداڵی سەر لانکە، بۆمبارانکردنی کوێرانەی خەڵکی ئاسایی، وێرانکردنی نەخۆشخانە، کوشتنی دیل و بێڕێزی کردن بە جەستەی قوربانیان، دادگایی سەرپێیی، شێواندنی ژینگە و ژیواری کوردان و زۆر کردەوەی قێزەونی دیکەش نەپرینگایەوە.

لە بەرانبەردا حیزبی دێموکرات کە ڕابەرایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردی لەو پارچەی نیشتماندا دەکرد، بە سیاسەتی ژیرانەی د. قاسملووی شەهید و د. سەعید شەرەفکەندی لە پێشێلکردنی یاساکانی شەڕ پێشگیرییان کرد. هەوڵی د. قاسملووی شەهید ئەوە بوو کە ناسنامەی سەربەخۆی بزووتنەوەیەکی دێموکراتیخوازنە و سیاسەتەکانی ئەو حیزبە، مەودای زەوی و ئاسمانیان لەگەڵ کردەی شەڕانگێزیی گرووپێکی چەکدارهەبێت کە پەنا بۆ بارمتەگرتن و تەقینەوە و کردەی تێرۆریستی دەبات.

بزووتنەوەیەک کە خاوەنی ڕابردوویەکی دەوڵەمەند بەو بەها بەرزە ئەخلاقی و مرۆییانە بێت و لە هەشتا ساڵی ڕابردوودا ئەزموونێکی گەورەی لە خەباتی ڕێکخراوەیی، دیپلۆماسی و هەنگاوە ناتوندوتیژییە مەدەنییەکان بەدەستەوە دابێت و لە کاتی شەڕیشدا ناسنامەی ئازادیخوازی و دێموکراسیخوازی خۆی خەوشدار نەکردبێت، بێگومان لەو هەلومەرجەی ئێستادا چاوەڕوانی سیاسەت و هەنگاوی ژیرانەی لێ دەکرێت. دەتوانین لە چەند ڕوانگەیەکەوە لە هەڵوێستی حیزبی دێموکرات و ڕێکخراوەکانی دیکە بڕوانین؛ بەدەر لەوەی کە ئەنجامەکانی ئەو شەڕە چی دەبن و چ سیناریۆیەک داهاتووی ئێران دەگرێتە

خۆی، گرنگە کە بزانین بایەکان لە کوێوە هەڵدەکەن و شوێن و پێگەی خۆمان لەو دەریا خرۆشاوەدا بە کۆمپاسی بنەما هەمیشەییەکانمان دیاری بکەین.

**پرسی یەکگرتوویی:**

یەکێک لە کارتە بەهێزەکان بە دەست کوردەوە، پاراستنی یەکدەنگی و یەکگرتوویيە لەنێو هێزە سیاسییەکانیدا و کۆبوونەوە لە دەوری کۆمەڵێک ئامانجی هاوبەشە کە لە هەلومەرجی ئێستادا چوارچێوەیەک بە ویستەکانی بدات و لە دەوری کۆمەڵێک ڕێوشوێنی هاوبەش لە شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداو و پێشهاتەکاندا کۆیان بکاتەوە. هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران کە بۆ ئەو مەبەستە دامەزرا، کەلێنێکی گەورەی پڕ کردەوە و لەسەر چەند ئامانجێکی بنەڕەتی وەک دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکان، دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتیک و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و پاراستنی ژینگە ساغ بوونەوە.

تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەرێنیی ئەو هاوپەیمانییە ئەوە بوو کە هەر لە سەرەتاوە دەروازەی بەڕووی هێزەکانی دیکەی کوردستان بە ئاواڵەیی هێشتەوە و ڕایانگەیاند کە دەیانەوێت هەموو خەڵکی کوردستان بە هەموو جیاوازییەکان لەو هاوپەیمانییەدا خۆیان ببیننەوە. لەوانەیە لەسەر چۆنیەتی و کارایی ئەو هاوپەیمانییە سەرنج و تێبینی هەبێت، بەڵام هەر زوو بە کاردانەوەی توندی نەیاران لە ئاست ئەو هەنگاوەدا دەرکەوت کە کارێکی دروست، کاریگەر و ژیرانە بوو.

هەنگاوی داهاتووی ئەو هاوپەیمانییە چۆنیەتیی دۆزینەوەی هاودەنگ و هاوپەیمانە لەنێو نەتەوەکانی دیکەی جوگرافیای ئێراندا. کورد لە دارشتنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ئێرانی و نەتەوەکانی دیکە هەمیشە لەسەر چەند ویستێکی ستراتیژی پێداگری کردووە؛ یەکەم ئەوەی کە بە هیچ شێوەیەک سیستەمێکی دیکتاتۆری ناوەندگەرا پەسند ناکەن. حکوومەتی داهاتوو دەبێ جیاوازییە نەتەوەییەکان ببینێت، دانیان پێدا بنێت و پاشماوەکانی سیاسەتی هەڵاواردن و تواندنەوە و بێبەریکردن لەنێو ببات. هەر جۆرە حکوومەتێک کە بگەڕێتەوە بۆ چەمکی "نەتەوەی باڵا"، یەکدەستکردن و یەکڕەنگکردنی خەڵکی ئێران و کۆکردنەوەی دەسەڵات لەنێو دەستی کەمینەیەکی دیاریکراودا، ئەوا دووپاتەکردنەوەی ئەزموونێکی شکستخواردووی سەد ساڵی ڕابردووە کە لە چەندین قۆناخی مێژووییدا لە مەحەک دراوە و خۆی تاقیکردووەتەوە و تووشی دارمان هاتووە.

### سەربەخۆیی سیاسی و بەرژەوەندیی گەلێک:

گەلی کورد و بزووتنەوەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ناسنامەی تایبەتی خۆی هەیە. سیاسەت و ئامانجەکانی بەستراونەتەوە بە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان و داهاتووی ئەو پارچەی نیشتمان، نەک ویست و بەرژەوەندیی لایەنی دەرەکی یان پشتیوانیی کوێرکوێرانە لە ئەجێندا و سیاسەتی وڵاتانی دیکە. لەوەش گرنگتر پاراستنی سەربەخۆیی سیاسییە و بڕیاردانە لە سۆنگەی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان. تا ئێستا ئەمریکا و ئیسرائیل لەسەر داهاتووی ئێران بەرنامەیەکی کۆنکرێت و یەکدەستیان نییە و دیار نییە کە چۆن ئەو شەڕە درێژە پێ دەدەن یا چۆن کۆتایی پێ دێنن، بۆیە بۆ خەڵکی کوردستان گرنگە کە بزووتنەوە سیاسییەکەی بە ئەزموونوەرگرتن لە ڕۆڵی زلهێزەکان لە مێژوودا و خوێندنەوەی دۆخی ئێستا هەنگاو بنێت و نەکەوێتە ژێر کاریگەریی مانۆڕ و سیاسەتی پۆپۆلیستیی لایەنی دەرەکی.

### پاراستنی یەکڕیزیی خەڵکی کوردستان:

کۆماری ئیسلامی ساڵەهایە لە ڕێگەی جیاوازەوە هەوڵ دەدات کەلێن و درز بخاتە نێو کۆمەڵی کوردی، هێندێک جار لە ڕێگەی دروستکردنی ئاژاوە و ناکۆکی لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردی و بە شێوەی بەردەوامیش لە ڕێگەی چەکدارکردن، هەڵخەڵەتاندن و ڕاکێشانی کەسانێک بۆ نێو ڕیزەکانی خۆی یان ناچارکردنی خەڵک بۆ ئەوەی بە جۆرێک بەو هێزانەوە پەیوەست بن. لە ماوەی ڕابردوودا لە پەیامەکانی سکرتێری گشتیی حیزب کاک مستەفای هیجری لە بۆنە جیاوازەکاندا و لە بەیاننامەکانی حیزبی دێموکراتدا پێداگری کراوەتەوە لەسەر یەکگرتوویی ڕیزەکانی خەڵک و چەندین جار داوا لەو کەسانە کراوە سەنگەری پەشیمانی بەجێ بێڵن و بگەڕێنەوە ڕیزەکانی خەڵک.

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پشتیوانی سەرەکیی بزووتنەوە سیاسییەکەیانن و بە هەر شێوەیەک ئەو کەلێن و درزانە کەمتر بکرێنەوە، لە ئەنجامدا پشتیوانییەکی بەهێزتر و کاریگەرترمان دەبێت. ئەو پرسە بێجگە لە پرسێکی ستراتیژی و تاکتیکی، پرسێکی ئەخلاقیشە کە ئێمە لە داهاتوودا بە چ شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانە دەکەین کە یا بە ویستی خۆیان ڕێگەی خیانەتیان هەڵبژاردووە یا ناچار بەو کارە کراون. لە هەر حاڵدا دادگایی کردنی هەڕەمەکی و سەرپێیی، بەبێ لێکۆڵینەوە و پرۆسەیەکی دادپەروەرانە لە بەرنامەی هیچ یەک لە هێزە کوردستانییەکاندا نییە و پشێوی و سەرەڕۆیی لەو بوارەدا داهاتووی سیستەمی دادوەریی کۆمەڵایەتیی ئێمە کە لە سەردەمی کۆمارەوە کردوومانە بە دروشمی خۆمان، خەوشدار دەکات. لە لایەکی دیکەشەوە ڕێزگرتن لە جیاوازییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە (کولتووری، زمانی، زاراوەیی، ئایینی یا

**بانەمەڕی ٢٧٢٥**

هەر چەشنە ناسنامەیەکی دیکە) و بەشدارکردنیان لە پرۆسەی دروستکردنی داهاتوودا، گارانتیی کارگێڕییەکی دێموکراتیک، بەهێز و گشتگیرە کە هەمووان خۆی تێدا ببیننەوە.

## شەڕ و ئەخلاق:

سیاسەتی پۆپۆلیستی و مانۆڕی بەتاڵ و دروشمی بێ بنەما هیچ کات بەشێک نەبووە لە ناسنامەی بزووتنەوەی سیاسیی کورد. حیزبی دێموکرات بە بەرپرسیارەتییەوە لە ئاست گیان و چارەنووسی هەر هاووڵاتییەکی ئەو نیشتمانەدا جووڵاوەتەوە، هیچ کات خەڵکی بۆ کردەی سەرکێشانەی بێ بەرنامە و نابەرپرسیارانە هان نەداوە. دوکتور قاسملووی شەهید لە یەکێک لە وتارەکانیدا لە گەرمەی شەڕی چەکداریدا بۆ هێزی پێشمەرگە دەڵێت: "ئێمە لە عەینی وەختدا کە شۆڕشگێڕترین و شەڕکەرترین هێزی ئێرانین، لە عەینی وەختدا مەسئوولترین حیزبی ئێرانیشین، هەر بۆیەش میللەتی کورد دەزانێت کە ئێمە مەسئوولانە دەجووڵێینەوە... خوێنی یەک پێشمەرگەمان بە دنیایەک نادەین."

لەبەرامبەردا جارێکی دیکە لە ماوەی شەڕی چل ڕۆژە و تەنانەت لە دوای ئاگربەستیش شاهیدی هێرشی دڕندانە وکوێرانەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کەمپە مەدەنیەکانی کوردانی ڕۆژهەڵات، خوێندنگە، نەخۆشخانە و دامەزراوە خزمەتگوزاریەکانی دیکە بووین، ئەو ڕێژیمە لە موشەکباران کردنی گۆڕستانەکانیش خۆی نەبوارد، بەهەمان شێوە هێرشی کردە سەر خەڵکی مەدەنی باشووری کوردستان و لە ئەنجامی ئەو هێرشانەدا دەیان کەس بوونە قوربانی، کۆماری ئیسلامی لە کاتی دانوسان و ئاشتیدا کردەوەی تێرۆریستی ئەنجام دەدا، لە کردەوەی تێرۆریستی دا شەڕانگێزترین و بێبەزەییانەترین شێواز وەک کوشتنی بەکۆمەڵ و دەرمانداوکردنی بەکاردێنێ و لە شەڕیشدا بەردوام خەریکی وێرانکردن و کوشتنی خەڵکی بێتاوانە. ئەوە لە کاتێکدا بەردەوامیی هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆسەر کەمپە مەدەنیەکان و پێشمەرگەکان و شەهیدکردنی پێشمەرگە و خەڵکی بێتاوان پێشێلکردنی سەرەتاییترین یاساکانی شەڕ واتە پاراستنی خەڵکی مەدەنی و سڤیلە لە شەڕدا. لەگەڵ هەموو ئەو دژبەر و شەڕانگێزییەدا بۆ کوردستان پاراستنی شوناسی ئازادیخوازانە و دێموکراسیخوازانەی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەی ئەرکێکی ئەخلاقییە؛ بە کردەوە یا بانگەشەی تەمەنکورت و هەڵوێستی هەستەکیی بیرلێ نەکراوە و هەڵنەسەنگێنراو سواری شەپۆلی ڕووداوەکان نەبین و لەو ئەزموونەشدا وەک زۆر ئەزموونی دیکە، بە کەڵکوەرگرتن لە هەگبەی پڕی ڕابردوو و سیاسەتی ژیرانە، سەربەرزانە بێینە دەرێ.

**٣ی بانەمەڕی ٢٧٢٦**

# تەسلیمبوون یان داڕمان: بژاردەی ستراتیژیی سنووورداری بەردەستی ئێران





**حەسەن قارەمانی**

لە ئێستادا ئابووریی ئێران لە ناو جەرگەی قەیرانێکی فرەڕەهەنددایە، کە لە شیکاریی ئابووریی گەورە "ماکرۆ"دا بە "دۆخی تەنگژە ئاوێتەکان" پێناسە دەکرێت؛ ئەمەش واتە لە هاوکاتیی هەرەسی نرخی دراو، هەڵاوسانی لەڕادەبەدەر، داکشانی ئابووری و دابڕانی ژێۆپۆلیتیکیدا. ئەم جۆرە لە داینامیکی قەیرانەکان، کاتی و خولی نین، بەڵکو "پێکهاتەیین"؛ واتە

سیاسەتە نەریتییەکانی جێگیرکردنی بازاڕ (وەک سیاسەتی دراو یان دەستکاریکردنی بودجە) بێکاریگەر دەبن، مەگەر ئەوەی گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە دامەزراوەکاندا بکرێت.

لەم سۆنگەیەوە، پرسیارێکی بنەڕەتی سەرهەڵدەدات: ئایا بەبێ گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، هیچ ستراتیژێکی ڕاستەقینەی ئابووریی کردەیی هەیە کە ئێران بگەڕێنێتەوە بۆ سەر ڕێڕەوی گەشەی بەردەوام؟ وەڵامەکە "نەخێر"ە. لە هەلومەرجی ئێستادا، ملکەچیی ستراتیژی (کە بە گۆڕینی تەواوەتیی ئاراستەی سیاسی و ئابووری بەرامبەر ئەمریکا و سیستەمی دارایی جیهانی پێناسە دەکرێت) تەنیا بژاردەیەکی ئایدیۆلۆژی نییە، بەڵکو پێویستییەکی حەتمیی ئابوورییە.

## لۆژیکی ئابووریی سزاکان و لێکەوتە کەڵەکەبووەکانی:

سزا ئابوورییەکان تەنیا بەربەستی بازرگانی نین، بەڵکو سیستەمێکی ئابووریی هاوتەریب دەسەپێنن کە تێیدا تێچووی ئاڵوگۆڕ، باجی سەرکێشی و ناڕوونیی زانیارییەکان بە شێوەیەکی هەڵکشاو زیاد دەکەن. بۆ ئێران، ئەمە بووەتە هۆی دابڕانی "کردەیی" لە سیستەمی دارایی جیهاندا.

**کاریگەریی سزاکان دەکرێ لە سێ تەوەری سەرەکیدا کورت بکرێتەوە:**

**دابڕانی دارایی:** بانکە ئێرانییەکان دەستیان بە سیستەمی نێودەوڵەتیی سفرکردنەوەی هەژمار، یان پاککردنەوەی یان پاکانەهەژماری ڕاناگات، ئەمەش ڕێگرە لە گواستنەوە و بەکارهێنانی کارای سەرمایە.

**بێسەروبەرەیی ئاڵوگۆڕی بازرگانی:** هەناردە و هاوردەکردن لە ڕێگەی دەڵاڵە لاوەکییەکانەوە، بەهای ڕاستەقینەی داهاتی بازرگانی دادەبەزێنێت.

**هەرەسی وەبەرهێنان:** وەبەرهێنانی بیانی (FDI) نزیک بووەتەوە لە سفر، هاوکات سەرمایەی ناوخۆییش لە وڵات ڕادەکات. ئەم کاریگەرییە کەڵەکەبووانە بوونەتە هۆی داخورانی توانای بەرهەمهێنان و دابەزینی هەمیشەیی "کۆی بەرهەمی ناوخۆیی". ئەمە بەو مانایەیە کە تەنانەت ئەگەر سزاکان بە کاتیش لابرێن، ئابوورییەکە لە بازنەیەکی داخراودا دەسووڕێتەوە.

**قەیرانی دراو و مەترسیی هەڵاوسانی وێرانکەر:**

دابەزینی بەهای تمەن تەنیا کێشەیەکی دراو نییە، بەڵکو نیشانەی تێکچوونی بنەما ئابوورییەکانە. کاتێک دراو ئەرکی خۆی وەک "کۆگای بەها" لەدەست دەدات، دیاردەی "جێگرتنەوەی دراو" ڕوودەدات؛ واتە خێزان و کۆمپانیاکان بۆ پاراستنی سەرمایەکانیان پەنا دەبەنە بەر دۆلار، زێڕ و خانووبەرە.

هەڵاوسان لە ئێران گەیشتووەتە ئاستێک کە پێوەرە ساڵانەکان چیتر گوزارشت لە ڕاستییەکان ناکەن و پێویستە پێوەری مانگانە و هەفتانە بەکار بهێنرێت. کاتێک هەڵاوسان لە **٥٠٪**ی مانگانە تێدەپەڕێت، ئابووری دەکەوێتە ناو قۆناغی "هەڵاوسانی لەڕادەبەدەر (هەڵاوسانی پڕتاو، هەڵاوسانی بێهەوسار*.(Hyperinflation) "

**لێکەوتەکانی ئەم دۆخە مەترسیدارن:**

١- داهاتی ڕاستەقینە هەرەس دەهێنێت و هەژاری تەشەنە دەسێنێت.
٢. نرخەکان سەریان لێ دەشێوێت و سەرچاوەکان بەفیڕۆ دەچن.
٣- پاشەکەوتی ناوخۆیی لەنێو دەچێت و وەبەرهێنان پەکی دەکەوێت.

**لەنێوچوونی لەسەرخۆی کەرتی بەرهەمهێنان و شۆکی پیشەسازی:**

ئابووریی ڕاستەقینەی ئێران بە توندی پشت بە کەرتی وزە و کاڵا سەرەتاییەکان دەبەستێت. ئەمەش وای کردووە کە شۆکە دەرەکییەکان (وەک گەمارۆی نەوت) کاریگەریی وێرانکەریان هەبێت.

کەرتی پیشەسازی بەدەست سێ کێشەی سەرەکییەوە دەناڵێنێت:

کەمیی سەرمایە: نەبوونی وەبەرهێنان لە ئامێر و تەکنەلۆژیای نوێدا. کەمیی کەرستەی خاو: بەهۆی سنووورداربوونی هاوردەوە، دەستگەیشتن بە پێکهاتە گرنگەکان ئەستەم بووە. دابەزینی ئاستی بەرهەم: بەهۆی کۆنیی تەکنەلۆژیا و ناکاراییی بەڕێوەبردن.

**پەککەوتنی کەرتی دارایی:**

سیستەمی بانکیی ئێران بە کردەوە مایەپووچ بووە. پێدانی قەرزەکان لە جیاتی پەیڕەوکردنی بنەماکانی بازاڕ، لەسەر بنچینەی بڕیاری سیاسییە. ئەم "سیستەمە دارایی و بانکدارییە" بووەتە هۆی:

١- بەفیڕۆچوونی سەرمایە و کەڵەکەبوونی قەرزە مردووەکان.
٢- نەمانی متمانە بە دامەزراوە داراییەکان.
٣- لە غیابی سیستمێکی بانکیی کارادا، ئابووری پشت بە کەناڵە نایاسایی و نافەرمییەکان دەبەستێت، ئەمەش مەترسییەکان گەورەتر دەکات.

ژیۆپۆلیتیک وەک گۆڕاوێکی ئابووری:

ئیتر ناکرێت ژیۆپۆلیتیک وەک فاکتەرێکی دەرەکی سەیر بکرێت، بەڵکو بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ناو جەرگەی ئابووریی ئێراندا. بۆ نموونە، هەڕەشەی داخستنی گەرووی هورمز ئەگەرچی وەک ئامرازێکی گوشار بەکاردێت، بەڵام بۆ خودی ئێران مەترسییەکی دووسەرەیە؛ چونکە ئێران خۆی لە هەموو لایەک زیاتر پێویستی بەو ڕێڕەوەیە بۆ بازرگانی.

شیکاریی "تیۆریی یارییەکان": ستراتیژیی باڵا و هاوسەنگیی نەش:

ئەگەر دۆخەکە وەک یارییەکی ستراتیژیی نێوان ئێران و ئەمریکا ببینین، ستراتیژیی ئەمریکا بریتییە لە "دیپلۆماسییەتی زۆرەملێ". بۆ ئێران سێ بژاردەی لەبەردەستدا هەیە: بەرگریکردن، هێشتنەوەی دۆخەکە وەک خۆی، یان ملکەچی (گۆڕینی سیاسەت). بە لەبەرچاوگرتنی تێچووەکان، ملکەچی تەنیا ڕێگەیەکە کە ڕێگرە لە هەرەسی یەکجاری.

ڕەهەندی کات: بەردەوامییەکی پڕمەترسی:

قەیرانە ئابوورییەکان بە ڕەوتێکی هێڵی پەرە ناسێنن، بەڵکو هەر کە گەیشتنە خاڵە یەکلاکەرەوەکان، کتوپڕ دەتەقنەوە. لە سەردەمی تەنگانەدا، تێپەڕبوونی هەر مانگێکی فرەتر، تێچووەکان بە شێوەیەکی هەڵکشاو (چەندبەرابەر) زیاد دەکات و توانای خۆڕاگریی وڵات لە بن دەهێنێت.

قۆناغی دوای سزا: بۆچی بووژانەوە خێرا نابێت؟

**بانەمەڕی ٢٧٢٥**

تەنانەت ئەگەر سزاکانیش هەڵگیرێن، چاکبوونەوە خێرا نابێت؛ چونکە متمانەی نێودەوڵەتی لەدەست چووە، ژێرخانی بەرهەمهێنان ڕووخاوە و هەڵگرتنی سزا ئاڵۆزەکان کاتی زۆری دەوێت. بۆیە گۆڕینی سیاسەت تەنیا هەنگاوی یەکەمە، نەک چارەسەری کۆتایی.

**لێکەوتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان:**

قەیرانی ئابووری دەبێتە هۆی قووڵبوونەوەی جیاوازیی چینایەتی، بێکاری و نائارامیی کۆمەڵایەتی. کاتێک دەوڵەت توانای دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی نامێنێت، دەوڵەت شەرعییەتی سیاسی نییە، دەمێکە لە دەستی داوە، تەنیا بە زۆر خۆی ڕاگرتووە.

**کۆتایی: تەسلیمبوون وەک عەقڵانییەتی ئابووری:**

ئابووریی ئێران لە چەقبەستوویییەکی پێکهاتەییدایە کە بە سیاسەتی ئاسایی چارەسەر ناکرێت. تێکەڵبوونی گەمارۆکان، لاوازیی دامەزراوەیی، دارمانی دراو و دابڕانی ژێئۆپۆلیتیکی دۆخێکی دروست کردووە کە بەردەوامیی خۆڕاگری لە ڕووی ئابوورییەوە بەردەوام نابێت. تەسلیمبوون، لەم چوارچێوەیەدا، نابێت وەک شکستێکی سیاسی لێک بدرێتەوە بەڵکو وەک گونجاندنێکی عەقڵانی لەگەڵ واقیعە ئابوورییەکان لێک بدرێتەوە.

**بریتییە لە:**

١- یەکگرتن لە سیستەمی دارایی جیهانیدا.
٢- گەڕاندنەوەی پەیوەندییە بازرگانییەکان.
٣- چاکسازیی پێکهاتەییی دامەزراوەکان.

بازنەیەکی بێئاکامی داکشان کە لە کۆتاییدا دارمانی ئابووریی لێ دەکەوێتەوە کە لە کۆتاییدا دەتوانێت ببێتە هۆی دارمانی تەواوی ئابووری. کەڵەکەبوونی گەمارۆکان، لاوازیی دامەزراوەکان و دابڕان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بارودۆخێکی وەهایان خوڵقاندووە کە ئیتر لە ڕووی ئابوورییەوە توانای خۆڕاگرتنی نەماوە و بەرەو لەنێوچوونی یەکجاری دەچێت.

**ی بانەمەڕی ٢٧٢٦٥**

# کوردستان ئەمجارەش بە سازی خۆی هەڵپەڕی

**دارسمه**

بڕوا بکەن نووسەری ئەم چەند دێڕە نە بەکرێگیراوی فارسانە و نە بە زمانی فارسییش فرچکی گرتووە. کێشەکە تەنیا ئەمەیە، پێی وایە لەم سەردەم و زەمانەیەدا، هیچ دەستەواژە و مەستەواژەیەکی کوردی و تەنانەت زمانەکانی دیکەش ناتوانن هێندەی زاراوەکانی خودی نیزام، قووڵایی و گاڵتەجاڕیی ئەم دۆخەمان بۆ وێنا بکەن. بۆ نموونە؛ چۆن دەتوانیت وەسفی ئەو "ئۆممەتە" بکەیت لە مەیدانەکە ڕایکردووە و پشتی کردووەتە ئەوانەی لە کاتی تێشکانیشدا سینگ ڕەپێش دەخەن و دەڵێن: "ئێمە سەرکەوتووین"؟ لێرەدایە دەبێت بە قەرزیش بێت پەنا ببەینە بەر دەستەواژەی "امت فراری از صحنه."

ڕەببی زمانی ئەو کەسە لاڵ بێت، باسی تێکشکانی ڕێبەرانی "امت فراری از صحنه" دەکات. کوا ئەمە تێشکانە؟! "ئۆممەت"ێک بە دەستی ئەمەریکا و ئیسرائیل، ڕێبەرێکی چەمووش و دەیان فەرماندەی بەناو "قارەمان"ی لە کۆڵ بووەتەوە؛ هەمان ئەو فەرماندانەی خەریک بوون تەواوی ماڵ و سامان و قووتی خەڵکی نێوخۆی ئێرانیان دەدایە "بەرەی خۆڕاگری" (جبهه مقاومت) و لە هەندەران و وڵاتانی عەرەبی شەڕی بەوەکالەتیان پێ دەکردن. ئایا ئەم ئۆممەتە حەقی نییە لە شایی ئەم



سەرچاوە
Serchawe

"سەرکەوتنە" مەزنە هەر لە خۆیەوە جووتە بهاوێژێت و جیفڕکان لە خۆی بدات؟ کەواتە من هەڵەیەکی گەورەم کرد، بەم سەرکەوتنەم گوت تێشکان!

ئۆممەتی مێگەلئاسا و خێڵی دواکەوتووانی ڕێبەر هەر لێیان مەپرسە. ئەو بەرپرس و "دەوڵەتمەردانە"ی کاری ڕۆژانەیان تەنیا ڕۆیشتن بەسەر ئاڵای ئەمەریکا و ئیسرائیلدا بوو، ئێستا بەردەوام هاواری سەرکەوتنیانە و باس لە داستانی قارەمانێتیی خۆیان دەکەن. سەرکەوتن لەوە گەورەتر لەبری ئەوەی وڵات بە وڵات و کووچە بە کووچە لە هەندەران و وێرانییەکانی دیمەشق و بەیرووت و بەغدا و ئوورشەلیم بە دوای دوژمندا بگەڕێیت، دوژمنی ژمارە یەک ڕابکێشیتە نێو خاکی خۆت و لێرە بە گژیاندا بچیتەوە؟

ئەوەتا لە ماوەی ئەو جەنگە ٣٩ ڕۆژەیە لەگەڵ زایۆنی و ئەمەریکادا، ڕێبەرانی ئەم ئۆممەتە لەنێو ماڵی خۆیاندا بەرەنگاری دوژمن بوونەوە. لە کاتێکدا دەیان هەزار بۆمب و مووشەک بەسەر ئاسمان و زەویی ئێراندا دەبارین و لە یەکەم ڕۆژی جەنگەکەدا ڕێبەرانی نیزام بەکۆمەڵ بە دەستی دوژمن دەکوژران، لە وەها هەلومەرجێکدا دەیان فڕۆکەی پێشکەوتووی دوژمن هێنرانە نێو خاکی ئێرانەوە! لە "سەرکەوتنێکی گەورەتر"دا، گوایە یەکێک لە فڕۆکەکان بە دەستی "ڕەزمەندە-گان" لەکار خراوە. لەمەیان سەیر و سەمەرەتر ئەوەیە دوژمن ناچار کراوە بە چەند فڕۆکەیەکی دیکە و کۆمەڵێک سەربازی لێهاتووەوە بێتە نێو خاکی ئێران. کۆمێدیای دۆخەکە لێرەدایە؛ لە کاتێکدا عەشایری غەییوور لە چوارچێوەی هێزی بەسیجدا لەبری چەکدارانی "بەرەی موقاوەمە"ی دەرەوەی وڵات، لە چیاکانی زاگرۆس بە بڕنۆی درێژ و سەرتۆپ و تاپڕی ساچمەزەنەوە بە دوای فڕۆکەوانە لێقەوماوەکانی دوژمندا دەگەڕان، ئەمەریکا ناچار کرا کەلەشی چەند فڕۆکەیەکی تێکشکاوی دیکەی خۆی لەسەر خاکی پیرۆزی "ئێرانچییانی غەیوور" جێ بهێڵێت!

بەڵام با جارێ واز لە ئەمەریکا و سەهیۆنییەکان بهێنین و بگەڕێینەوە سەر کرۆکی بابەتێکی زۆر هەستیارتر و جێگەی مەترسیی گەورەتر، ئەویش بابەتی "دژە شۆڕش" (ضد انقلاب)ە. کوردەکانی نێو جوگرافیای ئێران ئەمجارە بە تەواوی سەلماندیان بەڕاستی "زیددی ئینقلاب"ن. چل ساڵی ڕەبەق بوو لەلایەن دامودەزگاکانی دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامیەوە بەم حیزب و لایەن و گرووپە کوردانە دەگوترا "دژە شۆڕش و بەکرێگیراو"، ڕێک مەبەست بۆ ڕۆژێکی وا بوو! "ئۆمەتی ڕاکردوو لە گۆڕەپان" چاوەڕوان بوون زیددی ئینقلاب و جوداییخوازەکان لەوەها سەردەمێکدا بە سازی ئەمریکا و مەمریکا و ئیسڕائیل و میسڕائیل هەڵپەرن، بەڵام ئەوان هیچ بەشدارییەکیان لە هێرشی ئەمەریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ئێران نەکرد و هەوڵیان نەدا ئینقلابێک لە هزری خەڵکی دەرەوەی "ئوممەتی ڕاکردوو لە گۆڕەپان" بکەن بۆ ئەوەی ئەم باوەڕە لای خەڵک دروست بێت کورد بەکرێگیراوی بێگانەن. کاتێک ئەم ئینقلابە لە هزری خەڵکی بێلایەن و تێگەیشتوو ڕووی نەدا، کوردان سەلمانیان

**بانەمەڕی ٢٧٢٥**

زیددی ئینقلابن.


بابەتێکی دیکەی گرینگ بۆ ئەمە دەبێت باسی بکرێت، ئەویش ئەمەیە هەر لە سەرەتای دروستبوونی ئەم گرووپە کوردە جوداخوازانەوە دیار بوو ئەوان تەنیا داوەت و هەڵپەڕکێی خۆیان دەزانن؛ نە لە سەمای عەرەبی تێدەگەن و نە سەما و قونبادانی فارسی و تورکی دەزانن. تەنانەت فێری دانسە ڕۆژاواییەکانیش نەبوون و بەردەوام سەرقاڵی هەڵپەڕکێ، سێپێیی، گەڕیان و چەپڵەی خۆیانن. ئەم خۆبەزلزانانە هێندە بە کولتوور و هەڵپەڕکێی خۆیانەوە نووساون، لەم دواییانەشدا ئامادە نەبوون لەگەڵ ئەمەریکا و ئیسرائیلدا تەنانەت دوو لەقە دانسیش بکەن!

ئەم چەمووشییە و سەربەخۆییەی کورد وای کرد، پیاوانی پاشماوەی "شێرە ڕێبەر و فەرماندە پارچەپارچەکراوەکان" لێیان وەخۆ بکەون. ئەوان ئاگربەسیان لەگەڵ دوژمنی سەهیۆنیدا قبووڵ کرد، تەنیا بۆ ئەوەی بە درۆن و مووشەک بکەونە گیانی ئەم کوردە "جوداخوازانە."

دیمەنی کۆتایی ئەم شانۆگەرییە زۆر تراژیدییە؛ ئێستا لە کاتێکدا "ئوممەتی هەڵاتوو لە مەیدان" بە تەواوی پشتی کردووەتە پاشماوەی سەرانی پارچەپارچەکراوی، ئەوان لەژێر ڕێنوێنییەکانی "ڕێبەرێکی نوێ"ی نێو گۆڕەپانی ژێریی دەستکرددا (AI) لە دەوری یەکتر کۆبوونەتەوە. بە کەوچک و مەمکەشووشە پەیام و فەرمایشت و فەتوا بە دەمی ئەو ڕێبەرەدا دەکەن و شانازی بە بەردەوامیی هێرشی درۆنی و مووشەکی بۆ سەر "دژە شۆڕشە کوردەکان" دەکەن. ئەمەیە لوتکەی سەرکەوتن لە فەرهەنگی خوازیارانی یەکپارچەیی ئێرانێک، شێرە پشیلەئاساکەی بە نێوەندی ئاڵاوە دەشەکێتەوە و خەریکە نەهێڵێت خۆر دەرکەوێت.

**٦ی بانەمەڕی ٢٧٢٦**

# دیپلۆماسیی ئێرانی؛ بەهانەیەک بۆ کوشتنی کات و تیرۆرکردنی نەیاران





**ئازاد مستۆفی**

لەنێو ئەو گرووپە ٨٦ کەسییە ئێرانییەی لە باڵە جیاوازەکانی حکوومەت بۆ گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسانی باڵای ئەمریکی لە ئیسلامئابادی پاکستان پێکهاتبوون، لیستێک لە کەسانی تیرۆریست هەبوون کە وەک بەشێک لە تیمی دانوستانکاری ئێرانی دەستنیشان کرابوون. ئەمە بووە بیانوویەک ئاوڕێکی خێرا لە مێژووی دیپلۆماسیی ئێرانی لەگەڵ نەیارەکانیدا بدەمەوە؛ لەو سۆنگەیەوە کە دەسەڵاتی ئێرانی هەمیشە ئەم بژاردەیەی بۆ سڕینەوەی فیزیکیی نەیارانی یان بەردەوامیدان بە سیاسەتە شەڕەنگێزییەکانی بەکارهێناوە.

لە تیۆرییە کلاسیکییەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، دانوستان بە یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی کەمکردنەوەی ململانێ و ئیدارەکردنی قەیرانەکان دادەنرێت. بەڵام لێکۆڵینەوە مێژووییەکان دەریدەخەن کە لە هەندێک حاڵەتدا، حکوومەتەکان لە ئێران دانوستانیان نەک وەک ئامرازێک بۆ چارەسەری ناکۆکییەکان، بەڵکوو وەک تاکتیکێک بۆ کڕینی کات یان کوشتن و سڕینەوەی فیزیکی نەیارەکانیان بەکارهێناوە و ئەمەش نەریتێکی دێرین بووە لە نێوانیاندا. لەم وتارەدا، بە شیکردنەوەی مێژوویی نموونەکانی وەک تێرۆرکردنی جەعفەر ئاغای شکاک لە دوای ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییەوە تا تێرۆری سمکۆی شکاک لە سەردەمی ڕەزا شا، تێرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە ڤییەن و هەروەها ئەزموونی دانوستانە ئەتۆمییەکان، هەوڵم داوە کورت و پوخت نیشانی بدەم چۆن چەمکی «ڕیئاڵپۆلیتیک» و «پراگماتیزمی ماکیاڤێلیستی» لە هەندێک قۆناخدا مۆدێلی ڕەفتاری دەسەڵاتی ئێرانی بووە لە دانوستان و دیپلۆماسیدا.

## ڕیئاڵپۆلیتیک و لۆژیکی مانەوە

چەمکی ڕیئاڵپۆلیتیک کە لە هزری سیاسیی ئورووپادا، بەتایبەت لە بەرهەمەکانی "بیسمارک" و تیۆری داڕێژەرانی ڕیالیزمدا هاتووە، سیاسەت بە گۆڕەپانی ململانێی هێز دەزانێت. لەم چوارچێوەیەدا، دەوڵەتەکان لەبری پابەندبوون بە ئەخلاقی نۆرماتیڤ (پێوەری)، لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی نەتەوەیی کار دەکەن. "هانس مۆرگنتا" دەڵێت کە سیاسەتی نێودەوڵەتی پاشکۆی بەرژەوەندییە پێناسەکراوەکانە لە قاڵبی هێزدا.(Morgenthau 1948)

لە فەزایەکی ئاوەهادا، دانوستان دەتوانێت ئامرازێکی تاکتیکی بێت بۆ بەدەستهێنانی باڵادەستیی ستراتیژی. لە هزری ماکیاڤێلیدا، فەرمانڕەوا بۆ پاراستنی دەسەڵات دەتوانێت فێڵ، پەیمان شکاندن و توندوتیژی بەکار بهێنێت. ماکیاڤێلی لە کتێبی «میر»دا جەخت دەکاتەوە کە فەرمانڕەوا دەبێت هەم "ڕێوی" بێت و هەم "شێر"؛ لەم چوارچێوەیەدا ئەخلاق پاشکۆی بەرژەوەندیی سیاسییە و دانوستان دەبێتە ئامرازێک بۆ لەنێوبردنی دوژمن، شەرعییەتیش لە هێزەوە سەرچاوە دەگرێت نەک لە متمانە.

لە شیکردنەوەی سیاسەتی ئێراندا، هەندێک لە توێژەران پێیان وایە تێکەڵبوونی ئایدۆلۆژیای شۆڕشگێڕانە و ڕەچاوکردنی پرسە ئەمنییەکان، زەمینەسازی جۆرە پراگماتیزمێکی توندوتۆڵ بووە.(Abrahamian 2008)

بێگومان لە سەردەمەکانی سەفەوی و قاجاریشدا نموونەگەلێک هەن کە دەریدەخەن دیپلۆماسی هەمیشە تەنیا ئامرازی پێکهاتن نەبووە و هەندێک جار لە چوارچێوەی ململانێی هێز، توندوتیژی، سڕینەوەی جەستەیی یان بەکارهێنانی

ئامرازییانەی دانوستان بینراوە. بەڵام دەبێ جەخت بکرێتەوە کە لە سەردەمە پێش - مۆدێرنەکاندا، سنووری نێوان «دانوستان» و «زەبر و زۆر» زۆر زیاتر بگۆڕ بوو لە چاو دیپلۆماسیی مۆدێرن؛ کوشتنی نێردراوان یان سڕینەوەی لایەنی دانوستانکار لە زۆرێک لە ئیمپراتۆرییەکانی تری وەک (عوسمانی، ڕووسیە، مەغۆل و ئورووپای سەدەکانی نێوەڕاست) ڕووی داوە.

## قاجار؛ دانوستان وەک ئامرازی کۆنترۆڵکردنی سیاسی

پەیوەندییەکانی نێوان قاجار و کوردستان، بەتایبەت لە سەدەی نۆزدەیەم بەولاوە، زۆرتر لە چوارچێوەی گرژیی نێوان ناوەندگەرایی و خۆبەڕێوەبەریدا بوو. لە سەردەمی قاجاردا، دەوڵەتی ئێران لەگەڵ کۆمەڵێک ئالەنگاریی نێوخۆیی و دەرەکیدا ڕووبەڕوو بوو کە سەرچاوەکەی بێتوانایی و لاوازیی بەڕێوەبردنی پاشا و پاشکۆیەتیی هەندێک لە سەدرولئەعزەمەکان بوو. لە بارودۆخێکی ئاوەهادا، کوردستان کە وەک گۆشتی قوربانی لەسەر سنووری دوو پادشایەتیی قاجار و عوسمانی دابەش ببوو، گرنگییەکی ژێئۆپۆلیتیکی تایبەتی پەیدا کرد. لەم سەردەمەدا، دەوڵەتی قاجار زۆرجار تێکەڵەیەکی لە دانوستان، پێدانی ئیمتیازی سنووردار و فشاری سەربازی بۆ بەڕێوەبردنی ڕێبەرە نێوخۆییەکان بەکار دەهێنا.

ئەزموونی ڕاپەڕینەکانی وەک بزووتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری نیشانی دەدات کە دانوستان لێی نەکەوتەوە، بەڵکوو لە زۆر حاڵەتدا بەشێک بوو لە ستراتیژیی کۆنترۆڵکردن و لاوازکردنی دەسەڵاتی حاکمە نێوخۆییەکان. ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵا یەکێک لە یەکەمین جووڵە سیاسییەکان بوو کە بیرۆکەی جۆرە بوونێکی سیاسیی کوردی بە ڕاشکاوی هێنایە ئاراوە. شێخ عوبەیدوڵڵا ڕێبەری تەریقەتی نەقشبەندی بوو و هەژموونی ئەو تێکەڵەیەک بوو لە شەرعییەتی ئایینی - نەتەوەیی، هێزی سەربازی و توانای یەکگرتوویی لە نێوان کوردەکان و ڕێگریکردن لە گرژی لەگەڵ ئەرمەنییەکان.

لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا، هێزەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا بەشگەلێکی پارێزگای ورمێی ئێستایان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. دەوڵەتی قاجار کە لەو کاتەدا لە ڕووی سەرچاوەی سەربازییەوە دەستکورت بوو، جیا لە هەنگاوی نیزامی هەوڵی دا لە ڕێگەی دیپلۆماسی لەگەڵ ڕووسیە و عوسمانی بزووتنەوەکە سەرکوت بکات. دانوستانەکانی نێوان دوو ئیمپراتۆرییەکە لەسەر چەند تەوەرەیەک چڕ ببووەوە: ڕێگری لە گەشەکردنی ڕاپەڕین، کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان و ڕێگریکردن لە دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان. لە کۆتاییدا، دەوڵەتی عوسمانی شێخ عوبەیدوڵڵای گرت و بۆ حیجاز دووری خستەوە، کە لەوێ لە ساڵی ١٨٨٣ لە بارودۆخێکی تەمومژاویدا کۆچی دوایی کرد.



سەرچاوە
Serchawe

لە دۆسیەی شێخ عوبەیدوڵڵادا، سڕینەوەی جەستەیی لەنێو کۆبوونەوەی دانوستاندا ڕووی نەدا، بەڵام پرۆسەی دانوستان بوو بەهۆی سڕینەوەی سیاسیی ئەو. لە سەرەتادا دەوڵەتەکانی ناوچەکە هەوڵیان دا لە ڕێگەی نێوەندگیرەکان، پیاوانی ئایینی و بەرپرسانی خۆجێی پەیوەندی بە شێخ عوبەیدوڵڵاوە بکەن و بە بەکارهێنانی فێڵی دانوستان، کات بکڕن تا هێزە سەربازییەکانی قاجار بەخێرایی پێشڕەوی بکەن. ئەمەش بووە هۆی کەمکردنەوەی خێرایی هێزە کوردییەکان و ڕەخسانی دەرفەتی ڕێکخستنەوەی سەربازی بۆ ئەفسەرانی قاجار؛ لەم نێوەندەشدا بە بەڵێنی سنووردار، هەندێک سەرۆک عەشیرەتیان لە پشتگیریکردنی تەواوی ڕاپەڕینەکە پاشگەز کردەوە. لەکۆتاییدا، کێشەکە گوازرایەوە بۆ ڕێککەوتنی نێوان عوسمانی و قاجار و دەستپێشخەری لە دەستی ڕێبەری ڕاپەڕینەکە دەرهێنرا.

ئەزموونی شکستی ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵا کاریگەرییەکی گرنگی لەسەر یادەوەریی سیاسیی کورد لە متمانەنەکردن بە حکوومەتی ناوەندی دروست کرد. چونکە هەر لەو سەردەمەدا، "نیزامولسەلتەنە" بە مەبەستی ڕاوێژ لەسەر پرسە سنوورییەکانی ئێران و عوسمانی، "جەعفەر ئاغای شکاک"ی بەفەرمی بۆ تەورێز بانگهێشت کرد، بەڵام هەر کە جەعفەر ئاغا گەیشتە تەورێز، نیزامولسەلتەنە فەرمانی بە "محەممەد حوسێن خان زەرغام" دا کە جەعفەر ئاغا بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی بانگهێشت بکات و بێبەزەییانە بیکوژێت. جەعفەر ئاغا لە لایەن حەوت پاسەوانەوە هاوڕێیەتی دەکرا کە یەکێکیان مامێکی بوو. محەممەدعەلی میرزای جێنشینی ئێران لە ڕێگەی تێلێگرافەوە فەرمانی کوشتنەکەی بۆ نیزامولسەلتەنە ناردبوو. لە ڕوانگەی زۆرێک لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانەوە، دانوستان لەگەڵ دەوڵەتە ناوەندییەکان مەرج نییە بە واتای قبووڵکردنی داواکارییەکان بێت، بەڵکوو دەرفەتێکە تا داگیرکەران پەرە بە فێڵ و پیلانەکانیان دژی نەتەوەی کورد بدەن.

## کوژرانی ئەلیکساندر گریبایدۆڤ لە تاران (١٨٢٩)

یەکێک لە گرنگترین نموونەکانی توندوتیژی لە چوارچێوەی دانوستاندا، کوژرانی باڵیۆزی ڕووسیە بوو لە تاران. ئەلیکساندر گریبایدۆڤ، دیپلۆماتی ڕووسی، دوای بەستنی پەیماننامەی تورکمانچای بۆ بەدواداچوونی جێبەجێکردنی برگەکانی پەیماننامەکە چوو بۆ تاران. لە کاتی گرژییە سیاسی و ئایینییەکاندا، جەماوەرێک هێرشیان کردە سەر باڵیۆزخانەی ڕووسیە و نزیکەی تەواوی ئەندامانی شاندە دیپلۆماتییەکە کوژران. ئەم ڕووداوە لە کاتی دانوستانە هەستیارەکانی دوای شەڕی ئێران و ڕووسیە ڕووی دا و نیشانی دا کە دیپلۆماسی بەخێرایی دەگۆڕێت بۆ توندوتیژی. هەروەها فشاری ڕای گشتیی و پیاوانی ئایینی لەسەر ڕەوتی دانوستانەکان کاریگەر بوو و دەوڵەتی قاجار لە کۆنترۆڵکردنی دۆخی ئەمنیدا بێدەسەڵات بوو. ئەم ڕووداوە قەیرانێکی قووڵی لە پەیوەندییەکانی ئێران و ڕووسیە دروست کرد و فەتحعەلیشا

ناچار بوو بۆ ڕێگریکردن لە شەڕێکی نوێ، شاندێک بە دیاریی زۆر بەنرخەوە بۆ سەنپێتێرزبۆرگ بنێرێت.

## سەفەوییەکان؛ دیپلۆماسی وەک بیانوویەک بۆ پەلکێشکردن و کوشتنی دژبەران

یەکێک لە نموونە بەرچاوەکان، سیاسەتی شا عەباسی یەکەم بوو بەرانبەر بە فەرمانڕەواکانی گورجستان. ئەو هەندێک لە شازادە گورجییەکانی کە وەک هاوپەیمانی ئێران دەژمێردران، بۆ دەربار بانگهێشت کرد، بەڵام دواتر لە وەفادارییان وەشک کەوت. بۆ نموونە: "لوارسابی دووەم" و "تەیمورازی یەکەم" کە لە سەرەتادا وەک فەرمانڕەوای دەستنیشانکراو دانرابوون. کاتێک شا عەباس بانگی کردن، لە ترسی دەستگیرکردن یان کوشتن، ئامادە نەبوون بچنە خزمەتی و پەنایان بۆ عوسمانی برد. ئەم نموونەیە نیشانی دەدات کە تەنانەت بانگهێشتی فەرمی بۆ دەربار دەکرایە هەڕەشە و بێمتمانەیی تەواو لە پەیوەندییە سیاسییەکانی ناوچەکەدا هەبوو.

لە سەردەمی سەفەویدا وەک قاجار، دەزگایەکی دیپلۆماسیی دامەزراو و سەربەخۆ بوونی نەبوو و دانوستانەکان ڕاستەوخۆ لەژێر کۆنترۆڵی شا و وەزیری ئەعزەمدا بوون. نێردراوەکان زۆرتر نوێنەری کەسیی شا بوون نەک دیپلۆماتی پیشەگەر، و دانوستان پاشکۆی ئیرادەی تاکەکەسیی شا بوو. دیپلۆماسی تێکەڵەیەک بوو لە ململانێ و پیلانگێڕی سیاسیی دەربارییەکان بۆ دەستخستنی دەسەڵات و جێبەجێکردنی سیاسەتی زلهێزەکان لە ئێراندا. ئەم پەرچەکردارانە دەریدەخەن کە تەنانەت شێوازە فەرمی و دیپلۆماتییەکان، لە ناو پێکهاتەی سیاسیی سەفەویدا دەکرا کارکردێکی ئەمنی و کۆنترۆڵکەرانەیان هەبێت. لە ڕاستیدا دەکرێت بگوترێت لە سەردەمی سەفەوییەوە وەک هەندێک قۆناخی تری مێژووی ئێران، دیپلۆماسی زیاتر لەوەی لەسەر متمانەی دوولایەنە بێت، لە خزمەت بەڕێوەبردنی هەڕەشەکان و بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵاتی سیاسیدا بووە؛ تەنانەت ئێستاش، سەرەڕای هەبوونی وەزارەتی دەرەوە و باڵیۆزخانە و کونسوڵخانەکانی ڕێژیمی ئێران لە دەرەوە، دیسانەکەش لە هەموو وڵاتێکدا "نوێنەری وەلیی فەقیه" هەیە کە دامەزراوەیەکی هاوتەریب لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە بەڕێوە دەبات.

## دەوڵەتی مۆدێرن و بانگکردنی نەیاران بۆ تیرۆر و کوشتنیان

لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەتی پەهلەوی، پرۆژەی دەوڵەتسازیی ناوەندگەرا دەستی پێکرد. ڕەزا شا هەوڵی دا پێکهاتەکانی پێشوو لاواز بکات و دەوڵەتێکی ناوەندگەرا دروست بکات. سمکۆی شکاک یەکێک لە ڕێبەرە کوردەکان بوو کە لە کوردستان هەژموونێکی بەرچاوی هەبوو و بەکردەوە هەندێک ناوچەی لەژێر دەستدا بوو. ئەو لە ساڵی ١٩٣٠دا، لە کاتی دیدارێک



سەرچاوە
Serchawe

لەگەڵ هێزە دەوڵەتییەکان کە بەمەبەستی دانوستان لە لایەن ڕەزا خانەوە بانگهێشت کرابوو، تیرۆر کرا. هەرچەندە لە چوارچێوەی ڕیئاڵپۆلیتیکدا سڕینەوەی ڕێبەرە خۆجێییەکان دەیتوانی یارمەتیدەر بێت بۆ چەسپاندنی دەوڵەتی ناوەندی، بەڵام بەکارهێنانی دانوستان وەک تەڵەیەکی سیاسی بۆ تیرۆری نەیاران، سەرمایەی متمانەی گەلانی غەیرە فارسی بە دەسەڵات کەم کردەوە و ئەم ستەم و زوڵمە دوو هێندەیە تا ئێستا بووەتە هۆی بەردەوامیی خەباتی بزووتنەوە ئازادیخوازەکان.

## دیپلۆماسیی تیرۆر و کات کوشتنی ئایەتوڵڵاکان

دوای شۆڕشێک کە لە ساڵی ١٩٧٩ لە لایەن ئایەتوڵڵاکانەوە زەوت کرا و بە بەکارهێنانی هەستی ئایینی خەڵک بەتاڵان برا، "هەناردەکردنی شۆڕش" بە ئامانجی هەناردەکردنی تیرۆریزمی دەوڵەتی، بوو بە مۆدێلێک بۆ سڕینەوەی نەیاران لە دەرەوەی سنوورەکان. نەیارانی سیاسی لە وڵاتانی جیاواز بوونە ئامانجی تیرۆری هێزەکانی قودس و گرووپە پرۆکسییەکان (نیابی)؛ لەوانە دەکرێت ئاماژە بە تیرۆری شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دوکتور شەرەفکەندی، شاپوور بەختیار، کازم ڕەجەوی و... بکرێت.

دوکتور قاسملوو ڕێبەری بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان، کەسایەتییەکی دیپلۆمات بوو کە بڕوای وابوو دیپلۆماسی و دانوستانە یەکێک لە ڕەهەندەکانی چارەسەری پرسی کوردە. لە ساڵی ١٣٦٨دا شەهید دوکتور قاسملوو بۆ دانوستان لەسەر مافەکانی گەلی کورد لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە بۆ ڤییەن بانگهێشت کرا، بەڵام لە کاتی دانوستانەکەدا تیرۆر کرا و گیانی لەدەست دا. ئەم ڕووداوە تیرۆریستییە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر بێمتمانەیی کوردەکان بەرانبەر بە دانوستان لەگەڵ ئێران دروست کرد و یادی تیرۆری سمکۆی زیندوو کردەوە.

هەر لەم پێوەندییەدا کە دەسەڵاتی ئێرانی دیپلۆماسی و دانوستان بۆ چارەسەر بەکار ناهێنێت، بەڵکوو وەک ڕێگەیەک بۆ کات کوشتن و بەردەوامی بە نەخشە شەڕانگێزییەکانیان دەبینێت، دەتوانین ئاماژە بە دانوستانەکانی چەندین ساڵەی ئەتۆمی بکەین. دانوستانە ئەتۆمییەکانی ئێران لە ساڵی ٢٠٠٣وە دەستی پێکرد، بەڵام گرنگترین قۆناخی لە نێوان ١٣٩٢ تا ١٣٩٤ بوو، کە تێیدا لە ماوەی ٢٠ مانگدا زیاتر لە ١٢ خولی دانوستانی فەرمی و دەیان دانیشتنی تەکنیکی لە نێوان ئێران و گرووپی ٥+١ بەڕێوە چوو و لە کۆتاییدا بوو بە ڕێککەوتنی "بەرجام" لە ١٣٩٦دا. دوای کشانەوەی ئەمریکا لە بەرجام لە ١٣٩٧دا، دانوستانەکانی بووژاندنەوەی، لانیکەم لە هەشت خولدا لە ڤییەن بەردەوام بوو. درێژەکێشانی زۆری ئەم دانوستانانە کە یەکێک لە ئاڵۆزترین پرۆسە دیپلۆماتییەکانی هاوچەرخی ئێران بوو، هەروەها مێژووی دانوستانەکانیان،



سەرچاوە
Serchawe

## بانەمەڕی ٢٧٢٥

ئەوەی سەلماند کە لە دانوستان و دیپلۆماسیدا ئەوەی لە مێشکی دەسەڵاتی ئێرانی دەگوزەرێت لەگەڵ ئەوەی لەسەر کاغەزی گرێبەست دەینووسن و لەگەڵ ئەوەی لە کردەوەدا دەیکەن، زۆر جیاواز و دژ بەیەکن.

## ٦ی بانەمەڕی ٢٧٢٦

# میراتی دیکتاتۆرێک





**د. قادر وریا**

وا دێتە بەرچاو کە میراتگرانی خامنەیی، شاردنەوەی تەرمی ڕێبەری سیاسی- دینیی خۆیان بۆ کاتێک هەڵگرتووە کە بە خەیاڵی خاوی خۆیان لەم شەڕەدا سەر دەکەون. جارێ ڕوون نییە کە چارەنووسی ئەم ڕێژیمە بە هۆی شەڕێک کە خۆی هۆکاری هەڵگیرسانیەتی بە کوێ دەگات، بەڵام ئەگەر مانەوە و ڕزگاربوونێکیش لەم شەڕەدا بۆ ئەوان هەبێت و بە

پێکهێنانی گەورەترین ڕێوڕەسمەکانیش بۆ ژێرخاک کردنی، ناتوانن سیمایەکی جیاواز لەوەی هەبوو، لەم دیکتاتۆرە بە خەڵکی ئێران و جیهان نیشان بدەن. ئەو ڕۆژەی دیکتاتۆر دەخرێتە گۆڕ، پرسیارێک کە خەڵکی ئێران و جیهانییەکان لە بارەی خامەنەیی لە خۆیانی دەکەن، ئەوەیە کە ئەو ڕێبەرە سیاسی و ئایینییەی ڕێژیمی ئێران، لە ماوەی دوور و درێژی دەسەڵاتدارەتییەکەیدا وڵاتەکەی خۆی بە کوێ گەیاند و چ میراتێکی لە دوای خۆی بەجێ هێشت؟

خامنەیی ئەو دیکتاتۆرە بوو کە هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی وڵاتەکەی لە دەست خۆی گرتبوو. هەموو جۆرە هەڵبژاردنەکانی وڵاتی- کە هەر لە بناغەوە هەڵبژاردنێکی ئازاد نین- بە میکانیزمەکانی وەک شورای نیگابان و ڕەتکردنەوەی لێوەشاوەیی بەربژێرەکان لە نێوەرۆک بەتاڵ کردبوو و کردبوونی بە شتێکی تەواو ڕواڵەتی کە لە خزمەت ئامانجەکانی خۆیدا بن. زەندەقی لە خوێندنی زانکۆکان، مامۆستایانی زانکۆ و خوێندکاران چووبوو. چەندین دەزگا و دامەزراوەی بۆ کۆنترۆڵی زانستگەکان، وەدەرنانی مامۆستایانی جیابیر، سەرکوتی بزووتنەوەی خوێندکاری و دەمکوت و گرتنی خوێندکارانی ئازادیخواز، ڕاسپاردبوو. کەم دیکتاتۆرهەن بە ڕادەی خامەنەیی دژی چاپەمەنی بوون. وەزارەتی ئیتلاعاتی بۆ جێبەجێکردنی سیناریۆی قەتڵە زنجیرەییەکان، واتە تێرۆری یەک بە دوای یەکی نووسەرانی ڕەخنەگر ڕاسپاردبوو. لە وتارەکانیدا لەسەر سانسۆر و دەمکوتکردن پێداگر بوو؛ بەردەوام دژی چاپەمەنیی جیابیر و ڕەخنەگر دەدوا، هەڕەشەی لێ دەکردن و بە شێوەی فەلەیی دایدەخستن. ئەنترنێت ببووە بەڵای گیانی و پەیتا پەیتا کاربەدەستانی وڵاتی سەرکۆنە دەکرد کە بە ڕادەی پێویست ئەنترنێتیان کۆنترۆڵ نەکردووە.

تێرۆری نەیاران لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، سەرکوتی هەر چەشنە ناڕەزایەتییەک بە توندترین شێوە؛ دژایەتی لەگەڵ ماف و ئازادیی ژنان و بەرزبوونەوەی پێگەیان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا؛ پەرەپێدان و پاراستنی هەڵاواردنی ئایینی، ڕەگەزی و زمانی؛ دروستکردنی دۆزخێک بۆ بەهاییەکان، مەسیحییەکان، یەهوودییەکان، زەردەشتییەکان، یارسانییەکان، تەنانەت سوننییەکان کە موسوڵمانیشن، بەشێکی دیکە لە میراتی سەردەمی دوور و درێژی دەسەڵاتداریی ئەو دیکتاتۆرەن. لە سێبەری دەسەڵاتداریی خامەنەییدا، شتێک بەناوی ئازادییە تاکەکەسییەکانیش تەحەممول نەدەکرا و ژنان و لاوان، بە بیانووی ڕەچاونەکردنی ڕێوشوێنە ئیسلامییەکان، ئەو پەڕی سووکایەتییان پێ دەکرا.

ئەگەر بێینە سەر تەرخانکردنی زۆرترین سامانی وڵات بۆ بەدیهێنانی خەون و بەرنامە ئایدۆلۆژییەکانی، ئەو کات دەزانین ئەم دیکتاتۆرە چ کارەساتێکی گەورەی بەسەر وڵاتی ئێران هێنا. خامنەیی لە ماوەی ٣٧ساڵ دەسەڵاتداریێتیدا، زۆرترین داهاتی وڵاتی بۆ بەهێزکردنی سپای پاسداران و دەزگا و ناوەندە ئەمنییەتییەکان، بەڕێخستنی دامەزراوە ناوکییەکان بە نیازی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی، تەیارکردن و بەخێوکردنی گرووپە نەیابەتییەکان لە لوبنان، عێراق و یەمەن،

ڕاگرتنی ڕێژیمی دیکتاتۆری سووریە، پەرەپێدانی کارگەکانی بەرهەمهێنانی هاژەک و درۆن تەرخان کرد. هەمووی ئەو بەرنامانەی لە خزمەت خەیاڵی خاوی خۆیدا بوون کە بریتی بوون لە: پێکهێنانی ئیمپراتۆرییەکی شیعە لە ناوچەکە بە ڕێبەرایەتیی خۆی، لە نیوبردنی دەوڵەتی ئیسرائیل، تێکشکاندنی هەژمۆنی ئەمریکا و بەچۆکداهێنانی وڵاتانی هاوپەیمانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

لە ئەنجامی پێداگری لەسەر ئەو سیاسەتانەدا، زیاتر لە ٢٠ ساڵە لە لایەن ئەمریکا و کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی، توندترین گەمارۆی ئابووریی بەسەر ئێراندا سەپاوە، سپای پاسداران و ژمارەیەکی زۆر لە بەرپێوەبەران و کاربەدەستانی ڕێژیم بە تیرۆریست ناسراون. ئابووریی ئێران بە هۆی تەرخانکرانی سامانی وڵات بۆ ئەم جۆرە بەرنامانە و هەروەها بە هۆی ئەو گەمارۆیانەوە تووشی گەورەترین قەیرانەکان بووە. قەرار بوو ئەم بەرنامانەی خامەنەیی، ئەمنییەت بۆ ئێران دەستەبەر بکەن و تەمەنی ڕێژیمەکەی بۆ هەتا هەتایە درێژ بکەنەوە. خامنەیی قسەی لە گەیشتن بە لوتکە (قوڵە) بەم زووانە دەکرد و دەستوپێوەندەکانی خۆی ڕاسپاردبوو، سروودی "سەلام فەرماندە" بە هەموو زمانەکانی نێو چوارچێوەی ئیمپراتۆرییەکەی ئامادە بکەن، تا بە دەیان میلیۆن لە لایەنگرانی بە نیشانەی نیزیکبوونەوە لە ترۆپکی سەرکەوتن بیڵێنەوە.

ئەو پێی وابوو بە دروستکردنی هەزاران هاژەکی بالستیکی تەنانەت دوورمەودا و دەیان هەزار درۆنی هەرزان، بە نزیکبوونەوە لە بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی، و بەو هەمووە گرووپە نەیابەتییە پرچەکانەی بۆ هێرشکردنە سەر ئیسرائیل و بەرژەوەندەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەم ناوچەیە ڕێکی خستوون، خەریکە دەگاتە ترۆپکی سەرکەوتن، ئیدی بێ گرنگیدان بە ژیانی پڕ لە ڕۆژرەشیی خەڵکی وڵاتەکەی، بێ گوێگرتن لە وریاکردنەوەکانی وڵاتانی دژبەر، دەتوانێ درێژە بە لاساریی خۆی بەرانبەر کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بدا و بە ئامانجەکانی بگا. لە ئاکامدا دوو جار شەڕی بۆ ڕێژیمەکەی و خەڵکی وڵاتەکەی کڕی. ئەگەرچی لە شەڕی ١٢ ڕۆژەدا خۆی و هێندێک لە مۆرە گەورەکانی توانیان گیانی خۆیان دەرباز کەن، بەڵام لە دەستپێکی شەڕی دووهەمدا، بۆخۆی لە پێش هەموو گەورە فەرماندەران و مۆرە پلەبەرزەکانیشیدا، کوژرا. سپای پاسدارانەکەی، وەزارەتی ئیتلاعاتەکەی، گرووپە نیابەتییەکانی، یەکەکانی هەڵدانی هاژەک و درۆن و دەیان شارۆچکەی ژێرزەمینیی پڕ لە هاژەکیش کە بە توندی ببوونە ئامانجی هێرشی فڕۆکەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا، نەیانتوانی گیانی دیکتاتۆر بپارێزن. تەنانەت نەیانتوانی بەشی یەک ڕۆژ کە لاشەی دیکتاتۆری تێدا بە خاک بسپێردرێ و زیاتر لە چلوپێنج ڕۆژ لە سەر وێرانەکانی ئەم شەڕە، بای ئەم دنیایە لێی نەدا، ئەمنییەت پێک بێنن. پەندی لەمانەش سەیرتر دانیشتن و وتوویژی میراتگرەکانی لەگەڵ بکوژانی خۆی، لە گەڵ نێردەکانی ئەمریکایەک بوو کە وتوویژ لە گەڵ ئەوانی بە ناشەرافەتمەندانە دەزانی و ڕەتی کردبۆوە!

**بانەمەڕی ٢٧٢٥**

ئێستا ئەوەی لە خامەنەیی بە میرات ماوەتەوە، ڕێژیمێکی شڕ و لاواز و بێ سەر، بە چارەنووسێکی شوومەوە، بە کۆمەڵێک گرووپی نەیابەتیی لە خۆی تێکشکاوتر، لەو لاشەوە وڵاتێکی وێران بە ناوی ئێران و خەڵکێک کە هەروا لە نێو لێکەوتەکانی دەسەلاتداریتیی ئەو دیکتاتۆرەدا، خەریکن دەپلیشێنەوە.

**٦ی بانەمەڕی ٢٧٢٦**

# نەخشەی نوێی ژیۆپۆلیتیکی و بووژانەوەی ئابووریی جیهان؛ شەڕی ئێران و پرسی کورد






**شاڕوخ حەسەنزادە**

لە لێکۆڵینەوە نوێیەکانی ژیۆپۆلیتیک و ئابووریی سیاسیدا، قەیرانە گەورەکان زۆرجار وەک خاڵە وەرچەرخانە مێژووییەکان پێناسە دەکرێن؛ ئەو خاڵانەی توانای تێکشکاندنی نەزمە کۆن و دارِزیوەکانیان هەیە و بەستێن بۆ جێگیرکردنی سیستمگەلێکی سەقامگیرتر خۆش دەکەن. ئەوەی ئەمڕۆ لە بەرەوڕووبوونەوەی ستراتیژیدا دەگەڵ ناوەندی

دەستەڵات لە ئێران دەبینرێت، هەر گۆڕینی ڕێژێم نییە کە بە ئاشکرا باسی ناکرێ، بەڵکوو بەشێکە لە ڕێسایەکی گەورە بۆ دووبارە نووسینەوەی یاساکانی کایەی سیاسی لە سەدەی بیست ویەکەمدا. ستراتیژیی ناسراو بە "داتەپین لە نێوەوە و لێدان لە سەر"، کە بە ئیفلیجکردنی سیستەمی دەمار و سڕینەوەی فیزیکیی مۆرە سەرەکییەکان دەستی پێکرد، لە ڕاستیدا جێبەجێکردنی دۆکتۆرینی سڕینەوەی فەرماندەیی بوو، تاوەکو هەرجۆرە کاردانەوەیەکی سیستماتیک لە هێزە نیابەتییەکان زەوت بکرێت یان هەر نەبێ فرە کەم بکرێتەوە. ئەم پرۆسەیە کە دەگەڵ دۆخی سەکتەی ئابووری و گۆشەگیریی دیپلۆماسی و گەمارۆکان هاوتەریب بوو، پێکهاتەی دەستەڵاتی خستووەتە نێو قۆناغی "ئەنترۆپیی سیاسی"؛ دۆخێک کە تێیدا سیستەم نەک هەر توانای بەرهەمهێنانەوەی نەزمی نێوخۆیی نییە، بەڵکوو لە بەرامبەر گورزە دەرەکییەکاندا تووشی داڕمانی زنجیرەیی دەبێت.

هێرشە گورچوبڕ و بەربڵاوەکان بۆ سەر ناوەندە نیزامی، ئەمنییەتی و بنەڕەتییەکانی دەستەڵات و ئەو شەڕانەی بەدوایدا هاتن و بوونە هۆی سڕینەوەی چینەکانی یەکەم و دووەمی حاکمییەت (لە سەرووی هەمووان کوشتنی خامنەیی)، نیشاندەری پەڕینەوە لە قۆناغی بەرپەرچدانەوە بۆ قۆناغی وێرانکاریی داهێنەرانەیە. لەم نێوەدا، ئاگربەستە کورتخایەنەکان بە نێوبژیوانیی هێزە ناوچەییەکان، لە ئەدەبیاتی ستراتیژیدا وەک ئاشتییەکی بەردەوام نابینرێن، بەڵکوو وەک پشوویەکی تاکتیکی بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی لۆجستیی هاوپەیمانەکانی دادەنرێن. ڕاستی و دروستیی ئەم شیکارییە لە هەڵکشان داکشان یان بە شێوەیەکی تر هەڵسووکەوتی ژێرانەی بازاڕەکاندا دەردەکەوێت؛ ئەو شوێنەی کە دابەزینی کاتیی نرخی نەوت بەهۆی هەواڵی ئاگربەست، بە بەرزبوونەوەیەکی هێرشبەرانەی نرخی زێڕ پووچەڵ دەکرێتەوە! ئەم دژوازی و پارادۆکسە ڕەفتارییە نیشان دەدات کە وەبەرهێنەرە دامەزراوەییەکان، ئارامیی ئێستا بە تەڵەکە دەزانن و خەریکی نرخاندنی شەڕێکی هەمەلایەنن کە ئامانجی کۆتاییەکەی ڕووخانی تەواوەتیی پێکهاتەی ئێستا و کۆتاییهاتنی سەردەمێکە کە تێدا وڵاتانی هاوشێوەی ئێران بڕە دەستەڵاتێکیان هەبوو و دژ بە بنەماکانی نەزمی نوێی جیهانی ڕۆژئاوا دەوەستانەوە.

لە ڕوانگەیەکی گشتگیرەوە، هەرەسهێنانی ئەم ناوەندە سەرەکییەی گرژییەکان، وەک کاتالیزۆرێک بۆ چارەسەرکردنی زنجیرەیی قەیرانەکانی دیکەی جیهان کار دەکات. بەپێی تیۆرییەکانی ڕیالیزمی پێکهاتەیی، بە چوونەدەرەوەی ئەکتەرێکی تێکدەر لە هاوکێشەکە، هێزە جیهانی و ناوچەییەکانی دیکە وەک ڕووسیە، چین، تورکیە و پاکستان ناچار دەبن چاو بە دۆکتۆرینە ئەمنییەکانی خۆیاندا بخشێننەوە. ئەم جوڵەیە دەتوانێت گرێکوێرە ستراتیژییەکانی وەک قەیرانی ئۆکراین، کێشەی تایوان و گرژییە مێژووییەکانی نێوان هیندستان و پاکستان بەرەو چارەسەرێکی زۆرەملێ ببات. لە ڕاستیدا، جیهان لە لێواری دووبارە نووسینەوەیەکی سەد ساڵە بۆ نەزمی نێودەوڵەتی وەستاوە (وەک دوای هەموو شەڕێکی گەورەی جیهانی). لەم نێوەندەدا ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست شایەتی پێناسەکردنەوەی چەمکی دەوڵەت-نەتەوە دەبێت. یەکێک لە بگۆڕە هەرە



سەرچاوە
Serchawe

گرنگەکان لەم بوژانەوە ژیۆپۆلیتیکییەدا، پرسی کوردە. بە لاوازبوونی پێکهاتە نەریتییەکانی دەوڵەت-نەتەوەی فارس، تورک و عەرەب، کۆمەڵگەی کوردی بە گشتی لە هەر چوار بەشەکەی و بەتایبەتی‌تر لە ئێران، بەهۆی هاوتەریبیی ستراتیژی و نەبوونی دژایەتیی بەرژەوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوا و ئیسرائیل، وەک هاوپەیمانێکی سروشتی و لەنگەرگای سەقامگیری لە ناوچەکەدا دەردەکەوێ. بۆ نوخبە سیاسییەکانی کورد، ئەم گواستنەوە مێژووییە بە دەرفەتی سەدە دادەنرێت تاوەکوو مافەکانی خۆیان لە نەخشە نوێیەکەدا جێگیر بکەن؛ چونکە لەو نەزمەی لەدایک دەبێت، ئاسایشی ڕێڕەوەکانی وزە و سەقامگیریی ناوچەیی لەسەر بنەمای هاوپەیمانیی نوێ پێناسە دەکرێت.

بەڵام گەیشتن بەم سەقامگیرییە پێویستی بە تێپەڕین لە مەزن قەیرانێکی سیاسی، نیزامی و ئابوورییە. دەگەڵ گەیشتن بە قۆناغی کۆتایی هەرەسهێنان و پێکدادانە ئەگەرییەکان لە گەرووی هورمز، بەردەوامی شەڕی ئێران دوای پشوویەکی چەند مانگە/حەوتوو (بەناوی ئاگربەست و دانوستان لە پاکستان)، تێوەگلانی وڵاتانی دیکەی ناوچەکە و هاتنی هێزی "ناتۆ"، نائارامییەکان لە کەنداو دەبێتە هۆی ئەوەی نرخی نەوت بگاتە ٢٠٠ دۆلار و تەنانەت شیمانە دەکرێ بەرزتریش بێتەوە. ئەم شۆکە نرخەییە بە خێرایی دەبێتە هۆی هەڵاوسان و دابەزینی ئابووریی جیهانی کە لە زانستی ئابووریدا بە ستەگفلیەشێن (Stagflation) ناسراوە و زەرەرمەندی یەکەم وڵاتانی پیشەسازی دەبن. بەڵام بەپێی میناکە مێژووییەکان، ئەم قەیرانە ئابوورییە، کاتییە و پێشمەرجی پرۆسەی چاکسازییە گەورەکەیە. پێشبینی دەکرێت لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٤٠٦ی هەتاوی، بە دامەزراندنی پێکهاتەیەکی نوێ و نائایدیۆلۆژی لە ئێران، چاکسازی لە وڵاتانی دژبەر، یەدەکی زەبەلاحی وزە لەژێر ستاندارده شەفافە نێودەوڵەتییەکاندا بڕژێتە بازاڕەوە. ئەم هێرشی خستنەڕووە، لەپاڵ لادانی باجی مەترسیی ژیۆپۆلیتیکی لەسەر نرخەکان، نەک هەر دەبێتە هۆی دابەزینی نرخی نەوت، بەڵکو ئاوەدانکردنەوەی ئێرانی پاش قەیران وەک پرۆژەیەکی مارشاڵی نوێ، دەبێتە بزوێنەرێکی نوێ بۆ گەشەی ئابووریی جیهان و بازرگانیی ئازاد.


لە ئەنجامدا، جیهان سەیری کۆتایی سەردەمێک دەکات کە تێیدا ئاسایشی وزە بارمتەی ئایدیۆلۆژی بوو. نائارامییەکانی ئێستا و بەرزبوونەوەی نرخی زێڕ، ڕاستوێژترین بەڵگەن لەسەر ئەو ڕاستییەی کە نەزمی کۆن لە سەرەمەرگدایە و نەزمێکی نوێ لە حاڵی لەدایکبووندایە. لەم کایە گەورە جیهانییەدا، ئەو ئەکتەرانەی بتوانن خۆیان دەگەڵ ئەم گۆڕانکارییە پێکهاتەییەدا بگونجێنن، پێگەی خۆیان بۆ سەدەی داهاتوو مسۆگەر دەکەن. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ، ناوچەیەک دەبێت کە تێیدا چیتر بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان و ئاسایشی وزە ناکرێنە قوربانیی خەونە فراوانخوازییە ئایدیۆلۆژییەکان و ئێرانی نوێ دەبێتە ترپەی دڵی ئەم سەقامگیرییە ئابووری و سیاسییە نوێیە.

٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٦



سەرچاوە
Serchawe

# بڕینی ئینتەرنێت لە ئێران؛ قەیرانێکی فرەڕەهەند و پاشهاتە قووڵەکانی






**بێهزاد قادری**

بڕینی بەرفراوان و درێژخایەنی ئینتەرنێت لە ئێران لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، کە خەریکە لە دوو مانگ تێدەپەڕێت، بووەتە یەکێک لە گەورەترین قەیرانە فرەڕەهەندەکانی وڵات؛ قەیرانێک کە ڕەنگدانەوەی بڕیارە سیاسییەکانە و لێکەوتەی قووڵی لە بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، دەروونی و مافەکانی مرۆڤدا لێ کەوتووەتەوە.

لە ئێران، بڕینی ئینتەرنێت وەک ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵکردنی زانیاری و سنووردارکردنی پەیوەندییە گشتییەکان بەکار دێت. لە بارودۆخێکدا کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە سەکۆیەک بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی، ڕێکخستنی مەدەنی و گواستنەوەی خێرای هەواڵەکان، سنووردارکردنی دەستپێڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت لە کردەوەدا دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی شەفافییەت و زیادبوونی قۆرخی زانیاری. ئەم دۆخە نەک هەر توانای چاودێریی گشتی بەسەر دامودەزگاکانی دەسەڵاتەوە کەم دەکاتەوە، بەڵکوو درزی نێوان حکوومەت و کۆمەڵگە قووڵتر دەکات. لە کەشێکی ئاوادا، هەوڵ دەدرێت گێڕانەوە فەرمییەکان بەهێز بکرێن و گێڕانەوە سەربەخۆکان لاواز بکرێن.

لەلایەکی دیکەوە، لە ساڵانی ڕابردوودا بەشێکی گەورەی کار و کاسبیی بچووک و مامناوەندەکان لە ئێران بەستراونەتەوە بە ژینگەی ئۆنلاین؛ لە فرۆشگە ئینتەرنێتییەکانەوە بگرە تا فریلانسەرەکان، بەرهەمهێنەرانی ناوەڕۆک و ستارتئەپەکان. بڕینی ئینتەرنێت بە واتای ڕاوەستانی لەناکاوی سەرچاوەی بژێویی ملیۆنان کەس دێت. دابەزینی فرۆش، لەدەستدانی کڕیار، شڵەژانی زنجیرەی دابینکردن و بێ متمانەیی بازاڕ، تەنیا بەشێکن لە پاشهاتەکانی ئەم دۆخە. هەروەها وەبەرهێنەرانی ناوخۆیی و دەرەکی لە بارودۆخێکی وەهادا ڕووبەڕووی مەترسییەکی گەورە دەبنەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی هەڵاتنی سەرمایە و سستیی ئابووری.

لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە، ئینتەرنێت تەنیا ئامرازێکی پەیوەندی نییە، بەڵکوو بووەتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک. بڕینی ئینتەرنێت بە واتای پچڕانی پەیوەندییە مرۆییەکانە لە ئاستێکی بەرفراواندا. ئەو خێزانانەی لە شار یان وڵاتە جیاوازەکاندا دەژین، لە پەیوەندیی ڕۆژانە بێبەش دەبن. خوێندکاران و قوتابییان دەستپێڕاگەیشتنیان بە سەرچاوە فێرکارییەکان نامێنێت و زۆربەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان کە بە شێوەی ئۆنلاین پێشکەش دەکرێن، تووشی پەککەوتن دەبن. ئەم دۆخە جۆرێک لە گۆشەگیریی کۆمەڵایەتیی سەپێنراو دروست دەکات کە لە درێژخایەندا دەبێتە هۆی لاوازبوونی سەرمایەی کۆمەڵایەتی.

یەکێک لە ڕەهەندە شاراوەکانی ئەم قەیرانە، کاریگەرییە دەروونییەکانییەتی. مرۆڤی ئەمڕۆ ڕاهاتووە بە پەیوەندیی بەردەوام و دەستپێڕاگەیشتنی خێرا بە زانیاری. پچڕانی ئەم دەستپێڕاگەیشتنە، بەتایبەت کاتێک لەناکاو و زۆرەملێ بێت، دەبێتە هۆی دروستبوونی دڵەڕاوکێ، هەستی ناسەقامگیری و بێدەسەڵاتی. خەڵک لە بارودۆخێکدا دەمێننەوە کە نازانن لە وڵاتدا چی دەگوزەرێت، لە هەواڵی ئازیزانیان بێئاگا دەبن و دەرفەتی دەربڕینی هەستەکان یان وەرگرتنی پشتیوانیی کۆمەڵایەتییان لەدەست دەچێت. ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی گوشاری دەروونیی گشتی، خەمۆکی و تەنانەت تووڕەییەکی پەنگخواردوو لەنێو کۆمەڵگەدا.

## بانەمەڕی ٢٧٢٥

هەروەها لەم سەردەمەدا، دەستپێڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت وەک یەکێک لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ دەناسرێت؛ مافێک کە گرێدراوی ئازادیی ڕادەربڕین، دەستڕەسی بە زانیاری و مافی پەیوەندیگرتنە. بڕینی بەرفراوانی ئینتەرنێت، ڕاستەوخۆ ئەم مافانە پێشێل دەکات. هاووڵاتییان لە دەرفەتی دەربڕینی ڕوانگەکانی خۆیان و دەستڕەسی بە میدیا ئازادەکان بێبەش دەبن. سەرەڕای ئەوەش، لە کاتێکدا کە چاودێریی نێودەوڵەتی گرێدراوە بە ئینتەرنێتەوە، ئەم سنووردارکردنانە دەبنە ڕێگر لەبەردەم بەدۆکۆمێنتکردن و گەیاندنی هەواڵی ڕووداوە نێوخۆییەکان.

بە کورتی، بڕینی ئینتەرنێت لە ئێران تەنیا وەک کارێکی تەکنیکی یان ئەمنی نابینرێت؛ بەڵکوو قەیرانێکی چەندین چینە کە پاشهاتی درێژخایەنی هەیە. ئەم قەیرانە نەک هەر ئابووری لاواز دەکات، بەڵکوو زیان بە یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت، تەندروستیی دەروونیی کۆمەڵگە دەخاتە مەترسییەوە و مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتییان پێشێل دەکات.

٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٦

# هاوپەیمانەتیی کوردستانی لە ڕوانگەی بەرپرسیارەتیی کۆمەڵایەتییەوە





**د. ئازاد محەممەدیانی**

ئەگەر بڕوانینە بەستێنە مێژووییەکەی پێکهاتنی هاوپەیمانەتیی شەش حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی و ئەو ئەرکەی چاوەڕوانی کۆمەڵگەیە لەو هاوپەیمانەتییە، ئیدی نابێ تەنیا وەک ڕووداوێکی سیاسیی ئاسایی یا وەک سازان و هاوپەیمانەتیی شەش حیزبی سیاسی خوێندوەی بۆ بکرێ و لێی بڕواندرێ. پێشتریش باسم کردووە کە ئەم هاوپەیمانەتییە

چەندە دەتوانێ ڕێخۆشکەر بێ بۆ سازبوونی "گوتاری هاوبەشی کوردی"، بەڵام ئەوەی دەمهەوێ لەم بابەتەدا باسی بکەم، گشتییەتێک لە ئەرکی ئەو هاوپەیمانەتییە و شێوەی هەڵسوکەوتی بکەری کوردی واتە؛ تاک، نوخبە، کادری حیزبی و بە گشتی حیزبەکانن بە نیسبەت ئەم هاوپەیمانەتییە، وەک تاک و لایەنێکی بەرپرسیار هەمبەر بە نەتەوە و کۆمەڵگەکەیان.
پێش هەموو شتێک پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە ئەرکی ئەو هاوپەیمانەتییە بۆ ئێستای کورد چییە و چۆن دەتوانێ لە خزمەت بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورددا بێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لام وایە هاوپەیمانەتی دوو ئەرکی زۆر گرینگی هەیە، یەکەم ئەوەی نێو ماڵی کورد ڕێکدەخا و پێش هەرجۆرە پرش و بڵاویی هەڵوێست لە ئیستا و داهاتوودا بۆ بەڕێوەبەریی کوردستان دەگرێ، کە لە ڕاستیدا بە مانای سڕینەوەی جیاوازییەکان نییە و هیچ هاوپەیمانەتییەک لە هیچ شوێنێکی دنیا و مێژووادا بەو ئامانجە واتە سڕینەوەی جیاوازییەکان پێک نایات. ئەزقەزا گرینگیی هاوپەیمانەتی لەوەدایە کە وێڕای جیاوازی، کۆمەڵێک لایەن لە سەر هێندێک شت ڕێک دەکەون بۆ بەهێزتر بوون و باشتر بردنە پێشی ئەو ئەرکەی ئەو یەکگرتووییەی لەسەر ساز بووە. ئەرکی دیکەی هاوپەیمانەتی یەک هەڵوێست بوون و هێزی زیاتر و کاریگەرتره لە بەرامبەر هەرجۆرە ئەویتریەکدا، چ ئەو ئەویترییە ئەویتری "ڕکەبەر" بێ چ ئەویتری "دژبەر"، واتە ڕۆڵی ئێستای هاوپەیمانەتی لە بەرامبەر دوژمنانی کورد و لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا بە هێزتر دەرکەوتن و هێنانە بەرباسی داواکاریە نەتەوەییەکانی کوردە بە شێوەیەکی دیاریکراووهاوشێوە. کە ئەو دوو ئەرکە لە کۆتاییدا و لە درێژی یەک ڕەوتی مێژووییدا دەتوانێ بەرهەمهێنی "گوتاری هاوبەشی کوردی" بێت. گوتارێک کە یەک لە گرینگترین کۆڵەکەکانی پێکهاتنی نەتەوە و کیانێکی تایبەتە. دیارە هاوپەیمانەتی لە یەکەم هەنگاودا لە سەر کاغەز و بە پێی بڕیاری شەش حیزب فەرمی بووە بەلام بۆ ئەوەیکە وەها بڕیارێک ئەرکەکانی پێ جێبەجێ بکرێ و لە ئاکامدا ئەو گوتارە هاوبەشەی کە باسم کرد بەرهەم بێ پێویستە وەک زەروورەتێک لە زەین، زمان و کرداری هەموو بکەرانی ئەو مەیدانەدا جێگیر بێ. ئەوەش کاتێک دەتوانێ دەستەبەر بێ کە وەک بەرپرسیارەتێکی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی چاوی لێ بکرێ.

کەواتە ئەو شتەیکە دەتوانێ ئەو هاوپەیمانەتییە لە سازانێکی کاتییەوە بەرەو پرۆژەیەکی درێژماوەی جێگیر بەرێت، دەروونیبوونی پاراستنی ئەو پێکهاتەیەیە وەک بەرپرسیارەتییەکی کۆمەڵایەتی لە ئاستی حیزبەکانەوە تا کادر و نوخبەی ئەو حیزبانە.

حیزبەکان پێویستە لە چوارچێوەی بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی و نەتەوەییدا خوێندنەوە بۆ ئەو هاوپەیمانەتییە بکەن. واتە هێزە سیاسییەکان دەبێ لە لۆژیکی تەواو حیزبی دوور بکەونەوە. مێژووی سیاسیی کورد نیشانی داوە کە کێبڕکێی حیزبی لە نێوان حیزبەکاندا توانایی ئەوەی هەیە ببێتە دوژمنایەتی و هەموو هەوڵێکی لێکنزیکبوونەوە و کاری درێژ ماوە تێک بدات. لەم دۆخەدا، هەر حیزبێک لە بەردەم دوو هەڵبژاردن دایە: هاوپەیمانی وەک ئامرازێکی تاکتیکی بۆ

بەهێزکردنی خۆی ببینێت، یان وەک بەشێک لە بەرپرسیاریەتییەکی گەورەتر بەرامبەر بە کۆمەڵگەی کوردی.

جیاوازیی نێوان ئەم دوو ڕوانگەیە، جیاوازیی نێوان هاوپەیمانییەکی لاواز و پرۆژەیەکی بەردەوام و نەتەوەییە، لێرەدایە دەبێ حیزبی کوردی جیاوازی نێوان کارکردن لە چوارچێوەیەکدا و سڕینەوەی جیاوازیەکان بزانێ و بۆ ئەوەی بیر لە هێژمۆن بوونی خۆی نەکاتەوە پێویستە  لە یەکەم هەنگاودا ئەو جیاوازیانە بە فەرمی بناسێ. دوو ئەوەیکە گفتوگۆ بکاتە هەوێنی هەر باسێک و سێهەم ئەوەیکە بەرژەوەندیە گشتیەکان لە دەلاقەی ڕوانگەیەکی جەماوەریەوە ببینێ نە ڕوانگەی حیزبی خۆیەوە. لە ڕاستیدا حیزبی کوردی دەبێ فێری ئەو بنەمایە بێت کە ساز بوونی شتی گەورەتر و کاریگەرتر بەهای دەوێ، ئەو بەهایەش دەست هەڵگرتنە لە هێندێک بەرژەوەندی کە ڕەنگە ئەگەر وەک خۆی  بەشێک نەبایە لەو هاوپەیمانەتیە لە کورت ماوەدا قازانجی حیزبی زیاتری بایە. بەڵام کاتێک باس لەو بەرپرسیارەتیە کۆمەڵایەتییە دەکەی ئیتر تۆ وەک حیزبی بەرپرسیار لە بەرامبەر نەتەوەکەتدا دەست لەم بەرژەوەندییە کاتییە حیزبییەی خۆت هەڵدەگری. ئەوە ئەو کاتەیە کە هاوپەیمانەتی دەتوانێ بەرێتە دۆخێکی جیاوازەوە کە لە کۆتاییدا بەرهەمهێنی ویستە گشتییە نەتەوەییەکەیە.

بەڵام جاری وایە ڕێبەرایەتیی حیزبەکان وەک بڕیاردەری کۆتایی کۆکن لە سەر بابەتەکان و حەولیان داوە بە هەرجۆرێکە کێشەکان کەم بکەنەوە و لێکنزیک بنەوە، بەڵام زمان، ڕەفتار و کردەوەی کادری ئەو حیزبانە بە جۆرێک بووە کە دۆخەکەی لێڵ کردووە و بێ لەبەرچاو گرتنی بایەخەکانی ئەو پێکهاتەیە مەترسی گەورە بۆ درێژەدار بوونی ساز دەکەن. دیارە ئەمە بەشێکی پێوەندی هەیە بە پەروەردەی تاکی کورد و قەبووڵنەکردنی هەڵپەساردنی بەرژەوەندییە تاکی و حیزبییەکان و بەشێکیشی پێوەندی هەیە بە دەمارگرژیی حیزبییەوە، بە جۆرێک کە پێیان وایە ڕاستەقینەی ڕەها لە لای حیزبەکەی خۆیانە و بەدەر لە ڕوانگەی حیزبی خۆیان هەرچی هەیە ناڕاستە و تەنانەت جاری وایە پێیان خەیانەتە. شتێک کە لە دۆخێکی تەندروستدا ڕێگەپێدراو نییە و وەک ژەهری پێکەوە هەڵکردن دێتە ئەژمار. بۆیە پێویستە کادری حیزبەکانیش ئەو پێداویستیە کۆمەڵایەتیە دەرک بکەن و لە چوارچێوەی بەرپرسیارەتی نەتەوەییدا ئیزن بدەن ڕێبەرایەتیی حیزبەکەیان لە کەش و هەوایەکی ئارام و دۆستانەدا هەڵسوکەوت بکەن لەگەڵ پێکهاتەکانی هاوپەیمانەتی. لە ڕاستیدا لە ڕوانگەی هێندێک کادری ئەو حیزبانەوە سنووری خەیانەت و جیاوازی تێک دەچێ و هەمیشە مەترسی ئەوە هەیە کە هەرجۆرە کردەوەیەکی ناهاوشێوەی ڕوانگەی ئەوان وەک خەیانەت لێکدانەوەی بۆ بکرێ، کە ئەزقەزا بە ساز بوونی گوتاری هاوبەش وەک ئاکامی کۆتایی ئەو هاوپەیمانەتەیە سنووری خیانەت دەکێشرێتەوە و هاووڵاتی کورد دەزانێ چی خەیانەتە و چی جیاوازی دێتە ژمار و بەرژەوەندی نەتەوەیی لە کوێی ئەو سنوورەدایە.

لێرەدایە کە پێویستە باسی توێژێکی دیکە لە نێو حیزبە سیاسیەکاندا بکەم کە ڕۆڵی گرینگ و تایبەت دەگێڕن سەبارەت

بەو هاوپەیمانەتییە و ئەرکەکانی. توێژێک کە لە نێوان ڕێبەریی حیزبەکان کە بڕیاردەرانی ئەو حیزبانەن و کادر و بەدەنەی حیزبەکاندا دەتوانن وەک ئاڵقەی پێوەندی و هاوسەنگی و هاوکات زانیاریبەخش ڕۆڵی تایبەتی خۆیان لە چوارچێوەی بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی هەمبەر بەو هاوپەیمانەتیە بگێڕن. نوخبە و خوێندەوارانی نێو حیزبە سیاسییەکان ئەو توێژە گرینگەن کە هەم ئیمکانی ئەوەیان هەیە ببنە لەمپەڕی بەر ئەرکە بنەماییەکانی هاوپەیمانەتی و هەمیش دەتوانن ڕێخۆشکەر و هاندەری ڕێبەرایەتی و ئەندامان بن بۆ لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی گشتی گەلی کورد لە بەرامبەر بەرژەوەندی تاک و حیزبیدا. نوخبەی حیزبی وێڕای ئەوەیکە پێویستە بیر لەو دەرفەتە بکاتەوە کە هاوپەیمانەتی بە نەتەوە و کۆمەڵگەکەی دەبەخشێ ئەوەش بزانێ کە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی پێگەیشتوو هاوچەشنی وڵاتە گەشە سەندووەکانی دونیا نییە و لە هەر چرکەیەکدا ئیمکانی ئەوە هەیە بە هەر هۆکار و بیانوویەک ئەو هاوپەیمانەتیە هەڵبوەشێتەوە یا لاواز و ناچالاک بێ، کەواتە ئەو ئەرکە دەبێ وە ئەستۆ بگرێ کە پارێزگاری لێ بکات و چاو لەو بەرژەوەندییانە دابخات کە مومکین بوو بەدەر لەو هاوپەیمانەتی و لە چوارچێوەی حیزبەکەیدا هەیبایە.

نوخبەی حیزبی دەبێ دەرک بەوە بکات ئەوەی ئەو قەرارە سیاسەتی لەگەڵ بکات وەک خۆی لە کۆمەڵگەیەکی پاتریمۆنیال یا باوکسالارەوە هاتووە کە بە درێژی تەمەنی، باوک قسەی هەوەڵ و ئاخری کردووە. دواتر هەر وەک خۆی چووەتە قوتابخانەیەک کە یەک قسە، قسەی ڕاستیی موتڵەق بووە و ئەوی دیکە مەترسی و نادروست ئەویش قسەی نێو کتێبەکانی ئەو نیزامە پەروەردە سەقەتە و مامۆستاکانی بوون کە بۆخۆشیان لە هەمان سەرچاوەی سەقەت گۆچیان گرتووە. نوخبەی کورد دەبێ ئەوە بزانێ ئەو کەسانەی بەردەنگی ئەون ڕێک وەک خۆی لە کۆمەڵگەیەکدا پێگەیشتوون کە هەر کەس حەولی داوە نوسخەی خۆی بۆ هەمووشتێک و هەموو کەسی وەک هاوڕێ و هاوکار و جیران و هاوشاری و هاووڵاتیەکەی بپێچێتەوە و هیچ شتێک بە ناوی گفتوگۆی دوو لایەنە بوونی نەبووە. لە ئاکامدا نوخبەی نێو حیزبەکان دەبێ ئەوە بزانن ئێمە هەموومان لەژێر حوکمی دەسەڵاتێکدا بالامان کردووە کە زمانمان تەنیا بۆ سەلماندنی ڕەوایی ئەوان ئیزنی بووە بێتە گۆ. کەواتە نوخبەی حیزبی دەبێ وێڕای ئەو دەرکەی کە دەبێ لە کۆمەڵگە و زەینی ئینسانی کورد هەیەتی بە هەموو تواناکانیەوە پارێزگاری لە چرکە بە چرکەی ئەو هاوەپەیمانەتیە بکات کە خەریکە فێری گفتوگۆمان دەکات، فێری پێکەوە سازان وێڕای جیاوازیەکانمان دەکات و ڕامان دێنێ بەرژەوەندی ئێمە لەو دەستکەوتە دایە کە کورد وەدەستی دێنێ لە ئاکامی ئەو تەنازوولەی ئێمە ئێستا لە هێندێک ویست و بەرژەوەندیی تاکی و حیزبی دەیکەن. نوخبەی نێو حیزبەکان نابێ بۆ یەک چرکەش تەنانەت بۆ یەک چرکەش بیر لەوە بکەنەوە هەنگاوێک هەڵبێننەوە کە مەترسیەک لە سەر ئەو هاوپەیمانەتیە ساز بکات. شتێک کە دەتوانێ و دەبێ خولیای کوردانەمانی تێدا هاوبەش بکەین و خەونی نەتەوەکەمانی پێ بێنینە دی.

دیارە ئەوەیکە بگوترێ ئەو هاوپەیمانەتییە دەتوانێ هەموو خەونی کوردانەمان بێنێتە دی بە دڵنیاییەوە ئیدیعایەکی دوور

## بانەمەڕی ٢٧٢٥

لە ڕاستییە بەڵام هەموو قسەی من ئەوەیە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئەرکانەی لە هاوپەیمانەتی دەتوانین هەمانبێ و ئەو داوا گشتییەی کوردی ڕۆژهەڵات لە حیزبە کوردییەکان بە بەردەوامی بۆ سازکردنی بەرەیەکی کوردستانی بوویەتی و دۆخی هەستیاری ئێستامان لە ئێراندا ئەوەمان پێ دەڵێ کە ئێمە مەحکووم بەو یەکگرتوویەیین و دەبێ ئەو دەرفەتە بەو هاوپەیمانەتیە بدەین بەرەو ئەو مەسیرە بڕوات کە قازانجی گشتیی نەتەوەکەمانی تێدایە. ئەوەش لام وایە مومکین نابێ بێ ئەوەیکە پاراستن و پارێزگاریکردن لەو هاوپەیمانەتییە وەک بەرپرسیارەتییەکی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی چاو لێ بکەین و هەر هەنگاوێک لە مەیدانی سیاسەتدا هەڵدێنینەوە بەو ڕوانگەیەوە بێت کە ئێمە بەرپرسین لە بەرامبەر کۆمەڵگە و نەتەوەکەماندا و ئەو بەرپرسیارەتییە کاتێک دەتوانێ قازانجی نەتەوەکەمانی لێ بکەوێتەوە کە چاو لە قازانجە تاکی و حیزبییەکانمان دابخەین.

کاتێک دەتوانین ئیمان بێنین بە سنووری ڕاستییەکانی خەیانەت و وەفاداری کە پێکەوە لە دۆخێکی ئارامدا و لەسەر بنەمای گفتوگۆ و ڕاوێژ خاڵەکانی بەرژەوەندی نەتەوەییمان دیاری کردووە. ئەوەیکە دەڵێم دەرفەت بدەین بە هاوپەیمانی مەبەستم ئەوەیە لە ئاکامی ئەو دەرفەتەدا ئێمە وەک کورد نە تەنیا کۆمەڵگەی کوردیمان بە شێوەیەکی واقعییانەتر نوێنەرایەتی کردووە و لە بەرامبەر دوژمن و بەردەنگە غەیرە کوردەکانماندا بەهێزتر دەرکەوتووین بەڵکوو وێنەیەکی بەهێز و باشیش دەبین بۆ کۆمەڵگەیەک کە دەستەویەخەی دەیان کێشەی کولتووریە و هەموو جۆرە جیاوازییەکی تێدایە، واتە کولتووری دیالۆگ، هەڵکردن و لێک تێگەیشتن و کاری گشتیمان فێر کردوون. ئێمە دوای ئەوەی کوردستانیش ڕزگار بێت پێویستیمان بە کۆمەڵگەیەکی تەندروست، ئازاد و ئارامە ئەوەش دەستەبەر نابێ مەگەر بە پرۆڤەی بنەماکانی دێموکراسی کە هەڵکردن و مەدارا لە ڕێی گفتوگۆ و بەفەرمیناسینی جیاوازییەکانەوە دەستەبەر دەبێ لە چەمکە سەرەکییەکانی ئەو دێموکراسیەن، کە هاوپەیمانەتی ئێستا دەتوانێ هەلی ئەو پرۆڤەیەمان بۆ بڕەخسێنێ.

## ٨ی بانەمەڕی ٢٧٢٦

# ڕۆڵی دیپلۆماسی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێران لە ژێر ڕۆشنایی ئایدیۆلۆژیی یاسای بنەڕەتیدا






**د. ئارەزوو نستانی**

کێشەی ئێران و ئەمریکا یان بە واتایەکی دروستتر کێشەی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەزمی جیهانیی ئاراییدا، کە بەرهەمی ناکارایی ئەنجومەنی ئاسایشە وەک گرینگترین دامەزراوەی بڕیاردەری نێودەوڵەتی، لانیکەم دوو دەیەیە لە

ڕێگەی دیپلۆماسی هەوڵی چارەسەرکردنی دەدرێ. دەسپێکی هەوڵە دیپلۆماسییەکان بە شێوەیەکی چڕ و ئاشکرا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٨٣ کە هەوڵەکانی ئێران بۆ پەرەپێدانی بەرنامە ئەتۆمییەکەی بەشێوەی ناڕوون ئاشکرا بوو. سەرنەکەوتنی هەوڵە دیپلۆماسییەکان و ملنەدانی ئێران بۆ چارەسەری ئاشتیانەی ئەو پرسە و سەرەنجام سزادانی کۆماری ئیسلامی لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە مەبەستی پاشەکشەپێکردنی لە سیاسەتە ئاژاوەگێڕانەکانی چ لە ڕێگەی ئابلۆقەی ئابووری و تەنانەت لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێز، نەک نەیتوانی ببێتە هۆی گۆڕینی هەڵسوکەوتی ئەو ڕێژیمە و پابەندکردنی بە جێبەجێکردنی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی و ڕێزگرتن لە نەزمی ئارایی جیهانی، بەڵکوو ڕێژیمی ئێرانی بەرەو گرتنەبەری کۆمەڵێک پێشێلکاریی دیکەی وەک پەرەپێدان بە بەرنامە موشەکییەکانی و ڕێکخستن و پڕچەککردنی گرووپە نیابەتییەکانی و لە ئێستاشدا مەترسی خستنە سەر ئازادیی بازرگانیی جیهانی لە گەرووی هۆرمز هان دا.

ئەوەی جێگای پرسیارە ئەوەیە کە ئایا چەندە بنەما باوەڕییەکانی کۆماری ئیسلامی، کە چوارچێوەی ڕوانین و سیاسەتی دەرەوەی ئێران دیاری دەکەن و تەنها وەک تیزی 'ویلایەتی فەقیە' لە ئاستی تیۆریدا سنووردار نەماونەتەوە و کراونەتە بەشێکی سەرەکی لەنێو دەقەکانی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، هاوئاهەنگن لەگەڵ بنەما گشتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی. تا چەند ئەو بنەمایانە کە بەپێی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان، جێبەجێکردنیان بواری سەرکەوتنی چارەسەری ململانێیەکان بە ڕێگای دیپلۆماسی دەستەبەر دەکەن جێگیر کراون؟ ئایا ڕێژیمی ئێران لە بوونی ئەو دوانە ناتەبایانەدا چۆن دەتوانی هاوئاهەنگی دروست بکا لەنێوان ئەم بنەما دەستوورییانە کە هەڵقوڵاوی بنەما باوەڕییەکانی ویلایەتی فەقیهن، لەگەڵ بنەماکانی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی، تا بتوانێ مل بدا بە دیپلۆماسی بۆ چارەسەرکردنی کۆی پرسە هەڵواسراوەکانی و وەلانانی شەڕەنگێزییەکانی؟

پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان بە یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی ڕێکخستنی پەیوەندی و هەماهەنگی نێوان دەوڵەتان دادەنرێن کە مەبەست لێی پاراستنی ئاسایش و ئاشتیی نێودەوڵەتی و هەروەها بەهێزکردنی چوارچێوەکانی هاوکاریکردنی نێودەوڵەتی و پاراستنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانە لە سەردەمی نوێدا. ئەم پەیوەندییانە گەشەیەکی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە بەهۆی گۆڕانکارییە خێرا سیاسی، ئابووری و تەکنەلۆژییەکان کە سیستەمی نێودەوڵەتی پێیاندا تێدەپەڕێت. لەم چوارچێوەیەدا، وەدیهێنانی شایستەیی لە کارکردی دیپلۆماسیدا، پێویستی بە کۆمەڵێک لێهاتوویی پێشکەوتوو هەیە کە پێویستی بە زانیاریی قووڵ لەسەر یاساکانی نێودەوڵەتی و توانای بەڕێوەبردنی قەیرانەکان و هەروەها لێهاتوویی لە سەرکردایەتی کردنی گفتوگۆ و وتووێژە ئاڵۆزەکان هەیە. دیپلۆماسی و یاسای نێودەوڵەتی پەیوەندییەکی تەواو دوولایەنە و تەواوکەریان پێکەوە هەیە، چونکە یاسا چوارچێوەی هەڵسوکەوتی دیپلۆماسی دیاری دەکا و دیپلۆماسیش ئامرازە بۆ جێبەجێکردنی بنەما یاساییەکان. بەم پێیە، دەتوانین بڵێین کە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتیی گشتی نەک تەنها

چوارچێوەی یاسایی دیپلۆماسی پێکدەهێنن، بەڵکو ڕۆڵێکی ستراتیژی دەگێڕن لە ڕێکخستنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بەهێزکردنی هاوکاریی نێوان دەوڵەتان، کەمکردنەوەی ململانێییەکان، و دامەزراندنی سیستەمێکی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای یاسا و ئاشتیخوازی.

ئاستی سەرکەوتنی دیپلۆماسی دەتوانرێ وەک پێوەرێکی ڕاستەقینە و بابەتی بەکار بهێنرێ بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی سەرکەوتن یان شکستی سیاسەتی دەرەوەی هەر دەوڵەتێک، چونکە دیپلۆماسی وەک ئاوێنەیەکی ڕەنگدانەوە کار دەکا و ئاراستە و ناوەڕۆکی سیاسەتی دەرەوە لە چوارچێوەی ژینگەی گشتیی نێودەوڵەتیدا نیشان دەدا. بۆ سەرکەوتنی دیپلۆماسی، پێویستە سیاسەتێکی دەرەوەی ڕوون و دیاریکراو لە ڕووی تایبەتمەندی و ئامانجەکانەوە پەیڕەو بکرێ کە لە هەر جۆرە دژبەیەکبوون و ناهاوسەنگییەک بەدوور بێ.

ڕوانگەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ جیهانی دەرەوە، ڕەگی لە شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ داکوتاوە، کە بووە بە بنچینەی سەرەکیی دروستبوونی تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران. ئەم سیاسەتە لە بنەڕەتدا پشتی بە تێکەڵکردنی ئایدیۆلۆژیای مەزهەبی (شیعی) و بنەمای شۆڕشگێڕانە و هاوکات هەوڵدان بۆ هاوسەنگکردنی ڕەهەندی پراگماتیکی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بەستووە، کە ئەمەش بۆتە هۆکاری دروستبوونی جەدەل و ناکۆکی لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا.

لە چوارچێوەی فراوانکردنی هەژموونیی دەرەکی، ڕێژیمی ئێران هەوڵی داوە هاوپەیمانیی نوێ لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لە ڕێگەی پرۆژەیەکی سیاسی - ئایدیۆلۆژیی فراوانخوازانە پێکبێنێ، کە ئامانجی دیاریکردنی ڕۆڵی ئێران لە ناوچەکە و پاراستنی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانیەتی. لەنێو ئەم چوارچێوەیەدا، میکانیزمی پەیوەستکردنی شیعەکانی جیهان بە ئێران و هەناردەکردنی بنەماکانی شۆڕشی ئیسلامی و بڵاوکردنەوەی شیعیەت وەک بەشێک لە ئەرکی ئەخلاقی و سیاسی، بە شێوەیەکی دیار لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بەدی دەکرێ.

ئەم بیروباوەڕە مەزهەبی و شۆڕشگێڕییە و قەتیس مانەوە لە سنووری بیرکردنەوەی پیاوانی ئایینی کە دەستیان بەسەر دەسەڵات لە ئێراندا گرتووە، ئاراستەی سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەی ئێران دیاری دەکا. بەجۆرێک کە ئەم بنەما و بیرۆکانە کراونەتە بەشێکی سەرەکی لەنێو دەقە سەرەکییەکانی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا.

یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران (١٩٧٩) بۆتە سەرچاوەیەکی بنەڕەتی بۆ دیاریکردنی ئاراستەکانی سیاسەتی

دەرەوەی ئێران؛ لەوانەش: ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرەکانی ستەم و زاڵبوون، پشتگیری لە "مستەضعفان" لە جیهاندا، ڕەتکردنەوەی وابەستەبوون بە هێزە گەورەکان، بەرگری لە کێشەکانی ئوممەتی ئیسلامی.

ئەم چوارچێوە بنەڕەتییە ئاماژەیە بۆ تێکەڵبوونێک لە نێوان ڕەهەندی ئایدیۆلۆژی کە لە شۆڕشەوە سەرچاوە دەگرێت و هەروەها ئامانجە ڕاستەوخۆ و واقیعییەکانی سیاسەتی دەرەوە. ئەم ئاوێتەییە لە نێوان بنەما ئایدیۆلۆژییەکان و پابەندییە نێودەوڵەتییە کۆنەکان ئالەنگارییەک درووست دەکا لەنێوان هاوسەنگیی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەگەڵ یاساکانی گشتیی نێودەوڵەتی؛ چونکە لە پێشەکیی یاسای بنەڕەتیدا جەخت کراوەتەوە کە شۆڕشی ئێران بزووتنەوەیەکە بۆ پشتگیری لە هەموو "مستەضعفان" (هەژار و چەوساوەکان)ی جیهان دژی ستەمکاران و زەمینە دەڕەخسێنێ بۆ پەرەپێدانی هاوپشتی لەگەڵ گەلان و وڵاتانی ئیسلامی و فراوانکردنی بازنەی ئوممەتی یەکگرتوو بە مەبەستی بەردەوامبوونی شۆڕش لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات،.

ئەم ئاراستەیە تایبەتمەندیی ئایدیۆلۆژیی سیاسەتی دەرەوەی ئێران دەردەخا، چونکە ڕێژیمی ئێران بەزۆری شەرعییەتی هەڵوێستە نێودەوڵەتییەکانی لە بیرۆکەی "هەناردەکردنی شۆڕش" و بەرەنگاربوونەوەی "ئیستکباری جیهانی" وەردەگرێ، نەک لە بنەما کلاسیکییەکانی یاسای نێودەوڵەتی. ئەم تێکەڵبوونە لە نێوان سەرچاوە دینی-شۆڕشگێڕییەکان و یاسای بنەڕەتی، بۆتە هۆی ئەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران تایبەتمەندییەکی سەرووسنووری (فرامرزی) هەبێت لە دارشتنی بەرژەوەندییەکان، کە ئەمەش دەتوانێ ببێتە هۆی درووستبوونی دۆخی ئالۆزی بەردەوام لەگەڵ بنەماکانی سەروەری و دەستوەرنەدان لەکاروباری ناوخۆی دەوڵەتان.

**لە گرینگترین ئەو بنەمایانەی یاسای بنەڕەتیی ئێران کە ناتەبان لەگەڵ بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی:**

**١- بنەمای پاراستنی "مستەضعفان" و بنەمای دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی دەوڵەتان**

ئەم بنەمایە یەکێکە لە سەرچاوە بڕوایی و سیاسییە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران دوای شۆڕشی ١٩٧٩. ئەم بنەمایە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بڕوا دینی و فکرییانەی کە دواجار لە یاسای بنەڕەتیشدا جێکراوەتەوە و بنچینەکەی بریتییە لە پشتگیری کردن لەو گەلانەی کە لە ژێر داگیرکاری یان دەسەڵاتداریی ناداد پەروەر دان، وەک درێژکراوەی بیری «یارمەتیدانی زوڵملێکراو» کە ڕەگی دینی هەیە لە فکری شیعیدا.

لە ماددەی ١٥٤ی یاسای بنەڕەتی دا هاتووە: "كۆماری ئیسلامیی ئێران پشتگیری لە خەباتی ڕەوای "مستضعفان" دژی زۆرداران لە هەر شوێنێكی جیهاندا دەكا و لە هەمان كاتدا خۆی لە دەستوەردان لە كاروباری ناوخۆی گەلانی تر دەپارێزێ".

ئەم بنەمایە ناتەبایە لەگەڵ بنەمای دەستوەرنەدان لە كاروباری ناوخۆی دەوڵەتانی تر وەک بنەمایەكی جێگیر و بەهێزی عورفی. لە ماددەی (٧/٢) لە پەیماننامەی نەتەوە یەكگرتووەكان جەخت كراوەتەوە، نە نەتەوە یەكگرتووەكان و نە هیچ دەوڵەتێک مافی دەستێوەردانی نییە كە كاروباری ناوخۆی دەوڵەتانیتر.

لەلایەكی دیكەوە كۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان لە بڕیاری (٢١٣١/خولی ٢٠، ساڵی ١٩٦٥) لە ڕاگەیاندنی قەدەغەی دەستێوەردان لە كاروباری ناوخۆی دەوڵەتان و پاراستنی سەربەخۆیی و سەروەریی دەوڵەتان، ئەم بنەمایەی پشتڕاست كردۆتەوە.

لە داڕشتنی ماددەی (١٥٤) لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا هەوڵ دراوە بۆ گونجاندنی پابەندبوونی ئێران بەبنەمای دەستوەرنەدان، بەڵام پراكتیكی سیاسەتی دەرەوەی ئێران وێنایەكی تەواو جیاوازمان دەداتێ. بۆ نموونە ئێران دانی ناوە بەوەی كە یارمەتیی تەكنەلۆژی بۆ یەمەنییەكان دابین كردووە، كە ئەم كردارە دەتوانێ ئێران بخاتە دۆخی پێشێلكاری بڕیارەكانی ئەنجومەنی ئاسایش. هەروەها، تیمی پسپۆڕانی تایبەت بە یەمەن لە نامەیەک بۆ سەرۆكی ئەنجومەنی ئاسایش، ئاماژەی بە بوونی بەڵگەگەلێک داوە كە پیشان دەدا تاكەكان یان دامەزراوەكان لە ناو ئێران، چەک و كەلوپەلی سەربازی دەنێرن بۆ حوسییەكان، كە پێشێلكاریی بڕیاری (٢٢١٦) ساڵی ٢٠١٥ی ئەنجومەنی ئاسایشە .Bottom of Form

كەواتە بنەمای پاراستنی "مستەضعفان" لە دەقی یاسای بنەڕەتیی ئێراندا، هەوڵ دەدا پابەندبوون بە پشتگیریی 'مستەضعفان' و خۆپاراستن لە پێشێل نەكردنی بنەمای دەستوەرنەدان بەیەكەوە كۆ بكاتەوە، بەڵام پراكتیكی ڕاستەقینە ئەم بنەمایە دەخاتە ناو بازنەیەک كە تێیدا لەگەڵ بنەمای دەستوەرنەدان و قەدەغەی بەكارهێنانی هێز دژایەتی دروست دەكا.

### ٢- بنەمای هەناردەكردنی شۆڕش و بنەمای سەروەری لە یاسای نێودەوڵەتیدا

یاسای بنەڕەتیی ئێران بنەمای هەناردەكردنی شۆڕش وەک پابەندییەک بەرامبەر بە ئوممەتی ئیسلامی پێناسە دەكا، بۆ

نموونە لە ماددەی (١٥٤)دا لە بواری دروستکردن و ئامادەکردنی هێزە چەکدارەکانی وڵات، سەرنج خراوەتە سەر ئەوەی باوەڕ و عەقیدە ببنە بنچینە و بنەمای سەرەکی، و ئەم هێزانە تەنها بە پاراستن و چاودێری سنوورەکان پابەند نین، بەڵکوو پەیامی خودایی خۆیان هەڵدەگرن، کە بریتییە لە جیهاد لە پێناوی خودا و خەبات بۆ بڵاوبوونەوەی حوکمی یاسای خودایی لە سەرانسەری جیهاندا. ئەم بابەتە دژایەتیی ئاشکرای هەیە لەگەڵ بنەمای سەروەری لە یاسای نێودەوڵەتیدا؛ چونکە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ماددەی (١/٢)دا جەخت دەکاتەوە کە هەموو دەوڵەتان لە سەروەریدا یەکسانن و مافی تەواویان هەیە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیان. هەروەها، کۆمەڵی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاگەیاندنی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی سەبارەت بە پەیوەندیی دۆستانە و هاوکاری نێوان دەوڵەتان (١٩٧٠)، پشتڕاستی کردۆتەوە کە "هەر دەوڵەتێک مافی هەیە سیستەمی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کەلتووریی خۆی هەڵبژێرێت و پەرە پێبدا بە بێ هیچ دەستوەردانێکی دەرەکی." هەرچەندە ئێران وا دەبینێت کە هەناردەکردنی شۆڕش بە واتای دەستوەردانی سەربازی نییە، بەڵکو پشتگیری لە گەلە لاوازەکانە، بەڵام بەگوێرەی یاسای نێودەوڵەتی هەر چالاکییەک کە لە سنووری بانگەوازێکی فکری دەرچێ و بگاتە چەکدارکردن، ڕاهێنان یان دابینکردنی دارایی و چەک بۆ گرووپەکان کە لە ناو دەوڵەتێکی ترن، بە پێشێلکردنی سەروەری دادەنرێ و بە بەکارهێنانی هێز ئەژمار دەکرێ کە دژایەتی هەیە لەگەڵ ماددەی (٤/٢) میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان کە هەڕەشەکردن و بەکارهێنانی هێز لە پەیوەندی نێودەوڵەتیدا قەدەغە دەکا.

### ٣- بنەمای ویلایەتی فەقیە و بنەمای یەکسانی لە سەروەری لە نێوان دەوڵەتاندا

لە ئێران باوەڕ بە ویلایەتی فەقیە یەکێکە لە بنچینە سەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. ماددەی ١١٠ ی دەستووری ئێران دەسەڵاتی فراوان بە ویلایەتی فەقیە دەدا کە ئاراستەکردنی سیاسەتی دەرەوە و داڕشتنی بڕیارە ستراتیژییەکانی وڵاتیش دەگرێتەوە.

کاتێک سیستەمی سیاسیدا مەرجەعییەتی دینی ببێتە ئاراستەدەر و ڕێنمای سیاسەتی دەرەوە، ئەمە دەبێتە هۆی پشتبەستن بە پێوەرە مەزهەبییەکان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا. لە کاتێکدا یاسای نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای یەکسانیی سەروەریی نێوان دەوڵەتان دامەزراوە لە دەرەوەی هەر جۆرە مەرجەعییەتێکی ئایینی یان ئایدیۆلۆژی، بۆیە هێنانە ناوەوەی ئامرازە دینییەکان وەک پێوەری سەرەکی بۆ سیاسەتی دەرەوە، دەتوانێ دژایەتی دروست بکا لەگەڵ یاساکانی نێودەوڵەتی، کە لەسەر بێلایەنی و یەکسانیی یاسایی نێوان دەوڵەتان دامەزراون.

بنەمای ویلایەتی فەقیە ئەگەر وەک سیستەمێکی ناوخۆیی، شێوازی حکومڕانی لە ئێراندا دیاری بکا، لە بنەڕەتدا دژایەتی

نییە لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی،. بەڵام لە ڕووی یاسای بنەڕەتییەوە، تیۆریی ویلایەتی فەقیە تەعبیر کردنە لە پرۆژەیەکی شیعیی جیهانی لە ژێر ڕێبەری وەلی فەقیەدا و ئەو بنەمایە وەک مەرجەعێکی سنووربەزێن یان وەک هۆکارێک بۆ دەستێوەردان لە کاروباری دەوڵەتانیتر کاری پێ دەکرێ.

یاسای بنەڕەتیی ئێران هیچ دەقێکی ڕوونی تێدا نییە کە ویلایەتی فەقیە یان حکومەت پابەند بکا بە ڕێزگرتن لە یاسا و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، و هەروەها هیچ ئاماژەیەکی ڕوونی نییە بۆ ڕێزگرتن لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و پابەندبوون بە پەیماننامەی ئەو ڕێکخراوە کە لە یاسای بنەڕەتیی زۆربەی دەوڵەتانیتر ئاماژەی پێدراوە.

### ٤- بنەمای ڕووبەڕووبوونەوەی ستەمکاری جیهانی و بنەمای قەدەغەی بەکارهێنانی هێز

فەسڵی دەیەم لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئاماژە بە بنەما سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوە دەکا و جەخت لەسەر ڕەتکردنەوەی زاڵبوونی هێزە گەورە و دەسەڵاتدارەکان دەکاتەوە. بنەمای ڕوبەڕوبوونەوەی "ستەمکاریی جیهانی" یەکێکە لە بنچینە سەرەکییەکانی ڕوانینی سیاسیی ئێران دوای شۆڕشی ١٩٧٩. ئەم بنەمایە تەنها وەک شێوازێکی سیاسی نەماوە، بەڵکوو بۆتە چوارچێوەیەکی ستراتیژی کە ئاراستەی سیاسەتەکانی بەرگری و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئێران دیاری دەکا و هەروەها وەک هۆکارێک بەکاردێ بۆ ڕەواییەت دانی دروستکردنی توانای سەربازی پێشکەوتوو، لەوانە پەرەپێدانی پرۆگرامە موشەکییە بالیستیکییەکان و پشتگیری لە هەندێک گرووپی چەکدار لە ناوچەکەدا. ئەم ئاراستەیە دژایەتی لەگەڵ بنەمای قەدەغەکردنی بەکارهێنانی هێز دەکات کە لە ماددەی (٢/٤) لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە. کۆمەڵی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانی پێناسەی تاوانی دەستدرێژی دەکا، لە ماددەی یەکەمی بڕیاری (٣٣١٤) ساڵی ١٩٧٤، هاتوە کە "بەکارهێنانی هێزی چەکدار لەلایەن دەوڵەتێکەوە دژی سەروەری، تەواویەتی خاک یان سەربەخۆیی سیاسیی دەوڵەتێکی تر، یان بە هەر شێوەیەکی تر کە دژایەتیی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بکا."

بنەمای ڕوبەڕوبوونەوەی "ستەمکاریی جیهانی" دەتوانرێ لە چوارچێوەی خەباتی سیاسی، ئابووری و فکریدا لە ناوخۆی وڵاتێکدا وەک پابەندییەکی سیاسی-ئەخلاقی کاری پێ بکرێ، بەڵام ئەگەر بگۆڕدرێ بۆ پشتگیریی چەکداری یان کرداری سەربازی بە وەکالەت، ئەوا ڕاستەوخۆ دژایەتی لەگەڵ بنەمای قەدەغەکردنی بەکارهێنانی هێز دەکا. سەرکەوتنی چارەسەری دیپلۆماسی بۆ ئاریشەی ئێران پێویستی بە نیشاندانی نیەت پاکیی لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە وەک بنەمایەکی گشتیی یاسایی، بەو پێیەی پێویستە دەوڵەتان پەیماننامە و ڕێککەوتننامەکان بە ڕاستی و بێ فێڵ جێبەجێ بکەن و پابەند بن

## بانەمەڕی ٢٧٢٥

پێیانەوە. ئەم بنەمایە بنچینەی بەردەوامی و متمانە لە سیستەمی دیپلۆماسیدا پێکدێنێ. لەلایەکی دیکەوە بنەمای باڵایی یاسای نێودەوڵەتی لەسەر یاسا بنەڕەتییەکان و یاسا نێوخۆییەکان، زەمینە دەڕخسێنێ تا دەوڵەت بتوانی پابەندییەکانی جێبەجێ بکا بە پێشخستنی بنەما گشتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی بەسەر یاسای بنەڕەتیدا و ڕێگا بۆ پشتبەستن بە دیپلۆماسی بۆ چارەسەری کێشەکان هەموار بکا، لە کاتێکدا لە سیستەمێکی ئایدۆلۆژیدا ئەستەمە دەوڵەت پابەند بکرێ بەو بنەمایانەوە. لە ئێستادا کە ئاماژەی ڕێککەوتنی ئێران و ئەمریکا بەدی دەکرێ، نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە دەزگای بڕوایی و پڕاگماتیکیی دیپلۆماسیی ئێران توانای بەردەوام بوونی ڕێککەوتننامەیەکی لەو چەشنە ناگرێ و زوو یان درەنگ دۆخەکە ڕوو لە گرژیی زیاتر دەکا.

## ١٠ی بانەمەڕی ٢٧٢٦

# گرنگی و بایەخی پێکهاتنی هاوپەیمانیی کوردستانی!





ئیبراهیم لاجانی

قووڵبوونەوەی قەیرانی هەمەلایەنەی کۆماری ئیسلامی، هەلومەرجێکی بێوێنەی بۆ دارِشتنەوەی سیستەمی سیاسی لە ئێراندا پێک هێناوە. لە بارودۆخێکی ئاوادا، پێکهاتنی هاوپەیمانی لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ئێراندا، دەبێت نەک هەر وەک کردەوەیەکی تاکتیکی، بەڵکوو وەک هەوڵێکی کارا، بۆ شوێندانان لەسەر پرۆسەی سیاسی و تێپەڕین بەرەو

ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیک لە قەڵەم بدرێت.

ئەو هاوپەیمانییە، ئەگەر لە چوارچێوەی یاسای نێونەتەوەیی، مافەکانی مرۆڤ و ئەسڵەکانی دێموکراسیدا سیاسەت بکات، دەتوانێت ڕۆڵێکی گەورە بگێڕێت. واتە بەرگری لە داخوازییە نەتەوەییەکانی نەتەوەی کورد و کۆمەک بە چوونەپێشی دێموکراسیخوازانە لە ئێراندا بکات. هەرچەشنە هاوپەیمانییەکی سیاسی تەنیا ئەوکاتە دەتوانێت شوێندانەر بێت کە سێ کارکردی هەبێت: یەکێتیی نێوخۆیی، شەرعییەتی یاسایی و توانای مانۆڕدانی نەتەوەیی و سەرتاسەری. جا ئەگەر هاوپەیمانیی کوردستانی بتوانێت لە چوارچێوەی ئەو ئەسڵانەدا هەڵسوڕێت، دەتوانێت ببێتە هێزێکی کاریگەر لەسەر وەزعی ئێستا و داهاتووی ئێران.

کۆمەڵگەی کوردی لە کوردستانی ئێران بۆ ماوەیەکی زۆر و دوورودرێژ لەگەڵ پرشوبڵاوی و ململانێی ئایدیۆلۆژی و فشار و سەرکوتی سیاسی و ئەمنییەتیدا دەستەویەخە بووە، بۆیە پێکهاتنی هاوپەیمانیی کوردستانی لە نێوان ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستاندا، پەیامێکی ڕوون بۆ خەڵکی کوردستان و کاراکتەرە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان دەنێرێت. ئەو پەیامە بریتییە لەوە کە کوردەکان نەک هەر نایانهەوێت پشێوی و ناسەقامگیری و شەڕ و ئاژاوە دروست بێت، بەڵکوو ئەوان لایەنگر و خوازیاری دروستبوونی چوارچێوەیەکی سیاسیی ئەوتۆن کە دەرفەتی ئەوەیان بۆ بخوڵقێنێت بتوانن لە دامەزراندن و سەقامگیرکردنی سیستەمێکی دێموکراتیکدا لە ئێراندا، ڕۆڵی خۆیان بگێڕن.

ئێران کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و کۆنڤانسیۆنی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئیمزا کردووە. ماددەی یەکەمی هەردووکی ئەو پەیماننامەیە، مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان بەدەستی خۆیان بە ڕەسمی دەناسێت.

ئەگەر هاوپەیمانیی کوردستانی بتوانێت، داخوازییەکانی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی ئەو ئەسڵە پەسندکراوە جیهانییانەدا بێنێتە گۆڕێ، پرسی کورد و چارەسەرییەکەی نەک هەر وەک "هەڕەشە" هەژمار ناکرێت، بەڵکوو وەک "دابین و دەستەبەرکردنی تەعەهودی نێونەتەوەیی" دەوڵەتی ئێران لە قەڵەم دەدرێت. ئەوەش بۆخۆی ئاڵوگۆڕێکی گەورە لە ڕیتۆریک و زمانی سیاسەتی کوردیدا پێک دێنێت.

ئەزموونی وڵاتانی ناوچەکە ئەوە نیشان دەدات کە ڕووخانی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان، بەبێ حزووری حیزب و لایەنە سیاسییە بەرپرسەکان، ڕەنگە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی پشێوی و ئاژاوە. لە وەزعێکی ئاوادا پێکهاتنی هاوپەیمانییەک کە پێ لەسەر

دابینکردنی ئاسایش و ئەمنییەت و نەزمی مەدەنی و گواستنەوەی دەسەڵات بە شێوەیەکی بەرپرسانە دادەگرێت، دەتوانێت دەستەبەری دابینکردنی ئەمنییەت و ئاسایش لە کوردستاندا بکات.

ئەگەر کوردستان، لە قۆناغی تێپەڕین و گواستنەوەدا بۆ سیستەمی تازە، بتوانێت نموونە و مۆدێلێکی سەرکەوتوو و دێموکراتیک لە دەسەڵاتی ناوچەیی و خۆجێیی، سەروەریی یاسا، ئیدارەیەکی هاوبەش و مەدەنی بەدەستەوە بدات، ئەوە نەک هەر لە بەرژەوەندی و قازانجی خەڵکی کوردستاندایە، بەڵکوو ئەو پەیامەش بە سەرتاسەری ئێران دەدات کە ناوەندییەت (دیسانترالیزاسیۆن) و دابەشکردنی دەسەڵات نەک هەر نابێتە مایەی پشێوی، بەڵکوو دەبێتە هۆی سەقامگیریی سیاسی.

یەکێک لە گرفتەکانی سیاسەتی ئێران بریتییە لە حاشاکردن لە دیاردەی فرەنەتەوەیی. واقیع ئەوە نیشان دەدات کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە. نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران خاوەنی مێژوو و فەرهەنگ و زمان و داب و نەریت و ناسنامەی تایبەتیی خۆیانن، بۆیە قبووڵکردنی ئەو ڕاستییە کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە، پێشمەرجی سەقامگیریی سیاسییە لەو وڵاتەدا.

یاسای نێونەتەوەیی جیاوازی لە نێوان "مافی دیاریکردنی چارەنووسی دەرەکی" (جودایی) و "مافی دیاریکردنی چارەنووسی نێوخۆیی" (خۆبەڕێوەبەری و فیدرالیزم) دادەنێت. هاوپەیمانیی کوردستانی بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێراندا دەتوانێت پێ لەسەر پیادەکردنی "مافی دیاریکردنی چارەنووسی نێوخۆیی" دابگرێت. واتە مافی خەڵکی کوردستان بۆ ئیدارەکردنی کاروباری ناوچەیی، پەروەردە و فێرکردن بە زمانی دایک، بەشداریی کاریگەر لە کاروباری حکومەتی ناوەندیدا، بەهرەمەندبوونی دادپەروەرانە لە سەرچاوە سروشتییەکان و سەروەت و سامانی وڵات. هەموو ئەو داخوازییانە لە چوارچێوەی ئێران و حاکمییەت و سەروەریی سیاسیی ئێراندا ئیمکانی دەستەبەرکردنیان هەیە.

یەکێک لە هەستیارترین و گرنگترین ڕۆڵەکانی ئەو هاوپەیمانییە بریتییە لەوەی کە دەبێتە پردێکی سیاسی لە نێوان کوردستان و هێزە سیاسییە سەرتاسەرییەکاندا. دەبێت ئەوە بزانین کە یەکێتی و هاوئاهەنگی و تەبایی نێوخۆیی لە کوردستاندا، هێز و توانای کورد بۆ دانوستان لە ئاستی سەرتاسەریدا زیاتر دەکات.

لە فەزای سیاسیی ئێراندا بە شێوەیەکی ئاسایی هەر چەشنە هێنانەگۆڕێی داخوازییە سیاسییەکانی خەڵکی کوردستان بە جۆرێک لە جیاوازیخوازی دادەنرێت. هاوپەیمانیی کوردستانی دەتوانێت لە ڕێگەی گرتنەپێشی ئەو میکانیزمانە، ئەو چەشنە

بانەمەڕی ٢٧٢٥

نیگەرانییانە کەم کاتەوە یان ئەو جۆرە ئیدیعایانە بەرپەرچ بداتەوە. لە دەورانی تێپەڕیندا، ئەگەر دامەزراوە سیاسییەکانی کوردستان بتوانن لەسەر ئەسڵ و پرەنسیپەکانی وەک وەڵامدەرەوەبوون، بەرپرسیارێتی قبووڵکردن، سەروەریی یاسا و شەفافیەت کار بکەن، کوردستان دەتوانێت ببێتە سەرمەشقێک بۆ هەموو ئێران.

لە جیهانی ئەمڕۆدا، شەرعییەتی نێوخۆیی بە پرستیژ و ئیعتیباری نێونەتەوەییەوە گرێ دراوە. ئەگەر هاوپەیمانیی کوردستانی گوتاری خۆی لە چوارچێوەی یاسا و عورفی نێونەتەوەییدا بەرێتە پێش، دەتوانێت پشتیوانی و هاوپێوەندییەکی سیاسی و ئەخلاقیی بەرین لە ئاستی دەرەوەدا بۆ لای خۆی ڕاکێشێت.

بایەخ و گرنگیی پێکهاتنی ئەو هاوپەیمانییە تەنیا هەر پەیوەندیی بە کوردستانەوە نییە. ئەگەر بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە لە دەورانی تێپەڕیندا بتوانێت ئەرکەکانی خۆی بەڕێوە بەرێت، ئەوە نیشان دەدات کە: ناوەندییەت دەتوانێت پێش بە کەڵەکەبوونی ئیمکانات و کۆبوونەوەی لە ڕادەبەدەری دەسەڵات لە ناوەند بگرێت. لەوەش زیاتر بەشداریی ڕاستەقینەی خەڵکی کوردستان لە پرۆسەی سیاسیی سەرتاسەریدا سەرمایەیەکی گەورەی سیاسی بۆ سیستەمی تازە دەستەبەر دەکات. ئاخر قبووڵکردنی فرەکولتووری و فرەفەرهەنگی، دەتوانێت یەکێتی و هاوپێوەندیی نەتەوەیی و سەرتاسەری لە ئێراندا لەسەر بناغەی ڕەزامەندی، نەک زوڵم و زۆر، پێک بێنێت.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا، پرسی نەتەوەکانی ژێرستەمی ئێران، وەک کورد، بەلووچ، عەرەب و تورک، لەبری ئەوەی ببێتە سەرچاوە و مایەی شەڕ و کێشە و ناکۆکیی سیاسی، دەبێتە دەرفەتێک بۆ دارشتنەوەی سەرلەنوێی "پەیماننامەی کۆمەڵایەتی" لە ئێرانی ئازاد و دێموکراتیکدا.

١١ی بانەمەڕی ٢٧٢٦



سەرچاوە
Serchawe

## دیپلۆماسیی یەکدەنگ، دەرفەت و بەربەستەکان






هیوا بەهرامی

ئەو گۆڕانکارییانە کە بەسەر ناوچەکەدا هاتوون ڕێژیمی ئێرانی بۆ کورتمەودا و دوورمەودا لاواز کردووە و بۆ یەکەمجار لە ماوەی لانیکەم ٣٥ ساڵی ڕابردوودا کرانەوەیەکی ستراتیژیک بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستەبەر بووە. ئەم کرانەوەیە دەرفەتێکە بۆ گەیاندنی پەیامی سیاسی و ستراتیژیی نەتەوەی کورد، نە تەنیا بە وڵاتانی پێشکەوتوو و دێموکراتیک،

بەڵکوو بە وڵاتانی ناوچەش، کە بۆیان دەرکەوتووە کە کۆماری ئیسلامی چەندە مەترسییەکی گەورەیە لە سەر بەرژەوەندییەکانیان.

جێگای داخە وەک کوردانی ڕۆژهەڵات لە دۆخی ئێستادا هێشتا ئامادەیی ئەوەمان نییە کە دیپلۆماسییەکی یەکدەنگمان وەکوو نەتەوە هەبێ و ئەمە بەربەستێکی گەورەیە. دیپلۆماسی و پەیوەندییەکانمان دەیان ساڵە لە چالاکی بەردەوامدایە بەڵام ئێستاش لە خوار ئەو ئاستەیە کە دۆزەکەمان پێویستییەتی. ئەمە کێشەی کەمتەرخەمی نییە. هەموو حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کەم یان زۆر پەیوەندییان لە گەڵ دونیای دەرەوە دروست کردووە، زانیارییان داوەتە وڵاتانی جیاواز، لە پەرلەمانەکاندا قسەیان کردووە و پەیوەندییان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان هەیە. کێشەکە ئەوەیە کە هەر یەکێک لەم تۆڕە دیپلۆماسییانە کە هەمانە گرێدراوی حیزبێکە، نەک نەتەوەکەمان. کاتێک بڕیاربەدەستێکی وڵاتێک دەپرسێت کێ بەناوی«کوردانی ئێرانەوە»وە قسە دەکات، هیچ وەڵامێکی یەکگرتوو نییە و نەبوونی ئەم وەڵامە گرفتێکی گەورەیە. بەڵام بنەمای چارەسەرکردنی ئەم گرفتە بوونی هەیە. وەڵامەکە بریتییە لە هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران و هەروەها کەڵک وەرگرتن لە پۆتانسییێلی بەهێزی دیاسپۆرای کوردی ڕۆژهەڵات.

## هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا بەستەرێکی گونجاو بۆ دیپلۆماسیی کوردی ڕۆژهەڵات لەبەردەستدایە کە تاکوو ئێستاش نەتوانراوە بەو جۆرەی پێویستە کەڵکی لێ وەربگیردرێت. سیاسەت و داخوازییەکانی زۆرینەی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان وەک دێموکراسی، مافی چارەی خۆنووسین، پاراستن و داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ و دابەشکردنی دەسەڵات پرسگەلێکن کە لەگەڵ بەهاکانی ڕۆژئاوا تەبان و هەر بۆیەش ئامادەیی پشتگیریی ئەم پرسانە لەلایەن ڕۆژئاواییەکانەوە بەدی دەکرێت. هاوپەیمانی ئامرازێکی سروشتییە بۆ ئەوەی بتوانین یەکدەنگییەکی دیپلۆماسی دروست بکەین. لە ڕێگای هاوپەیمانییەوە دەکرێ دیپلۆماسیی ڕۆژهەڵات بگەینینە ئەوەی ببێتە دیپلۆماسییەکی نەتەوەیی، نەک لەبەر ئەوەی هاوپەیمانی بێکەموکورییە، یان هەموو ناکۆکییە نێوخۆییەکانی چارەسەر کردووە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی تەنیا پێکهاتەیەکە کە لەبەردەستە و توانای ئەوەی هەیە دەنگێکی یەکگرتووی کورد بە وڵاتانی جیهان بگەیەنێ. هەر بۆیە پێویستە بە کردەوە کۆمیتەیەکی تایبەت بە دیپلۆماسی لەنێو هاوپەیمانیدا پێک بێ، نەک وەک لێژنەیەکی هەماهەنگی، بەڵکوو وەک دەستەیەکی کار کە ئەرکی دیاریکراوی هەبێت. دیپلۆماسیی هاوبەشی هاوپەیمانی دەتوانێت پێگەی ڕۆژهەڵات لە پایتەختەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ناوچەکە بگۆڕێت.

بۆ گەیشتن بەو ئاستە لە کاری دیپلۆماسی پێویستە مانیفێستێک هەبێت کە داواکارییەکانی نەتەوەی کورد تێیدا بە ڕوونی شی کرابنەوە و هەروەها هەڵوێستی ڕۆژهەڵات سەبارەت بە داهاتووی ئێران، دێموکراسی، مافی نەتەوەکان لە خۆ بگرێت و گرێ بدرێ بە بەرژەوەندیی وڵاتانی ناوچە و جیهان. بێجگە لەمە، پێویستە بەشی پەیوەندییەکانی هاوپەیمانی ئەرکدار بکرێ گرووپی کارکردن لەسەر داکۆکیکاری مافی مرۆڤ، پەیوەندی لەگەڵ میدیا، کاروباری یاسایی و هەماهەنگی لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنیی وڵاتانی جیاواز ڕاپەڕێنێ. ئامانجەکە نابێ سیاسەتی حیزبی بێ، بەڵکوو ڕێکخستنی وزە بۆ ئاڕاستەیەکی ستراتیژیی ڕوون. ئەمە دەبێتە ناونیشانێک بۆ پەیوەندیی دەوڵەتەکان، حیزبە سیاسییەکان، ڕۆژنامەنووسان، توێژەران و داڕێژەرانی سیاسەتی وڵاتان کە دەیانەوێت لە هەڵوێست و سیاسەتی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێبگەن. لە ئێستادا، هەر کەسێک بیەوێت بە جیدی لە دۆزی ئێمە بکۆڵێتەوە، ڕووبەڕووی نەخشەیەکی ئاڵۆز لە حیزبەکانمان دەبێتەوە. دیپلۆماسیی یەکگرتووی هاوپەیمانی جێگەی پەیوەندییە حیزبییەکان ناگرێتەوە؛ بەڵکوو بە دەنگێکی نەتەوەیی باوەڕپێکراو بەهێزتریان دەکات. پرسیاری ئەوە کە ئایا حیزبەکانی دەرەوەی هاوپەیمانی، یا تەنانەت تاکی کورد کە سەر بە هیچ حیزبێک نین، دەتوانن بەشداری لەم پرۆسەیەدا بکەن؟ ئەمە پرسێکی گرنگە و شایەنی گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانەیە نەک خۆدزینەوەی تاکتیکی. پرەنسیپەکە دەبێت سادە بێت: هەر هێزێکی سیاسیی ڕۆژهەڵات کە ئامادە بێت لە چوارچێوەیەکی دێموکراسیی هاوبەش و دیسپلینێکی دیپلۆماسیی هاوبەشدا کار بکات، دەبێت جێگەی لەسەر مێزەکە هەبێت.

## دیاسپۆرای کوردی

پۆتانسیێلێکی بەهێز کە دیپلۆماسیی کوردی ڕۆژهەڵات دەتوانێ کەڵکی لێ وەربگرێت، دیاسپۆرایە. ئەمڕۆ ڕادەیەکی زۆر کوردی ڕۆژهەڵات لە دیاسپۆرادا و بە تایبەت لە وڵاتانی ڕۆژئاوا دەژین. ئەمە بۆ خۆی سەرمایەیەکی سیاسیی گەورە و بەنرخە بۆ ئەوەی دیپلۆماسیی کورد بتوانێت بۆ بردنە پێشی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات کەڵکی ئەرێنی لێ وەربگرێت. ڕەوەندی کورد لە دەرەوەی وڵات ئەو سەرمایەیە کە هێشتا بە پێی پێویست وەگەڕمان نەخستووە. ئێستا سەدان هەزار کوردی ڕۆژهەڵات لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەژین. لە نێوانیاندا پزیشک، ئەندازیار، پارێزەر، ئەکادیمی، ڕۆژنامەنووس، هونەرمەند و نەوەیەکی گەنج هەن کە لە ڕووی سیاسییەوە پێگەیشتوون گرنگە کە لە دەوری هاوپەیمانی کۆ بکرێنەوە. دیاسپۆرای کورد لەگەڵ جیهانی دیجیتاڵیدا ڕاهاتوون، شارەزای میدیان، لەنێو ژیانی گشتیی ڕۆژئاوادا تێکەڵ بوون و، لەوەش گرنگتر، کەمتر بە دابەشبوونە میراتگرییەکانی سیاسەتی حیزبییەوە بەستراونەتەوە. ئەمانە گرنگترین سەرچاوەی سیاسیین کە ڕۆژهەڵات تا ئێستا لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی هەیەتی. ئێمە هێشتا نەمانتوانیوە بە شێوەی پێویست ئەم سەرمایە بەهێزە مرۆییە وەگەڕ خەین. بەراوردکردن لەگەڵ نەتەوەی دیکە کە لە هەلومەرجی هاوشێوەی کورددان دەتوانێ وانەبەخش

بێت. بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوەی دیکە بە شێوەیەکی سیستماتیک ڕەوەندی ئورووپای خۆیان کۆ دەکەنەوە و لە ڕێگەی دروستکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دامەزراوە کولتوورییەکان، پلاتفۆرمە میدیاییەکان و تۆڕەکانی لۆبیکردن لەژێر ئاراستەیەکی هەماهەنگدا توانیویانە کاریگەری لەسەر سیاسەتی وڵاتانی جیاواز دابنێن. هاوپەیمانی پێویستە کەڵک لەم سەرمایە وەربگرێ بۆ ئەوەی پرس و دۆزی کوردی ڕۆژهەڵات بکا بە پرسێکی هەمیشەیی لە ئەجێندای سیاسیی وڵاتانی جیهاندا.

حکوومەتە ڕۆژئاواییەکان خۆیان ناگەنە ئەم هەڵوێستە؛ بەڵکوو لە ڕێگەی گوشاری بەردەوام و ڕێکخراوی ڕەوەندی کوردییەوە دەکرێ ئەم گۆڕانە وەدی بێنین. ڕەوەندی ڕۆژهەڵات تایبەتمەندیی گرنگی زۆری هەیە، پرۆفیشناڵن، زیاتر بڵاوەیان کردووە و کەمتر لە وڵاتانی دیاریکراوی ئورووپیدا چڕ بوونەتەوە، بەڵام تواناکەیان، ئەگەر زیاتر نەبێت، لە نەتەوەکانی دیکە کەمتر نییە. مەخابن لە ئێستادا هیچ چەشنە کۆردیناسیونێکمان نییە کە بتوانێ ئەمڕۆ سەدان ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیی ڕۆژهەڵات کە لە سەرانسەری ئورووپا و ئەمریکای باکووردا کار دەکەن، ڕێک بخات و لە ژێر چەترێکدا کۆیان بکاتەوە. هەر بۆیەش چالاکییەکانیان کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە.

پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا قۆناغی ناساندنی بە دونیای دەرەوەی تێپەڕ کردووە. هەبوونی دەیان ساڵ چالاکی سیاسی، مەدەنی و بەرگریی پێشمەرگانە و گیانفیدایی هەزاران کچ و کوڕی ئەم نیشتمانە توانیویەتی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ڕادەیەکی باش بە دونیای دەرەوە بناسێنێت. بە تایبەت پاش شۆڕشی ژینا پرسی کورد کەوتووەتە قۆناغێکی نوێوە و بۆ ئەمەش دەبێ خوێندنەوەی نوێ و بەرنامە و پلانی گونجاو دابڕێژرێت. پەیامی بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات، پەیامی ئازادی، دێموکراسی، دادپەروەری و پێکهێنانی ژینگەیەک بەدەر لە هەر چەشنە ئایدیۆلۆژییەکی وێرانکەر و دواکەوتووانەیە و ئەو پەیامەش هاوتەریبە لەگەڵ بەهاکانی دونیای پێشکەوتوو. ئەگەر خوێندنەوەیەکی سەردەمیانەمان بۆ ئەم قۆناغە هەبێت و بتوانین لە هەموو دەرفەتەکان کەڵک وەرگرین، دەکرێ لە ئاستی نێونەتەوەییدا وەک پارتنەرێکی جیدی و کارا لە ئێرانی داهاتوودا حیسابمان بۆ بکرێت.

ئامانج دڵنیابوونەوەیە لەوەی کاتێک دانوستان لەسەر داهاتووی سیاسیی ئێران دەکرێت، چ لە ساتێکی وەرچەرخانی کتوپڕدا بێت یان لە ڕێگەی گۆڕانکارییەکی هەنگاو بە هەنگاو، ڕۆژهەڵات وەک پارتنەر و هاوپەیمانی جیدی، ڕێکخراو و خاوەن متمانەی نێودەوڵەتی لەسەر مێزی گفتوگۆ بێت. نەک وەک پاڕانەوەیەک، یان وەک پەراوێزێک لە پلانی گۆڕانکاریی لایەنێکی تردا. نابێ بڕیار لەسەر داهاتووی ئێران بدرێ و نەتەوەی کورد لە ژووری بڕیاردانەدا نەبێت. نابێ ئەم دەرفەتە ستراتیژییە لەدەست بدەین. دەبێ ژینگەی سیاسی لەچاو چەندین دەیەی ڕابردوو سالمتر و کاراتر بکەین. ئەوەی دەمێنێتەوە

**بانەمەڕی ٢٧٢٥**

تەنیا ئیرادەی سیاسییە لەنێو بزووتنەوەکەماندا، بۆ ئەوەی خۆمان لەو ئاستەدا ڕێکبخەین کە ئەم ساتەوەختە لێمان دەخوازێت. باجی شکستهێنان لەم کارەدا تەنیا لەدەستدانی پێگەکەمان نییە، بەڵکوو بەفیڕۆدانی دەرفەتێکە کە ڕەنگە جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە.

**١١ی بانەمەڕی ٢٧٢٦**

# توندڕۆیی و نەرمڕۆیی لە کۆماری ئیسلامیدا لە نێوان ڕاستی و گەمەی سیاسیدا





**مستەفا مەعرووفی**

لە دوای شەڕی ٣٩ ڕۆژەی ئەمریکا و ئیسرائیل بە دژی ئێران لە مانگی مارس و سەرەتای ئاوریلدا و دەستپێکردنەوەی وتووێژەکانیان، دیسان بابەتی توندڕۆیی و نەرمڕۆیی لە نێو پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا ژیاوەتەوە. ئەمریکا کە دەیەوێت بەبێ ڕووخانی ڕێژیم و هەر لە نێو ئەم ڕێژیمەدا کەسانێکی «نەرمڕۆ» بدۆزێتەوە کە لەگەڵیان بکەوێتە وتووێژەوە و لە داهاتوودا دەسەڵات بگرنە دەست، هەوڵ دەدات سیناریۆی ڤێنزوئێلا لە ئێراندا پیادە بکات. ترامپ سەرکۆماری ئەمریکا بەر

لە یەکەم دەوری وتووێژەکانی دوای شەڕی ٣٨ ڕۆژە ڕاگەیاند لەگەڵ «ڕێبەرانی نوێ» و «مەعقوول»ی کۆماری ئیسلامی وتووێژ دەکات و پێکدێن. لە ڕۆژی ٢٦ی ئاوریلیشدا ڕاگەیاند کە «لە ئێراندا لەگەڵ کەسانی مەنتیقی و نامەنتیقی بەرەوڕووین».

توندڕۆیی و نەرمڕۆیی لانیکەم لە کۆماری ئیسلامیدا بریتییە لە دوو ڕێگای توند و دەمارگرژانە لە لایەک و نەرم و لەسەرخۆتر لە لایەکی دیکە، لە چوارچێوەی یەک سیستمدا و بۆ خزمەت بە یەک ئامانج. لە هەموو سیستمێک و ڕێکخراوێکدا و لە هەموو جیهاندا دەکرێت ئەم بابەتە هەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکە ئیدیۆلۆژیک، بە گشتی توندڕەو و کێشەخوڵقێن، ئەم بابەتە گرنگییەکی تایبەتیی هەیە و وەک بابەتێکی ئاسایی بەو جۆرەی کە لە هەموو جیهاندا هەیە سەیری ناکرێت. لەم چەند دێڕەدا هەوڵ دەدرێت چاو لە پێشینەی ئەم بابەتە لە کۆماری ئیسلامیدا، هەڵسوکەوتی لایەنە نێوخۆیی و دەرەکییەکان و ڕووداو و لێکەوتە سیاسییەکانی ئەم بابەتە بکرێت، بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی کورددا.

لە سیستمێکی دێموکراتیکدا جیاوازی لە بۆچوون و میتۆددا نەک قەیرانخوڵقێن نییە، بەڵکوو مافە و لە چوارچێوەی ئەقڵی گشتی و بەرپرسایەتیی بەکۆمەڵدا پێناسە دەکرێت. بەڵام لە سیستمێکی ئیدیۆلۆژیک و ڕێژیمێکی مەزهەبیدا دەبێتە سەرچاوەی قەیران و تا سنووری گرژی و ئاڵۆزی و تەنانەت لێکترازان دەڕواتە پێش. هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەو بنەما و بیروباوەڕەی ڕێژیمەکەی لەسەر دامەزراوە، بە پیرۆز دەزانرێن و هێڵی سوورن و بە چەقبەستوویی دەمێننەوە. لە کاتێکدا کۆمەڵگە بەرەوپێش دەچێت و گۆڕانە سیاسییەکان هەڵوێست و میتۆدی نوێ دەخوازن کە لە بنەما و هێڵە سوورە جێگیربووەکاندا پێشبینی نەکراون. بۆ وەڵامدانەوە بە دۆخی نوێ و گۆڕانە نوێیەکان، بۆچوونی جیاواز و میتۆدی جیاواز دێتە پێش کە ڕەنگە لەگەڵ بەرژەوەندی و بۆچوونی کەسانێکی نێو سیستم نەیەتەوە و دژکردەوەی بەدوادا بێت. لێرەدایە کە دژکردەوەکان لە بەستێنێکی توند و دەمارگرژانەدا دێنە گۆڕ و سیستمەکە لەگەڵ قەیرانی دووبەرەکی و چەندبەرەکی بەرەوڕوو دەکات. بۆیە مێژووی کۆماری ئیسلامی وەک ڕێژیمێکی مەزهەبی و ئیدیۆلۆژیک بەردەوام تێکەڵ بە کێشە و قەیرانی دوو بەرەی توندڕۆ و نەرمڕۆیە.

## پێشینەی توندڕۆیی و نەرمڕۆیی لە کۆماری ئیسلامیدا

لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامییەوە تا ئەمڕۆ، بە دەیان حیزب، ڕێکخراو و دامەزراوە هەن کە لە لایەن کەسان یان کەسێکی دەستڕۆیشتووی ئەم ڕێژیمەوە ئیدارە دەکرێن کە زۆربەی هەرە زۆریان ئاخوندن. ڕواڵەتی دیاردەکە فرەچەشنییەک

نیشان دەدات، بەڵام فرەچەشنییەکی تەواو جیاواز لە سیستمێکی دیموکراتیک کە ئازادیی حیزبە سیاسییەکان بە بەرنامە و ڕێباز و ئیدئۆلۆژیی جیاوازەوە بگرێتە خۆ. هەندێک لە بەرپرسان و ڕێکخراوەکانی نێو کۆماری ئیسلامی، وێڕای پابەندبوونیان بە تەواوەتیی ڕێژیم و بنەما فکری و سیاسییەکانی، خۆیان بە پراگماتیست زانیوە و ڕێگای مانەوە و پەرەپێدانی ڕێژیمەکەیان بەوە زانیوە کە دەرگاکانیان بە ڕووی دنیای دەرەوەدا زیاتر بکەنەوە و ساتوسەودای باشتریان بەتایبەتی لە بواری ئابوورییەوە لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا هەبێت. ئەمانە بە باڵی «نەرمڕۆ» دەناسرێن .ئەمانە هەوڵ دەدەن ڕوویەکی دیکە بە دەرەوە نیشان بدەن بۆ ئەوەی ڕێژیمەکەیان لە کۆمەڵگەی جیهانی تەریک نەبێتەوە، هەرچەند لە نێوخۆدا جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ بەرەی «توندڕەو» نییە. بۆ نموونە ساڵانێکی زۆر عەلی ئەکبەری هاشمیی ڕەفسەنجانی بە دیارترین ڕوومای ئەو باڵە دەناسرا.

لە بەرامبەردا کەسانێک و کۆمەڵێک ڕێکخراو هەن و بە توندی بە بنەما ئیدئۆلۆژی و سیاسییەکانی ڕێژیمەوە نووساون و زیاتر چاویان لەسەر باوەڕ و ئیمانیانە، بێ ڕەچاوکردنی قازانج و بەرژەوەندییەکانیان و ئیعتیباری جیهانی و نێونەتەوەیی، و بابەتی «دەرەوە» بەتایبەتی «ڕۆژئاوا» بابەتێکە بۆ ئەوان هاوواتایە بە دوژمن. ئەمانە پێیان وایە هەر چەشنە نەرمینواندنێک دەبێتە سەرەتایەک بۆ بەلارێداچوون و دوورکەوتنەوە لە ئوسول و پرەنسیپەکانی ڕێژیم. ئەمانە هەمیشە لە لایەن نیهادی ڕێبەری کە دەسەڵاتی ڕەهای لە کۆماری ئیسلامیدا بەدەست بووە، چ لە سەردەمی خومەینی و چ لە سەردەمی خامنەیی باوکدا پشتیوانییان لێ کراوە. لەم ساڵانەی دواییدا کە بەتایبەتی دوای دوو ڕاپەڕینی جەماوەریی گەورە؛ ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی» و ڕاپەڕینی بەفرانباری ڕابردوو، کە دەسەڵاتی ڕەهای خامنەیی گەیشتبووە لووتکە و سپای پاسداران ئیدارە و کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر وڵاتدا بەدەستەوە گرت، «نەرمڕۆیی» لە شانۆی سیاسیی کۆماری ئیسلامی سڕایەوە.

## توندڕۆیی و نەرمڕۆیی لە نێوان شانۆسازی و ڕاستیدا

لە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی کێشە و ململانێی نێو باڵەکانی کۆماری ئیسلامیدا، بەبێ خوێندنەوە و لێوردبوونەوە ئاسانە بگوترێت کێشەی توندڕۆیی و نەرمڕۆیی شانۆیە و گەمەیە. بەڵام کاتێک بە وردی چاو لە ڕووداوە نێوخۆییەکانی کۆماری ئیسلامی دەکەی کە پڕە لە مەرگی گوماناوی، تێرۆر و پەراوێزخستنی یەکتر، دەبینی دووبەرەکی و چەندبەرەکی لە نێوخۆی ئەم ڕێژیمەدا هیچ وەک «گەمە» ناچێت. هەر لە سەردەمی خومەینییەوە، ئایەتوڵڵا مونتەزیری کە پێشتر جێگری ناوبراو بوو، بە بۆچوونە تا ڕادەیەک نەرمڕۆیەکانی لە چاو خومەینی، کەوتە بەر ڕق و قینی ناوبراو و دەستلەکارکێشانەوەی بەسەردا سەپا و ساڵانێکی زۆر هەتا کاتی مردنی، سەرئێشە و گیروگرفتێکی زۆری بۆ ڕێژیم دروست کرد. دەسبەسەرکران و

دەرهاویشتنی میر حوسێنی مووسەوی سەرۆکوەزیرانی سەردەمی خومەینی و مەهدیی کەڕووبی سەرۆکی پێشووی مەجلیس و تەنانەت پەراوێزخستنی هاشمیی ڕەفسەنجانی کە لە سەردەمی خومەینیدا فەرماندەی هێزە نیزامییەکان و سەرۆکی مەجلیس بوو و لە سەردەمی خامنەییشدا سەرۆککۆمار و سەرۆکی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم بوو، و مەرگە گوماناوییەکەی، دیارترین نموونەی ئەو ڕاستییەن. کوڕ و کچەکانی ڕەفسەنجانی پێیان وایە کە باوکیان بە تیشکی ڕادیۆئاکتیڤ لەنێو براوە و مردنەکەی تێرۆری سیاسییە. هەر ئێستا کە وتووێژ لەگەڵ ئەمریکا لە گۆڕێدایە، پاشماوەی بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی کە لە شەڕی ٣٩ ڕۆژەدا بە سەلامەتی دەرباز بوون یان ئەوانەی کە ئەمریکا و ئیسرائیل بە هەر هۆیەک دەستی لێ پاراستن، لەسەر وتووێژەکە کێشە و دووبەرەکییان کەوتووەتە نێوانیان و دوای چەند ساڵ کە یەکدەستیی توندڕەوانی ڕێژیم زاڵ ببوو، دیسان بابەتی «توندڕۆیی» و «نەرمڕۆیی» هاتووەتە پێش. تەنانەت دەنگۆی دەسبەسەرکرانی قالیباف و عێراقچیش بڵاو بووەوە.

کەوابوو بە لەبەرچاوگرتنی ڕابردووی پڕ لە کێشە و تەلەفاتی نێوان باڵەکانی «توندڕۆ» و «نەرمڕۆ» و هەوڵدان بۆ پەراوێزخستن و لەنێوبردنی یەکتر، ناتوانین بڵێین ئەمە شانۆیە، بەڵام دەتوانین بڵێین هەوڵێکی بێ ئاکامە. چونکە یەکەم، لە سەرەوەی هەردوو باڵ نیهادی وەلیی فەقیە هەیە کە سەرەنجام ئەو بڕیاری کۆتایی لەسەر هەموو شتێک دەدات کە هەمیشە بڕیارێک بووە بە قازانجی توندڕۆیی. دووەم، کێشەکان لە چوارچێوەی ڕێژیمدان و لە کێشەیەکی تاکتیکی و سەلیقەیی زیاتر تێناپەڕن و هەر دوو باڵ باوەڕیان بە دامەزراوە و بنەما سەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامییە. لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش ئەوەیە کە لە کاتێکدا «ڕێبەر» دەسەڵاتێکی ڕەهای هەیە و دەتوانێت بە بڕیارێک هەموو گۆڕانێک پێک بێنێت، بۆچی «توندڕۆ» و «نەرمڕۆ»یەکان لە بەرامبەر یەکدا ڕادەوەستن و توندڕەوەکان و لە سەرووی ئەوان ڕێبەر، وەک ئەم چەند ساڵەی دوایی خۆیان لە سەرئێشەی «نەرمڕۆ»یەکان ڕزگار نەدەکرد؟

## نەرمڕۆیی وەک ئامرازی دیپلۆماسی

باڵی نەرمڕۆ لە بەرچاوی توندڕۆیەکاندا کە دەسەڵاتی سەرەکییان بەدەستە و نیهادی ڕێبەرییان لە پشتە، زۆر ڕەزاسووک نەبوون و بەردەوام لەژێر فشاردا بوون، بەو حاڵەش هەمیشە هەبوون و لە دەسەڵاتیشدا بەشدار بوون. ئەمەش لەبەر دوو هۆی سەرەکی: یەکەم، لە مەیدانی دیپلۆماسی و ساتوسەودای ئابووریدا، بەتایبەتی لەگەڵ دنیای پێشکەوتووی ڕۆژئاوادا، بۆ توندڕۆکان کارێکی ئاسان نەبووە. لە کاناڵی ئەم باڵەوە کۆماری ئیسلامی لە نێو کوڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا حوزووری هەبووە و پێوەندیی ئابووری و بازرگانیی ئەم ڕێژیمە زیاتر لەسەر ئەرکی ئەم باڵە بووە. دووەم، لە کاتێکدا کە سیاسەت و کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ، دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی

دیکە، سێدارە و لەسێدارەدانی بەکۆمەڵی خەڵک، سەرکوت و کوشتاری نارازییان و لە هەمووی گرنگتر تێرۆریزمی نێودەوڵەتیی ئەم ڕێژیمە، بابەتگەلێکن کە لە لایەن وڵاتانی ئورووپایی و بە گشتی دێموکرات و پێشکەوتوو ناکرێت ڕەچاو نەکرێن.

بۆ وڵاتانی پێشکەوتوو بەتایبەتی ئورووپا، پێوەندیی دیپلۆماسی و ساتوسەودای ئابووری لەگەڵ ڕێژیمێکی ئەوتۆدا، لەبەر بیروڕای گشتیی خۆیان کارێکی ئاسان نەبووە. بوونی کەسانێک بە ناوی «نەرمڕۆ»، ڕێک ئەو دەرفەتە بۆ وڵاتانی ئورووپا پێکدەهێنێت کە بیانوویەکیان هەبێت دەستیان بە بازاڕی ئێران ڕابگات و ئاستی پێوەندییە بازرگانییەکانیان لەگەڵ ئەم ڕێژیمە بگەیەننە چەندین ملیار دۆلار لە ساڵێکدا. ئەوان بەو بیانووەی کە لەگەڵ کەسانێکدا لە پێوەندیدان کە «جیاوازن»، درێژە بە پێوەندییە ئابووری و سیاسییەکانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەدەن.

## کورد و باڵی نەرمڕۆ

دوو دەیەی تەواو «نەرمڕۆیی» لە پاوانی هاشمیی ڕەفسەنجانیدا بوو. ئەو کاتەی خومەینی فەرماندەیی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمی لە «ڕۆژاوای ئێران» پێ سپاردبوو، هاوکات بوو لەگەڵ شەڕی ئێران-عێراق. بەڵام ئەرکە سەرەکییەکەی لە ڕاستیدا پێوەندیی بە بزووتنەوەی کوردەوە بوو کە کۆماری ئیسلامی، سەرەڕای ئەوەی تەواوی هەوڵی خۆی بەکار دەهێنا سانسۆری بخاتە سەر، زیاتر لە هەر شەڕ و کێشەیەکی دیکە بە شەڕی کوردستان تووڕە بوو و کێشەی کوردی لە چوارچێوەی شەڕ لەگەڵ عێراقدا پێناسە دەکرد.

پاش مردنی خومەینی و کۆتایی شەڕی ئێران - عێراق، هاشمیی ڕەفسەنجانی بوو بە سەرۆککۆمار. هەوڵی دا وەک پیاوێکی نەرمڕۆ و سیاسییەکی پراگماتیست کۆماری ئیسلامی لە تەریکمانەوە دەرباز بکات کە بەهۆی درێژەدان بە شەڕ لەگەڵ عێراق و کردەوە تێرۆریستییەکانی لە جیهاندا تووشی ببوو؛ توانی بە هەندێک مانۆڕ و کردەوەی دیماگۆژیانە تا ڕادەیەک دەرگای دیپلۆماسی و بازرگانی بە ڕووی دنیای دەرەوەدا بکاتەوە. ڕەفسەنجانی پاش ئاگربەست لەگەڵ عێراق، باسی لە ڕاکێشانی توانا ئێرانییەکان لە دەرەوە دەکرد کە بگەڕێنەوە بۆ خزمەت و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتی دوای شەڕ. باسی لە پەرەپێدانی دیپلۆماسی و کەمکردنەوەی گرژییەکانیان لەگەڵ دنیای دەرەوە دەکرد. پێوەندییەکانی لەگەڵ بزووتنەوەی کورد لە باشووری کوردستان پەرە پێدا و پێشنیاری وتووێژی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا کە لە ڕاستیدا تەنیا داوێک بوو بۆ تێرۆری د. عەبدولڕەحمانی قاسملوو سکرتێری گشتیی ئەم حیزبە.

د. قاسملوو بەر لە یەک مانگ پێش تێرۆرکرانی لە وتووێژێکدا دەڵێت: «زۆربەی خەڵکی ئێران ئاشتییان دەوێت، ئازادی و دێموکراسییان دەوێت و ئەمنییەت و ئاسوودەییان دەوێت. ئەو کەسانەی بە ڕاستی بتوانن بەرنامەیەکی ئاوا لە پێش خەڵکی ئێران دابنێن و قەناعەت بە خەڵکی ئێران بهێنن کە ڕاستگۆن و دەتوانن بەرنامەیەکی ئەوتۆ بەڕێوە ببەن، من پێم وایە کە ئەو باڵە لە داهاتووی ئێراندا سەردەکەوێت». داوێک کە ڕەفسەنجانیی پراگماتیست بۆ دوکتور قاسملووی دانابووەوە، ڕێک لەو چەند ڕستەیەدا شاراوە بوو. لە کاتێکدا کە ڕەفسەنجانیی نەرمڕۆ! کە ناوبانگی «سەرداری بنیاتنانەوە»یان پێدابوو، لە کاتێکدا کە بەرنامەی ئاوەدانکردنەوەی وڵاتی دوای شەڕ و کەمکردنەوەی گرژییەکانی لەگەڵ دنیای دەرەوە بەدەستەوە بوو و لە کاتێکدا کە شەڕ لەگەڵ عێراق کۆتایی هاتبوو، کوردستانی لە هەر کاتێک زیاتر میلیتاریزە کرد. لە ماوەی سەرۆککۆماریی ڕەفسەنجانیدا دوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەردووکیان لە وڵاتانی ئورووپایی، لەو جێگەیەی کە زۆر بە پراگماتیستی و «نەرمڕۆیی»ی ناوبراو دڵخۆش بوون، تێرۆر کران (د. قاسملوو لە ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩ لە ڤیەن، پایتەختی ئوتریش و د. سادقی شەرەفکەندی لە بێرلین، پایتەختی ئەڵمان). سووڕی دەوران وای لێ هات چارەنووسی ڕەفسەنجانیی نەرمڕۆ لەبەردەستی توندڕۆکاندا جیاوازیی لەگەڵ چارەنووسی قوربانییەکانی نەبێت و پاش ئەوەی بە تەواوی لە لایەن خامنەیی ڕێبەری ڕێژیمەوە تەریک کرابوو، بە شێوەیەکی گوماناوی لە ٩ی ژانویەی ٢٠١٧دا لە ماڵی خۆیدا تێدا چوو.

## ئاکام

هەوڵی ئەمریکا بۆ دۆزینەوەی «نەرمڕۆ»یەک و کەسانێکی «مەنتیقی» لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا، پرۆژەیەکە بۆ داپۆشینی نەگەیشتنی تا ئێستای ئەمریکا بە ئامانجەکانی لە شەڕ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا، کە بریتی بووە لە ڕووخان یان تەسلیمبوونی بێ ئەملاو ئەولای ئەم ڕێژیمە. لە لایەکی دیکە، ناچارکردنی کۆماری ئیسلامی بە شکاندنی تابۆی وتووێژ و دامەزراندنەوەی پێوەندیی دیپلۆماسی و ئابووری لەگەڵ ئەمریکا کە لە ٤ی نۆڤامبری ١٩٧٩وە بە داگیرکرانی سەفارەتی ئەم وڵاتە لە تاران کۆتایی پێ هاتووە.

سەرگرتنی ئەو پرۆژەیە بەو مەرجەی سپای پاسداران ڕێگە بدات، دەرفەتێک بۆ نۆژەنبوونەوەی کۆماری ئیسلامی پێکدەهێنێت. دەرفەتێک بۆ ئەم ڕێژیمە پێکدەهێنێت کە بە مەترسییەکەی گەورەتر لە شەڕ لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل ڕابگات کە بریتییە لە خەڵکی ناڕازیی ئێران و شەقامی خوێناوی شارەکانی ئێران. لە ئەگەرێکی وادا مەترسیی سەرکوت و لە سێدارەدانی بەکۆمەڵی خەڵک لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە لە گۆڕێدایە، کە بۆ وڵاتانی ئورووپایی و ئەمریکا گرنگییەکی زۆر کەمتر لە بەرژەوەندییە ئابوورییەکان هەیە و مەسەلەی مافی مرۆڤ وەک هەمیشە دەکەوێتە ژێر سێبەری

**بانەمەڕی ٢٧٢٥**

پێوەندییە دیپلۆماسی و ئابوورییەکانەوە.

مێژووی ٤٧ ساڵی ڕابردوو نیشانی داوە کە کۆماری ئیسلامی لە ئاکامی هەر چەشنە شکست و پاشەکشەیەک لە بەرامبەر شەڕ و فشارە دەرەکییەکاندا کە تووشی بووە، بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان، فشار و هێرشەکانی بۆ سەر کورد زیاتر کردووە. ئەم ڕێژیمە هەوڵی داوە شکستە سەربازییەکانی لە کوردستاندا قەرەبوو بکاتەوە و ئەو وزە و توانایەی لە بەرامبەر دەرەوەدا بەکاری دەهێنا، بیگوازێتەوە سەر کوردستان کە یەکێک لە هەستیارترین کێشەکانی ئەم ڕێژیمەیە بەتایبەتی و بۆ سەر ناوچەکانی دیکەی ئێران بە گشتی. کەوابوو لە ئەگەری ڕێککەوتن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە بیانووی کەسانی «نەرمڕۆ»، چاوەڕوانیی هەر چەشنە ڕێککەوتن و پاشەکشەیەکی نێوخۆییش، بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ کورددا، دەبێتە دووبارەکردنەوەی ئەزموونە تاڵ و شکستخواردووەکانی ڕابردوو.

**١٢ی بانەمەڕی ٢٧٢٦**

---

## "هیچ زیندانییەک بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەی زیندانەکەی هەوڵ نادا"






**دەقی د. ئاسۆ حەسەن‌زادە، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆبوونەوەی کۆڕی گشتیی کۆنگرەی ئازادیی ئێران**

**تێبینی: بۆ ئاگاداریی ئەو دڵسۆزانەی ڕەخنەیان گرتووە، حدکا و لایەنەکانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ تا ئێستا بە فەرمی نەچوونەتە نێو کۆنگرەی ئازادیی ئێران و ئەو بابەتە بەستراوەتەوە بە ڕێککەوتن لەگەڵیان لەسەر دەستکاری کردنی بەڵگەنامەی دامەزراندنی کۆنگرە.**

## بانەمەڕی ۲۷۲۵

خۆشحاڵم کە دیسان لە لایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانەوە و ئەمجارە لە کۆبوونەوەی ئانلاینی کۆڕی گشتیی کۆنگرەی ئازادیی ئێران لە خزمەتتاندام. لە کاتی کۆبوونەوەی لەندەنەوە تا ئێستا بەداخەوە ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ ڕووی نەداوە، پرسی شەڕ و ئاشتی لە ناوچەدا هەروا نادیارە و لە ڕەوتی نێونەتەوەیی پێوەندیدار بەو دۆخەشدا غایبی گەورە گەلانی ئێرانن.

ڕێژیم سەرەڕای بلۆفەکانی لە لاوازترین دۆخی خۆیدایە، بەڵام هاوکات سەرکوتی نێوخۆیی چڕ کردۆتەوە. ئەمڕۆ لە کاتێکدا کە لە سایەی ئاگربەسەوە ڕێژیم هەناسەیەکی هاتۆتەوە بەر، بۆ ئێمەی کورد شەڕ هەروا بەردەوامە و ڕێژیم بۆمبارانی بارەگا و کەمپە مەدەنییەکانمان لە کوردستانی عیراق درێژە دەدا.

ئەگەر لە سەرەتای شکڵگرتنی کۆنگرەی ئازادیی ئێراندا دووربەدیمەنی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی هەوڵ بدەین خێراتر بەرەو یەکگرتن بڕۆین، ئەمڕۆ ئەو واقعیەتە کە ڕێژیم هێشتا لەسەر پێی خۆی ماوە دەبێ وەک دەرفەتێک بۆ کارکردن لەسەر چۆنیەتیی یەکگرتن چاو لێ بکەین.

ئەمن نامەوێ هەموو ئەو شتانەی لە لەندەن گوتم لێرە دووبارە بکەمەوە. ئەوەندە نەبێ کە وەک لەوێ گوتم با گای کەڵ بە شاخەکانی بگرین، واتە ئازایانە ڕووبەڕووی واقعییەتەکان ببینەوە. یان ئەوە کە پێویستە هەموو وەک خانەخوێ چاو لێ بکرێن دەنا ئەوەی وەک میوان ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێ، ئەگەر لە خۆشەویستییان بە زۆریش ڕای بگرن، درەنگ یا زوو هەر دەڕوا.

ئەوەی لێرەدا دەمەوێ جەختی لەسەر بکەم وشەکلیلی کۆنگرەی ئازادیی ئێرانە کە لە هەمان کاتدا براندی ئەو کۆنگرەیەشە واتە فرەچەشنی. بەڵام کام فرەچەشنی؟ خۆشحاڵم کە لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا لە چات ڕوومی کۆڕی گشتیدا ئەوەندە گرینگی بە پرسی یەکسانیی ژێندەری درا. بەڵام لەوێش کەس باسی یەکسانیی گەلانی ئێرانی نەکرد. بە باوەڕی من کۆنگرەی ئازادیی ئێران دەبێ ئاوێنە و مینیاتۆری کۆمەڵگای ئێران بێ و ئەم کۆڕی گشتییەش دەبێ تەمرینێک بێ بۆ ئەنجومەنی دامەزرێنەری دوارۆژ.

ئەو فرەچەشنییەی مەبەستمانە نابێ تەنیا بەرهەمی فرەچەشنیی باوەڕە سیاسییەکان بێ، بەڵکوو دەبێ پێش هەموو شتێک بەرهەمی واقعییەتە بابەتییە ناسنامەییەکان بێ. هەر ئینسانێک جنسیەتێکی هەیە و هەر ئینسانێکیش لە بەستێنی مێژوویی و بەکۆمەڵدا سەر بە نەتەوەیەک یان کۆمەڵگایەکی نەتەوەییە، تەنانەت ئەگەر هەموو ئینسانەکانیش بە قەرا

بانەمەڕی ٢٧٢٥

یەک هەڵسوکەوتی سیاسییان لەسەر بنەمای ئەو تایبەتمەندییە ناسنامەییانە دیاری نەکەن.

دەزانم هێندێکتان لەگەڵ ئەو تێرمانەی بەکاریان دەبەم و لەگەڵ ڕوانگەی ئێمە کۆک نین. هەربۆیەشە پێویستە زۆرتر کار لەسەر ئەو بابەتانە بکەین.

بەهەرحاڵ ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر کەڵکەڵەی سەرەکیی ئێمە کە دادپەروەریی سیاسیی نێوان نەتەوەکان لە داهاتووی ئێراندایە، هەواڵێکی خۆش و هەواڵێکی ناخۆشم بۆ ئێوە پێیە. هەواڵە ناخۆشەکە ئەوەیە کە نەتەوەی کورد و گەلانی ژێردەستەی دیکە لە ئێراندا بەدوای سەروەریی سیاسی و دابەشکردنی دەسەڵاتەوەن. هەواڵە خۆشەکەش ئەوەیە کە ئەوان حازرن لە چوارچێوەگەلی بنیاتنەردا بەشدار بن، بەڵام ئەوە بە مەرجێک کە دەنگیان ببیسترێ.

ئێوە هاوبەشێکی خاوەن پێگەتر، جێگای متمانەتر و جیددیتر لە حیزبەکانی کوردستانتان وەگیر ناکەوێ. هیچ ئەلتێرناتیڤێکیش کە ئیدیعای فرەچەشنی و پلۆرالیزم بکا بەبێ حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و هاوپەیمانیی هێزە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران نە مانای هەیە، نە سەر دەگرێ.

ئێمە ئاگاداری خاڵە بەهێزەکان و زەرفیەتی کۆنگرەی ئازادیی ئێران هەین و دەمانەوێ زۆترین شانس و دەرفەت بە سەرکەوتن و مانەوەی ئەم چوارچێوە تایبەتییە بدەین. بەڵام ئێمە ڕەخنەی جیددیمان لەسەر دەقی دامەزراندنی کۆنگرە هەیە ئەگەرچی کۆبوونەوەی ئەمشەو جێگای باس کردنی وردەکارییەکانی ئەو مەسەلەیە نیە.

بەهەرحاڵ بزانن ئەگەر ڕوانگەی ئێمە لەبەرچاو بگرن، دەتوانن حیساب لەسەر بەشداریی ئێمەش بکەن. ئەگەر نا، دەبێ بزانن هیچ زیندانییەک بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەی زیندانەکەی هەوڵ نادا و تێچوو نادا. ئەوەی زیندانی بیری لێ دەکاتەوە ئازادییە و تەنیا ئازادی.

سوپاستان دەکەم.

١٣ی بانەمەڕی ٢٧٢٦

## ڕاگەیەندراوی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران سەبارەت بە لەسێدارەدانی "یەعقووب کەریمپوور" و "ناسر بەکرزادە"




لە درێژەی شەپۆلی نوێی لەسێدارەدانی چالاکانی سیاسی و مەدەنی، کۆماری ئیسلامیی ئێران دوو چالاکی سیاسیی دیکەی بە ناوەکانی "یەعقووب کەریمپوور" و "ناسر بەکرزادە" بە تۆمەتی بێبنەما و ناڕەوا لە سێدارە دا. ئەم تاوانانە لە کاتێکدا ئەنجام دەدرێن کە دەسەڵاتی تاران لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا تووشی شکستی سیاسی و ستراتیژی بووە و دەیەوێت لە ڕێگەی توندوتیژییەوە شکستی خۆی بشارێتەوە.

کۆماری ئیسلامی کە جەوهەرەکەی لەسەر بنەمای دیکتاتۆری و توندئاژۆیی ئیسلامی داڕێژراوە، لە کوردستان و بەرامبەر بە نەتەوە ژێردەستەکان وەک هێزێکی داگیرکەر ڕەفتار دەکات و بەرانبەر بە ئازادیخوازان و ژنان و هەموو مافخوازان دەسەڵاتێکی تۆتالیتێر و دژە مرۆڤە. هەر بۆیە حکوومەتی ئێران هەر جۆرە دەنگێکی مافخوازیی نەتەوەیی، ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی و هەر هاوارێک کە دژی سیستەمی دیکتاتۆری بێت، تەنیا بە گرتن، شکەنجە و پەتی سێدارە وەڵام دەداتەوە. ئەمە سیاسەتێکی هەمیشەیی و نەگۆڕی ئەم ڕێژیمە بووە لە کوردستان، بەڵام ئەمڕۆ دەبینین کە بازنەی ئەم سەرکوتکارییە بەرە بەرە گەورەتر بووەتەوە و هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی گرتووەتەوە، بە چەشنێک کە

**بانەمەڕی ٢٧٢٥**

ئێستا هەموو جوگرافیای سیاسیی ئێران بووەتە زیندانێکی گەورە بۆ ئازادیخوازان.

ئێمە وەک هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، وێڕای شەرمەزارکردنی توندی ئەم کردەوە نامرۆییانە، پێداگری دەکەینەوە کە پەنابردن بۆ سێدارە نیشانەی لاوازیی ڕێژیمە نەک هێز، و ئەم خوێنە ڕژاوانە ئیرادەی نەتەوەکەمان بۆ گەیشتن بە ئازادی و دادپەروەری بەهێزتر دەکەن.

لە کۆتاییدا، داوا لە ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و بیروڕای گشتیی ئازادیخوازی جیهان دەکەین، بێدەنگی بشکێنن و بە گوشاری هەمەلایەنە بەر بە ئامێری کوشتاری کۆماری ئیسلامی بگرن. پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕێگری لەم تاوانە سیستماتیکانە بکات کە دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجام دەدرێن. ئێمە سوورین لەسەر تێکۆشان تا ڕووخانی یەکجاریی ئەم دیکتاتۆرییە و تێپەڕین لەم زیندانە گەورەیەی کە بۆ دانیشتوانی ئێرانیان دروست کردووە؛ دڵنیاین کە پەتی سێدارە ناتوانێت ڕێگری لە کاروانی تێکۆشان بۆ ڕزگاری و ئازادیی کوردستان و تێکۆشانی ڕەوای نەتەوەکەمان بکات.

نەمری بۆ گیانبەختکردووان و سەرکەوتن بۆ ڕێگای ئازادی.


هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

**١٣ی بانەمەڕی ٢٧٢٦**



سەرچاوە
Serchawe

# سوژەڤانی و کۆڵەکەی چوارەمی دێموکراسی (دیاردەناسیی ئازادیی بڵاڤۆک لە بنیادنانی دێموکراسی و سەروەریی هزریدا)






شاهۆ حوسێنی

دێموکراسی، ئەگەرچی زۆرجار وەک سیستەمێکی یاسایی و تەکنیکی بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵات پێناسە دەکرێت، بەڵام لە بنەڕەتدا زۆر قووڵتر و بەربڵاوتر لەمەیە. دێموکراسی پێکهاتەیەکی زەینی و مەعریفییە کە لەسەر بنەمای دانپێدانان بە

ئیرادەی مرۆڤ وەک سەرچاوەی ڕەوایی دامەزراوە. ئەم ئیرادەیە تەنیا لە ڕێگەی دەنگدان یان بەشداریکردنی فەرمی لە دامەزراوەکاندا ناگونجێت؛ بەڵکوو پێویستی بە کەشێکی ئازاد هەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت لە ئاستی "بوون"دا خۆی وەک سوژە بناسێنێت و دەربخات. ئەگەر یاسا، پەرلەمان و حیزب وەک سێ کۆڵەکەی جەستەی دێموکراسی دابنرێن، ئەوا ئازادی بڵاڤۆک و بڵاوکردنەوە ئەو هێزەیە کە ڕۆح وەبەر ئەم جەستەیە دەنێت. بێگومان بڵاوکراوە تەنیا ئامرازێک بۆ گواستنەوەی زانیاری نییە؛ بەڵکوو شوێنی لەدایکبوونی سوژەی سیاسی و پارێزەری سەروەریی هزری و، پارێزەری تاک و نەتەوەیە.

## - سوژەڤانی و لەدایکبوونی فەزای گشتی

سوژەڤانی، لەم چوارچێوەیەدا، بە واتای ئەو پرۆسەیە کە مرۆڤ لە باروودۆخی بێدەنگی و وەرگرتنی فەرمان (گوێڕایەڵی، ملکەچی و ئۆبژەڤانی) دەردەچێت و دەبێتە بوونێکی خۆداڕێژەر، بنیادنەر و بیرکەرەوە. هابێرماس لە تیۆری "فەزای گشتی"دا ئاماژە بەوە دەکات کە دێموکراسی لەو شوێنەدا دەست پێ دەکات کە تاکەکان دەتوانن بە شێوەیەکی ئازاد، لە دەرەوەی گوشاری ڕاستەوخۆی دەسەڵات، لەگەڵ یەکدا گوتووبێژ و دانوستان بکەن. بێگومان بڵاڤۆک و بڵاوکراوەش ڕێک ئەم بەستێن و فەزایەن کە گوتووبێژی ئازاد و دانوستانی ئازادی سوژەکان تێیدا دەخوڵقێن. بەم شێوەیە کاتێک تاک بتوانێت قسە بکات، پرسیار بکات و گوێ بگرێت، لە دۆخی "ئۆبژەبوون" بەرەو دۆخی "سوبژەبوون" دەردەچێت. لە ڕاستیدا سوژە ئەو بوونەیە کە دەتوانێت بڕیارەکان بخاتە ژێر تیشکی گومان و پرسیار و لە نێوان گوتارە جیاوازەکاندا مەجالی هەڵبژاردنی هەبێت. هەربۆیەش، بڵاوکراوە تەنیا میدیای هەواڵ نییە؛ دامەزراوەیەکی ئانتۆلۆژیکاڵە بۆ لەدایکبوونی سوژە.

## - بڵاوکراوە و ڕۆشنگەری: دەرچوون لە کەمئەندامیی فکری

کانت ڕۆشنگەری بە دەرچوونی مرۆڤ لە کەمئەندامیی هزری بەهۆی غیرەت وەبەرخۆنان لە بەکارهێنانی عەقڵ دەزانێت. کەمئەندامی لای کانت ئەمەیە، کە مرۆڤ عەقڵی خۆی بەکار نەهێنێت و بیرکردنەوەی خۆی بسپێرێت بە دیاردە، دەرکەوتە و کەسێکی تر. لە کۆمەڵگەیەکدا کە بڵاوکراوەی ئازاد نییە، دەسەڵات دەور و نەخشێکی دیاریکراو و جیهانێکی نەخشاو و بەرهەمهاتوو لە دەرەوەی ئیرادە و خواستی هاووڵاتییان بە هاووڵاتییان نیشان دەدات. ئەمە تەنیا سانسۆری زانیاری نییە؛ بەڵکوو ڕێک سنووردارکردنی خودی توانای بیرکردنەوەیە. کاتێک زانیاری لە یەک سەرچاوەدا قۆرخ دەکرێت، مرۆڤ ناچار دەبێت جیهان بە چاوی دەسەڵات ببینێت. بەڵام بڵاوکراوەی ئازاد ئەم مۆنۆپۆلییە دەشکێنێت. بە پێشکەشکردنی گوتارە جیاوازەکان، فەزایەک دروست دەکات کە تێیدا هاووڵاتی دەتوانێت بە عەقڵی خۆی هەڵبژێرێت. لێرەدا بڵاوکراوە دەبێتە ئامرازێکی ئەپیستمۆلۆژیک بۆ ئازادکردنی هۆش.



سەرچاوە
Serchawe

### – ململانێی لۆگۆس و کراتۆس

مێژووی سیاسەت، لە بنەڕەتدا، مێژووی ململانێی نێوان لۆگۆس و کراتۆسە. لۆگۆس، واتە عەقڵ و گوتار. کراتۆس، واتە هێز و زاڵبوون. هەموو دەسەڵاتێکی پاوانخواز هەوڵ دەدات کراتۆس بەسەر لۆگۆسدا بسەپێنێت. لەبەر ئەوە یەکەم هێرشەکانی هەر سیستەمێکی ئۆتۆریتاریان بۆ سەر بڵاوکراوە دەبێت. چونکە دەزانێت بڵاوکراوە شوێنی بەرهەمهێنانی لۆگۆسە. کاتێک ئەم شوێنە لەنێو بچێت، عەقڵانییەتی ڕەخنەگرانە جێگەی خۆی بە پڕوپاگەندە و پۆپۆلیزم دەدات. دەسەڵات تەنیا بڕیار نادات؛ مانای بڕیارەکانیش خۆی دیاری دەکات. بەڵام بڵاوکراوەی ئازاد ئەم هێژمونییە دەشکێنێت. ئەو بەردەوام پرسیار دەکات و هەر بڕیارێک دەخاتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە. بۆیەش دەشێ بگوترێ کە ئەمە بنەمای عەقڵانییەتی سیاسی دێموکراتیکە.

### – کۆڵەکەی چوارەم: چاودێری دەسەڵات لە دەرەوە

تیۆرییە کلاسیکییەکانی دێموکراسی دەسەڵات بە سێ بەش دابەش دەکەن: یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری. مەبەست لەم دابەشکردنە ئەوەیە کە هیچ دامەزراوەیەک قۆرخکاری نەکات. بەڵام لێرەدا پرسیارێکی بنەڕەتی دێتە ئاراوە: ئەگەر ئەم سێ دامەزراوەیە لەنێوخۆیاندا هاوڕێ بن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، کێ چاودێریان دەکات؟ لێرەدا بڵاوکراوە وەک "کۆڵەکەی چوارەم" دەردەکەوێت. ئەم ناونیشانە تەنیا مێتافۆرێکی سیاسی نییە؛ بەڵکوو هێمای پێگەی بڵاوکراوەیە لە پاراستنی هاوسەنگیی دەسەڵاتدا. لە ڕاستیدا بڵاوکراوە میکانیزمی وەڵامدەر دروست دەکات. ئەم میکانیزمە بە سێ قۆناغ کار دەکات: یەکەم، ئاشکراکردنی زانیارییە شاراوەکان. دووەم، گواستنەوەی ئەم زانیارییانە بۆ فەزای گشتی. سێیەم، دروستکردنی گوشاری ڕای گشتی بۆ وەڵامدانەوە. بێ ئەم پرۆسەیە، دێموکراسی لە نێوەرۆکدا بەتاڵ دەبێت. حیزب دەبێتە کۆمپانیا. پەرلەمان دەبێتە شانۆ و یاسا دەبێتە شێوەیەکی فەرمی بۆ شەرعیکردنی سەرەڕۆیی و پاوانخوازێتی هێز.

### – دیاردەناسیی سوژەی سەربەخۆ

بێگومان دەسەڵات تەنیا لە فەرمانڕەوایی و داڕشتنی چوارچێوەی یاسایی و ڕێساداڕشتندا ڕوو نادات؛ بەڵکوو لە شێوەی دەرخستنی زانیاری و گوتاریشدا ڕوو دەدات و دەردەکەوێت. دەسەڵات دیاری دەکات چی بزانرێت، چۆن بزانرێت و چی لەگوێن حەقیقەت و ڕاستی وەربگیرێت و دانی پێدا بنرێت. لە غیابی بڵاوکراوەی ئازاددا، مرۆڤ دەبێتە بەرهەمی ئەم گوتارە. بەڵام

لە ژینگەیەکی پلۆراڵدا، سوژەی سەربەخۆ لەدایک دەبێت. ئەم سوژەیە کێیە؟ ئەوەی کە دەتوانێت لە نێوان چەندین گوتاری جیاوازدا، بە عەقڵی، سەربەخۆیانە و بۆ بەرژەوەندی خۆی هەڵبژێرێت. سوژەی سەربەخۆ تەنیا مافی قسەکردنی نییە؛ توانای هەڵسەنگاندنی قسەشی هەیە و حاشاهەڵنەگریشە کە ئەم توانایە بەبێ ئازادیی بڵاڤۆک و بڵاوکردنەوە بەرهەم نایەت.

## – سەروەریی فکری و مانای ڕاستەقینەی نەتەوە

زۆرجار سەروەریی نەتەوەیی بە سنوور و هێزی سەربازی پێناسە دەکرێت. بەڵام ئەم پێناسەیە زۆر موبتەزەل و کەمە. نەتەوەیەک دەتوانێت سنووری جوگرافیی هەبێت، بەڵام سەروەریی فکری نەبێت. ئەگەر هاووڵاتییەکانی نەیانتوانێت بە ئازادی بیر بکەنەوە، ئەوا ئەو نەتەوەیە هێشتا لە ئاستی هۆشیاریی سیاسییدا ژێرچەپۆکەیە. سەروەریی ڕاستەقینە لەو شوێنەدا دەست پێ دەکات کە نەتەوە بتوانێت بە عەقڵی خۆی خۆی بناسێت. بڵاوکراوەی ئازاد ئەو ئاوێنەیە کە کۆمەڵگە خۆی تێدا دەبینێت. بەبێ ئەم ئاوێنەیە، خۆناسین نامومکینە. هەر بۆیەش دەشێ بگوترێ کە بەرگری لە بڵاوکراوە، بەرگری لە سەروەری و بەرژەوەندی نەتەوەییە.

## – پلۆرالیزم و شەرعییەتی دیموکراسی

پلۆرالیزم، ئەگەر تەنیا بە بوونی چەند دەنگ و ڕوانگەی جیاواز پێناسە بکرێت، هێشتا لە ئاستی ڕووکاردا دەمێنێتەوە. لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە، پلۆرالیزم ڕادیکاڵترە لە کۆبوونەوەی دەنگە جیاوازەکان؛ لە ڕاستیدا پلۆرالیزم ئەو بارودۆخەیە کە تێیدا مرۆڤ بتوانێت لە نێوان مانا جیاوازەکاندا بە هۆی عەقڵی خۆی هەڵبژاردن بکات. ئازادی ڕاستەقینە لە خودی هەڵبژاردندا نییە؛ بەڵکوو لە مەرجەکانی هەڵبژاردندایە. مرۆڤ کاتێک ئازادە کە لەبەردەم ئاسۆیەکی فراوان لە تێگەیشتن و گوتاری جیاوازدا بێت. ئەگەر ئەم ئاسۆیە سنووردار بکرێت، هەڵبژاردن دەگۆڕدرێت بۆ وەهمی هەڵبژاردن. ئەمە ئەو جیاوازییە کە سنووری نێوان "هەڵبژاردنی فەرمی" و "هەڵبژاردنی بوونی" دیاری دەکات.

هەڵبژاردنی فەرمی ئەوەیە کە مرۆڤ لەنێو چوارچێوەیەکی پێشوەختە دیاریکراودا تەنیا یەکێک لە بەردەستەکان هەڵبژێرێت؛ بەڵام هەڵبژاردنی بوونی ئەوەیە کە خۆی بتوانێت بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە لە خودی ئەو چوارچێوەیەش بپرسێت. دیموکراسی تەنیا لەو کاتەدا شەرعییەت وەردەگرێت کە هاووڵاتی بتوانێت لە ئاستی دووەمدا کار بکات؛ واتە نەک تەنیا هەڵبژێرێت، بەڵکوو لەسەر خودی مەرجەکانی هەڵبژاردنیش بیر بکاتەوە. لێرەدا ئازادیی بڵاوکردنەوە دەبێتە مەرجی

بانەمەڕی ٢٧٢٥

پێشوو بۆ شەرعییەتی سیاسی. چونکە بێ بڵاوکراوەی ئازاد، پلۆرالیزم دەبێتە نمایشی ژمارەیی دەنگەکان، نەک فرەیی ڕاستەقینەی مانا. ئەگەر هاووڵاتی لە ژێر سایەی یەک گوتاری زاڵدا بڕیار بدات، ئەو بڕیارە هەرچەندە لە ڕێگەی دەنگدانەوە بێت، هێشتا لە ڕووی فەلسەفییەوە ئازادانە نییە.

ئەمە هەمان ئەو خاڵەیە کە زۆر سیستەمی سیاسی تێیدا هەڵدەخەڵەتێن؛ ئەوان وەک دیموکراسی دەردەکەون، چونکە فۆرمی هەڵبژاردنیان هەبێت، بەڵام لە نێوەڕۆکدا هێشتا لەژێر کۆنترۆڵی مۆنۆپۆلیی گوتار و زانیاریدان. شەرعییەتی دیموکراسی لە سندووقی دەنگدانەوە دەست پێ ناکات؛ لەو فەزایەوە دەست پێ دەکات کە سندووقی دەنگدان مانای تێدا وەردەگرێت. ئەم فەزایەش تەنیا بە بوونی بڵاوکراوەیەکی سەربەخۆ و پلۆراڵ دروست دەبێت. هەر بەم هۆکارەشە، دەشێ بگوترێ کە پلۆرالیزم تەنیا ڕێکخستنی جیاوازییەکان نییە؛ بەڵکوو پاراستنی مافی تاکە بۆ ئەوەی لە نێو جیاوازییەکاندا خۆی وەک سوژەیەکی بڕیاردەر دەربخات. ئەمەش بنەمای هەر شەرعییەتییەکی ڕاستەقینەی دیموکراتیکە.

– دەرئەنجام

بەرگری لە ئازادیی بڵاوکردنەوە، بەرگری لە پیشەی ڕۆژنامەنووسی نییە. ئەمە بەرگرییە لە خودی بوونی مرۆڤ وەک بوونێکی بیرکەرەوە. کۆمەڵگەیەک کە بڵاوکراوەی سەربەخۆی هەیە، دەتوانێت خۆی ڕەخنە بکات، خۆی چاک بکاتەوە و خۆی بگۆڕێت. بەڵام کۆمەڵگەیەک کە دەنگی ڕەخنەی تێدا بکوژرێت، هەرچەندە دامەزراوە و هەڵبژاردنی هەبێت، لە نێوەڕۆکدا بەتاڵە. دیموکراسی لەو کاتەدا ڕاستەقینەیە کە هاووڵاتی تێیدا مافی ئەوەی هەبێت نەک تەنیا قسە بکات، بەڵکوو گوێی لێ بگیرێت.

بۆیە بەهێزکردنی ئەم "کۆڵەکەی چوارەم"ە بەهێزکردنی یەک دامەزراوە نییە؛ بەهێزکردنی بناغەی عەقڵانییەتی نەتەوەییە. چونکە لە کۆتاییدا، نەتەوەی سەروەر ئەوە نییە کە تەنیا سنوورێکی پارێزراوی هەبێت؛ بەڵکوو ئەوەیە کە هیچ کەسێک لە جیاتی ئەو بیر نەکاتەوە.

١٣ی بانەمەڕی ٢٧٢٦

# لە بەرداشی شەڕی ئەمریکا و تاراندا کێ چارەنووسی کورد دیاری دەکات؟





**شەماڵ تەرغیبی**

بەدرێژایی مێژووی مرۆڤ هەموو شەڕێک بە «بڕیار» دەستی پێ کردووە و بە «گۆڕینی بڕیار»یش کۆتایی پێ هاتووە.

ئەم ئەسڵە بناغەییە سەبارەت بە شەڕی هەنووکەیی نێوان ڕێژیمی تاران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بە هەند وەردەگیرێ؛ بەڵام پرسیاری جەوهەری بۆ ئێمەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیە کە کورد لە نێو بەرداشی شەڕی ئاماژەبۆکراودا لە کوێی هاوکێشەکاندا جێی گرتووە؟

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە دەیەکانی ڕابردوودا ئەوەی نیشان داوە کە زیاتر لەوەی پێبەند بە «کۆتایی یەکلاکەرەوەی شەڕەکان» بێت، پێبەندی «گۆڕانی بەرژەوەندی و پێویستییەکان» بووە؛ واتە ئەمریکا بەپێی ئەزموونی لانیکەم ٦٠ ساڵی ڕابردوو، ئەگەرچی لە چەندین شەڕی خوێناوی بەشدار بووە، بەڵام هەر کات هەستی بەوە کردبێت کە چیدی پێویست بە مانەوە ناکات یان چیدی بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ بەردەوامیی شەڕدا نییە، وازی هێناوە و گۆڕانی لە ستراتیژی خۆیدا پێک هێناوە.

لە ڤییەتنامەوە بۆ ئەفغانستان، لە عێراقەوە بۆ سووریە، هەمان پلان و هەمان گۆڕانی ستراتێژی دووبارە بوونەتەوە؛ چوونە نێو شەڕ بە هێزی زۆر و، دەرچوون و بەجێهێشتنێک کە هەمیشە پڕە لە پرسیارە بێ وەڵامەکان.

ئەمڕۆش، لە سێبەری ئاڵۆزییە زیادبووەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا و پاش شەڕێکی ٤٠ ڕۆژەی سەختی سەربازی و وێرانکردنی پێگە گرینگەکانی دەسەڵات لە ئێراندا، ئەو پرسیارە دووبارە لە مێشکی مرۆڤدا چەکەرە دەکاتەوە: ئایا مێژوو دووبارە دەبێتەوە؟

ئەوەی کە وەڵامی ئەم پرسیارە بە ئەرێ یان نا بدرێتەوە، پێوەندیی بە ڕووداوەکانی داهاتووەوە هەیە، بەڵام ئەوەی کە لەم پرسیارەش گرینگتره لە ڕاستیدا ئەوەیە کە لە نێوان ئەم هاوکێشە نوێ و ئاڵۆزەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، یەک لە ئەکتەرە دێرینەکان دووبارە هاتووەتە سەر شانۆ: کورد.

مێژووی پەیوەندیی نێوان کورد و ئەمریکا، مێژووی هاوکارییە تاکتیکییەکانە؛ هاوکاریگەلێک کە لە کاتە گرنگ و هەستیارەکاندا دروست بوون، بەڵام زۆرجار لە هەمان کاتدا کۆتاییان هاتووە!

لە چیاکانی قەندیلەوە بۆ دەشتەکانی سووریە، کورد زۆرجار وەک هاوبەشی مەیدانی دەرکەوتووە؛ بەڵام ئەم هاوبەشییە هەمیشە لە یەک ڕاستییەوە سەرچاوەی گرتووە: «بەرژەوەندیی هێزە گەورەکان، نەگۆڕ نییە».

لە ڕەوتی شەڕی نێوان ئەمریکا و ڕێژیمی تارانیشدا بۆ جارێکی تر کورد هاتەوە نێو هاوکێشەکان و ڕۆڵی تازەی وەرگرت؛ ڕۆڵێک کە هەم دەرفەتە و هەم مەترسی!

دەرفەت بەواتای بینینەوە، خۆدیتنەوە و بۆ ڕاگەیاندنی داواکارییەکان و بۆ بوونێکی یەکلاکەرەوە لە نێو ئەو هاوکێشانەی

**بانەمەڕی ٢٧٢٥**

که داهاتووی هەرێمەکە دیاری دەکەن، بەڵام مەترسیش، لە دووبارەبوونەوەی هەمان نەخش کە پێشووتر لە سووریەدا خۆی بینییەوە، واتە بەکارهێنان و دواتر تەنیامانەوە!

بەگشتی لە جیهانێکدا کە سیاسەت زیاتر لە هەر کاتێک پێشبینینەکراوە و هیچ پشتگیرییەکی هەمیشەیی نییە؛ لە جیهانێکدا کە جەمسەربەندییەکان و سیاسەتکردنەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە هاوبەشەکانن و مافە ئینسانییەکان دەبنە ئەولەوییەتە دووەم و سێیەمەکان، ڕەنگە زێدەبێژی نەبێ گەر بڵێین گرنگترین وانەی مێژوو بریتییە لەوەی ئەو گەلانەی داهاتووی خۆیان تەنیا لەسەر بڕیاری کەسانی تر بنیات دەنێن، زیاتر لەوەی یاریزان بن، دەبنە «ئامرازی یاری».

**جا لێرەدایە کە وتە بەناوبانگەکەی ڕێبەری شەهیدمان، دوکتور قاسملوو دووبارە خۆی بەرجەستە دەکاتەوە و وەبیرمان دێنێتەوە کە دەڵێ:**

«کە میللەتی کورد هەم ئەو هێزەی هەیە بتوانێ خۆی ڕزگار بکات و هەم لە عامیلی خاریجی وەک عامیلێکی لەبار کەڵک وەردەگرێ، بەڵام عامیلی ئەسڵی، ئەوەی کە دەڵێن «تعیینکننده»، هێزی خۆیەتی. دۆست باشە هەبێ، بەڵام لە خەباتی خۆماندا بۆ ڕزگاریی خۆمان ناکرێ هێزی خۆمان لەولا دابنین و بڕوامان وابێ کە باشترین دۆست ڕزگارمان دەکات. نەخێر. بۆ خۆمان دەبێ خۆمان ڕزگار بکەین و بۆ خۆشمان دەبێ گیروگرفتەکانمان چارەسەر بکەین. بۆیە زۆر خۆشحاڵین کە پاش چەند ساڵ خەباتی میللەتی کورد، ئەو فیکرە کە جاران زۆر بەهێز بوو لە کوردستانی ئێران، کە چارەنووسی گەلی کورد لە واشینگتۆن و لەندەن و پاریس و مۆسکۆ دیاری دەکرێ؛ زۆر خۆشحاڵین کە ئەو هەستە تەقریبەن بە تەواوی لە بەین چووە و خەڵکی کوردستان زۆر باش دەزانێ کە بۆ خۆی چارەنووسی خۆی دیاری دەکا و ئەو چارەنووسەش لە کوردستاندا دیاری دەکرێ. »

**١٤ی بانەمەڕی ٢٧٢٦**

# سازبوونی هاوپەیمانیی کوردستانی وەک پێویستییەکی سیاسی لە نێو تەنگژە بنەڕەتییەکانی ئێراندا






حەسەن قارەمانی

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێو قەیرانێکی قووڵی بونیادیدایە کە لەم ساڵانەی دواییدا بە جۆرێک پەرەی سەندووە، دەکرێت لە فەرهەنگی زانستە سیاسییەکاندا وەک "قۆناغێکی چارەنووسساز" ناوزەد بکرێت. بنبەستی ئابووری، هەڵکشانی خێرای

هەڵاوسان، بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری و هەرەسی بەردەوامی ڕەوایی سیاسی، دۆخێکی ناسەقامگیری سەرتاسەرییان خوڵقاندووە. هاوکات، شەپۆلە یەک لە دوای یەکەکانی ناڕەزایەتی کە زۆرجار لە داخوازییە ئابووری، کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکانەوە سەرچاوە دەگرن، باڵادەستی و کۆنترۆڵی دەوڵەتیان لەرزۆک کردووە.

لەم چوارچێوەیەدا، پرسی دامەزراندنی دەسەڵاتێکی جێگرەوە و فۆرمە نوێیەکانی ڕێکخستنی سیاسی دێتە کایەوە. ئەوەی لێرەدا بایەخێکی تایبەتی هەیە، پێگەی نەتەوە نافارسەکانی ئێرانە، لەوانەش کورد؛ کە نابێت تەنیا وەک پرسێکی لاوەکی تەماشا بکرێن، بەڵکوو یەکگرتوویی و کۆکردنەوەی توانای سیاسیی کورد فاکتەرێکی یەکلاکەرەوەیە لە داڕشتنەوەی بنیاتی دەستووری و دامەزراوەیی داهاتووی دەوڵەتدا.

پێکهاتنی هاوپەیمانیی کوردستانی، وەڵامێکی ژیرانە و پێویستە بۆ ڕێکخستنی نێوخۆیی و ڕووبەڕووبوونەوەی پێکهاتەکانی دەسەڵاتی دەرەکی. بە ئاوێتەکردنی بیردۆزە دامەزراوەییەکان، بیردۆزی کایەکان (Game Theory) و یاسا نێودەوڵەتییەکان، ئەو بەربەستە پێکهاتەییانە کە تا ئێستا ڕێگر بوون لە دروستبوونی هاوپەیمانییەکی لەو شێوەیە، هەروەها ئەو ڕێکارانەش ئەم کۆسپانەی پێ تێپەڕێنرێت.

## گرفتەکانی هاوئاهەنگی و وردبینیی ستراتێژی:

پەرتەوازەیی سیاسیی کورد تەنیا لە جیاوازیی ئایدیۆلۆژی یان دژایەتیی مێژووییدا کورت نابێتەوە؛ بەڵکوو باشترە وەک "شکستی هەماهەنگی (Coordination Failure)" تێیبگەین. لە تیۆری کایەکاندا، ئەمە زۆرجار بە هاوشێوەی "ڕاوی ئاسک (Stag Hunt) "وەسف دەکرێت؛ کە تێیدا دوو لایەن ڕووبەڕووی دوو بژاردە دەبنەوە: یان هاوکاریکردن بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتێکی گەورەی بەکۆمەڵ، یان کارکردنی تاکەکەسی بۆ پاداشتێکی بچووک بەڵام مسۆگەر.

### لە دۆخی کورددا، ئەمە بەم مانایە دێت:

١- هەماهەنگیی بەکۆمەڵ (پێکهاتنی هاوپەیمانیی کوردستانی): دەسکەوتی سیاسیی زۆرتر، وەک زیادبوونی هێزی چەندوچوون، ڕەوایی نێودەوڵەتی و توانای دامەزراوەیی بەدەست دەهێنێت.

٢- ستراتێژیی تاکەکەسی (پەرتەوازەیی حیزبەکان): مەترسییە کورتخایەنەکانی وەک لەدەستدانی دەسەڵات یان ململانێی

نێوخۆیی کەم دەکاتەوە.

ئەنجامی ئەمە جۆرێکە لە "هاوسەنگیی ناجێگیر" کە لایەنەکان تێیدا بە جیا کار دەکەن، هەرچەندە دەزانن هاوکاریی بەکۆمەڵ قازانجی زیاترە. لێرەوە دەردەکەوێت کە تەنیا بانگەوازی ئەخلاقی بۆ یەکێتی بەس نییە، بەڵکوو پێویستە لە ڕێگەی میکانیزمە دامەزراوەییەکانەوە گۆڕانکاری لە "سیستەمی هاندان"دا بکرێت، بە مەبەستی:

- کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێ و نادڵنیایی
- بەهێزکردنی متمانە بە پەیمانەکان
- دانانی سزا بۆ لادان لە ڕێککەوتنەکان

## کۆسپە مێژوویی و پێکهاتەییەکان:

**بۆ تێگەیشتن لە هۆکاری بەردەوامیی ئەم پەرتەوازەییە، پێویستە ئاوڕ لەو فاکتەرە مێژوویی و جیۆپۆلیتیکیانە بدەینەوە کە واقیعی سیاسیی کوردیان پێک هێناوە:**

١- دابەشبوونی جیۆپۆلیتیکی: دوای جەنگی جیهانیی یەکەم، کوردستان بەسەر چەند دەوڵەتێکی نەتەوەییدا دابەش بوو، ئەمەش بووە هۆی جیاوازی لە ئەزموونی سیاسی و ژینگەی دامەزراوەییدا و ڕێگری لە هەماهەنگیی نێوان پارچەکان کرد.

٢- بەکارهێنانی دەرەکی وەک ئامراز: هێزە ناوچەیی و جیهانییەکان لە مێژوودا بزووتنەوەی کوردیان وەک ئامرازێکی سیاسی بەکار هێناوە. ئەمەش بێمتمانەییەکی قووڵی لە نێوخۆ و دەرەوەدا دروست کردووە کە ڕێگرە لە هاوکاریی درێژخایەن.

٣- فرەیی ئایدیۆلۆژی: گۆڕەپانی سیاسیی کورد پانتاییەکی بەرفراوان لە ئایدیۆلۆژیاکان لەخۆ دەگرێت. ئەم فرەییە گەرچی ئاساییە، بەڵام لە نەبوونی چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی نیشتمانیدا، گەیشتن بە کۆدەنگیی قورس کردووە.

٤- لاوازیی دامەزراوەیی: نەبوونی دەزگایەکی نوێنەرایەتیی ناوەندی بووەتە هۆی ئەوەی کێشەکان زیاتر بە شێوەی کاتی و کێبەرکێکردن چارەسەر بکرێن، نەک لە ڕێگەی میکانیزمە فەرمییەکانەوە.

## پێکهاتنی هاوپەیمانیی کوردستانی وەک داهێنانێکی ستراتیژی:

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم بارودۆخە، هاوپەیمانیی کوردستانی تەنیا دروشمێکی ڕووت نییە، بەڵکوو جۆرێکە لە نوێگەریی دامەزراوەیی. هەر هاوپەیمانییەکی سەرکەوتوو پێویستە ئەم سێ مەرجە بنەڕەتییەی تێدا بێت:

١- یەکڕیزیی نێوخۆیی: هەبوونی ناوەندێکی بڕیاردەر کە شەرعییەتی هەماهەنگیی ستراتیژی و دەسەڵاتی چارەسەرکردنی کێشە نێوخۆییەکانی هەبێت.

٢- ڕەوایی یاسایی: پشتئەستوور بوون بە یاسا نێودەوڵەتییەکان بۆ گۆڕینی پرسی کورد لە کێشەیەکی ئەمنییەوە بۆ پرسێکی سیاسیی ڕەوا.

٣- نەرمڕەفتاربوون:(Flexibility) توانای مامەڵەکردن لەگەڵ سیستەمی سیاسیی ئێران و گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا بە شێوەیەکی هاوسەنگ.

## یاسای نێودەوڵەتی و مافی دیاریکردنی چارەنووس:

لە یاسای نێودەوڵەتیدا دوو جۆر مافی دیاریکردنی چارەنووس هەیە:

١- دەرەکی: جیابوونەوە و سەربەخۆیی.

٢- نێوخۆیی: ئۆتۆنۆمی، فیدراڵیزم و بەڕێوەبردنی کاروباری نێوخۆ.

لە دۆخی ئێستای ئێراندا، داواکردنی مافی "چارەنووسی نێوخۆیی" ستراتیژیترین و واقیعیترین ڕێگەیە. بە داڕشتنی داواکارییەکان لە چوارچێوەی: ئۆتۆنۆمیی هەرێمی، مافی زمانەوانی، دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامانی وڵات و نوێنەرایەتیی سیاسی؛ کورد دەتوانێت وەک لایەنێکی دانوستانکاری شەرعی و مۆدێرن خۆی نیشان بدات.

## فرەنەتەوەیی و پێناسەکردنەوەی دەوڵەت:

یەکێک لە کێشە بنەڕەتییەکانی ئێران، ناسیۆنالیزمی تاکڕەهەند و یەکپارچەیە کە سیمای فرەنەتەوەیی وڵاتەکە ڕەت دەکاتەوە. هاوپەیمانیی کوردستانی دەتوانێت ڕۆڵێکی سەرەکی ببینێت لە:

. پێشخستنی مۆدێلێکی "فرەنەتەوەیی" بۆ داهاتووی ئێران

. پێداگری لەسەر فیدراڵیزم یان نامەرکەزییەت

. بەشداری لە نووسینەوەی پەیمانێکی کۆمەڵایەتیی نوێ

ئەمە تەنیا جەنگ بۆ مافی کورد نییە، بەڵکوو هەوڵێکە بۆ پێناسەکردنەوەی دەوڵەت بە شێوەیەکی گشتگیرتر.

### دامەزراوەییبوون وەک ڕێگەچارە:

### بۆ تێپەڕاندنی کێشەی هەماهەنگی، پێویستمان بە دیزاینێکی دامەزراوەییە کە ئەم چەند خاڵە لەخۆ بگرێت:

١- ئەنجومەنی نوێنەرایەتی: ناوەندێکی سیاسیی هاوبەش کە هەموو لایەنەکان لە ژێر چەتری خۆیدا کۆ بکاتەوە.

٢- ڕێککەوتننامەی پابەندکەر: واژۆکردنی پەیماننامەی فەرمی کە سزا بۆ ئەو لایەنە دیاری بکات کە لێی لادەدات.

٣- میکانیزمی چارەسەری کێشەکان: هەبوونی دەستەیەکی سەربەخۆ بۆ نێوبژیوانی و بڕیاردان لە کاتی ناکۆکییەکاندا.

٤- هاوبەشیی ئابووری: پڕۆژەی هاوبەش کە وابەستەیی دروست بکات و لایەنەکان هان بدات بۆ هاوکاریی زیاتر.

### ڕۆڵی ڕەوەند (تاراوگە):

ڕەوەندی کوردی لە پەرەپێدانی ستراتیژییەکی سیاسیی یەکگرتوودا سەرچاوەیەکی بەرچاو پێکدەهێنێت. ڕەوەند دەتوانێت وەک پردێک لە نێوان داواکارییە نیشتمانییەکان و ڕەوایی نێودەوڵەتیدا مامەڵە بکات. ئەزموونی ڕەوەندەکانی دیکە نیشان دەدەن کە کاریگەریی سەرکەوتوو پێویستی بە پلەیەکی بەرزی دامەزراوەییکردن و هەماهەنگیی ستراتیژی هەیە. لەم ڕووەوە، ڕێکخستنی ڕەوەندی جوولەکەکان وەک نموونەیەکی وێناکەر دەردەکەوێت کە چۆن دەتوانرێت کردەوەی بەکۆمەڵ بگۆڕدرێت بۆ کاریگەریی سیاسیی کۆنکرێتی.

### ئاکام: یەکگرتوویی بەرهەمی دامەزراوەیە

پێکهێنانی هاوپەیمانیی کوردستانی دەتوانێت خاڵی وەرچەرخان بێت. ئەگەر ئەم هاوپەیمانییە بتوانێت دامەزراوەی نێوخۆیی تۆکمە دروست بکات، دەتوانێت هێزی کورد لە هەر گۆڕانکارییەکدا چەند بەرابەر بکات و ببێتە ئەکتەرێکی کاریگەر لە دێموکراتیزەکردنی ئێراندا. یەکڕیزی لە خۆیدا تەنیا فەرمانێکی ئەخلاقی نییە، بەڵکوو بەرهەمی دامەزراوەیەکی تۆکمە و بنەماڕێژکراوە؛ بەبێ ئەمانە، پەرتەوازەیی بەردەوام خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە.

## بانەمەڕی ٢٧٢٥

پێکهاتنی هاوپەیمانیی کوردستانی تەنیا بژاردەیەک نییە، بەڵکوو زەروورەتێکی ستراتێژییە. لە کاتێکدا پێکهاتەی دەوڵەتی ئێران بەرەو گۆڕانکاریی گەورە دەچێت، ئەم هاوپەیمانییە دەتوانێت هێزی سیاسیی کورد چەند هێندە بکات و وەک ئەکتەرێکی سەرەکی لە پڕۆسەی دێموکراسی و داڕشتنەوەی دامەزراوەکانی داهاتوودا دەربکەوێت.

١٤ی بانەمەڕی ٢٧٢٦

# یەکیەتی، هاوپەیمانی و ئەرکەکانی حیزب لە هەلومەرجی تازەی خەباتدا





ئیبراهیم لاجانی

ڕاپۆرتێکی شیکاری سەبارەت بە وتەکانی کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب لە سیمیناری سیاسی و تەشکیلاتیی ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی ٣ی مانگی مای ٢٠٢٦ی زایینی لە ئۆسلۆ.

ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی ٣ی مانگی مای ٢٠٢٦ی زایینی، کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە سیمینارێکی سیاسیی تەشکیلاتیدا کە لەلایەن کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی نۆرویژ بۆ بەڕێزیان پێکهاتبوو، بەشداریی کرد و لەسەر پرس و بابەتە سیاسی، حیزبی و تەشکیلاتییە هەنووکەییەکان بەدرێژی قسەی کرد. ناوبراو لە قسەکانیدا، وێڕای ئەوەی کە ڕووناکایی خستە سەر هەلومەرجی ئێستای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان، هێڵە گشتییەکانی کار و تێکۆشانی حیزبیشی بۆ ئەو قۆناغە نوێیە دەستنیشان کردن کە خەباتی حیزب و گەلەکەمان بە نێویدا تێدەپەڕێت. باسەکانی بەڕێزیان لە گەلێک بارەوە بایەخ و گرنگیی سیاسی و تەشکیلاتی و ستراتیژیکییان هەیە.

وتارەکەی کاک مستەفا، بەتەنیا هەر ڕاپۆرتێک سەبارەت بە وەزعی ئێستای حیزب یا لێکدانەوەی هەلومەرجی ئێستا نەبوو، بەڵکوو لە ڕاستیدا بریتی بوو لە وێناکردنی نەخشەڕێگای تێکۆشان لەو قۆناغە هەستیارەدا کە خەباتی خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی سەرانسەریی ئێرانی تێدایە. لە هەلومەرجێکدا کە ئێران بە یەکێک لە ئاڵۆزترین و پڕقەیرانترین دەورانە سیاسییەکانی خۆیدا تێدەپەڕێ، هەر وتەیەکی بەرپرسانە، هەر لێکدانەوەیەکی واقیعبینانە، هەر خۆئاراستەکردنێکی بەوەخت و بەجێی تەشکیلاتی، دەتوانێ لە دیاریکردنی پێگە و مەوقعییەتی هێزە سیاسییەکاندا، ڕۆڵێکی چارەنووسساز بگێڕێ. بۆیە پێویستە وتەکانی کاک مستەفا لە چوارچێوەی بەرپرسایەتیی مێژوویی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێگەی جووڵانەوەی میللی - دێموکراتیی کوردستان و پێویستیی پێکهێنانی بەرەیەکی بەرینی سەرتاسەری بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی، هەڵسەنگێنین.

هەوەڵین تەوەرەی گرنگی قسەکانی کاک مستەفا بریتی بوو لە پێداگرتنەوە لەسەر پێگەی جەماوەری و بەرینی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب. هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی حیزب، بە یەکێک لە ڕووداوە هەرە گرنگەکانی مێژووی هاوچەرخی کوردستانی ئێران دەژمێردرێ. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبێکە کە ڕیشەی لە مێژووی خەبات و بەربەرەکانیی خەڵکی کوردستاندایە و سەرەڕای دەیان ساڵ سەرکوت و زەبروزەنگ، ڕاونان و گرتن و تیرۆر و هەڵاواردن، شەڕ و فشار و پیلانی ئەمنییەتی و گیروگرفتی نێوخۆیی، هێشتاش بە یەکێک لە سەرەکیترین هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەقەڵەم دەدرێ. ڕوونە کە هەرچەشنە دووبەرەکییەکی نێوخۆیی، تەنانەت ئەگەر لە جیاوازی و ناکۆکییە سیاسی، تەشکیلاتی و فکرییەکانیشەوە سەرچاوە بگرێ، لە کۆتاییدا دەتوانێ لە هێز و توانای سیاسی و کۆمەڵایەتیی حیزبێکی مێژوویی وەک حیزبی دێموکرات کەم کاتەوە. هەر بۆیە یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب بەتەنیا هەر ڕووداوێکی حیزبی و ڕێکخراوەیی نەبوو، بەڵکوو بریتی بوو لە پەیامێکی سیاسیی ڕوون بۆ خەڵکی کوردستان، هێز و لایەنە ئازادیخوازەکانی ئێران و کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانیش. ئەو پەیامە

ئەوە بوو: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەتوانێ لە ئەزموونەکانی ڕابردوو دەرس وەربگرێ، بەسەر گیروگرفتە نێوخۆییەکانیدا زاڵ بێت و خۆی بۆ گێڕانی ڕۆڵێکی گەورەتر لە داهاتوودا ئامادە بکات.

سکرتێری گشتیی حیزب بە دروستی پێی لەسەر ئەو ڕاستییە داگرت کە پاش یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب، پێگەی حیزبەکەمان لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، هێزە ئازادیخوازەکانی ئێران و کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان بە ڕادەیەکی بەرچاو چووەتە سەرێ. ئەوەش بایەخ و گرنگییەکی زۆری هەیە. چونکە ئیعتیبار و پرێستیژی سیاسی نەک هەر بەتەنیا بە دروشمدان و بەرزکردنەوەی دروشم، بەڵکوو لە ڕێگای کاری سیاسیی بەردەوام، عەقڵانییەت، یەکگرتوویی سیاسی و تەشکیلاتی، قبووڵکردنی بەرپرسایەتی و توانای کاری بەکۆمەڵ و دەستەجەمعییەوە دابین و دەستەبەر دەبێت. ئاخر حیزبێک کە بۆ خۆی تووشی دووبەرەکی و ئاژاوەی نێوخۆیی بووبێت، ناتوانێت بانگەشەی ڕێکخستن و ڕێبەریکردنی بزووتنەوەیەکی میللی و دێموکراتیکی بەرین و جەماوەریی گەورە بکات. بەڵام حیزبێک کە بتوانێ یەکیەتیی ڕیزەکانی خۆی دابین بکات، دەتوانێ بە بڕوابەخۆبوونێکی زۆرترەوە بچێتە مەیدانی تێکۆشانی سیاسی و لە هەڵسوکەوت لەگەڵ هێز و لایەنەکانی دیکەدا، قورسایی و ئیعتیبارێکی زۆرتر وەدەست بێنێ.

بۆیە پاراستنی ئەو دەستکەوتە گەورە حیزبی و تەشکیلاتییە، واتە یەکگرتنەوەی حیزب، ئەرکێکی تەشکیلاتی، ئەخلاقی و مێژووییە. کادر و ئەندام و بەرپرسانی حیزب دەبێت چاک بزانن کە یەکگرتنەوە بەتەنیا هەر بە ئیمزا و دەرکردنی بەیاننامە وەدەست نایەت. پاراستن و بردنە پێشی ئەو یەکگرتنەوەیە، پێویستی بە فەرهەنگ و کولتووری سیاسی، سنگفراوانی، تۆلێرانس، دیسیپلین و وەبەرچاوگرتنی ئەسڵ و پرەنسیپە تەشکیلاتییەکان هەیە. لەوەش زیاتر پێویستی بەوەیە کە فێربین قازانج و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ بەرژەوەندییە شەخسی و گرووپییەکانمان، بخەینە ڕیزی پێشەوە.

تەوەرەی دووهەمی وتەکانی کاک مستەفا، بریتی بوو لە پرسی پێکهاتنی هاوپەیمانیی کوردستانی لە نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ئێراندا. پێکهاتنی هاوپەیمانیی کوردستانی لە نێوان هێزەکانی کوردستاندا، بە یەکێک لە دەستکەوتە هەرە گرنگەکانی بزووتنەوەی کوردستان لەو ساڵانەی دواییدا دادەنرێ. پێکهاتنی ئەو هاوپەیمانییە نیشانی دا کە هێزە سیاسییەکانی کوردستان، سەرەڕای هەبوونی جیاوازیی فکری، سیاسی و بەرنامەیی لە نێوانیاندا، دەتوانن لەسەر پرسە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردستان لەگەڵ یەکتر ڕێک بکەون و هاوکاری بکەن. ئاخر لە بزووتنەوەیەکی میللی و دێموکراتیک و جەماوەریدا، جیاوازیی فکری و نەزەری، شتێکی تەواو سروشتییە. هیچ جووڵانەوەیەکی زیندووی گەلی و دێموکراتیک و میللی نییە کە بۆچوون و جیاوازیی فکری و نەزەری تێدا نەبێت. لێرەدا پرسە ئەسڵییەکە ئەوەیە کە ئایا

هێزە سیاسییەکان دەتوانن ناکۆکی و جیاوازییەکانی نێوان خۆیان ئیدارە بکەن یان نا؟ ئایا دەتوانن ململانێی نێوانیان لەگەڵ قازانج و بەرژەوەندییەکانی خەڵک لێک جیا کەنەوە؟ ئایا دەتوانن بەرامبەر دوژمنی هاوبەش واتە سەرەڕۆیی، دیکتاتۆری، تەبعیز و هەڵاواردن، ناوەندگەرایی و کۆبوونەوەی دەسەڵات، نادیدەگرتن و ئینکاری ماف و ئازادییەکانی گەلانی ژێرچەپۆکە، ئاستێک لە هاوکاری و هاودەنگیی بەرپرسانە لە نێوان خۆیاندا پێک بێنن؟

وەڵامی کاک مستەفا بەو پرسیارانە ڕوون بوو: ئەو گوتی دەبێت فێربین کە سەرەڕای جیاوازییە فکری و ئایدیۆلۆژییەکانی نێوانمان، بۆ دابین و دەستەبەرکردنی قازانج و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان و دامەزراندنی دێموکراسی لە ئێراندا، لەگەڵ یەکتر هاوکاری بکەین. ئەو قسەیە لە ڕاستیدا یەکێک لە گرنگترین پەیامە سیاسییەکانی ناوبراو بوو لەو کۆبوونەوەیەدا. لە سیاسەتی مۆدێرندا، بلوغی سیاسی بەمانای لەناوبردن و سەرکوتکردن و حەزفکردنی جیاوازیی بۆچوون و جیاوازییە فکری و نەزەرییەکان نییە، بەڵکوو بەمانای ئیدارە و بەڕێوەبەریی عەقڵانی و هۆشمەندانەی ئەو جیاوازیانەیە. ئەو هێز و لایەنانەی کە پێیان وایە یەکیەتی و یەکگرتوویی تەنیا لە ڕێگای وەک یەک لێکردنی تەواوی ڕوانگەکانەوە دابین دەبێت، لە ڕاستیدا سیاسەتیان لەگەڵ قۆرخکاری و مۆنۆپۆلیسم لێ تێکەڵ بووە. بە پێچەوانەوە هێز و لایەنە بە ئەزموون و پوختەکان، چاک دەزانن کە هاوکاریی سیاسی دەکرێ لەسەر بناغەی ئەسڵ و پرەنسیپە هاوبەشەکانەوە شکڵ بگرێ. ئەسڵە بنەڕەتییەکانی وەک: مافی دیاریکردنی چارەنووس، دێموکراسی، مافەکانی مرۆڤ، دادپەروەری، لەناوبردنی تەبعیز و هەڵاواردن و ئاپارتاید، بەرانبەریی شارۆمەندی و فرەنەتەوەیی و فرەفەرهەنگی و فرەدینی و فرەزمانی و هتد.
لەو ڕوانگەیەوە هاوپەیمانیی کوردستانی بەتەنیا هەر هاوپەیمانییەکی سیاسیی کاتی و تاکتیکی نییە، بەڵکوو دەتوانێت ببێتە زەمینەی پێکهاتن و گەشەی فەرهەنگێکی نوێی سیاسی لە کوردستان. فەرهەنگێک کە لەوێدا هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەبری لێدان و ڕەشکردن و تێکدانی یەکتر، بیر لە بەهێزکردن و بەرەوپێشبردنی پێگە و مەوقعییەتی بزووتنەوەی کوردستان دەکەنەوە. لەجیاتی تەعەسوب و وشکەبیریی ئایدیۆلۆژیک، بیر لە قازانج و بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد دەکەنەوە و لەجیاتی ململانێی نابەجێ و خۆخۆری، هاوکاریی ستراتیژیک دەخەنە دەستووری کاری خۆیانەوە. ئەوە ڕاست ئەو شتانە بوون کە سکرتێری حیزب لە ئەندامان و ڕێکخراوەکانی حیزبی ویستن. واتە هەست بە بەرپرسایەتیی زۆرتر، تۆلێرانس و هەوڵ و تێکۆشان و مایەلەخۆدانێکی زۆرتر بۆ بەهێزترکردنی ئەو هاوپەیمانییە و بەرەوپێشبردنی.

تەوەرەی سێیەمی باسەکەی کاک مستەفا هیجری بریتی بوو لە مەوقعییەت و پێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێو هێزە دێموکرات و ئازادیخواز و نیشتمانییەکانی سەرانسەری ئێراندا. ئەوە زۆر گرنگە کە بزانین ئەمڕۆ بەشێکی زۆر لە هێز و لایەنە ئازادیخوازەکانی سەرتاسەری، ئەو چاوەڕوانییەیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە سەبارەت بەوەی کە بۆ پێکهێنان و دامەزراندنی بەرەیەکی سەرتاسەری لە هێزە دێموکرات و ئازادیخوازەکانی ئێران ڕۆڵی شیاوی خۆی

بگێڕێ. ئەو چاوەڕوانییەش لە خۆڕا نییە. ئاخر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مێژوویەکی درێژ و پڕ لە شانازی لە خەبات بە دژی ستەم و سەرەڕۆییدا بۆ خۆی تۆمار کردووە. ئەو حیزبە هەمیشە تێکۆشاوە پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی دێموکراسی لە ئێراندا بێنێتە گۆڕێ. بە پێچەوانەوە پڕۆپاگەندەی کۆماری ئیسلامی کە تێکۆشاوە بزووتنەوەی کوردستان وەک جیاوازیخواز، بەستراوە، یا پرسێکی ئەمنییەتی بناسێنێ، ئەزموونی مێژوویی نیشانی داوە کە بزووتنەوەی کوردستان یەکێک لە پایەدارترین و ڕیشەدارترین بەشەکانی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی لە سەرتاسەری ئێراندا بە حیساب دێت.

ڕاستییەکە ئەوەیە کە پرسی کوردستان هەر پرسێکی ناوچەیی یا ئێتنیکی نییە، بەڵکوو یەکێک لە سەرەکیترین ئەزموون و پێوانەکانی دێموکراسییە لە ئێراندا. هەر هێزێکی سیاسی کە باس لە دێموکراسی دەکا لە ئێراندا، دەبێت هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە مافەکانی خەڵکی کوردستان، مافی نەتەوەکانی دیکەی ئێران، دیسانتڕالیزاسیۆن، دادپەروەریی زمانی و فەرهەنگی، بەشداریی وەک یەک لە پێکهاتەی هەیکەل و قەوارەی دەسەڵاتدا ڕوون بکاتەوە. هەر بەو جۆرە کە مافەکانی خەڵکی کوردستان، بەبێ دامەزرانی سیستەمێکی دێموکراتیک و سیکۆلار و دیسانتڕالیزە لە ئێراندا، بە شێوەیەکی بەردەوام و پایەدار دەستەبەر ناکرێن، دێموکراسیش بەبێ چارەسەری پرسی نەتەوە بندەستەکانی ئێران، ناتەواو و ناسەقامگیر دەبێت. کەواتە پێوەندیی نێوان بزووتنەوەی کوردستان و بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی سەرانسەری لە ئێراندا پێویستییەکی حەتمی و ستراتیژیکە، نەک بژاردەیەکی تاکتیکی.

سکرتێری گشتیی حیزب بە دروستی پێی لەسەر ئەو ڕاستییە داگرت کە مافەکانی خەڵکی کوردستان تەنیا لە ڕێگای دامەزران و سەقامگیریی دێموکراسی لە ئێراندا دابین و دەستەبەر دەبێت. ئەو وتەیە لە ڕووی سیاسی و تیۆرییەوە زۆر گرنگ و پڕبایەخە. چونکە ئەوە دەردەخات کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەک خەباتی خەڵکی کوردستان لە خەباتی سەرانسەری و گشتیی خەڵکی وڵاتەکەمان بۆ ئازادی و دێموکراسی جودا ناکاتەوە و، لەلایەکی دیکەشەوە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە دێموکراسی ڕاستەقینە لە ئێراندا، بەبێ بەڕەسمی ناسینی مافەکانی خەڵکی کوردستان ئیمکانی نییە. لێرەدا لەگەڵ پێوەندییەکی زیندووی دیالێکتیکی ڕووبەڕووین. کوردستان پێویستی بە سەقامگیربوونی دێموکراسی هەیە لە ئێراندا و دێموکراسیش بۆ جێگیربوون و گەشە و هەڵدانی خۆی پێویستی بە کوردستانە. کوردستانێک کە ستەم و چەوسانەوەی سیاسی و میللی و کۆمەڵایەتی لەسەر نەمابێ و کەوتبێتە سەر جادەی پەرەسەندن و پێشکەوتنی هەموو لایەنە. تەوەرەی چوارەمی باسەکەی سکرتێری حیزب بریتی بوو لە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی دێموکراتیکی سەرانسەری. کۆماری ئیسلامی هەر بەتەنیا ڕێژیمێکی تۆتالیتار نییە؛ ئەو ڕێژیمە ماهییەتێکی ئایدیۆلۆژیک، دواکەوتوو، دژەدێموکراتیک و دژی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤی هەیە. بە درێژایی چوار دەیەی ڕابردوو هەموو جۆرەکانی ئازادیی سیاسی، ئازادیی

بەیان، ئازادیی پێکهێنانی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی، مافەکانی ژنان، مافەکانی کرێکاران، مافەکانی گەلان، کۆمەڵگەی مەدەنی و هتد بە شێوەیەکی سیستەماتیک سەرکوت کردوون. لە بەرانبەر ڕێژیمێکی لەو چەشنەدا، خەباتی پەرشوبڵاو و ناهاوئاهەنگ کارایی نییە. بۆیە هێزە دێموکراسیخوازەکانی ئێران، وەک کورد و بەلووچ، عەرەب، تورکمان و فارس و هتد پێویستییان بە چوارچێوەیەکی سیاسیی هاوبەش هەیە؛ چوارچێوەیەک کە هەم تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی ڕێبەری بکات و هەم ئاسۆیەکی ڕوونیش بۆ ئێرانی پاش ڕووخانی ڕێژیم وێنا بکات.

ئەو بەرە دێموکراتیکە دەبێ لەسەر بناغەی چەند ئەسڵی سەرەکی شکڵ بگرێت: تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی، دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتیک، جودایی دین لە دەوڵەت، دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ، بەرانبەریی ژن و پیاو، قبووڵکردنی واقیعییەتی فرەنەتەوەیی و فرەفەرهەنگی لە ئێران، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی مافە سیاسی و فەرهەنگییەکانی هەموو خەڵکی ئێران. ئەگەر بەرەیەکی لەو چەشنە، نەک هەر بەتەنیا لەسەر بنەمای دژایەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو لەسەر بناغەی ئوسووڵی پۆزەتیڤ و ڕوون دامەزرێ، دەتوانێ لە داهاتووی ئێراندا ببێتە هێزێکی کارا و جێگای متمانەی گەلانی ئێران. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە وەبەرچاوگرتنی ئەو پێشینە مێژووییەی کە هەیەتی، ئەو ئیعتیبارە سیاسی و ئەزموونە تەشکیلاتییەی کە هەیەتی، دەتوانێ یەکێک لە ماتۆڕە بەهێزەکانی ڕەوتی بردنە پێشی ئەو پرۆژە سەرانسەرییە بێت.

بۆ گێڕانی ڕۆڵێکی لەو چەشنە، تەشکیلاتی حیزب دەبێت خۆی ئامادە بکات. ئەوە یەکێکی دیکە لە پەیامەکانی کاک مستەفا هیجری بوو ڕوو بە سەرانسەری ئۆرگانیزمی حیزبی. هەلومەرجی ئێستا هەم دەرفەتی گەورە و هەم هەڕەشە و مەترسیی لەگەڵ خۆی بۆ هێناوینەتە پێشەوە. وەک ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی ئێستا لەگەڵ قەیرانی شەرعییەت دەستەویەخەیە، بەدەست قەیرانی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە گیرۆدەیە، لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەییدا لەگەڵ شەڕ و ململانێ و فشاری سیاسی و دیپلۆماسی بەرەوڕوویە. دەریایەک خوێن و فرمێسک کەوتووەتە نێوان خەڵک و ڕێژیم. ئیدی کۆمەڵگەی ئێران وەک ڕابردوو بۆ ڕێژیم کۆنترۆڵ ناکرێت. نەسلێک پێی ناوەتە مەیدانی کار و ژیان کە لە دەستی سەرەڕۆیی، هەژاری، هەڵاواردن، گەندەڵی و سەرکوت و زەبروزەنگ و مەینەتبەشی وەزاڵە هاتووە. ژنان، لاوان، خوێندکاران، کرێکاران، مامۆستایان، گەلانی ژێر ستەم، هەرکامیان بە جۆرێک دەنگی بێزاری و ناڕەزایەتیی خۆیان بە دژی سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمە بەرز دەکەنەوە. بۆیە ئەو هەلومەرجە دەتوانێ ببێتە زەمینەی گۆڕانکاریی گەورە و چارەنووسساز.

بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە هەڕەشە و مەترسییەکانیش کەم نین. ڕێژیم هەوڵ دەدات بزووتنەوە ڕەسەنە جەماوەرییەکان وەک پرسێکی ئەمنییەتی پێناسە بکات، دووبەرەکی و ئاژاوە لە نێوان هێزە خەباتگێڕەکاندا ساز بکات، پرسی کوردستان بە

کێشە و ململانێ ناوچەیی و دەرەکییەکانەوە گرێ بدات و لە ڕێگای تەبلیغاتی ژەهراوییەوە پرسی کوردستان بەرێتە ژێر پرسیار. لە بارودۆخێکی لەو جۆرەدا، هوشیاریی سیاسی، ئینزیباتی تەشکیلاتی و پاراستنی یەکیەتیی ڕیزەکانی نێوان هێزە خەباتگێڕەکان گرنگییەکی حەیاتییان هەیە. حیزب دەبێت ئاگاداری ئەوە بێت کە نە تووشی کردەوەی هەڵنەسەنگێنراو و ئاوانتۆریزم بێت و نە گرفتاری پاسیفیزم و دەستەپاچەییش بێت. نابێت نە دەرفەتەکان لەدەست بدەین و نە هەڕەشە و مەترسییەکانیش بە کەم بگرین. سیاسەتی بەرپرسانە ئەوەیە کە هاوکات هەم دەرفەتەکان و هەم هەڕەشەکان ببینین.

لە ڕووی تەشکیلاتییەوە، وتەکانی سکرتێری گشتی بانگەوازێکی ڕوون و ئاشکرا بوون. ئەندامان و کادرەکانی حیزب دەبێ لە هەفتە و مانگەکانی داهاتوودا، چالاکتر، ڕێکوپێکتر، بەدیسپلینتر و بەرپرسانەتر هەڵسووڕێن. پێوەندییەکانی ئێمە لەگەڵ حیزب و لایەن و کەسایەتییە خەباتگێڕە سەرانسەرییەکان دەبێت زیندووتر و گەرمتر و بەهێزتر بکرێن. نیگەرانی و خراپ تێگەیشتنی هەندێک کەس و لایەن لە پرسی کورد، دەبێت بە زمانێکی سیاسی و مەنتیقی و دێموکراتیک و لە چوارچێوەی مافەکانی مرۆڤدا وەڵام بدرێنەوە. دەبێت ڕوونی کەینەوە کە جووڵانەوەی کوردستان نەک هەر لەسەر ئازادیی ئێران هەڕەشە نییە، بەڵکوو یەکێک لە کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی ئازادی و دێموکراسییە لە وڵاتەکەماندا. دەبێت ئەوە ڕوون کەینەوە کە داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان هیچ ناتەباییەکیان لەگەڵ مافەکانی خەڵکی ئێران نییە. مافخوازیی خەڵکی کوردستان ڕووی لە ئیستبداد و سەرەڕۆیی و ناوەندگەرایی و ئەو سەرکوت و مەینەتبەشییەیە کە حکوومەتی ناوەندی بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپاندوویەتی. لە کۆتاییدا دەبێت نیشانی بدەین کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەتوانێ هەم بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بکات و هەم لە بنیاتنان و دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتیک بۆ هەموو خەڵکی ئێران ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێ.

لەو قۆناغەدا ڕیتۆریک یان گوتاری سیاسیی حیزب گرنگییەکی زۆری هەیە. ئەدەبیاتی سیاسیی ئێمە دەبێت هەم شێلگیر بێت و هەم بەرپرسانەش بێت؛ هەم پێ لەسەر حەقانییەتی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان داگرێ و هەم ئاسۆیەکی هاوکاری و هاوپێوەندی لەگەڵ سەرانسەریی ئێرانی لە چاوان ون نەبێت؛ هەم سەرکوت و زەبروزەنگی سیاسیی ڕێژیم لەسەر کوردستان لەقاو بدات و هەم داهاتووی هاوبەش و دێموکراتیکی نەتەوەی ئێمە لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران وێنا بکات. ئێمە هەر لەو کاتەدا کە بە هیچ جۆر نابێت لە مەوقعییەتێکی لاوازەوە قسە بکەین، بەڵام نابێت تووشی غرووری سیاسیش بین. نفووز و ئیعتیباری سیاسی ئەو کاتە دەوامی دەبێت کە شانبەشانی واقیعبینی، ئەخلاقی سیاسی و بەرپرسایەتیی تەشکیلاتی بڕواتە پێش.

لە کۆتاییدا دەتوانین سەرجەمی قسەوباسەکانی کاک مستەفا هیجری لەو سیمینارەدا وەک پەیامێکی ستراتیژیک ببینین.

**بانەمەڕی ٢٧٢٥**


ئەو پەیامە لەسەر بنەمای چەند ئەسڵ ڕاوەستاوە: پاراستنی یەکیەتیی ڕیزەکانی حیزب، پشتیوانی لە هاوپەیمانیی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان، پەرەپێدانی هاوکاری و هاوپێوەندی لەگەڵ هێزە ئازادیخواز و دێموکراسیخوازە سەرانسەرییەکان، هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی بەرین و دێموکراتیک، ناساندن و بردنەپێشی دروستی پرسی کورد لە ناو کۆمەڵگەی ئێران و دنیادا و ئامادەکردنی تەشکیلاتی حیزب بۆ گێڕانی ڕۆڵێکی کارا و پێشڕەو لە مانگ و وەرزەکانی داهاتوودا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەمڕۆ لە بەرانبەر بەرپرسایەتییەکی مێژووییدا ڕاوەستاوە. ئەو بەرپرسایەتییە هەر بەتەنیا بەرگریکردن لە ڕابردووی پڕ لە شانازیی حیزب نییە، بەڵکوو بەرپرسایەتییە بەرانبەر بنیاتنان و دروستکردنی ئایندەیەک کە لەوێدا خەڵکی کوردستان و خەڵکی هەموو ئێران بتوانن لە ئازادی و بەرابەری و کەرامەت و دادپەروەریدا پێکەوە بژین. ئەگەر یەکیەتیی ڕیزەکانی حیزب بپارێزین، ئەگەر هاوپەیمانیی کوردستانی بەهێزتر بکەین، ئەگەر ئاستی هاوکارییمان لەگەڵ هێزە دێموکراسیخوازە سەرانسەرییەکان بەرینە سەرتر و ئەگەر تەشکیلاتی حیزب بە وریایی و هوشیاریی زۆرترەوە کار و تێکۆشانی خۆی درێژە بدات، کوردستان دەتوانێت لە گۆڕانکارییەکانی داهاتووی ئێراندا دەورێکی کارا و چارەنووسساز و گەورە ببینێ. ئەوەش هەمان ئەو پێگەیەیە کە مێژوو و خەڵک و هەلومەرجی ئێستای خەبات لە ئێمەی دەخوازن.

**١٤ی بانەمەڕی ٢٧٢٦**

---

# لە گرتنی گەرووی هۆرمزدا کێ دەیباتەوە، ئێران یا ئەمریکا؟






**فەرهاد سلێمانپوور**

گەرووی هۆرمز بە شادەماری ئابووریی ئێران دادەنرێت، لەبەر ئەوەی نزیکەی سەدا هەشتا بۆ نەوەدی هاوردە و هەناردەی بەم ڕێڕەوەدا دەڕوات؛ بۆ ئابووریی جیهانیش گرنگە، چونکە بەشێکی بەرچاوی نەوت و گاز و کەرەستەی سەرەتایی جیهان بەم ڕێڕەوەدا تێدەپەڕێت. ئەم زانیارییانەی خوارەوە گرنگیی گەرووی هۆرمز نیشان دەدەن:



سەرچاوە
Serchawe

ـ له ٢٠٢٥دا تێکڕای ٢٠ میلیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا، کە دەکاتە گواستنەوەی نزیکەی ٢٠٪ی نەوتی جیهان، بەم گەرووەدا تێدەپەڕی. وڵاتانی سعوودیە و ئیمارات، جگە لە گەرووەکە، ڕێگەی تریان هەیە بۆ هەناردەی بەشێکی نەوتەکەیان (نزیکەی ٣,٥ تا ٥,٥ میلیۆن بەرمیل لە ڕێگەی دیکەوە دەڕوات)، بەڵام هەناردەی نەوت و گازی ئێران، عێراق، کووەیت و قەتەر بەتەواوی پشتی بەم گەرووە بەستووە.

- سەدا بیستی (٢٠٪ی) گازی LNG ی جیهان کە هی دوو وڵاتی قەتەر و ئیماراتە، بەم ناوچەیەدا دەڕۆیشت؛ واتە ٩٣٪ی گازی قەتەر و ٩٦٪ی گازی ئیمارات، کە دەکاتە ١٩٪ی گازی جیهان.
- ماددە و پەینی کیمیایی: بە ڕێژەی ٧٣,٤٪ی بەرهەمە هایدرۆکەربۆنییەکان، ١٦,٨٪ی مێتانۆڵ، ١٤,٢٪ی پەینی ئۆرە، ١١,٧٪ی ئێتیلین گلایکۆڵ، ١٢,٦٪ی دائیێتیلین گلیکۆڵ. بەگشتی نزیکەی ٢٠٪ی پەینی کیمیایی کشتوکاڵیی جیهان (urea and ammonia) کە بۆ کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی پیشەسازی بەکاردەهێنرێن، بەم گەرووەدا تێدەپەڕی. داخستنی ئەم گەرووە بەخێرایی کاریگەری لەسەر زنجیرەی دابینکردنی خۆراک دادەنێت. تا ئێستا نرخی پەینی کیمیایی لە جیهاندا بۆ زیاتر لە ٣٠٪ بەرز بووەتەوە کە نرخی خۆراکیشی لەگەڵ خۆی بەرز کردووەتەوە؛ بەردەوامیی ئەوە وادەکات کە بەرهەمی کشتوکاڵیش کەم بێتەوە، چونکە بەپیتبوونی زەوی کەم دەکاتەوە.
- بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی وەک زەعفەران بە ڕێژەی ٤٠,٧٪، خورما بە ڕێژەی ٢٢,٧٪، پستە بە ڕێژەی ١٦,٣٪ و چای ڕەش بە ڕێژەی ١٠,٥٪ بەم ڕێڕەوەدا دەڕۆیشت.
- یەک لەسەر سێی ماددەی هیلیۆم (Helium) کە هی قەتەرە، نیوەی هەناردەی ماددەی گۆگرد، ٩٪ی ئەلەمنیۆمی (Aluminum)جیهان، نیوەی سولفۆری (Sulfur) جیهان، ڕێژەیەکی بەرچاوی ماددەی گرافیت (Graphite) کە لە پاتریی ئۆتۆمبێلدا بەکاردەهێنرێت، ڕێژەیەکی بەرچاوی بەردی ئاسن (Iron ore) و تۆپەڵەی پۆڵا(steel pellets) ، بەم ڕێڕەوەدا دەڕۆیشت. ئەم ماددانە هەمووی لە پیشەسازیی جۆراوجۆردا بەکاردەهێنرێن، کەمبوونەوەیان بەواتای گرانبوونی نرخی ئەم کەرەستانەیە لە بەرهەمهێناندا.

**کاریگەریی گرتنەوەی گەرووی هۆرمز بۆ دوو جۆر پۆلێن دەکەین:**

**یەکەم؛** لەسەر وڵاتانی هەناردەکاری وزە و کەرەستەی سەرەتایی،
**دووەم؛** لەسەر وڵاتانی هاوردەکاری وزە و کەرەستەی سەرەتایی.

**یەکەم؛ لەسەر وڵاتانی هەناردەکاری نەوت و گازی کەنداو:**

هەناردەی ئەم وڵاتانە بەم شێوەیەیە: بەر لە شەڕی ٤٠ ڕۆژە، زیاتر لە ١٤ میلیۆن بەرمیل نەوت و نزیکەی ١١ ملیارد پێی سێجا (فوت مکعب) گازی شلی قەتەر بەم گەرووەدا دەڕۆیشت.

**هەناردەی ڕۆژانەی وڵاتانی ئەم ناوچەیە بەم شێوەیە بوو:**

سعوودیە ٥,٥ میلیۆن بەرمیل نەوت

عێراق ٣,٥ میلیۆن بەرمیل

ئیمارات ٢,٧ میلیۆن بەرمیل نەوت و گازەکەشی

کووەیت ١,٨ میلیۆن بەرمیل نەوت

ئێران ١,٦ میلیۆن بەرمیل نەوت

قەتەر ١١٢ ملیارد مەتر سێجا هەناردەی گاز، و نزیکەی ٥٥٠ هەزار بەرمیل نەوت.

ئەگەر بۆ ماوەی هەفتەیەک ئەم گەرووە دابخرێت، سعوودیە ٤,٥ ملیارد دۆلار، عێراق ٢ ملیارد دۆلار، ئیمارات ٣ ملیارد دۆلار، قەتەر ١,٥ ملیارد دۆلار، کووەیت ١,٥ ملیارد دۆلار و ئێران ١,٥ ملیارد دۆلار زەرەر دەکەن. ئەم زیانە تەنیا تایبەتە بە نەوت و گاز. بەڵام ئەگەر بەگشتی زیانی هەناردە و هاوردە هەژمار بکرێت، ئەوا سعوودیە ٧,٨ ملیارد دۆلار، ئیمارات ٨,٤ ملیارد دۆلار، عێراق ٣,٢ ملیارد دۆلار و ئێران ٢,٥ ملیارد دۆلار زەرەر دەکەن. ئێران کە یەدەگی دراوی سفرە، زۆرترین زیانی پێدەگات؛ ساڵانێکە سزای لەسەرە و یەکێکە لە وڵاتە گەندەڵەکان و بەر لە شەڕیش دۆخی ئابوورییەکەی لە قەیرانی قووڵدابوو؛ ئێستا ئەگەر داهاتی نەوتی نەمێنێت و پێش لە هاوردەی شمەکی پێویست و بنەڕەتییەکەی بگیرێت، ئەوا بە یەکجاری تەنگی پێ هەڵدەچنرێت.

داخستنی ئەم گەرووە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی هەناردەی ئەو وڵاتانە؛ ئەو وڵاتانەی بودجەکەیان زیاتر بەستراوەی داهاتی نەوت و گاز بێت، زۆرترین زیانیان بەردەکەوێت. بۆ نموونە، عێراق کە کەوتووەتە داوی نەوتەوە و زیاتر لە ٩٥٪ی بودجەکەی بەستراوەتەوە بە داهاتی نەوت، یان کووەیت کە ٩٠٪ی بودجەکەی بەستراوەتەوە بە داهاتی نەوت. ئەگەر بێت و نەوتەکەیان بە گەرووەکەدا نەڕوات، تووشی داکشانی ئابووری دەبن. جا ڕادەی کاریگەرییەکە بەستراوەتە بەوەی کە تا چەند وڵاتان بودجەکەیان بەستراوەی داهاتی نەوت، گاز و کەرەستەی خاوی ئەم ڕێڕەوەن. بۆ وڵاتێکی وەک سعوودیە کە نزیکەی ٦٠٪ تا ٧٠٪ی بودجەکەی بەستراوەی نەوتە، ڕێگەی تری هەیە بۆ گواستنەوەی بەشێکی نەوتەکەی و هەروەها

بەرزبوونەوەی نرخی نەوت بەهۆی کێشەی ئەم گەرووەوە، بەشێکی زیانەکەی بۆ پڕ دەکاتەوە. ئیمارات ٣٠٪ بۆ ٤٠٪ بەستراوەیە و قەتەر کەمتر، و لەم ساڵانەی دواییدا توانیویەتی تا ڕادەیەکی باش ئابوورییەکەی فرەچەشن بکات.

**گرتنەوەی ئەم گەرووە بەم شێوەیە کاریگەری لەسەر ئابووریی ئەم وڵاتانە دادەنێت:**

- کەمبوونەوەی هەناردەی نەوت و گاز و کەرەستەی سەرەتایی ← کەمبوونەوەی داهاتی دراو (دۆلار) ← کورتهێنانی بودجە ← پێنەدانی مووچە و خەرجیی گشتی ← کەمبوونەوەی وەبەرهێنان و پڕۆژەکان ← زۆربوونی بێکاری ← کەمبوونەوەی گەشەی ئابووری ← داکشانی ئابووری.
- کەمبوونەوەی هەناردە ← کەمبوونەوەی دۆلار (دراو) ← کەمبوونی دۆلار لە بازاڕدا ← کەمبوونەوەی بەهای پارەی نێوخۆ ← بەرزبوونەوەی نرخی شمەکی هاوردە ← زۆربوونی تێچوونی بەرهەمهێنان و گواستنەوە ← بەرزبوونەوەی نرخی شمەک و خزمەتگوزاری ← هەڵاوسان.

**دووەم، لەسەر وڵاتانی هاوردەکاری نەوت:**

گرووپی دووەم ئەو وڵاتانەن کە نەوت و گاز دەکڕن وەک ئورووپا، کۆریا، ژاپۆن، چین و هیندستان و هتد. ئەگەر ئەم ڕێڕەوە بۆ ماوەی چەند مانگێک دابخرێت و یەدەگی نەوت و گازی ئەو وڵاتانە کەم ببێتەوە، ئەوا زۆر بەخێرایی ئەم دەستە وڵاتانەش تووشی داکشانی ئابووری دەبن. جا ڕادەی داکشانەکەیان بەستراوەتە بەوەی کە تا چەند بەستراوەی نەوت و گاز و کەرەستەی تری ئەم ناوچەیەن.

**داخستنی گەرووەکە وادەکات هەناردەی نەوت و گاز و کەرەستەی خاو کەم بێتەوە و بەم شێوەیە کاریگەری لەسەر ئابوورییان دادەنێت:**

١- **لەسەر بەرهەمهێنان:** کەمبوونەوەی هەناردەی نەوت و گاز و کەرەستەی خاوی تر ← بەرزبوونەوەی نرخی وزە ← بەرزبوونەوەی تێچوونی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان ← کۆمپانیاکان یان نرخیان بەرز دەکەنەوە یان بەرهەمهێنانیان کەم دەکەنەوە ← کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان.
٢- **لەسەر بەکاربەر:** کەمبوونەوەی هەناردەی نەوت و گاز و کەرەستەی خاوی تر ← بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی، کارەبا و گواستنەوە ← بەرزبوونەوەی تێچوون ← کەمبوونەوەی هێزی کڕین ← کەمبوونەوەی خواست لەسەر شمەک و


سەرچاوە Serchawe

خزمەتگوزاری.

**٣- لەسەر کار:** کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان و خواست ← کەمبوونەوەی قازانجی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان ← دەرکردنی کرێکار ← زۆربوونی بێکاری.

**٤- لەسەر وەبەرهێنان:** بەرزبوونەوەی نرخی وزە و کەرەستە ← بەرزبوونەوەی هەڵاوسان ← بەرزکردنەوەی نرخی سوود لەلایەن بانکە ناوەندییەکانەوە ← کەمبوونەوەی قەرز و وام ← کەمبوونەوەی وەبەرهێنان.

**٥- ئەنجام:** کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان + کەمبوونەوەی بەکاربردن + زۆربوونی بێکاری + کەمبوونەوەی وەبەرهێنان = کەمبوونەوەی گەشەی ئابووری ← (economic growth) داکشان.(recession)

ئەگەر گرتنەوەی گەرووی هۆرمز زۆر بخایەنێت و وڵاتان یەدەگی وزەیان تەواو بێت، ئەوا تووشی داکشانی ئابووری دەبن. ئەم کێشە ئابوورییە بۆ وڵاتان وەک یەک نییە؛ هەر وڵاتێک زیاتر بەستراوەی وزە و کەرەستەی سەرەتایی گەرووەکە بێت، زووتر و قووڵتر ئابوورییەکەی تووشی داکشان دەبێت. بۆ نموونە چین ڕۆژانە نزیکەی ٤,٧ ملیۆن بەرمیل نەوت، کە نزیکەی ٣٧,٧٪ی هاوردەی نەوتی ئەم وڵاتە پێک دەهێنێت، لەم گەرووەوە هاوردە دەکات، بەڵام بۆ ماوەی ٧ مانگ یەدەگی هەیە و بۆ بەشێکی زۆری هاوردەی نەوت و گازەکەشی شوێنگرەوەی وەک ڕووسیە و میانماری هەیە؛ لەگەڵ ئەوەشدا پەرەسەندنی وزەی پاک بەخێرایی لەو وڵاتە بەرەو پێش دەڕوات. وڵاتانی بەرهەمهێنەری وەک هیندستان، ژاپۆن، کۆریای باشوور، پاکستان و بەنگلادیش زۆرترین بەستراوەییان هەیە. وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاش وەک تایلەند و ئەندەنوسیا بە شێوەی مامناوەند بەستراوەی وزەی ئەم ناوچەیەن. بۆ ئەم وڵاتانە، جیا لەوەی نرخی شمەک بۆ بەکاربەر بەرز دەبێتەوە، نرخی شمەکی پیشەسازیشیان بەرز دەبێتەوە کە ئەمە ناچاریان دەکات یان بەرهەمیان کەم بکەنەوە یان بەشێکی هێزی کاریان دەربکەن. بۆ نموونە، هەناردەی سووتەمەنیی کۆریای باشوور لە نیوە زیاتر کەمی کردووە و هەناردەی بەنزینی هیندستانیش زۆر کەم بووەتەوە؛ و ئەگەر ئەم داخستنە ماوەیەکی زۆر بخایەنێت، ئابووریی ئەو وڵاتانە دەچێتە قۆناغی داکشانەوە .(recession) بۆ وڵاتانی ئورووپاش ئیتالیا، بێلژیک، ئیسپانیا و یۆنان لەچاو وڵاتانی تری ناوچەکە زۆرترین زیانیان پێدەگات. ئورووپا کە بەهۆی شەڕی ئۆکراینەوە تازە لە کێشەی زنجیرەی دابینکردن و هەڵاوسان دەرباز بوو، کێشەی ئەم گەرووە زەحمەتتر دەبێت بۆی؛ هەڵاوسانی تووش دەکات و گەشەی ئەم ناوچە پیشەسازییە کە زۆر پێویستی بە وزە هەیە، کەم دەکاتەوە و لەمەودوا دەبێ لەگەڵ مشتەرییە ئاسیاییەکانی لەسەر وزەی نۆروێژ و ئەمریکا ڕکابەری بکات. یەدەگی ستراتیژیکی نەوت و گازی کەمە و ئێستا پیشەسازیی وزەخۆری بۆ نموونە وەک پلاستیکی پۆڵای

ئەڵمان لە کێشەدایە. بەپێی گۆڵدمەن ساکس، گەشەی ئابووریی ناوچەی یۆرۆ بۆ ٢٠٢٦ لە ١,٤٪ی پێش شەڕەوە بۆ ٠,٧٪ کەم بووەتەوە. ئورووپا زۆر پێویستی بە گازوایل و بەرهەمی پاڵێوراوی تر هەیە کە بۆ گواستنەوە، کشتوکاڵ و خانووکردنەوە بەکاریدەهێنێ و هەر ئێستاش گازوایل لەو ناوچەیە زۆر گران بووە. بۆ گازیش وەهایە؛ ٢٠ ڕۆژ لەمەوبەر یەدەگی گازەکەی نزیکەی ٢٨,٩٪ بوو کە بەخێرایی بەرەو تەواوبوون دەڕوات. ئاکامی ئەم شەڕە ئابوورییە لە ئورووپا دەرکەوتووە؛ دوایین ڕاپۆرتی سندووقی نێودەوڵەتیی دراو، ڕێژەی گەشەی ئابووریی ناوچەی یۆرۆی لە ١,٤٪ی ساڵی پێشووەوە بۆ ١,١٪ی ئەمساڵ کەمتر پێشبینی کردووە. ڕێژەی گەشەی بۆ ئاڵمان (٠,٨)، بریتانیا (٠,٨)، فەرانسە (٠,٩) و ئیتالیا (٠,٥) و وڵاتانی تریش کەمتر لە ساڵی پێشوو پێشبینی کردووە. گەشەی ئابووریی جیهانی بۆ ٢٠٢٦ کە پێشتر ٣,٣٪ پێشبینی کردبوو، کەمی کردەوە بۆ ٣,١٪؛ هەڵاوسانیشی بۆ جیهان بە ٤,٤ لەبەرچاو گرتووە کە بەبەراورد بە مانگی ژانویە، ٠,٦ زیاتر پێشبینی کردووە. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە ئەگەر نرخی وزە لە ماوەی ئەمساڵدا هەر ئاوەها بەرز بێت، ئەوا گەشەی ئابووریی جیهان بۆ ٢,٥٪ یان ٢٪ کەم دەبێتەوە.

### با بگەڕێینەوە سەر ئێران و ئەمریکا:

### کاریگەرییەکەی لەسەر ئێران:

بەگوێرەی گومرکی ئێران، بڕی بازرگانیی دەرەکیی ئێران بۆ ساڵی ١٤٠٤ نزیکەی ١٠٩ میلیارد و ٦٧٣ میلیۆن دۆلار بووە؛ لەم بڕە پارەیە ٥١ میلیارد و ٦٧٥ میلیۆن دۆلاری تایبەتە بە هەناردەی بەرهەمی نانەوتی و بڕی ٥٨ میلیارد و ١٦ میلیۆن دۆلاری تایبەتە بە هاوردە. بڕی هەناردەی نەوتیش بەر لە شەڕ ١,٦ میلیۆن بەرمیل نەوت بوو. گرنگیی گەرووی هۆرمز بۆ ئابووریی ئێران بەگشتی لەوەدا دەردەکەوێت کە ٩٠٪ی هاوردە و هەناردەی نەوتی و نانەوتیی ئێران بەم گەروەدا دەڕوات؛

### ئەمە بەستراوەیی ئابووریی ئێران بەم گەرووەیە نیشان دەدات. بەکورتی:

- ڕێگەی سەرەکیی هەناردەی نەوتی ئێرانە؛ ٨٠٪ تا ٩٠٪ی نەوتی ئێران لەم ڕێڕەوەوە دەڕوات. ئەگەر ئەمریکا لە داخستنی گەرووەکە بەڕووی ئێراندا جدی بێت، ئێران ئەم داهاتەی نابێت؛ ئەمەش واتە داهاتی دراوی ئێران کەم دەکاتەوە و حکوومەت پارەی نابێت خەرجییەکانی پڕ بکاتەوە و ئەوەندەی تر تووشی کورتهێنانی بودجە دەبێت.

### ئاکامەکەی بەم شێوەیە دەبێت:

١- کەمبوونەوەی داهاتی حکوومەت ← پڕنەکردنەوەی خەرجییە گشتییەکان ← کورتهێنانی بودجە ← لەچاپدانی زیاتری پارەی بێپاڵپشتی ← بەرزبوونەوەی هەڵاوسان.
٢- کەمبوونەوەی دۆلار ← بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار و شکانی زیاتری تمەن ← گرانبوونی کەرەستە و ئامێری سەرەتایی کۆمپانیاکان ← بەرزبوونەوەی تێچوونی بەرهەمهێنان ← گرانبوونی نرخی شمەک ← بەرزبوونەوەی هەڵاوسان.

- ئەم گەرووە ڕێگەی هاوردەی کەلوپەلی پێویست و بنەڕەتی وەک خۆراک، دەرمان و کەرەستەی سەرەتایی و ئامێری سەریەکخستنی ئۆتۆمبێل و بەرهەمە کارەباییەکانی وەک تی ڤی و بەفرگر و گڵۆپ و زۆر شتی دیکەیە. بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانەی گومرکی ئێران، نزیکەی ٢٥ میلیۆن تۆن شمەکی پێویستی وەک گەنم، جۆ، دانەوێڵە، شەکر، سۆیا و ڕۆن هاوردە دەکات کە ٩٠٪ی ئەم کەلوپەلانە بەم گەرووەدا دەهێنرێن. ژمارەیەکی بەرچاوی کارخانە و کارگە و کۆمپانیا، لەبەر ئەوەی کەرەستەی سەرەتاییان بەم گەرووەدا دێت، یان کارەکەیان ڕاوەستاوە یان لە بەردەوامیی داخستنی گەروەکەدا، ئەوانیش ناچار دەبن کارەکەیان ڕابگرن و ئەمەش بێکاربوونی زیاتری لێ دەکەوێتەوە.

١- کەمبوونەوەی هاوردەی کەرەستەی پێویستی بەرهەمهێنان ← هاتنەئارای گرفت و کێشە لە کەرتی بەرهەمهێناندا ← داخستنی پیشە و کۆمپانیا و دەرکردنی کرێکار ← زۆربوونی بێکاری ← کەمبوونەوەی گەشەی ئابووری.

ئەم گەرووە کە بە شادەماری ئابووریی ئێران دادەنرێت، ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆر دابخرێت، ئەوا ئابووریی ئێران لەوەی کە هەیە کێشەکانی زیاتر دەبێت. کۆماری ئیسلامی و سپای پاسداران گوێیان بەم داخستنە نییە و پێیان وایە ڕێی دەربازبوونیان هەیە و بەوتەی خۆیان گرتنەوەی گەرووەکە کاریگەرییەکی ئەوەندە گەورە لەسەریان نابێت و دەیانەوێ بەم ڕێگەیانە خۆیان دەرباز بکەن:

- داهاتی نەوت و بەگشتی کەرتی نەوت لەژێر خاوەندارییەتیی دامودەزگای بەیتی ڕێبەریدایە، بە (ئەنفال) دادەنرێت. سپای پاسداران بۆ ماوەیەکی درێژ بەرگە دەگرێت، لەبەر ئەوەی کۆنترۆڵی بەسەر ٧٠٪ تا ٨٠٪ی ئابووریی ئێراندا هەیە و جارێ پاشکەوتێکی زۆری هەیە بۆ پێدانی مووچە بە ئەندامەکانی؛ ئەوەی هەیە خەڵکی ئێرانە کە بێکاری و گرانبوونی شمەک زیاتر تەنگ بە خەڵک هەڵدەچنێت. لەم ڕووەشەوە کە توانیویەتی خەڵکی ئێران کۆنترۆڵ بکات، ئەوا گوێی بە خراپتربوونی دۆخی ئابووری نییە وەک چۆن لە گشت ئەم ساڵانەدا گوێی پێ نەداوە.

- سەدا ٣ بۆ ٥ی بازرگانیی ئێران لە ڕێگەی دەریای خەزەر و وشکانییەوەیە؛ سوپای پاسداران کەوتووەتە خۆی کە زیاتر

لەم ڕێگانە کەڵک وەربگرێت.

- کرانەوەی ڕێگەی گوادەری پاکستان بەڕوویدا کە بە فەرمی لە مانگی نەورۆزدا کرایەوە و یەکەم باری خۆی لە گوادەرەوە گەیاندە تاشکەندی ئۆزبەکستان. ئێران دەتوانێ بە شێوەی سنووردار هەناردە و هاوردەی شمەکی نانەوتی لەم ڕێگەیەوە بکات. ئەم ڕێگایانە ئەگەرچی تێچوونی ئاڵوگۆڕ بۆ ئێران دەباتە سەرەوە و نرخی شمەک بەرزتر دەکاتەوە، بەڵام تا ڕادەیەکی کەم باری گەرووەکەی بۆ سووک دەکات.

- کەڵکوەرگرتن لە ڕێی ئاسنینی قەزاقستان، ئۆزبەکستان، تورکمانستان و چین.

- عێراق یەک لەو وڵاتانەیە کە لە هەموو ئەم ساڵانەدا یارمەتیی ئێرانی داوە تا ئەو ڕادەیەی کە نەوتی ئێرانی تێکەڵاوی نەوتەکەی خۆی کردووە و بۆی فرۆشتووە؛ سەرافەکان، بانکەکان و بازرگانە عێراقییەکان یارمەتیی ئێرانیان داوە کە دەستی بە دۆلار بگات. تورکیە و ڕووسیەش بەردەوام یارمەتییان داوە و ئێستاش کە بە ئاشکرا نایانەوێ کۆماری ئیسلامی بکەوێت، لە ڕێی جۆراوجۆرەوە یارمەتی دەدەن.

- کۆماری ئیسلامی وەک خۆی دەڵێت، لەم ساڵانەی دواییدا بەهۆی سزای ئابوورییەوە، لە ڕێگەی دەڵاڵ و کۆمپانیای وڵاتانی ترەوە شارەزای فرۆشتنی نەوتەکەی بووە.

## کاریگەرییەکەی لەسەر ئەمریکا:

کاریگەریی گرتنەوەی ئەم گەرووە لەسەر ئابووریی ئەمریکا دووسەرەیە؛ لە لایەکەوە نرخی نەوت و گاز کە بەرز دەبێتەوە، داهاتی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی نەوت و گازی ئەمریکا زۆر دەکات و ئەمە وادەکات ئەو کۆمپانیایانە وەبەرهێنان بکەن و هەلی کار بڕەخسێنن. لە ٢٠٢٥دا ئەمریکا نزیکەی ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی ناوچەی کەنداوی پێویست بوو؛ ئێستا نەوتی ڤەنزوێلا ئەوەی بۆ پڕ کردووەتەوە و نەوتی مەکسیک، کەنەدا و ڤەنزوێلای وەک قەڵغانێک لەبەرامبەر بەرزبوونەوەی نرخی وزەدا بەکارهێناوە. ئەمریکا خۆی هەناردەکاری نەوت و گازیشە؛ نزیکەی ٤,٦ ملیۆن بەرمیل نەوت هەناردەی ئورووپا دەکات. لە لایەکی دیکەوە، کاریگەریی گرتنەوەی گەرووەکە لەسەر ئەمریکا لە سۆنگەی نرخەوەیە (بۆ وڵاتانی تر لە ڕووی بڕ و نرخەوەیە)؛ واتە نرخی سووتەمەنی بۆ خێزانی ئەمریکایی بەرز دەکاتەوە. ٢٪ی سەبەتەی بەکاربردنی خێزانێکی ئەمریکایی لە سووتەمەنی پێک دێت؛ ئەمە کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر خۆشگوزەرانیی ئەمریکاییەکان دانانێت، بەڵام لەبەر

ئەوەی لەو وڵاتە هەڵبژاردنی ئازاد و ڕکابەریی دوو حیزب هەیە، ئەوا هەر جۆرە بەرزبوونەوەیەکی نرخ وەک فشارێک لەسەر دەسەڵات بەکاردەهێنرێت؛ ئەوەی کە ئێران دەیەوێت فشاری نێوخۆیی و جیهانی لەسەر ترامپ زیاد بکات و ناچاری پاشەکشە و ئیمتیازپێدانی بکات.

## ئێران و ئەمریکا لە گرتنەوەی گەرووی هۆرمزدا چییان دەوێت؟

**یەکەم؛** ئەمریکا دەیەوێت بە گرتنەوەی گەرووی هۆرمز، دەست بخاتە بینەقاقای کۆماریی ئیسلامی و ناچاری بکات تەسلیمی خواستەکانی ترامپ بێت و ئەمریکا مەرجەکانی خۆی بەسەر کۆماری ئیسلامیدا بسەپێنێت و ڕێککەوتنێکی یەکجارەکی لەگەڵ بکات. هەروەها ئەمریکا لە دەستپێکی شەڕەکەدا داوای لە ئورووپا کرد شانبەشانی ئەمریکا و ئیسرائیل بێنە مەیدان و دژی ئێران ڕابوەستن کە ڕەتیان کردەوە؛ ئێستا بە گرتنەوەی گەرووەکە دەیەوێ کۆدەنگی و هاوهەڵوێستییەک لە بەرامبەر ئێراندا پێک بێنێ و بەرەبەرە ئورووپاییەکان و وڵاتانی تر لەگەڵ خۆی بخات و ئەوەندەی تر ئێران پەراوێز بخات.

**دووەم؛** ئێران دەیەوێت بە گرتنەوەی گەرووەکە، نرخی وزە لە جیهاندا بەرز بێتەوە و تەنگ بە وڵاتان و نێوخۆی ئەمریکا هەڵچنێت و جیهان و نێوخۆی ئەمریکا وا لێ بکات فشار بخەنە سەر ترامپ و ناچاری بکەن دەست لە شەڕ هەڵبگرێ و مەرجەکانی خۆی بەسەریدا بسەپێنێت. ئێران جیا لە گەرووی هۆرمز، دەیەوێ لە ڕێگەی حوسییەکانەوە گەرووی بابولمەندەب کە ڕێژەی ١٤٪ی بازرگانیی دانەوێڵەی جیهان، ١٢٪ی نەوتی خاو، ١٠-١٢٪ی پەینی کیمیایی، ٨٪ی گازی سروشتی، خەڵووز، ئاسن و کەرەستەی خاوی دیکە پێیدا تێدەپەڕێت دابخات و ئەوەندەی تر فشار بخاتە سەر ئابووریی بەشێکی جیهان. داخستنی ئەم گەرووە وادەکات کەشتییەکان بە دەوری ئەفریقادا بسووڕێنەوە، کە ئەمەش ماوەیەکی زۆر دەخایەنێ و تێچوون و بیمەی گواستنەوە بەرز دەکاتەوە. هەروەها کۆماری ئیسلامی پێی وایە ئەمریکا بۆ ماوەیەکی درێژ ناتوانێ بەرگەی تێچوونی ئەم کەشتییە بارهەڵگر و سەربازییانەی بکات کە لە کەنداودا مۆڵی داون.

دەمێنێتەوە پرسیارێک: کامیان دەیباتەوە؟ ئەوەیان کە زیاتر بەرگە بگرێت و بتوانێ لای بەرامبەرەکەی دابخات و وڵاتانی تر لەگەڵ خۆی بخات. ئایا سپای پاسداران بەرگەی فشاری ئابووریی نێوخۆ دەگرێ و دەتوانێ ئەو بەشەی گەرووەکە دابخات کە ئەمریکا دەیەوێ ئازادی بکات بۆ هاتوچۆ؟ ئایا ترامپ و ئیدارەکەی بەرگەی فشاری نێوخۆ و دێموکراتەکان دەگرن و دەتوانن بەشی لای ئێران بەڕووی هاتوچووی کەشتیدا دابخەن؟ کامیان دەتوانێ وڵاتانی تر لە دژی بەرامبەرەکەی بەکار بێنێت؟

بانەمەڕی ٢٧٢٥

له ڕاپۆرت و زانیارییەکانی ٢٠٢٤ و ٢٠٢٥ی ئەم ماڵپەڕانە کەڵکم وەرگرتووە:

https://www.iea.org/
https://www.tasnimnews.ir/
https://www.imf.org/en/home
https://data.worldbank.org/
https://www.undp.org/
https://www.wto.org/

بۆ کاریگەریی داخستنی گەرووی هۆرمز لەسەر خۆراکی جیهان کەڵکم لە نووسینی ئەم چوار ئابووریناسە وەرگرتووە:

https://www.kielinstitut.de/fileadmin/Dateiverwaltung/IfW-Publications/fis-import/01b7c020-27e6-4096-8cc5-e037738d2058-KPB_206.pdf

. Hydrocarbon derivatives (73.4%), methanol (16.8%), urea fertilizer (14.2%), ethylene glycol (11.7%), and diethylene glycol (12.6%)—

١٦ی بانەمەڕی ٢٧٢٦

# دوژمنانی کورد لە هاوپێوەندیی نەتەوەیی کورد زراویان چووە!





**عومەر باڵەکی**

لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و دابەشبوونی خاکی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەت و سێ نەتەوە، بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان لە ماوەی ئەو سەد ساڵەدا بێپسانەوە درێژەی هەبووە و خوێن و قوربانیی زۆری لەو ڕێگەیەدا داوە و کاولکاری و کارەساتی زۆری بەسەر هاتووە، بەڵام ڕەوڕەوەی ئەو جووڵانەوە

**بانەمەڕی ٢٧٢٥**

مافخوازانەی نەتەوەی کورد لە ڕەوتی خۆی نەکەوتووە. لە ماوەی ئەو سەد ساڵەدا چەندین جووڵانەوەی گەورە و بچووک سەریان هەڵداوە و زۆر جاران هەتا ترۆپکی سەرکەوتن ڕۆیشتوون، بەڵام بە هۆکاری جۆراوجۆر، بەتایبەتی گەلەکۆمەکیی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا تێکشکاون؛ بەڵام ڕووحی مافخوازانەی نەتەوەی کورد بۆ گەیشتن بە مافەکانی لە لێدان نەکەوتووە و جارێکی دیکە و لە شوێنێکی دیکەی کوردستان جووڵانەوە سەری هەڵداوەتەوە. بە درێژایی ئەو سەد ساڵە دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا، بێجگە لە بەکارهێنانی سوپای پڕچەک بۆ سەرکوتی جووڵانەوەکان، بیریان لەوە کردووەتەوە کە بە زاڵکردنی کولتوور و زمانی خۆیان لە هەر پارچەیەک لە کوردستان، وا لە تاکی کورد بکەن کە ببێتە هۆگری ئەو وڵاتە. لێرەدایە ئەگەر کۆمەڵگەی کوردستان بە تاک و کۆ وریا نەبێت، درێژەی ئەو سیاستە دەبێتە هۆی لێکدابڕانی زیاتری نەتەوەی کورد لە یەکتر و دەستی دوژمنانی خاک و نەتەوە زیاتر ئاوەڵا دەکات بۆ داگیرکاریی زیاتر.

ئەگەر سەرنج بدەینە سەر مێژووی هاوچەرخی نەتەوەی کورد، دەبینین ئەو کاتانەی لە یەکێک لە پارچەکانی کوردستان، کارەساتێکی ناخهەژێن ڕووی دابێت یا سەرکەوتنێک هاتبێتە ئاراوە، لە هەر چوار پارچەی کوردستان گەلی کورد هەم سەبارەت بە کارەساتە ناخهەژێنەکانی وەک کیمیابارانی شارەکانی هەڵەبجە و سەردەشت، ئەنفال و کۆڕەوە ملیۆنییەکەی باشوور و ... بۆ پشتیوانی و هاوخەمی، هەڵوێستی هەبووە و هەوڵی داوە بە یەکەوە کۆڵی خەمی کارەساتەکان هەڵبگرن و لە نێو خۆیدا خەم و نەهامەتییەکان بەش بکات و ئیزن نەدات دوژمنان بە گەلی کورد خۆش بن، یا ئەو کاتانەی لە پارچەیەک لە کوردستان سەرکەوتنی گەورە بە دەست هاتووە، دیسان گەلی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان لە شادیی ئەو سەرکەوتنەدا بەشدار بوون و بە سەرکەوتنی خۆیان زانیوە. بەڵام دوژمنانی نەتەوەی کورد بەئاگا بوون لەو هاوپێوەندییە نەتەوەییە، هەموو کات لە هەوڵی پیلانگێڕان و تێکدانی بوون. لە ئاگاداری و کردار و گوتاری دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا، ئەوە بە ڕوونی خۆی سەلماندووە کە لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا شەڕێکی نەدیتراو و نەبیستراو لە نێوان هەستی شوناسخوازیی نەتەوەیی کورد لە لایەک و دوژمنایەتیی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا، بۆ لەنێوبردنی ئەو هەستە شوناسخوازییە لە ئارادایە.

لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش یەکێک لەو پارچانەی کوردستانە کە جووڵانەوەی مافخوازانەی نەتەوەیی کوردی تێدا بەردەوام بووە؛ لە شۆڕشی سمکۆوە دەست پێدەکات هەتا دامەزرانی کۆماری کوردستان و بەربەرەکانێ لەگەڵ حکومەتەکانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیی ئێران. لەگەڵ هەموو دوژمنکارییەکانی ئەو دوو ڕێژیمە دەرحەق بە گەلی کورد و بزووتنەوەی مافخوازانەی ئەو گەلە، خەبات بەپێی هەلومەرج و قۆناغە مێژووییەکان بەردەوام بووە. خەباتکارانی بزووتنەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو قۆناغەکانی خەباتدا هەوڵیان داوە خۆیان لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکانی جیهانی و ناوچەیی بگونجێنن، بەڵام قەت نەبوون بە بەشێک لە پاراستنی بەرژەوەندیی لایەنێک بە دژی لایەنێکی دیکە، چونکە ناخ و نێوەرۆکی جووڵانەوەی گەلی کورد وەدەستهێنانەوەی مافەکانییەتی، نەک پاراستنی

بەرژەوەندیی لایەنێکی دەرەکی. هەر ئەو بڕوا و تێڕوانینە دروستە وای کردووە، سەرەڕای سەرکوتی بێبەزەییانەی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا، جووڵانەوەی شوناسخوازیی نەتەوەیی لە کوردستان لە ماوەی ئەو سەد ساڵەدا هەروا بە گوڕوتین بەردەوام بێت.

لە بارودۆخی ئێستادا کە ناوچەکە لەگەڵ کۆمەڵێک تەنگژە و شەڕ و تێکهەڵچوونی لایەنە جۆراوجۆرەکان ڕووبەڕووە و ڕوون نییە چارەنووسی گەلێک پرس بەرەو کوێ دەچن. ئایا ئێران و ئەمریکا ڕێک دەکەون؟ لەسەر چی ڕێک دەکەون و کام لا سەرکەوتووی ئەو شەڕە ماڵوێرانکەر و کاولکارییەیە؟ ئایا ئەو شەڕە دەبێتە هۆکاری ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران؟ یا کۆماری ئیسلامی تەسلیمی ویستەکانی ئەمریکا دەبێت و بۆ ماوەیەکی دیکە درێژە بە تەمەنی خۆی دەدات؟ لەو کاتەدا ئێرانی دوای شەڕ بەو هەموو کاولکاری و ئابووریی داڕماو و سارێژنەبوونەوەی برینی کوشتاری خەڵکی نارازی لە حکومەتی ئێران لە شۆڕشی ژینا و خۆپێشاندانەکانی مانگی بەفرانباری پارساڵدا، بەرەو کوێ دەچێت؟ بە دەیان پرسیاری دیکە کە ناوچەکە و گەلانی نیشتەجێ لەو ناوچەیە لەگەڵی ڕووبەڕوون و نەتەوەی کوردیش لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەدەر نییە لە ئاکامی ئەو شەڕ و ململانێ نێودەوڵەتییانە، واتە لێکەوتەکانی ئەو شەڕە چ بە ئاشتی و چ بە درێژەی شەڕ، کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر پرسی کورد بەگشتی. هەر بۆیە لە ئێستادا و لەو قۆناغە هەستیارە مێژووییەدا، ئەرکە لەسەر شانی هەموو حیزبە کوردستانییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی و تاکبەتاکی کورد، بە هەر فکر و ئایدۆلۆژیایەک بن، لەسەر پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان یەک هەڵوێست و یەک دەنگ بن و ئیزن نەدەن دەوڵەتانی زاڵ بەسەر ناوچەکەدا کاریگەرییان هەبێت لەسەر هاوپەیوەندیی نەتەوەیی و دروشمی ئەسڵی و سەرەکی کە کوردستان یەک وڵاتە و کورد یەک نەتەوەیە. هەر تاکێکی کورد و هەر نیشتمانپەروەرێک دەبێ هەست بەو بابەتە هەستیارە بکات کە هەر گۆڕانکارییەک لە هەر پارچەیەک لە کوردستان ڕوو بدات، ڕاستەوخۆ کاریگەریی هەیە لەسەر پارچەکانی دیکەی کوردستان.

بەداخەوە لە مێژووی گەلی کورد کەم نین ئەو ڕووداوانەی بە هۆی دەستتێوەردانی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا، بوونەتە هۆی دروستبوونی کێشە و ململانێی نێو ماڵی کورد و زۆر جاران زیانی قەرەبوونەکراوەیان لێ کەوتووەتەوە، کە دیارە لە سەردەمی ئێستادا بە هۆی بوونی پلاتفۆرمە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندیگرتن، ئاسەواری ئەو دەستتێوەردانانەی دوژمنانی سوێندخواردووی کورد زۆر زووتر خۆی ئاشکرا دەکات و لە نێو کۆمەڵگەدا دەتەقێتەوە؛ کە ئەگەر بە وریایی لەگەڵ ئەو بابەتانە هەڵسوکەوت نەکرێت، ڕەنگە زیانی گەورە لە جەستەی بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەی کورد بەگشتی بدات.

بەداخەوە دوای هەڵگیرسانی شەڕی نێوان ئێران لە لایەک و ئەمریکا و ئیسرائیل لە لایەکی دیکەوە، کۆمەڵێک باس و



سەرچاوە
Serchawe

**بانەمەڕی ٢٧٢٥**

بابەت و کردار ئەو ڕۆژانە دەرحەق بە خەباتکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دنیای ڕاگەیاندنە جۆراوجۆرەکانی کوردی دا دەکرێن و دەگوترێن کە هەڵگری پەیامێکی مەترسیدارن کە ئاوەکەی دەچێتە ئاشی دوژمنانەوە. چونکە دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا، بەتایبەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بە تەواوی گلۆڵەی کەوتووەتە لێژی، هەموو ڕێکارێک دەگرێتە بەر بۆ ئەوەی کەلێن بخاتە نێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکان و تاکبەتاکی گەلی کورد و پێش بە یەکگرتوویی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بگرێت. ئەو بابەتە پێویستی بە سەلماندن نییە؛ چونکە هەر کاتێک کە کورد ئیرادەی کردووە لە پشتی یەکتر بێت، خێرا ئەو دەوڵەتانەش هەموو بەرژەوەندی و ململانێیەکانی خۆیان وەلاناوە و بە دژی کورد و خەباتە ڕەواکەی یەکیان گرتووە؛ و هەر کاتێک کورد خۆی لە نێو ماڵی خۆیدا کەوتووەتە ململانێ و ناتەبایی لەگەڵ یەکتر، ئەو دەوڵەتانە هەوڵیان داوە کورد بە دژی یەکتر هان بدەن و بۆ مەبەستی بەرژەوەندییەکانی خۆیان کەڵک لەو ناکۆکییانە وەرگرن. بەڵام مێژوو ئەوەی سەلماندووە، سەرەڕای ئەو هەموو پیلانگێڕی و کوشتوبڕ و سەرکوت و کاولکارییە بە دەستی دوژمنان، لە کوردستان ئەوەی لەسەر خاکی کوردستان ماوەتەوە و دەمێنێتەوە گەلی کوردە، و ئەوەی بەرەو ڕووخان و نەمان دەچێت، حکومەتەکانی زاڵ بەسەر کوردستانن. لە قۆناغی ئێستای خەباتی مافخوازانەی نەتەوەی کورد دا کە ناوچەکە بەرەو ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی دەچێت و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو بوارێکدا بەرەو دارمان و لەنێوچوون دەچێت، ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی بە پشتگیریی هەمەلایەنەی کۆمەڵگەی کوردستان بە گشتی هەیە بۆ ئەوەی ئەو پارچە لە کوردستان، لە لایەک لە مەودای خەباتێکی بێوەچان و پڕ لە خوێن و قوربانی و کاولکاریی سەد ساڵەدا سەرکەوێت و بە ئازادی پشوویەک بدات، و لە لایەکی دیکەوە، گەیشتنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مافە نەتەوایەتییەکانی دەتوانێت ببێتە کلیلی سەرکەوتن و گەشەکردنی پارچەکانی دیکەی کوردستان.

**١٦ی بانەمەڕی ٢٧٢٦**



سەرچاوە
Serchawe

# پێوەندییە دینامیکییەکانی نێوان خەباتی مەدەنی و خەباتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان






د. خالید خەیاتی

ئاماژە: د. خالید خەیاتی، مامۆستای زانکۆ و چاودێری سیاسی لە وتووێژێکی تایبەتدا لەگەڵ کوردکاناڵ شرۆڤەی دوایین بارودۆخی سیاسی و ئەمنییەتیی ئێران دوای شەڕ لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلی کردووە. کوردستان و پرسی کورد لەژێر باندۆڕی ئەو ئاڵوگۆڕانەوە و ئەو ئەرکە هەنووکەییانەی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ ڕایپەڕێنن، چەند بەشێکی دیکەی باسەکانی ئەو وتووێژە بوون. "کوردستان" تەوەرە گرینگ و سەرەکییەکانی ئەو وتووێژەی بۆ

خوێنەرانی گواستۆتەوە.

## هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان دەرفەت و مەترسییەکانی دۆخی نوێی ئێراندا

ئەگەر لە مەترسی ڕا دەست پێ بکەین، ئێران وڵاتێکی بریندارە. بەهۆی ئەوەی یەکەم هێندە لە مێژ نییە و لە چەند ساڵی ڕابردووشدا چەقی سەرهەڵدانی جەماوەری بووە، خەڵک خۆپێشاندانیان کردووە، بەتایبەت لەو سێ چوار مانگەی ڕابردوودا ئەو خۆپێشاندانانەی لە ئێران و بەتایبەت لە کوردستاندا هاتووەتە ئاراوە گەیشتووەتە لووتکەی خۆی، و بەرپەرچدانەوە و کاردانەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەبەرانبەر ئەو خۆپێشاندانەدا یەکجار توندوتیژ بوو؛ دەگوترێ لە بەفرانباری پارەکەدا ٤٠ هەزار کەسیان کوشتووە. لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆکاری ئەوەی کە لە چل و چەند ساڵی ڕابردوودا ئێران سیاسەتێکی هێرشبەری لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بووە و ڕاستەوخۆ بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا و هەندێک وڵاتی ڕۆژاوای کردووەتە ئامانجی خۆی، ئیتر ئەو دۆخە گەیشتووەتە قۆناغێک چیتر ناتوانێ بە شێوەیەک کە هەیە بەردەوام بێ، و ئەوەش بووەتە هۆکاری ئەوەی کە وڵاتانی وەک ئیسرائیل و ئەمریکا لە کۆتاییدا ناچار بن کە کێشەی خۆیان کە بە شێوەی چەقبەستوو ماوەتەوە لە ٣٠-٤٠ ساڵی ڕابردوودا بە شێوەی سەربازی چارەسەر بکەن، ئەویش بوو بە هۆکاری ئەوەی کە هێرشێکی یەکجار زۆر بەربڵاو لەو ماوەیەدا لە دوو قۆناغدا بۆ سەر ئێران کراوە، کە هەم لە ئاستی کەسایەتی و کاربەدەستی گرنگی ئەو وڵاتەدا ژمارەیەکی بەرچاو لەناوچوون و کوژراون، هەم لە ڕووی ژێرخانی ئابووری و بەتایبەت ژێرخانی سەربازی و نیزامی ئەو وڵاتە زەبرێکی زۆری وێکەوتووە، بۆیە ئەو وڵاتە بریندارە، و برینداربوونیشی بە دوو هۆکار: یەک ئەوەیە کە شێوازی قەیرانەکە بگۆڕێ بەو ئاراستەیەدا بەرێ کە بۆ خۆی پێویستی پێیەتی، و لە گۆڕان لەو ئاراستەیەشدا و لەو هەنگاوەشدا دەست لە هێزە کوردییەکان ناپارێزێ و لە چەند مانگی ڕابردوودا، یانی لەو ماوە کەمەدا، لانی کەم زیاتر لە ٨٠٠ جار هێرشی کردووەتە سەر باشووری کوردستان، کە بەشێک لەو هێرشانە ڕاستەوخۆ ڕووی لە هێزەکانی کوردی ڕۆژهەڵاتەوە بووە و بەو پێیەش ژمارەیەک لە پێشمەرگە و ئەندام و بەڵکوو خەڵکی ئاسایی شەهید بوون. ئەوە مەترسییە، یانی مەترسی ڕۆژانەیە لەسەر ئێمە. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەگەر چاو لە دەرفەت و ئیمکان بکەین دەتوانین بڵێین ئەو شتەی کە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەت لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا لەئارادایە، شتێکی وەک جاران نییە، بەڵکوو دۆخێکی زۆر تایبەتییە کە خودی ئەو دۆخە تایبەتییە لە حاڵەتێکدایە گەڕانەوەی بۆ قۆناغی پێشوو نییە؛ واتە ئەو دۆخە دەبێ بە لایەکدا بکەوێتەوە. بەلاکەوتنەکەش بەو مانایەیەی یان ئەمریکا و ئیسرائیل دەبێ شکست بخۆن لەو تێکهەڵچوونەدا، یان ئێران دەبێ شکست بخوا و ملکەچی ویست و داخوازییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بێ. ئەوەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە زەمینەی سیاسەتکردن و جۆری سیاسەت کردن بۆ کورد و هێزە سیاسییە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات جیاواز بێ لەگەڵ جاران.

## دۆخی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هاوکێشەکانی ئێستای ئێران و ناوچەدا

ئەوە کە هاوپەیمانییەک لە نێوان حیزبە سیاسییەکانی کوردستان دروست کراوە شتێکی پۆزەتیڤە، ئەوەش کە هەندێک پێوەندیی دیپلۆماسی چ لەگەڵ ئەمریکا و چ لەگەڵ وڵاتانی ئورووپایی دروست کراون ئەوەش هەنگاوی زۆر باشن؛ بەڵام بە بۆچوونی من شتێکی لەوە زیاتر نەکراوە؛ لە حاڵێکدا خەڵکی کوردستان چاوەڕێی هەندێک کردارن. خەڵک دۆخەکە دەبینن و ناتوانن هەتاکوو کۆتایی هەر چاوەڕێ بن. مەبەست ئەوەش نییە حیزبەکان ڕاستەوخۆ هێزی پێشمەرگە بنێرنەوە وڵات و دەرگیر بن و شەڕ بێتە ئاراوە، بەڵام لە نێوان شەڕ و هیچ نەکردندا ژمارەیەک کاری گرنگی دیکە هەیە. بۆ نموونە دروستکردنی پلاتفۆرمێکی هاوبەش، دروستکردنی هێزێک یا بڵێین ڕێکخراوێکی دیپلۆماسیی هاوبەش بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یان ئەوەی پێوەندییەکی چڕ و پڕتر لەگەڵ خەڵکی دەرەوەی وڵات دروست بێ، کۆکردنەوەی یارمەتی، دروستکردنی میدیایەکی یەکدەنگ و زۆر کار دەکرێ. هەروەها لێکدانەوەی کتوپڕی ڕووداوەکان و هەروەها زیاتر پێوەندیی بەرپرسانی حیزبی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و دینامیک و ڕۆژانە لەگەڵ هاونیشتمانییانی خۆیان. ئەوانە دەکرێ بکرێن، بەڵام بەداخەوە ئەوانە نەکراون و پێموایە ئەوەش کۆمەڵێک دەرفەت بوو کە بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەستی دا بەڵام ئێستاش درەنگ نییە.

## پێوەندییە دینامیکییەکانی نێوان خەباتی مەدەنی و خەباتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕووی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە بەهێزە. نموونە زۆرن، واتە لەو ماوەیەدا کە شەڕ نەبووە بە تایبەت لە دۆخی ئاساییدا بۆ نموونە هەر کاتێک حیزبەکانی ئێمە بانگەوازێکیان ڕوو لە خەڵک کردووە یان داوایان لە خەڵک کردووە کە لە بەرنامەیەکدا بەشدار بن یان لە خۆپێشاندانێک یان مانگرتنێک بووە، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەنگیانەوە هاتوون و ئەوە نیشانەیەک لە بەهێزبوونی خەڵکە، نیشانەیەک لە تێگەیشتوویی بەرزی ئەو خەڵکەیە کە بەو شێوەیە جواب دەدەنەوە. ئەگەر ڕووداوێکی سروشتی بۆ نموونە بوومەلەرزەیەک لە شوێنێکی کوردستان ڕووی دابێ، ئەو خەڵکە بە شێوازێکی گشتی و عام بەرەو پیر یان بە هانای خەڵکی لێقەوماوی هاونیشتمانیی خۆیەوە چووە. ئەگەر مەسەڵەن نموونەیەکی بڵێین جیاواز وەک نەورۆز بووە، شێوازی بەرپاکردنی نەورۆز و بەڕێوەبردنی مەراسیمەکانی نەورۆز لە پانتایی کوردەواریدا بە بەراورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە نموونەیەکە لە نواندنی نەتەوایەتی و سیاسی و کولتووری کە لە نێوان کەم نەتەوەدا ئەوانە بەدی دەکرێ، ئەوە بە شێوەیەکی گشتی. بەڵام بە شێوازێکی زۆر تایبەتی تریش ئێمە ژمارەیەکی بەرچاو ڕێکخراوی مەدەنییمان هەیە. لەو ڕووەوە من دەتوانم بڵێم ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەزموونێکی باشی لە خەباتی مەدەنی هەیە، بەڵام یەک شتمان دەبێ لەبیر نەچێت، لە قۆناغی شەڕدا و ئێستا کە قۆناغی شەڕە و بە تایبەت

**بانەمەڕی ٢٧٢٥**

قۆناغی نێوان دوو شەڕدا کە لە حاڵی حازردا دەوڵەتی ئێران ئاستی سەرکوتی لە جاران زیاتر کردووە، خەڵک دەگرێ لە سێدارەدانەکان ڕۆژ بە ڕۆژ پەرە دەستێنن و زیاد دەکەن، ئەمە لەو قۆناغەدا ناتوانین و لە ڕووی زانستییەوە نەکراوە چاوەڕوانیمان لەوە بێ کە ڕێکخراوە مەدەنییەکان بە شێوەی ئاشکرا چالاکییان هەبێت، بەڵام دەتوانن ئەو چالاکییانەیان هەبێت. بەڵام شتێکی دیکەش زۆر گرنگە لێرە باسی بکەین، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوەڕوانی ئەوە نین مەسەلەن هێندێک دەستکەوتی بچووک بە ڕێگای خەباتی مەدەنی بەدەست بهێنن، بەڵکوو چاوەڕوانی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات دەکەن، یان بەو مانایە چاوەڕوانی ئەوە دەکەن دوای ١٠٠ ساڵ لە چەوسانەوە، دوای ١٠٠ ساڵ لە ماڵوێرانی، لە خەبات و لە چەرمەسەری، دوای ئەو هەمووە شەهیددان و ئەو هەمووە بەڵایەی بەسەری هاتووە، کاتی ئەوە هاتووە جۆرێک لە سەروەری و جۆرێک لە دەسەڵاتی سیاسی بۆ خۆی دەستەبەر بکات. بۆیە من پێم وایە لاوانی کوردستان بە هەر ئاراستەیەکی حیزبیدا کە هەن، ئامادەی ئەوەن ئەگەر بێتوو بۆشاییەک لە ئاستی دەسەڵاتدا دروست بوو ئەو بۆشاییانە پڕ بکەنەوە هەتا ئەو کاتەی هێزە نیشتمانی یان حیزبییەکان دەگەڕێنەوە و بە شێوازێکی پێکەوەیی و گشتگیر، مۆدێلی بەڕێوەبردنی وڵات جێدەخەن.

## بایەخی هەوڵە دیپلۆماسییەکانی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات

تۆ لە دەرەوەی وڵات، لە هەر پلاتفۆرمێک، هەر بۆنەیەک، هەر کۆنفرانسێک کە مەجالێک بە هێزە کوردییەکان دەدات کە تێیدا بەشدار بن، دەبێ خۆت ببینیتەوە؛ بە تایبەت بەو مەرجەی پرسی کورد بخرێتە بەرباس، نەک ئەوەی کە هەر باسی دێموکراسی بۆ ئێران و ئەو شتانە باس بکرێت، لەبەر ئەوەی ئێمە نوێنەری پرسی خۆمانین، ناتوانین نوێنەری پرسێکی دیکە بین. پاشان هرچی کردمان دواتر دەبێت پرسیار لە خۆمان بکەین: باشە، قۆناغی دوای ئەوە چییە؟ خوێندنەوەمان بۆ هێزەکانی دنیا چییە؟ ئێمە کێشەمان لەگەڵ وڵاتێکە بە ناوی ئێران. گەلی کورد لەوێدا بێ مافە و دەبێ ببێتە خاوەن شێوازێک لە دەسەڵاتی سیاسی و سەروەریی سیاسی. ئەوە ئامانجی ئێمەیە. لە ڕووی ئەوەوە، خوێندنەوەی ئێمە لە جیۆپۆلیتیکی دنیادا چییە؟ ئایا ئەوانەی فاکتەرن، ئەو دەوڵەتانە یان ئەو زلهێزانەی فاکتەری گۆڕانکارین لە ناوچەکەدا کێن؟ بەتایبەت کە ئێستا نەک ئورووپا، بەڵکوو ئەمریکا و ئیسرائیل فاکتەری گۆڕانکارین، چ پێمان خۆش بێت چ پێمان خۆش نەبێت. لە تەنیشت ئەوان وڵاتانی عەرەبیی کەنداو کە لەژێر زەبروزەنگی ئێراندان و زیانێکی یەکجار زۆریان پێگەیشتووە؛ ئەوانیش دەروازەیەکی زۆر باشن بۆ ئێمە کە بمانەوێت جۆرێکی دیکە دیپلۆماسی پەیڕەو بکەین. بەڵام بۆ ئەوە نەک تاکە حیزب یان تاکە بەرپرسی حیزبی لێرە و لەوێ دەربکەوین، بەڵکوو پێویستە وەک هاوپەیمانیی سیاسیی کوردی دیپلۆماسییەکی ڕوو بە پێشەوەمان هەبێت.

**١٦ی بانەمەڕی ٢٧٢٦**

# ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی یان دژبەری یەکتری؟






**عەلی بداغی**

یەک لە پرسە گرینگەکانی پێوەندیدار بە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەتایبەت لە دوای ٧ ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ەوە پرسی ڕووخانی ڕێژیمە، بەڵام یەک لەو فاکتەرانەی هەتا ئێستاش نەک پاڵنەر بۆ ئەو مەبەستە، بەڵکوو هۆکاری دواکەوتن و دەربازبوونی کۆماری ئیسلامی بووە؛ ئۆپۆزیسیۆنی پرشوبڵاو و نایەکگرتووی ڕێژیمە.

مێژووی ناکۆکییە نێوخۆییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی ڕەگ و ڕیشەی لە کۆمەڵێک دووفاقێتی دایە، وەک حکوومەتی ناوەندگەرا یان دابەشکردنی دەسەڵات؛ ئیسلامی سیاسی یان سێکۆلاریزم، حکوومەتی توتالیتێر یان کۆمەڵگەی پلۆرال. بوونی ئەو کۆمەڵە دووفاقییە بەتایبەت لە سەردەمی پاشایەتیی پەهلەویدا هۆکاری سەرەکی دابڕان و دووبەرەکیی نێوان هێزەکانی چەپ، نەتەوەیی و ئیسلامییەکان لەگەڵ یەکتری بوو. لە مانگەکانی پێش سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧یشدا یەکگریی ئۆپۆزیسیۆن نەک لە پێناو پرۆژەیەکی هاوبەش بۆ چێکردنی ئێرانێکی دی، بەڵکوو تەنیا لە دژی دەسەڵاتی پەهلەوی بوو. هەربۆیە لەگەڵ باڵادەستیی خومەینیزم و پاوانکرانی دەسەڵات لە لایەن ئیسلامیستەکان بەسەر ڕەوتە سیاسییەکانی وڵاتدا هێزە دێموکرات، نەتەوەیی و سێکۆلارەکان یەک لە دوای یەک قەڵتوبڕ کران.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ٤٧ ساڵی ڕابردوودا ئەوەندەی پێی کرا لە ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیۆنی تێرۆر کرد و هەتا توانیی ناکۆکیی خستە نێویان. بەمجۆرە هەم ئۆپۆزیسیۆنی لە ڕووی سیاسییەوە لاواز کرد و هەم بێمتمانەیی هێزە سیاسییەکانی دژبەری ڕێژیم بە یەکتری و پرشوبڵاویی ئەوانی لە بەرژەوەندیی خۆیدا قۆستەوە. دۆخی ئێستای ئۆپۆزیسیۆن بەمجۆرەیە: هەرلایەنێک پێی وایە بەهێزبوونی ئەویدی تێداچوونی خۆی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە هەوڵەکان بۆ یەکگری زۆر لاوازە. لەگەڵ ئەوەدا ڕوانگەکان لەسەر ستراتیژیی خەبات (ڕووخاندن، چاکسازی یان گوشاری دەرەکی) دابڕانی لایەنە سیاسییەکانی لەگەڵ یەکتری زیاتر کردووە. هەروەها ئەگەرچی بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی نێوخۆی وڵات بەتایبەت لە دە ساڵی ڕابردوودا گەیشتنە ئەوپەڕی خۆی، بەڵام تەشەنانەبوونەوەی کۆنەبرینەکان و دابڕانە مێژووییەکان لەنێو ئۆپۆزیسیۆندا ئەوانی هەتاش ئێستا لە قۆستنەوەی ئەو هەل و دەرفەتانە دەستەوەستان کردووە.

پرسی نەتەوەکان و کەلێنی نێوان ناوەند-پەراوێز و ناکۆکی لەسەر چەندیوچۆنی دابەشکردنی دەسەڵات لە ئێرانی داهاتوو چەقی ململانێی ئۆپۆزیسیۆن لەگەڵ یەکترییە. هێزە ناوەندگەراکانی ئۆپۆزیسیۆن لەوپەڕی بێدەسەڵاتیی ئێستاشیاندا پێ لەسەر چڕبوونەوەی دەسەڵات لە تاران دادەگرن و بە بڵاوکردنەوەی فۆبیای هەڵوەشانی ئێران هیچ مافێکی یەکسان بۆ نەتەوەکان بەڕەوا نابینن. لە بەرانبەردا نەتەوەکان بەتایبەت کوردەکان خەباتی خۆیان لەسەر نەهێشتنی ستەم و هەڵاواردنی بنگەیی و بەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسیان چڕ کردووەتەوە.

هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامییش لە شەڕی نەرمی خۆی دژی ئۆپۆزیسیۆن لە بڵاوکردنەوەی ئەم دووبەرەکی، دژایەتیی و نادڵنیاییەدا کاریگەریی زۆر زیانباری بووە. ئەوەش لە حاڵێکدا کە هەوڵەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش بۆ دروستکردنی قەوارە و چوارچێوەیەکی هاوبەش لە پێناو قسەکردن لەگەڵ یەکتری، لێکتێگەیشتن، سازان و کۆنترۆڵکردنی ناکۆکییەکان کەم و بێ کاریگەر بوون.

ڕوون و ئاشکرایە کە یەکگریی تەواو و یەکبوونی ڕەها لەنێو ڕیزەکانی ئۆپۆزیسیۆندا نە دەبێ، نە دەکرێ و نە پێویستیشە. بۆیە ئەم دۆخە کاتێک دەگۆڕدرێ کە هەوڵدان بۆ سڕینەوەی ئەوانیدی و یەکدەستکردن جێگەی خۆی بە دانان و بەفەرمیناسینی فرەیی شوناسەکان (سیاسی-نەتەوەیی)، ڕێوشوێنە دێموکراتیکەکانی ڕکەبەریی سیاسی، و سازان و ساغبوونەوە لەسەر ڕێکارەکانی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و داڕشتنەوەی دێموکراتیکی ئێرانی داهاتوو بدەن.

ئۆپۆزیسیۆن هەتا ئەوکاتەی بیهەوێ لە بری سازان لەسەر لانیکەمی هاوبەشەکان پێ لەسەر لانیزۆری هەموو داخوازییەکانی دابگرێ و زێدەخوازییەکانی خۆی لە دیاریکردنی فۆڕمی دەسەڵاتی داهاتووی وڵات پێش مافی دیاریکردنی چارەنووس و ئیرادەی گشتیی خەڵک بخا؛ سروشتییە ناتوانی خۆی لەو قەیلکەی ئێستای ڕزگار بکا. ئۆپۆزیسیۆن دەبێ هێڵی سووری بۆ هەندێ بابەتی وەک سڕینەوەی یەکتری هەبێ، دەبێ دوژمنایەتیی سیاسی لەگەڵ لایەنەکان وەلا بنێ و ڕێگە بۆ ڕکەبەریی سیاسی خۆش بکا، دەبێ داخوازییە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگە و ئاراستە سیاسییەکانی نێوخۆ بکاتە بنەمای تێکۆشان و هەڵسووڕانی و لە دوگماتیزمی ڕێکخراوەیی خۆی دوور بکەوێتەوە.

بەدامەزراوەکردنی خەباتی سیاسی و دوورکەوتنەوە لە دەرخستنی ڕێبەریی تاکەکەسی فاکتەرێکی دیکەی پێشخستنی ئۆپۆزیسیۆنە. لە دامەزراوەی سیاسیدا بڕیار و ڕێوشوێنەکان ڕوون و شەففافن، لایەنەکان دەروەست و وەڵامدەر دەبن، ناکۆکی و ململانێیەکان لە چوارچێوەی ڕێوشوێنەکانی دامەزراوەدا بە لایەکدا دەخرێن، متمانەی سیاسی لە ڕێگەی پرۆژەی هاوبەش و هاوکاریی مەیدانییەوە دروست دەبن.

کورد لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا چەند هەنگاوێک لەپێشترە. هەم ئەزموونی ڕێکخستنی سیاسی، جەماوەری و حیزبایەتیی زۆری هەیە و هەم حیزبە سیاسییە دیار و شوێندانەرەکانی لە ئێستادا لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکدا بەرەوپیلی ڕووداوەکان دەچن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا کەلێنەکانی نێوان ئۆپۆزیسیۆنی کورد لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی دیکەی کۆماری ئیسلامیدا پڕ نەبوونەتەوە؛ هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کورد وەک ئۆپۆزیسیۆنێکی مافتەوەر پێویستیی بە گەرەنتیی دەستەبەربوونی مافەکانی هەیە و هەموو پرسەکەی بۆ دوای قۆناغی گوزار هەڵناگرێت. بزووتنەوەی کورد و حیزبە سیاسییەکانی پێداگرن کە بەبێ دابینبوونی دێموکراسیی فرەیی و دەستەبەربوونی مافی نەتەوەکان هیچ گوزارێکی سیاسیی دێموکراتیک و سەقامگیر ڕوو نادات. حاشاکردن لە فرەنەتەوەبوونی ئێران و جۆراوجۆرییەکانی دیکەی ئەم پێکهاتە جوغرافییە بەرهەمهێنانەوەی دیکتاتۆری، سەرەڕۆیی و هەڵاواردنە و کوردەکان بە هیچ جۆرێک مل بۆ ئەوە ڕاناکێشن.

ئۆپۆزیسیۆن و بزووتنەوەی کورد پێداگرن کە بەرابەری هەر بە مانای مافی یەکسانی تاکەکان نییە، بەڵکوو پێویستیی بە

**بانەمەڕی ٢٧٢٥**

لەبنهێنانی ڕەگ و ڕیشەی ستەم و هەڵاواردنە پێکهاتەییەکان دژی نەتەوە نافارسەکانە و هەر پرۆژەیەکی سیاسی بێهەوێ خۆ لەو ڕاستییانە لا بدات، نەزۆک و شکستخواردوو یان هەر نەبێ خاوەنی هیچ شەرعییەت و ڕەواییەک نابێت. بۆیە ئۆپۆزیسیۆنی کورد لای وایە لە دەرەوەی وادە و بەڵێنە لێل و ناڕوونەکان پێویستە دەسەڵات هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی قۆناغی گوزارەوە دابەش ببێت و هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و سیاسییەکانی وڵات هاوکات لەگەڵ ئیدارەکردنی ناوچەکانی خۆیان، هاوبەشی بەڕێوەبردنی ئەرک و بڕیاردان لەنێو دامەزراوە سیاسی و بەڕێوەبەرییەکانی وڵاتدا بن.

کوردەکان خوازیاری کۆتاییهێنان بە سووڕێکی باتڵی مێژوویین کە لەم وڵاتەدا شۆڕش و گۆڕانکارییە سیاسییەکان دیسان ئیستبداد و حکوومەتی سەرکوتگەری بەرهەم هێناوەتەوە و ڕێگە نادەن جارێکی دی لەژێر ناوی یەکگرتندا ستەم و هەڵاواردنەکان جێ بخرێنەوە. بۆیە بەبێ دابینبوونی مافی نەتەوەکان نە هیچ متمانەیەک بە هاوپەیمانییەکان شکڵ دەگرێ و نە هیچ هاوپەیمانییەکی سیاسی لە ئاستی ئێراندا بەردەوام دەمێنێت و نە هیچ داهاتوویەکی جیاواز لەم وڵاتەدا چێ دەبێت. بۆیە یەکەم هەنگاو لەوەڕا دەست پێ دەکات ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە دژبەرایەتیی یەکترەوە سەنگەرێکی هاوبەش بۆ خەبات دژی ڕێژیم و لێکتێگەیشتن لە مێژوو و دانان بە مافەکانی یەکتری بنیات بنێن و شەقاوەکانی دیکە بۆ بڕینی ئەم ڕێگەیە باوێژن.

**١٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٦**

# پێویستیی ڕاوەستان بەدژی سێدارە و بەرگری لە گیانی زیندانیانی سیاسی!





**ئیبراهیم لاجانی**

لەم هەفتە و مانگانەی دواییدا، وەزعی مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا تادێت پتر بووەتە جێگای نیگەرانی! هەواڵەکان لە نێوخۆی وڵاتەوە ئەوە دەردەخەن کە ڕەوتی سێدارە و لەسێدارەدانی زیندانیان، خێراییەکی زۆری بەخۆوە گرتووە. ژمارەیەکی زۆر لە زیندانیانی سیاسی و دەستبەسەرکراوانی بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی خەڵک، لەگەڵ هەڕەشەی جیددی و دەستبەجێی

سێدارە، بەرەوڕوون. ئەوە نەک هەر سەبارەت بەو کەسانە ڕاستە کە بەهۆی بەشداری لە بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی ئەو دواییانەدا گیراون، بەڵکوو ئەو زیندانیانەش دەگرێتەوە کە ساڵانێکی زۆرە بە تاوانی سیاسی لە زیندانەدا ڕاگیراون. ئێستا پاش ماوەیەکی دوورودرێژی بێخەبەری، لەلایەن دەزگای قەزایی ڕێژیمەوە حوکم دەدرێن و سزای قورسیان بەسەردا دەسەپێنرێت.

پاش ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامیدا، چاوەڕوان دەکرا کە فەزای ئەمنییەتی لە ئێران و بەتایبەتی لە کوردستاندا کەمتر بێتەوە. بەڵام هەموو بەڵگەکان ئەوە نیشان دەدەن کە سەرکوت و زەبروزەنگ نەک هەر لە کەمی نەداوە، بەڵکوو لە سەرتاسەری ئێران و بەتایبەتی لە هەندێک ناوچەدا زۆرتریش بووە. گرتن و ڕاونانی خەڵک، دانانی پرسگە لە شەقام و شوێنە گشتییەکاندا، سەپاندنی حوکمی قەزایی قورس بەسەر گیراوەکاندا، چاوەدێریی پۆلیسی بەسەر هەر چەشنە چالاکییەکی مەدەنییدا، داخستنی ئینتێرنێت و سەپاندنی تاریکیی دیجیتاڵی بەسەر خەڵکدا، فشار و پاڵەپەستۆ خستنە سەر بنەماڵەی زیندانیان، هەڕەشە لە هەواڵدەران و چالاکانی سیاسی و مەدەنی، بە نیشانەی توندتربوونی سیاسەتی ئەمنییەتی و فەزای سەرکوت و زەبروزەنگ لەقەڵەم دەدرێن.

ئەو وەزعە لە کوردستاندا زۆر بەرینتر و زەقتریشە. ڕێژیم بەردەوام هەرێمی کوردستانی عێراق بە مووشەک و درۆن، بۆردومان دەکات. کەمپەکانی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان، وەبەر مووشەک دەدرێن. لەو پێوەندییەدا تا ئێستا خەڵکێکی زۆر ئاوارە بوون و ژمارەیەکیش شەهید و بریندار بوون، کە لە نێویاندا ژن و منداڵیش دەبینرێن. ئەوە پێشێلکردنی یاسا و عورفی نێونەتەوەییە.

هاوکات لەگەڵ ئەمە، هەواڵی پڕ لە نیگەرانی سەبارەت بە وەزعی نێوخۆی زیندانەکان بڵاو دەبێتەوە. هەلومەرجی ژیان و گوزەران لە نێو زیندانەکاندا، لەگەڵ لانیکەمی ستاندارده جیهانییەکان و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ ناگونجێت. زیندانیان لە هۆڵی ناتەندروست و قەرەباڵغ و بێ ئیمکاناتدا ڕادەگیرێن. لە خزمەتگوزارییە دەرمانی و لەشساغییەکان بێبەشن. لە ژێر فشاری دەروونی و جەستەییدان. ئەشکەنجە و ئازار دەدرێن. دەستیان بە پارێزەر ڕاناگات. بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دەخرێنە ژێر لێپرسینەوە و بازجۆیی. هەڕەشە لە بنەماڵەکانیان دەکرێت و بۆ شوێنی نادیار ڕادەگوێزرێن.

لە پەنای هەموو ئەوانەدا ڕێژیم شەپۆلێکی تازەی گرتن و ڕاونان و تۆقاندنی دەست پێ کردووە. چالاکانی ژینگە، چالاکانی مەدەنی، کرێکاری، خوێندکاری، مامۆستایان و هەموو ئەوانەی بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ دەکەن، بەکۆمەڵ دەگیرێن و ڕەوانەی گرتووخانەکان دەکرێن. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەو سەرکوتە هەر ڕووی لە چالاکانی

**بانەمەڕی ٢٧٢٥**

سیاسی نییە، بەڵکوو ژمارەیەکی زۆر لە چالاکانی مەدەنی و پیشەیی و سەندیکاییش دەگرێتەوە.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا، پێویستە کۆمەڵگەی مەدەنی، کۆڕ و کۆمەڵەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ و بیروڕای گشتیی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، بۆ لەقاودانی ئەو وەزعە، ڕۆڵێکی چالاکتر بگێڕن. بەرگری لە زیندانیانی سیاسی و ڕاوەستان بەرانبەر سێدارە، نەک هەر بەرپرسایەتییەکی ئەخلاقییە، بەڵکوو هەنگاوهەڵێنانێکی زەروورییە بۆ پارێزگاری لە کەرامەتی ئینسانی و پێشگیریکردن لە سەرکوت و زەبروزەنگ و توندوتیژیی دەوڵەتی. ئەزموونی وڵاتانی دیکە و تاقیکردنەوەی خۆشمان ئەوە نیشان دەدات کە فشاری نێوخۆیی و نێونەتەوەیی، زۆر کات دەتوانێت پێش بە جێبەجێبوونی حوکمی سێدارە بگرێت و ببێتە هۆی باشتربوونی هەلومەرجی ناو زیندانەکان.

کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان، سەندیکا و یەکێتییە کرێکاری و پیشەییەکان، ڕێکخراوەکانی ژنان، لاوان، خوێندکاران و هەروەها هەموو لایەنگرانی مافی مرۆڤ، دەتوانن لەو پێوەندییەدا کردەوە و چالاکیی هاوئاهەنگ لەگەڵ یەکتر بەڕێوە ببەن. دەتوانن داوای ناردنی لیژنەی نێونەتەوەیی بۆ سەردانی زیندانەکان بکەن، دەتوانن داوا بکەن کە دەوڵەتەکان فشاری دیپلۆماتیک بخەنە سەر ئێران، داوای بایکۆتی بەرپرسان و کاربەدەستانی ڕێژیم بکەن، دەتوانن پارێزگاری لە بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی بکەن، دەتوانن بە دەرکردنی بەیان و نووسینی ڕاپۆرت سەبارەت بە وەزعی زیندانەکان، ببنە هۆی کەمبوونەوەی فشار و پاڵەپەستۆی دەروونی و جەستەیی لەسەر زیندانیانی سیاسی و باقی گیراوانی بزووتنەوە نارەزایەتییەکان.

لە کۆتاییدا دەبێت پێ لەسەر ئەوە داگرینەوە کە بەرگری لە زیندانیانی سیاسی و ڕاوەستان بەدژی سێدارە، بەشێک لە بەرپرسایەتیی بەکۆمەڵ و دەستەجەمعیی ئێمەیە. لە کاتێکدا کە زۆربەی زیندانییەکان ناتوانن دەنگی خۆیان بە دەرەوە بگەیەنن، هەموومان لەسەرمانە ببینە دەنگی ئەوان و هاواری ئەوان بە دنیا بگەیەنین. تا کاتێک سێدارەکان ڕانەگیرێن، کۆتایی بە ئەشکەنجە لە زیندانەکاندا نەیەت و زیندانیانی سیاسی ئازاد نەکرێن، کار و تێکۆشان و هەوڵ و خەباتی ئێمە لەو پێوەندییەدا دەبێت هەر بەردەوام بێت. پاراستنی عیزەت و کەرامەتی ئینسانی و ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، ئەرکێکە کە لە هیچ هەلومەرجێکدا نابێت لە بیر خۆمانی بەرینەوە!

**١٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٦**



سەرچاوە
Serchawe

## دیار بوون لە ڕێگەی دیپلۆماسییەوە سەرەڕای بەربەستی مەیدانی






**د. ئاسۆ حەسەن زادە**

لە بارودۆخێکدا کە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران ڕاگیراوە، لایەنە کوردییەکانی ئێران کە بنکە و بارەگایان لە کوردستانی عێراقە، هەروا ئامانجی هێرشەکانی ئێرانن. لە هەمان کاتدا بەهۆی نەبوونی پشتیوانیی کۆنکرێتی دەرەکی، ئەوان لەو ڕۆڵە بێبەش بوون کە هەندێک سیناریۆ لە سەرەتای شەڕدا بۆی دیاری کردبوون. لەم دۆخە

نادیارەدا، ئەو حیزبانە هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی چالاکیی دیپلۆماسییەوە سەرنجی نێودەوڵەتی لەسەر خۆیان بپارێزن و بەهێزتری بکەن. ئەگەرچی هێندێک لە ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانە مەترسیی ئەوەیان لێ دەکرێ مەیدانی مانۆڕی ئەو حیزبانە سەرلەنوێ بەرتەسک بکەنەوە، بەڵام دیاربوونی ئەوان لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا تا ڕادەیەکی سەرنجڕاکێش پەرەی ئەستاندووە.

لەگەڵ دەسپێکی شەڕ، فاکتەری کوردی ئێران کەوتە بەر سەرنجی نێونەتەوەیی. ئەمەش لە پێشدا بەرهەمی گریمانەیەک بوو لەلای ئەو دەوڵەتانەی هێرشیان کردە سەر ئێران. گریمانەکەش بریتی بوو لەوە کە مادام کۆماری ئیسلامی هەر بەتەنیا بە گورزی سەربازی ناڕووخێ، هێزە نێوخۆییە ڕێکخراوەکان دەتوانن لەو پێوەندییەدا لەسەر زەوی ڕۆڵ بگێڕن. لێرەشدا کوردەکانی ئێران وەک ئەکتەری هەرە لێهاتوو بۆ وەدیهێنانی گریمانەیەکی لەم چەشنە وەدەر کەوتن. ئەزمونی دوور و درێژی خەبات و ئاستی ڕێکخراوی و بوونی حیزبەکانیان لە کوردستانی عێراق بە هێزی پێشمەرگە و توانای جوولاندنی جەماوەر لە نێوخۆی ئێرانەوە، ئەو گریمانەیەی بەهێز دەکرد.

بەڵام ئەو گریمانەیە تا ئێستا نەچۆتە بواری وەدیهێنانی بەکردەوە. ئەو سیگناڵانەی لەلایەن ئەمریکاوە نێردران ناڕوون بوون، یا لانیکەم دەرەنجامی کۆنکرێتیان نەبووە. لەوەش خراپتر، حیزبە کوردییەکان ناڕاستەوخۆ و بەناهەق بە قۆرغکردنی ئەو چەکانە تۆمەتبار کران کە دەگوترێ ئەمریکا بۆ خۆپێشاندەرانی ئێرانی ناردبوو، تۆمەتێک کە ئەوان ڕەتیان کردەوە و ڕوون بۆوە کە بێبنەمایە. لە هەمان کاتدا هێرشەکانی ئێران بۆ سەر بنکەکانیان لە کوردستانی عێراق تەنانەت لە دوای ئاگربەسیش هەر بەردەوام بوون کە کوژرانی ١٠ کەس و وێرانبوونی کەمپە چۆلکراوەکانیانی لێ کەوتەوە. لە بەرامبەر ئەم دوو ئاستەنگەدا واتە نەبوونی پشتیوانیی کۆنکرێتی دەرەکی و فشاری زیادبووی ئێران، حیزبە کوردییەکان پارا دیپلۆماسیی خۆیان بە تایبەت ڕوو بە ئەورووپییەکان چالاک کردووەتەوە.

خاڵی وەرچەرخانی ئەو ڕەوتەش کاتێک بوو کە دوو لە ڕێبەرە سەرەکییەکانیان، مستەفا هیجری لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و عەبدوڵڵا موهتەدی لە کۆمەڵە، بە فەرمی بانگهێشتی پەرلەمانی ئەورووپا کران، بانگهێشتنێک کە لەم ئاستەدا پێشتر نەدیترابوو. ئەوان ڕۆژی ١٥ی ئاوریل لە دوو کۆبوونەوەی جیاوازدا لە بروکسێل بەشدار بوون. یەکەمیان کە لەلایەن سۆسیالیست و سۆسیال-دێموکراتەکانی پەرلەمانی ئورووپاوە ڕێک خرابوو، هەروەها نوێنەرانی بەلووچ و عەرەبی ئێرانیشی کۆ کردەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا ئەو دوو ڕێبەرەی کورد وتارەکانیان بە زمانی کوردی پێشکەش کرد. ئەم هەڵبژاردنە مانایەکی ڕەمزیی بەهێزی هەبوو. هیجری وەبیری هێنایەوە کە ئەو زمانەی ئەو وتارەکەی پێ پێشکەش دەکا، بۆ ماوەی سەدەیەک لە کایەی گشتی و لە پەروەردە و فێرکردن لە ئێران قەدەغە بووە. دوو حەوتوو پێشتر و بە هەمان

ڕووح لە کۆنگرەی ئازادی ئێراندا کە لە لەندەن بەسترا، شاندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە کردنەوەی وتارەکەی بە زمانی کوردی لەبەردەم ئامادەبووانی فارس‌زمان ڕێبازێکی هاوشێوەی گرتبووەبەر. ئامانجیش ئەوە بوو کە خەڵکی فارس‌زمان ئەگەر تەنانەت بۆ تاوێکیش بێ بزانن سڕینەوەی زمانی دایک و کەوتنە پەراوێزی زمانی چ هەستێکی هەیە. لە ئێراندا زمان تەنیا ئامرازی پێوەندی نییە. هەروەها ئامرازێکە بۆ خۆسەپاندن یان بە پێچەوانەوە بۆ خۆدەرخستنی سیاسی.

دووەم کۆبوونەوە لە پەرلەمانی ئەورووپا لەوەی یەکەمیش گرینگتر بوو چونکە ئەمەیان لەلایەن لیژنەی کاروباری دەرەوەی پەرلەمانی ئەورووپاوە ڕێک خرابوو. لە هەمان پانێڵدا چالاکێکی ئێرانی بەناوی سەعید بەشیرتاش-یش بەشدار بوو کە دەگوترێ لە بازنە پاشاییخوازەکانەوە نزیکە. سەرەتا باسی بەشداریی ڕەزا پەهلەوی-یش لەو دانیشتنەدا لە ئارادا بوو، بەڵام دواجار ئەو کە ناڕازی بوو لەوەی تاکە کەسایەتیی بانگهێشتکراو نییە، خۆی لە بەشداری لەو کۆبوونەوەیەدا بوارد. بە لەبەرچاوگرتنی هەڵوێستی نەیارانەی پەهلەوی بەرامبەر بە داواکارییەکانی کورد، وێ ناچێ سەرکردە کوردەکان بەشدارنەبوونی ناوبراویان پێ ناخۆش بووبێ.

جگە لەم دانیشتنانە و چەندین دیدار لەگەڵ بەرپرسانی ئەورووپی، چەند ڕۆژێک دواتر هیجری لە بارسلۆنا بەشداری کۆبوونەوەیەک بوو کە لەلایەن هاوپەیمانیی پێشکەوتنخوازی جیهانییەوە ڕێکخرابوو، پلاتفۆرمێک کە پارتە سۆسیالیست و سۆسیال-دێموکراتەکانی سەرانسەری جیهان کۆ دەکاتەوە و زۆربەیان دژی شەڕن. ئەم بەشدارییە لەلایەن هێندێک کەس و لایەنەوە ڕەخنەی لێ گیرا و گوترا ئەوە کە کوردی ڕۆژهەڵات هەم چاوەڕوان بێ لە شەڕی دژی ئێراندا ڕۆڵ بگێڕێ و هەم لەگەڵ بەرەی دژی شەڕ هەستێ و دانیشێ، شتێکی نالۆژیک و هاودژە.

ئەم ڕەخنەیە بنەمایەکی بەهێزی نییە. لە لایەک کوردەکانی ئێران خۆیان وەک لایەنێک لەم شەڕەدا نابینن. ئەوان جەخت لەوە دەکەنەوە کە دەیان ساڵە خەباتی خۆیان لە دژی ڕێژیمی ئێران بەڕێوە دەبەن، بەڵام گرژییەکانی ئێستا وەک دەرفەتێک بۆ لاوازکردنی ڕێژیم دەبینن، دەرفەتێک کە لەودا ئەوان دەتوانن سەبارەت بە دەرئەنجامی شەڕ و دیزاینی سیاسیی داهاتووی ئێران ڕۆڵێکی سەربەخۆ بگێڕن. لە لایەکی ترەوە، ڕێبەرانی کورد لە کاتی بەشدارییان لە کۆبوونەوەکانی بروکسێل و بارسلۆن، نەکەوتنە حاڵەتێکەوە کە لە بەرامبەر پرسی شەڕدا هەڵوێست بگرن. ئەوان زۆرتر چەند داوای کۆنکرێتیان خستەڕوو: پاراستنی ئەندامەکانیان و کەمپە مەدەنییەکانی سەر بەوان لە کوردستانی عێراق، مەحکومکردنی سەرکوتی کورد لە ئێران، و خستنەڕوو و داکۆکی لە پرۆژەیەکی سیاسی لەسەر بنەمای ئێرانێکی دێموکرات و فیدراڵ. ئەوان هەروەها داوایان لە ئەورووپییەکان کرد ڕێکارەکانی تەریککردنەوەی کۆماری ئیسلامی بگرنە بەر و واز لەو

شتە بێنن کە مستەفا هیجری بە "دیپلۆماسیی بێدەنگ"ی پێناسە کرد. لە هەمووشی گرینگتر، ئەوان جەختیان لە سەر پێویستیی ناسینی ئۆپۆزیسیۆنی کورد وەک بەردەنگی سیاسی کرد.

ئەم خاڵەی دوایی کلیلی تێگەیشتن لە ستراتژیی دیپلۆماسیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئەگەر ئەوان هەم لەگەڵ دەوڵەتانی چالاک بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئێران بەتایبەتی ئەمریکا و هەم لەگەڵ ئەکتەرە ئەورووپییەکان کە زۆرجار دژایەتیی شەڕ دەکەن لە پەیوەندیدان، لەبەر ئەوەیە کە ڕۆژئاوا بۆخۆی سیاسەتێکی ڕوون و یەکدەستی ڕوو بە کۆماری ئیسلامی نییە. سیاسەتێک کە بهێاسانی لە پەرەسەندنی سەربازییەوە بۆ هەوڵی کەمکردنەوەی گرژی دەگۆڕێ و بابەتی جێگای مشومڕیش لەو سیاسەتەدا تەنیا پرسە ئەمنییەتی و ئابوورییەکانن کە لە ئێستادا بریتییە لە کرانەوەی گەرووی هورمز، بەبێ ئەوەی هیچ بایەخێک بۆ مافی گەلانی ئێران و داهاتووی سیاسیی ئەو وڵاتە دابنرێ.

سەرەنجام گرنگە واقیعێکی تاڵمان لەبەرچاو بێ، ئەویش ئەوە کە کوردەکانی ئێران هەرگیز بە فەرمی لەلایەن حکومەتەکانی ڕۆژئاواوە پێشوازییان لێ نەکراوە. ئەوان هەمیشە پێوەندییان لەگەڵ دامەزراوە سیاسییەکانی ئەو وڵاتانە هەبووە، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی ئەو پێوەندییە زۆرتر لەسەر ئاستی پارتە سیاسییەکان و پەرلەمانەکاندا بووە. ئەو کەسایەتییە دەگمەنە ئێرانییانەش کە بە فەرمی لەلایەن حکوومەتەکانەوە پێشوازییان لێ کراوە، زۆرتر چالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێران بوون نەک لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن. هۆکاری ئەو بابەتەش زۆر جار هەڵپەرستیی سیاسی بووە. بۆ نموونە، ساڵی ٢٠١٨دا، کاتێک سیاسەتی "تەوژمی لانی زۆر"ی ئەمریکا لە لوتکەدا بوو، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە واشنگتۆن ژمارەیەک دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەندامانی کۆنگرێس و بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هەبوو. بەڵام ڕاست لەو کاتەدا سەرۆکی ئەمریکا بۆ ئەوەی شانسی گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ ئێران نەخاتە مەترسییەوە، بڕیاری دابوو کە هیچ نوێنەرێکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە کۆشکی سپی پێشوازیی لێ نەکرێ. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە لە ساڵانی ٩٠ی زایینی و لە سەردەمی سەرۆکایەتیی بیل کلینتۆندا کە بە کەسێکی توندڕەو بەرامبەر بە ڕێژیمی ئێران نەدەناسرا، ڕێبەرانی کوردی وەک عەبدوڵڵا حەسەنزادە و مستەفا هیجری لە کۆشکی سپی لەلایەن ڕاوێژکارانی سەرۆکی ئەمریکاوە پێشوازییان لێ دەکرا. شتێک کە لەوکاتەوە ڕووی نەداوەتەوە، بە سەردەمی شەڕی ئێستاشەوە.

بەلەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو پارامێترانەیە کە دەبێ تێبگەین پارادیپلۆماسیی کوردانی ئێران لە ئێستادا پێڕەوی لە لۆژیکێکی فرەلایەنە دەکا. ئەوان لە نەبوونی هاوپەیمانێکی قورس و قایمدا ناچارن لە یەک کاتدا لە چەندین گۆڕەپانی سیاسیدا وەبەرهێنان بکەن، ئەو گۆڕەپانانەی هەندێک جار دەتوانن نالێکیش بن. ئەم یارییە فرەپانتاییەی کوردی ئێران

**بانەمەڕی ٢٧٢٥**

لە ئاستی دەرەوەدا ئەوەندەی بەرهەمی ناچارییەکە لە بەرامبەر ئەو ئاستەنگەی ئەوان لەو بوارەدا لەگەڵی بەرەوڕوون، ئەوەندە ڕەنگدانەوەی ئاقارێک نیە کە ئەوان بە دڵی خۆیان هەڵیان بژاردبێ. ئەو جۆرە لە سیاسەتکردن نیشاندەری هەوڵی خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەیەکی ناسەقامگیرە کە لەودا ئالەنگاری تەنیا هەوڵی شوێندانان لەسەر دینامیزمەکانی هەنووکە نیە، بەڵکوو بەرگرتن لەوەشە کە لەو پێڤاژۆ سیاسییانەدا کە بەڕێوەن، بەتەواوی پشتگوێ بخرێن.

***

سەرچاوە: theamargi.org

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ڕۆژنامەی "کوردستان"

**١٧ی بانەمەڕی ٢٧٢٦**

# پاش وەرگرتنی زانیاری لەمەڕ "هێرشی کۆتایی"، بژارەکانی ترامپ لە بەرانبەر ئێراندا کامانەن؟





ئیندێپێندێنت – جەیمز سی ڕەینۆڵدز

لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

لە کاتێکدا کە کێشەکە دوورە لە کۆتاییی فەرمی، دەڵێن وڵاتە یەکگرتووەکان خەریکی هەڵسەنگاندنی بژاردەکانە. بە گوێرەی هەواڵەکان، دۆناڵد ترامپ لە لایەن فەرماندە پلەبەرزەکانی سەربازییەوە لە ڕۆژی پێنجشەممە ٣٠ی مانگی ئاپریل

**بانەمەڕی ٢٧٢٥**

(١٠ی بانەمەڕ) زانیاریی لەمەڕ بژارەکانی دەستپێکردنەوەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان دژی ئێران بە ئامانجی ناچارکردنی ڕێژیم بۆ ڕێککەوتنێک بە مەبەستی کۆتایی جەنگ پێ گەیشتووە.

لەگەڵ پێداگریی بەڕێوەبەرایەتییەکە کە ئاگربڕە لەرزۆکەکە بە شێوەی کاریگەر دوژمنایەتییەکانی نێوان دوو لایەنی "کۆتایی پێهێناوە،" بە گوێرەی کەسانی خاوەن زانیاری، گفتوگۆکانی پشت دەرگا داخراوەکان گەڕاوەتەوە بۆ بۆمبارانکردنی ئێران. سەرچاوەکانی خاوەن زانیاری لەمەڕ گفتوگۆکان بە "ئاکسیۆس"یان گوت: ناوەندی فەرماندەیی وڵاتە یەکگرتووەکان پلانێکی بۆ شەپۆلێکی "کورت و بەهێز" لە هێرش بۆ سەر ئێران، کە وێدەچێ ژێرخانەکان بە ئامانج بگرێت، پێشکەش کردووە.

بە گوێرەی هەواڵەکان بژارەی دیکەش کە بیری لێ کراوەتەوە، ئۆپەراسیۆنی هێزە تایبەتەکان بۆ دەستبەسەرداگرتنی یەدەگی ئۆرانیۆمی پیتێنراو تا پلەی بەرز بووە. وڵاتە یەکگرتووەکان هێزێکی بەرچاوی دەریایی و هەزاران سەربازی لە ناوچەکەدا هەن. لە کاتێکدا ترامپ دەڵێ پێیوایە گەمارۆی هەنووکەیی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ سەر کەشتیوانیی ئێرانی کە ڕەچاوی دەکات گەلێک لە هێرش کاریگەرترە، چوونەسەری نرخی سووتەمەنی لە نێوخۆی ئەمریکا گوشارێکی زۆر دەخاتە سەر بەڕێوەبەرایەتییەکەی بۆ تێپەڕین لە دۆخی چەقبەستووی ئێستا و کۆتاییهێنان بە جەنگ. لەگەڵ هەڕەشەی ئێران بۆ بەرپەچدانەوەی توندی هەر جۆرە کردەوەیەکی سەربازیی نوێی وڵاتە یەکگرتووەکان، ئیندیپێندێنت پێداچوونەوەیەک بە بژارەکانی ترامپ بۆ گوشارخستنە سەر ئێران دەکات.

## هێرشی سەربازی

وڵاتە یەکگرتووەکان بنکەی سەربازیی ستراتیژیی لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و توانایی هاویشتنی هاژەکی لە پاپۆڕە جەنگییەکانیەوە لە ناوچەکەدا هەن. ئەگەرچی پاپۆڕی فڕۆکەهەڵگری "یو ئێس ئێس جێراڵد ڕ. فۆرد" ئامادەی کشانەوە لە ناوچەکەیە، ژمارەیەکی زۆر توانایی سەربازیی هێزی دەریایی لە ناوچەکەدا بەو مانایەن کە پاپۆڕەکانی و ژێردەریاییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان دەتوانن لە سەدان مایل ئەولاترەوە هاژەک ئاراستەی ئامانجەکانی ئێران بکەن.

وڵاتە یەکگرتووەکان هەروەها ئەنباری بەرچاوی هاژەکی زەمینی و سیستەمی تۆپخانەی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەن و بۆمبهاوێژەکان دەتوانن لە سەرانسەری ناوچەکەوە هێرشی بەرچاو ئاراستە بکەن. بە گوێرەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیک و نێودەوڵەتییەکان لە واشینگتۆن، هێرشە تۆڵەئەستێنەکانی ئێران لە کاتی کێشە پێنج هەفتەییەکەدا کەلێنی

بەرگریی ئاسمانیی ئاشکرا کرد و کەلوپەلی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان بایی ٢،٣ هەتا ٢،٨ میلیارد دۆلار لەناو چوون. بەڵام لێکۆڵینەوەیەک لە حەوت چەک کە مانگی ڕابردوو بڵاو کرایەوە، بەو ئاکامە گەیشت کە وڵاتە یەکگرتووەکان هێندەی هاژەک هەن کە بتوانێت "لە کاتی هەر جۆرە سیناریۆیەکدا" درێژە بە جەنگ بدات. ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیک و نێودەوڵەتییەکان مەزەندە دەکات کە یەدەگی هاژەکی تۆماهۆکی وڵاتە یەکگرتووەکان کە دەکرێت هەم لە دەریاوە و هەروەها لە وشکانییەوە ئاراستە بکرێن، پێش قەیرانەکە ٣٠٠٠ دانە بوون کە یەک لەسەر سێی ئەم ڕێژەیە کەڵکیان لێ وەرگیراوە. چاوەڕوان دەکرێت ئەمساڵ و ساڵی داهاتوو ژمارەیەکی زۆرتر ڕادەستی سپای ئەمریکا بکرێن. تەنانەت ئەگەر ئەوە ڕاستیش بێت، وڵاتە یەکگرتووەکان هەزاران جێگرەوەی هەرزانتری هەن، لەوانیاندا ١٤٠ - ١٨٠ هەزار بەستەی JDAM، کە توانایی پێکانی دروستی ئامانجەکان بە بۆمبی "گەمژە" دەدات.

کاربەدەستێکی پلەبەرزی سپای پاسدارانی ئێران گوتی هەر هێرشێکی نوێی وڵاتە یەکگرتووەکان دژی ئێران، تەنانەت سنوورداریش، دەبێتە هۆی دەستپێکی "هێرشی درێژمەودا و بەژان" بۆ سەر بنکە ناوچەیییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان. هەواڵدەرییەکانی ئێران لە زمان فەرماندەی هێزی ئاسمانی مەجید مووسەوی دەگێڕنەوە کە گوتوویەتی: "ئێمە دیتوومانە بنکە ناوچەیییەکانیان تووشی چ چارەنووسێک بوون، ئێمە دەبینین هەمان شت تووشی پاپۆڕە جەنگییەکانیان بێت".

## هێرشی زەمینی

لەو کاتەوەی کێشەکە دەستی پێکرد، وڵاتە یەکگرتووەکان هەزاران سەربازی گواستووەتەوە و تێکەڵی نزیکەی ٤٠ هەزار ئەندامی هێزە سەربازییەکان بوون کە پێشتر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست جێگیر کرابوون. لە کاتێکدا کە دابەزاندنی هێزی سەربازی لەسەر خاکی ئێران هێشتا لە ڕوانگەی دەنگدەرانی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە ناخۆشەویستە، ترامپ ئاماژەی بەوە کردووە کە هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان دەتوانن بۆ ئۆپەراسیۆنی سنووردار بۆ گرتنی دوورگە بچووکەکانی ئێران بە مەبەستی کۆنترۆڵی دەستڕاگەیشتن بە گەرووی هۆرمۆز کەڵکیان لێ وەربگیرێت.

لە کاتی هێرشی پێشوودا، بە گوێرەی هەواڵەکان لە کاتی زانیاریدان بە سەرۆککۆمار، دوورگەی قێشم وەک ئامانجێک بۆ هێرشی زەمینی بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی ئێران بەسەر گەرووی هۆرمۆزەوە و هەروەها دوورگەی خارگ وەک خاڵی سەرەکیی هەناردەکردنی نەوتی ئێران باسیان لێوە کراوە. ئەم دوورگەیە بە ڕووبەری ٥٥٨ مایلەوە لە دەرەوەی خاکی سەرەکیی ئێران هەڵکەوتووە و "شارێکی" ژێرزەمینیی هاژەکەکانی لێ دروست کراوە و بۆ هێرش بۆ سەر پاپۆڕەکان لە ڕێڕەوی دەریاییدا کەڵکی لێ وەرگیراوە.



سەرچاوە
Serchawe

دوورگەی قێشم: پاپۆڕی فرۆکەهەڵگری ئێران بۆ پاسەوانیی گەرووی هۆرمز کە ناتوانرێ نوقمی دەریا بکرێت.

بە گوتەی جان کەسە پئۆغلو، لێکۆڵەرێکی بەرگری، وێنەی مانگی دەستکرد پیشان دەدەن ئێران "ژمارەیەکی بەرچاو هاژەکی دژەپاپۆڕ کە لە ژێرزەوییەوە ئاراستە دەکرێن لە قێشم" جێگیر کردوون. لە کۆتاییەکانی مانگی مارس ، لەگەڵ بەڕێوەچوونی جەنگ، ناوبراو لە ئەنستیتۆی هادسۆن (ناوەندێکی توێژینەوەی کۆنەپارێز لە واشینگتۆن) نووسی: "هەر هەڵمەتێکی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکە وێدەچێت بۆ سەر دوو دوورگەی یەکلاکەرەوە بەڕێوە بچێت: خارگ و قێشم." دوورگەی خارگ شوێنی هەناردەکردنی ٩٠٪ی نەوتی ئێرانە، ئەگەرچی گەمارۆی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان تا ڕادەیەکی زۆر چالاکیی بازرگانی بەرەو ئێران و بە پێچەوانەی ڕاگرتووە.

## گەمارۆی بەردەوامی وڵاتە یەکگرتووەکان

دۆناڵد ترامپ ئەم هەفتەیە بە ئاکسیۆسی گوتووە ئەو هێشتا گەمارۆکە وەک "کارێکی کاریگەرتر لە بۆمبارانکردن" سەیر دەکات، ئەمە نیشانەیەکە کە ڕەنگبێ بەو مانایە بێت ناوبراو خوازیاری پاراستنی دۆخی ئێستا بێت، کە ئەو دەڵێت ڕۆژانە تێچووی ٥٠٠ میلیۆن دۆلاری بۆ ئێران بەدواوەیە.

بە گوێرەی "ڤۆرتێکسا" (کۆمپانیایەکی لێکۆڵینەوەی نەوت)، ژمارەی پاپۆڕە نەوتهەڵگرەکانی ئێران کە کەنداوی عوممانیان لە ١٣ تا ٢٥ی ئاپریل جێهێشتووە، لە بەراورد لەگەڵ هەمان مەودا لە مانگی مارسدا، ٨٠٪ دابەزیوە. لەگەڵ بەردەوامبوونی گەمارۆی دەریایی، ئابووریی پشتبەستوو بە نەوتی ئێران تووشی نەهامەتی بووە و دراوی ئێران (ڕیاڵ) لە بەرانبەر دۆلاری ئەمریکادا، لە ڕۆژی چوارشەممە تا ئاستێکی پێوانەیی دابەزیوە.
چوونەسەری نرخی نەوت و پێداویستییەکانی دیکە لەبەر بەستنی گەرووی هۆرمۆز لە لایەن ئێرانەوە، هەروەها بووەتە هۆی چوونەسەری گوشاری سیاسی و ئابووری لە وڵاتە یەکگرتووەکان. بە گوتەی پاتریک دیهان، سەرۆکی کۆمپانیای لێکۆڵینەوەی نەوت بە ناوی "گاس بادی" کە ڕۆژانە نرخی بەنزین بڵاو دەکاتەوە، هەڵاوسانی نرخی بەنزین بووەتە هۆی چوونەسەری ڕۆژانەی تێچووی ٣٠٠-٤٥٠ میلیۆن دۆلار بۆ خەڵکی ئەمریکا.

دکتۆر ڤالێنتین بۆبۆک، ئابووریناسی پلەبەرزی ئەنستیتۆی توێژینەوەی کاروباری ئابووری، بە ئیندیپێندێنتی گوت کە تێچووی وڵاتە یەکگرتووەکان "زۆرتر سیاسی" دەبێت، بە نرخی بەنزین لە نێوخۆ وەک "بەرپرسیارێتیی گرنگ" لە هەڵبژاردنەکانی نیوەی دەورەی بەڕێوەبەرایەتی لە مانگی نۆڤەمبەردا. ئەو گوتی لە لایەکی دیکەوە، هاوپەیمانانی کەنداو

**بانەمەڕی ٢٧٢٥**

ڕەنگبێ لەبەر نەبوونی ئاسایشی دەریایی درێژخایەن بێئۆقرە بن.

## داوای یارمەتی لە هاوپەیمانە ئوروپاییەکان

ترامپ بەردەوام ڕەخنەی لە هاوپەیمانەکانی لە ناتۆدا گرتووە کە لە تێوەگلان لە جەنگدا دوودڵن. لەم دواییانەدا پێنتاگۆن باسی سزادانی ئەم هاوپەیمانانەی کردووە کە لە ڕوانگەی پێنتاگۆنەوە پشتگیرییان لە ئۆپەراسیۆنەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانیان نەکردووە، لەوانیاندا هەڵپەساردنی ئەندامەتیی ئیسپانیا و پێداچوونەوە بە دانپێدانانی وڵاتە یەکگرتووەکان بە دوورگەکانی فالکلاند وەک موڵکی بەریتانیا.

ئەمە ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت، بێتوو واشینگتۆن بەو ئاکامە بگات کە پێویستی بە پشتگیریی ئوروپاییەکان بۆ کردنەوەی گەرووی هۆرمۆز دەبێت، لە کاتێکدا ئێران باسی درێژەدان بە کۆنترۆڵ بەسەر گەرووی هۆرمۆزەوە دوای کۆتایی جەنگ کردووە. لە چەند هەفتەی ڕابردوودا، بەریتانیا و فەڕانسە پێکەوە دەیان وڵاتیان بۆ باس لەسەر یارمەتیدان بە هاوپەیمانییەک کۆ کردووەتەوە تا یارمەتیدەری دڵنیابوون لە تێپەڕینی بێ گیروگرفت بە گەرووی هۆرمۆزدا بن، بەڵام تەنیا دوای کۆتایی کێشەکە.
بە گوێرەی "والستریت ژۆرناڵ"، ئێستا وڵاتە یەکگرتووەکان داوای پشتگیریی وڵاتانی دیکەی بۆ پەیوەستبوون بە هاوپەیمانییەکی هاوشێوە بۆ سنووردارکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران پاش کۆتایی جەنگ کردووە. والستریت ژۆرناڵ، بە ئاماژە بە لێدوانێکی نێوخۆیی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان گوتی: هاوپەیمانییە پێشنیارکراوەکە، کە ناوی "دامەزراوەی ئازادیی دەریایی" لێنراوە، زانیاری هاوبەش دەکات، هەوڵە سیاسییەکان ڕێک دەخات و یارمەتیدەری جێبەجێکردنی گەمارۆکان دەبێت.

لە لێدوانەکەدا هاتووە: "دامەزراوەی ئازادیی دەریایی وەک یەکەم هەنگاوی گرنگ بۆ دامەزراندنی ئاسایشی دەریایی دوای جەنگ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەبێت. ئەم چوارچێوەیە بۆ دڵنیابوون لە ئاسایشی درێژخایەنی وزە، پارێزگاری لە ژێرخانی گرنگی دەریایی و پاراستنی ماف و ئازادییەکانی کەشتیوانی لە ڕێڕەوە دەریاییە ژینەکییەکان فرە گرنگە".
لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ نیشانەیەک لە ویستی هاوپەیمانانی ئەمریکا بۆ پەیوەستبوون بە هێرش بۆ سەر ئێران بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە دۆخی چەقبەستووی ئێستا لەبەر دەستدا نییە.

**١٨ی بانەمەڕی ٢٧٢٦**



سەرچاوە
Serchawe

# کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا: لە شوناسی کولتوورییەوە هەتا داخوازیی سیاسی و نەتەوەیی






**شەهین زاد ئەحمەد**

لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، پرسیارێکی بەڕواڵەت سادە بەڵام بنەڕەتی هەمیشە لە مێشکی زۆر کەسدا دروست دەبێت: «ئێمە کێین؟» ئەم پرسیارە لە ئاستی خێزان و کۆمەڵگەی نێوخۆییدا بەزۆری وەڵامێکی ڕوونی هەیە و ئاماژە بە ناسنامەی

نەتەوەیی، زمانی و مێژوویی دەکات. بەڵام کاتێک هەر ئەم پرسیارە لە چوارچێوەی پێکهاتە فەرمی و حکوومییەکاندا دەخرێتە ڕوو، لەگەڵ پرسارێکی تردا بەرەوڕوو دەبێتەوە: «ئێوە سەر بە کوێن؟» ئەم دوو ئاستە لە پێناسەکردنی ناسنامە، کە یەکێکیان لە ئەزموونی ژیاوی خەڵکەوە سەرچاوەی گرتووە و ئەوی تریان لەسەر گێڕانەوە فەرمییەکان بونیاد نراوە، لە زۆر بواردا لەگەڵ یەکتر ناگونجێن؛ ئەمەش ڕێک ئەو خاڵەیە کە تێیدا ناسنامەی نەتەوەیی لە چەمکێکی کولتووری تێدەپەڕێت و دەبێتە پرسێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی؛ پرسێک کە دەکرێت ببێتە داخوازییەک بۆ دادپەروەری، یەکسانیی ماف و دانپێدانان.

لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، ناسنامەی نەتەوەیی تەنیا پەیوەندیی بە زمان و مێژووەوە نییە. لێرەدا ناسنامەی نەتەوەیی بە ژیانی ڕاستەقینەی خەڵکەوە گرێ دراوە؛ لەگەڵ دەسەڵات، سنوور، دەوڵەت، ئەمنییەت، شەڕ، ئابووری، پەروەردە، میدیا و تەنانەت لەگەڵ ئەوەی کێ مافی ئەوەی هەیە خۆی پێناسە بکات و کێ ناچارە لەو چوارچێوەیەدا بژی کە کەسانی تر بە سەریاندا سەپاندووە. هەر بۆیە، کاتێک لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا باس لە ناسنامەی نەتەوەیی دەکەین، لە ڕاستیدا تەنیا باس لە کولتوور و ڕابردوو ناکەین، بەڵکوو باس لە پرسێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی زۆر قووڵ دەکەین.

لەو ناوچەیەدا، ناسنامەی نەتەوەیی بابەتێکی زیندووە؛ بابەتێک کە هەموو ڕۆژێک بە بڕیارەکانی دەوڵەتان، بە گوشارە ناوچەییەکان و بە گۆڕانکارییە جیهانییەکان دووبارە فۆرم دەگرێتەوە. زۆرێک لە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا هەوڵیان داوە ناسنامەیەکی فەرمی، یەکگرتوو و ناوەندی بونیاد بنێن. ئامانجەکە ئەوە بووە هەموو خەڵک بخرێنە ژێر یەک گێڕانەوەی هاوبەشەوە، بەڵام کێشەکە لێرەدایە واقیعی کۆمەڵایەتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەرگیز یەکدەست نییە. ئەم ناوچەیە لە نەتەوە، زمان، ئایین، کولتوور و ئەزموونە مێژووییە جیاوازەکان پێکهاتووە. کاتێک ئەم هەمەجۆرییە پشتگوێ دەخرێت، ناسنامەی نەتەوەیی لە هۆکارێکی یەکگرتووییەوە دەبێتە مەیدانێک بۆ گرژی و ململانێ. واتە لە جیاتی ئەوەی خەڵک هەست بکەن لە بنیاتنانی وڵاتدا پشکیان هەیە، وا هەست دەکەن تەنیا دەبێت خۆیان لەگەڵ "ناوەند"دا بگونجێنن. لە بارودۆخێکی وەهادا، ناسنامەی نەتەوەیی چیتر چەمکێکی کولتووری نییە، بەڵکوو دەبێتە پرسێکی سیاسی، نارەزایەتی و هەندێک جار بەرگری و خۆڕاگرییش.

هەروەها ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناوچەیەکە سنوورەکانی لە زۆر باردا نەک لەسەر بنەمای ویستی نەتەوەکان، بەڵکوو لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی هێزە جیهانییەکان، شەڕەکان و دابەشکارییە سیاسییەکان بیچمیان گرتووە. هەر ئەم بابەتە بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆرێک لە نەتەوەکان بەسەر چەند وڵاتێکدا دابەش ببن یان بکەونە ژێر سیاسەتەکانی یەکسانسازیی زۆرەملێ (تەعریب و تەفریس و تورکاندن)ەوە. کاتێک نەتەوەیەک لە نێوان چەند دەوڵەتێکدا دابەش دەبێت، سروشتییە کە

ناسنامە نەتەوەییەکەی تەنیا لە ئاستی زمان و یادەوەریدا نەمێنێتەوە؛ ئەو کاتە ئەو نەتەوەیە ناچار دەبێت بۆ دەستەبەرکردنی مافە سیاسی، کولتووری، پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکەی خەبات بکات. هەر لەبەر ئەمەیە کە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، ناسنامەی نەتەوەیی هەمیشە بە پرسی "مانەوە" گرێ دراوە. لێرەدا ناسنامە تەنیا نیشانەی ڕابردوو نییە، بەڵکوو ئامرازێکە بۆ ڕاوەستان لە بەرامبەر سڕینەوەدا.

کوردەکان یەکێکن لە ڕوونترین نموونەکانی ئەم ڕاستییە. نەتەوەی کورد بەسەر چوار وڵاتدا دابەش بووە و هەر بەشێکی کەوتووەتە نێو دڵی پێکهاتەیەکی سیاسیی جیاوازەوە. ئەم دابەشبوونە مێژووییە بووەتە هۆی ئەوەی ناسنامەی کوردی تەنیا بابەتێکی کولتووری یان زمانی نەبێت، بەڵکوو ببێتە پرسێکی سیاسیی قووڵ. کوردەکان لە هەر بەشێکدا ژیابێتن، لەگەڵ جۆرێکی جیاواز لە سەرکوت، هەڵاواردن، سنووردارکردن، بێبایەخی یان نکۆڵیکردن لە شوناسی نەتەوەییان بەرەوڕوو بوونەتەوە. بەڵام خاڵە گرنگەکە ئەوەیە کە ئەم سەرکوت و کوشتوبڕە ناسنامەی کوردیی ئەوانی نەفەوتاندووە، بە پێچەوانەوە، لە زۆر باردا ئەوانی بەهێزتر، وشیارتر و سیاسیتر کردووە. چونکە ئەو نەتەوانەی چەندین جار بەرەوڕووی حاشالێکردن دەبنەوە، وردە وردە فێر دەبن کە پاراستنی زمان و کولتوور بەتەنیا بەس نییە و دەبێت بۆ بینراو بوون لە پێکهاتەی دەسەڵاتیشدا خەبات بکەن.

لە ئێراندا، ئەم پرسە بەتایبەت ڕوون و هەستیارە. کوردەکان لە ئێراندا تەنیا گرووپێکی کولتووری نین، بەڵکوو بەشێکن لە واقیعێکی سیاسیی زۆر گرنگ. لە وڵاتێکدا کە ساڵانێکی زۆر لەسەر بنەمای ناوەندگەرێتیی دەسەڵات و یەکسانکاریی ناسنامەیی بەڕێوە چووە، کوردەکان هەمیشە لە نێوان دوو هێزدا بوون: لە لایەک هەوڵ بۆ پاراستنی زمان، کولتوور، یادەوەریی مێژوویی و ناسنامەی خۆیان، و لە لایەکی ترەوە گوشاری پێکهاتەی ناوەندی بۆ کاڵکردنەوە یان کۆنترۆڵکردنی ئەم ناسنامەیە. مێژووی ئێران دەریدەخات کە ئەم ململانێیە تەنیا هی ئەمڕۆ نییە؛ بەڵکوو لە دەیەکانی ڕابردوودا، لە سەردەمی سەفەوییەکانەوە تا پەهلەوی و دوای شۆڕش، کێشەی ئەم نێوانگیرییەی نێوان «ناسنامەی ئەتنیکی» و «ناسنامەی نەتەوەیی» هەمیشە بوونی هەبووە.

هەر کاتێک لە ئێراندا قەیرانی سیاسی، درز لە دەسەڵات، یان ناڕەزایەتییەکی کۆمەڵایەتیی بەرفراوان دروست بووە، پرسی کوردیش دووبارە زەق بووەتەوە. ئەمە نیشان دەدات کە ناسنامەی کوردی لە ئێراندا تەنیا هەستێکی نێوخۆیی نییە، بەڵکوو بەشێکە لە گفتوگۆ گەورەکە دەربارەی ئایندەی پێکهاتەی سیاسیی وڵات، جۆری حکوومەت و پێگەی نەتەوە جیاوازەکان لە دەسەڵاتدا. توێژینەوە نوێیەکان لە ئێراندا دەریدەخەن کە هەستی جیاکاری و ناسنامەخوازیی نەتەوەیی لە نێوان کوردەکاندا، بەتایبەت لە ناوچەکانی ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوای وڵات، لە ساڵانی ڕابردوودا چڕتر بووەتەوە و ئەم پرسە

چیتر تەنیا بابەتێکی کولتووری نییە، بەڵکوو بووەتە داخوازییەکی سیاسی - کۆمەڵایەتی.

بەڵام دەبێت ئەوەش بگوترێت کە ناسنامەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا تەنیا لەنێو جەرگەی گوشارەوە دروست نابێت. ئەم ناسنامەیە لەنێو دڵی ئومێدیشدا فۆرم دەگرێت. هەر کاتێک نەتەوەکان هەست بکەن دەتوانن ئایندەیەکی باشتر بۆ خۆیان بنیات بنێن، ناسنامەکەیان لە حاڵەتی تەنیا "بەرگری" دەردەچێت و دەبێتە هێزێکی بونیاتنەر. ئەوکاتە زمان، مێژوو، کولتوور و یادەوەریی بەکۆمەڵ تەنیا ئامرازی وەبیرهێنانەوەی ڕابردوو نین، بەڵکوو دەبنە بنەمایەک بۆ بەدیهێنانی داهاتوو. واتە نەتەوەکان تەنیا نایانەوێت فەرامۆش نەکرێن؛ بەڵکوو دەیانەوێت لە بنیاتنانی ئایندەشدا پشکیان هەبێت. ئەمە ڕێک ئەو شوێنەیە کە ناسنامەی نەتەوەیی لە هەستێکی نێوخۆییەوە دەبێتە داخوازییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

بۆ کوردەکان، ئەم بابەتە بایەخێکی زیاتری هەیە. چونکە کوردەکان لە بەشە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا تەنیا بۆ پاراستنی زمان و کولتووری خۆیان تێ نەکۆشاون؛ بەڵکوو هەمیشە بۆ بینراو بوون، بیستراو بوون و دانپێدانانی فەرمییش خەباتیان کردووە. ئەم خەباتە بووەتە هۆی ئەوەی کە ناسنامەی کوردی لە زۆر قۆناغدا لە ئاستی ناسنامەیەکی تەنیا کولتووری تێپەڕێت و ببێتە ناسنامەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بەهێز. هەر لەبەر ئەمەیە کە هەر گۆڕانکارییەکی ژێئۆپۆلیتیکی لە ناوچەکەدا، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر ناسنامەی کوردی. کاتێک هاوسەنگیی هێز لە ناوچەکەدا دەگۆڕێت، کاتێک دەوڵەتەکان لاواز دەبن، کاتێک قەیرانی نوێ دروست دەبێت یان کاتێک دانوستان و هاوپەیمانیی نوێ دێنە کایەوە، پرسی کوردیش دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ چەقی سەرنجەکان. ئەمە نیشان دەدات کە ناسنامەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا شتێکی نەگۆڕ و بێجووڵە نییە؛ بەپێچەوانەوە، بەردەوام لە حاڵەتی گۆڕان، گوشار، بنیاتنانەوە و بەرگریدایە.

لە لایەکی ترەوە، ناسنامەی نەتەوەیی تەنیا لە شەقام و سیاسەتدا دروست نابێت، بەڵکوو ئەم ناسنامەیە لە قوتابخانە، میدیا، زمانی فەرمی، کتێبە خوێندنەکان، و لە سیستەمی کارگێڕی و فەزای گشتیدا بونیاد دەنرێت. ئەگەر نەتەوەیەک لە خوێندنی زمانەکەیدا خۆی نەبینێتەوە، لە میدیاکاندا دەنگی خۆی نەبیستێت، لە سیاسەتدا پشکی ڕاستەقینەی نەبێت و لە کولتووری فەرمیدا شوێنی بۆ نەکرێتەوە، وردە وردە هەست دەکات کە لە ماڵی خۆیدا نامۆیە. ئەم هەستی "بێ شوێنی"یە، یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی سیاسیبوونی ناسنامە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. چونکە خەڵک تەنیا ئەو کاتە زیاتر دەست بە ناسنامەی خۆیانەوە دەگرن کە ببینن ئەو ناسنامەیە لە پێکهاتە فەرمییەکاندا پشتگوێ خراوە. کەواتە لێرەدا ناسنامەی نەتەوەیی تەنیا یادەوەری و زمان نییە؛ بەڵکوو دەبێتە پرسی دادپەروەری و یەکسانییش.

**بانەمەڕی ٢٧٢٥**

ئەگەر لە ڕوانگەیەکی سیاسیترەوە بڕوانین، ناسنامەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا جۆرێک وەڵامدانەوەیە بۆ ناسەقامگیرییش. کاتێک دەوڵەتەکان لاواز دەبن یان کۆمەڵگە تووشی قەیران دەبێت، خەڵک زیاتر پەنا بۆ ناسنامە ڕەسەنەکانی خۆیان دەبەن. لەم حاڵەتەدا، ناسنامەی نەتەوەیی وەک پەناگەیەک کار دەکات؛ پەناگەیەک بۆ پاراستنی کەرامەت، زمان، یادەوەری و مافی بوون. ئەم واقیعە لەنێو زۆرێک لە نەتەوەکانی ناوچەکەدا دەبینرێت، بەڵام لە بارەی کوردەکانەوە زۆر ڕوونترە. چونکە کوردەکان لە بارودۆخێکدا ژیاون کە نەک تەنیا لەگەڵ گوشاری دەوڵەتان، بەڵکوو لەگەڵ گۆڕانکارییە گەورە ناوچەییەکانیش بەرەوڕوو بوونەتەوە. هەر جارێک ناوچەکە تووشی لەرزین بووە، کوردەکانیش ناچار بوون جارێکی تر پێگەی خۆیان پێناسە بکەنەوە.

لە کۆتاییدا دەبێ بگوترێت کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شوێنێکە کە ناسنامەی نەتەوەیی هەمیشە لە نێوان دوو جەمسەردا لە جووڵەدا بووە: لە لایەکەوە گوشار و سڕینەوە، و لە لایەکی ترەوە ڕابوون و بەرگری. لەم ناوچەیەدا، نەتەوەکان تەنیا بۆ پاراستنی ڕابردووی خۆیان شەڕ ناکەن؛ بەڵکوو بۆ مافی ئاییندەی خۆیشیان هەوڵ دەدەن. هەر بۆیە، هەر باسێک دەربارەی ناسنامەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، بە ناچاری دەبێت باس لە سیاست، دەسەڵات، دادپەروەری، بەشداری و مافی چارەی خۆنووسینیش بکات. چونکە لێرەدا ناسنامەی نەتەوەیی تەنیا ئەو شتە نییە کە خەڵک دەربارەی خۆیان دەیڵێن؛ بەڵکوو ئەو شتەیە کە دەوڵەتەکان ڕێگەیان پێ دەدەن بن، یان لێیان زەوت دەکەن. ڕێک لەم خاڵەدایە کە پرسی ناسنامە، لە بابەتێکی کولتووریی سادەوە تێدەپەڕێت و دەبێتە یەکێک لە گرنگترین پرسە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

**١٩ی بانەمەڕی ٢٧٢٦**

# سەرکوتی ئابووری






ئاسۆ مینبەری

پچڕانی ئینتێرنێت تەنیا پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نەپساندووە، بەڵکوو نانی زۆر کەسی بڕیوە. بۆ هەزاران ژن لە ئێراندا، ئینتێرنێت شوێنی کار و تەنیا ڕێگەی چوونە نێو قووڵایی ئابووری بوو کە دەرگاکانی لە جیهانی ڕاستەقینەدا بۆ ئەوان داخراوە.

پچڕانی درێژماوەی ئینتێرنێت لە ئێران بەشێک لە ئەکتەرانی ئابووریی کۆمەڵگەی کردە ئامانج کە زیاتر لە هەر گرووپێکی دیکە بەستراوەی بوون؛ ژنان. ژنگەلێک کە لە ساڵانی ڕابردوودا، لە نەبوونی دەرفەتی یەکسان لە بازاڕی فەرمیی کاردا، پەنایان بردبووە بەر دنیای مەجازی و لە فرۆشتنی کەلوپەلی ناوماڵەوە بگرە هەتا فێرکاریی ئانلاین کەڵکیان لێ وەردەگرت. بۆ زۆرەی ئەم ژنانە، ئینتێرنێت نەک تەنیا کەرەستەی کارکردن، بەڵکوو دەرفەتی بینران، سەربەخۆیی ئابووری و تەنانەت پێناسەکردنەوەی شوناسیان بوو. لە ڕاستیدا داخرانی ئینتێرنێت بە جۆرێک لە سەرکوتی سیستماتیکی ژنان لە باری ئابوورییەوە دادەنرێت. بەسترانی ئەم ڕێگایە، شتێک زیاتر لە لەدەستدانی پلاتفۆرمێک بوو، لێرەدا ڕێڕەوی ژیان ڕاوەستا.

هاوکات لەگەڵ دەسپێکی شەڕ لە ٩ی ڕەشەمەی ١٤٠٤ەوە، کۆماری ئیسلامی شەپۆلێکی دیکە لە پچڕاندنی ئینتێرنێت و سنووردارکردنەوەی پێوەندییەکان لەگەڵ دنیای دەرەوەی دەست پێ کرد. لەو کاتەوە هەتا ئێستا کە زیاتر لە ٦٥ ڕۆژی بەسەردا تێدەپەڕێ، خەڵکانی ئێران لە دنیای ئینتێرنێت دابڕاون و بە بارمتە گیراون.

لەم ڕاستایەدا، کۆمەڵێکی بەرچاو لە ژنان کە کار و کاسبییان لە ڕێگەی ئانلاینەوە بەڕێوە دەچوو، بە تەواوی دەستیان بەسترا و تووشی قەیرانی قووڵی ئابووری بوون.

هۆکاری ئەم قەیرانە ئابوورییە لە نایەکسانیی بازاڕی کاردایە. لە کۆمەڵگەیەکدا کە ئابوورییەکەی زیاتر لە دەستی پیاواندایە و دەستڕاگەیشتنی ژنان بە دەرفەتی یەکسان، بەردەوام سنووردارە، زۆربەیان ناچارن بە دوای کەشێکی جێگرەوەدا بگەڕێن و ئینتێرنێت باشترین بژاردەیە.

بە هۆکارگەلی وەک فەرهەنگ، کولتووری بنەماڵە و تەنانەت هەڵاواردن لە دامەزران و حەقدەست و بەرزبوونەوەی پلە لە کاردا، فەزای دیجیتاڵی دەرفەتێک بۆ پەیداکردنی بژێو بە بێ تێپەڕاندنی لەمپەرە فورسەکانی دیکە بۆ ژنانە. لەلایەکی تریشەوە، کاروباری ئانلاین لە قەبارەی بچووک و بە سەرمایەی کەم و بە بێ پاڵپشتیی بەهێزی دارایی یان یاسایی فۆرم دەگرن و نەبوونی ئینتێرنێت زیاتر خەساریان لێ دەدات.

جیا لەوەی کە فەزای ئینتێرنێت، دۆخی گونجاو بۆ بووژانەوەی ئابووریی ژنان دروست دەکات، دەبێتە دەرفەتێک بۆ ئەوەی کە ژنان متمانە بەخۆبوونیان بەهێز بێت و لە ئاستێکی گەورەتردا ببینرێن. کەوایە نەمانی ئینتێرنێت بە مانای نەمانی دەنگوڕەنگی ئەوان بە ئەژمار دێت.

بانەمەڕی ٢٧٢٥

ئینتێرنێت لەم ساڵانەی دواییدا، تەنیا کەرەستەیەکی پێوەندی نەبووە. بۆ زۆربەی کەسەکان بەتایبەت ژنان بەشێک لە ژێرخانی ژیانی ڕۆژانەیان بەئەژمار هاتووە وەک شوێنی کار، بەستێنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و فەزایەک بۆ بەشداری لە بواری گشتی؛ لەم دۆخەدا پچڕاندنی ئینتێرنێت تەنیا سنووردارکردنەوەی تێکنۆلۆژییەک نییە، بەڵکوو سنووردارکردنەوەی دەستڕاگەیشتن بە کۆمەڵێک دەرفەتە. لەم ڕوانگەیەوە، دەکرێ باس لە چەمکێک بکەین کە لە زانستی کۆمەڵایەتی و میدیادا پێی دەگوترێت سەرکوتی دیجیتاڵ. سنووردارکردنەوەی دەستڕاگەیشتن، بینران و ئەگەری ئەکتیڤبوون لە فەزای ئانلاین، بە جۆرێک کە ئاسەوارەکانی زیاتر لە جیهانی مەجازی درێژە دەکێشن.

خاڵی گرینگ ئەوەیە کە ئەم جۆرە سنووردارکردنە، بێدەنگ و ناڕاستەوخۆیە. نە بە سڕینەوەی فیزیکی بەڵکوو بە لەناوبردنی دەستڕاگەیشتن! نە بە شێوەی بەرەوڕووبوونەوەی ئاشکرا بەڵکوو بە بێدەنگکردنی وردەوردەی فەزایەکی دیاریکراو. کاتێک ئەم سنووردارکردنە بە شێوەی نایەکسانە، ئاسەوارەکانیشی نایەکسان دەبن. هەندێک کەس یان گرووپ کە بەستراوەییان زیاترە یان بژاردەکانی بەردەمیان کەمترە، زیاتر خەساریان بەر دەکەوێ، لەم نێوانەدا ئەزموونی ژنان لە پچڕانی ئینتێرنێت دەکرێ وەکوو مۆدێلێکی نایەکسان چاوی لێ بکرێت. کەوایە پرسەکە تەنیا پچڕاندن یان گەڕاندنەوەی تۆڕێکی پێوەندی نییە، پرسەکە شێوەی دابەشکردنی دەستڕاگەیشتن بە دەرفەتەکانە و ئەوەی کە چ کەسانێک لە کاتی پچڕانی ئینتێرنێتدا زیاتر لە دەرفەتەکان بێبەری دەبن.

ئینتێرنێت لە دنیای ئەمڕۆدا تەنیا ڕێگای پێوەندی نییە، بەڵکوو ڕێگای بەدەستهێنانی داهات و شوێنی کارە. لەم ڕوانگەیەوە، پچڕاندنی ئینتێرنێت نەک ئاکارێکی ئاسایی نییە بەڵکوو بە مانای تێکدانی ڕەوتی ژیانە. بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە ئابووریان بەم بابەتەوە بەستراوەتەوە. بۆ ژنێک کە لە دنیای مەجازیدا کار دەکات، ئینتێرنێت نەک یەک دانە بژاردە بەڵکوو ژێرخانی کارەکەیە کە سڕینەوەی بە مانای سڕینەوەی کارەکەیە. بەڵام پرسەکە تەنیا ئابووری نییە. ئینتێرنێت بۆ زۆربەی ژنان ڕێگایەک بۆ بەشداریکردن لە گۆڕەپانێکە کە لە دنیای واقیعدا بۆ ئەوان سنووردار بووە و ئەم پچڕانە، هاوکات پچڕانی پێوەندیی کۆمەڵایەتیشە. کەوایە بە پچڕانی ئینتێرنێت، سەرکوتێکی ئابووریی سیستماتیک ڕوو دەدات و ڕەوتی ژیانێک ڕادەوەستێت کە تێیدا کار، پێوەندی و شوناس گرێدراوی یەکترن.

**بۆ بەشێک لە کۆمەڵگە، پچڕانی ئینتێرنێت، دوورکەوتنەوەیە لە کۆمەڵگە و ڕاستییەکانی. ئینتێرنێت چیدیکە تەنیا "ئینتێرنێت" نییە. ئینتێرنێت بۆ زۆر کەس نانە!**

٢٠ی بانەمەڕی ٢٧٢٦



سەرچاوە
Serchawe

## ئاگربەستێک کە نابێتە ئاشتی! (ئێران لەنێوان شەڕ و ئیستبداد و تێپەڕین بەرەو دێموکراسیدا)





**برایم لاجانی**

ئەوەی سالآنێکی زۆر وەک هەڕەشە و مەترسی باسی دەکرا، ئێستا وەڕاست گەڕاوەتەوە. ئێران جارێکی دیکە لەگەڵ قەیرانێکی قووڵ و هەمەلایەنە بەرەوڕوو بووەتەوە. قەیرانێک کە ئاکامی ڕاستەوخۆی سیاسەتی ئایدیۆلۆژیک و ئاژاوەگێڕانە و نابەرپرسانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی ڕابردوودایە.

لە مانگی ژووئەنی ساڵی ٢٠٢٥دا، دامەزراوە ئەتۆمییەکانی فۆردۆ، نەتەنز و ناوەندەکانی دیکەی پیتاندنی یۆرانیۆم لە

ئەسفەهان کەوتنە بەر پەلاماری سەربازیی ئەمریکا و ئیسرائیل. پاش ئەوە ئێران بۆ ماوەیەک بە ڕواڵەت ئارامییەکی بەخۆیەوە گرت. ئارامییەک کە بەر لەوەی نیشانەی سەقامگیری بێت، وەک ناوبڕێک لە نێوان دوو جەنگدا دەهاتە بەرچاو. دواتر لە بیست و هەشتەمی فێبریوەریی ٢٠٢٦دا سەرلەنوێ شەڕێکی تازە هەڵگیرسایەوە. شەڕێک کە ئەوەتا ئێستا ئەوە چەند ڕۆژە بەهۆی ئاگربەستێکی لەرزۆک و کاتی و ناپایەدار، بە شێوەیەکی کاتی ڕاوەستاوە. ئاگربەستی ڕۆژی ٨ی نیسان، کە بە هۆی ناوبژێکردنی پاکستانەوە هاتە دی، نە کۆتایی شەڕ و نە سەرەتای ئاشتییە. بەڵکوو ڕاوەستانی کاتیی ئەو شەڕ و توندوتیژییەیە کە سێبەری بەسەر ئێراندا کێشاوە و ئیمکانی ئەوەی هەیە دیسان دەست پێ بکاتەوە.

ئەو ئاگربەستە، وەک دێتە بەرچاو، پێش ئەوەی ڕێککەوتنێکی سیاسی بێت، بە جۆرێک لە پاشەکشەی ناچاری دادەنرێت. هەروەک چۆن خومەینی لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاویدا، قبووڵکردنی بڕیارنامەی ٥٩٨ی وەک وەبەرچاوگرتنی قازانج و بەرژەوەندییەکانی ئیسلام و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە قەڵەم دا، ئێستاش ڕێژیم هەوڵ دەدات ئەو ئاگربەستە بە سەرکەوتن ناو ببات. بەڵام ڕاستییەکە زۆر لەوە تاڵترە کە بکرێت بە پڕوپاگەندە و فڕوفیشاڵ بشاردرێتەوە. کاربەدەستانی ئەمڕۆی ڕێژیم هەر وەک خومەینی ناچار بوون جامی ژەهرەکە بخۆنەوە. بەو جیاوازییەوە کە ئەمجارە جامی ژەهرەکە تاڵتر و کوشندەترە.

ئاخر ئەمجارە مەسەلە هەر ڕاوەستانی شەڕێکی کلاسیک نییە، مەسەلەکە بریتییە لە لەنێوچوونی ژێرخانی ئەتۆمیی ئێران، وێرانبوونی توانا سەربازی و ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم، لاوازبوونی پێگەی ناوچەیی و نێودەوڵەتیی ئێران و تەریککەوتنەوەی، واتە لاوازبوونی ڕێژیمێک، کە ساڵانێکی زۆر خۆی بە زلهێزی ناوچەکە دەزانی. ڕێژیم بۆ ماوەی چوار دەیە هەموو ئیمکانات و سەروەت و سامانی ئێرانی خستبووە خزمەت پەرەپێدانی ئەو سیاسەتەی کە بۆ خۆی ناوی نابوو پڕۆژەی قووڵایی ستراتیژیک و توانای ناوچەیی بۆ دوورخستنەوەی مەترسییەکان. کەچی هەموو ئەو سەرمایە نەتەوەییەی ئێران کە لەو ڕێگایەدا خەرج کرا، نە ئەمنییەت و خۆشگوزەرانیی بەدواوە بوو نە توانی پێگەیەکی سیاسی و دیپلۆماتیک بۆ ڕێژیم دەستەبەر بکات.

ئێستا هەر ئەو دەسەڵاتەی کە ئێرانی تووشی شەڕ کرد، دەیەوێ ئەو ئاگربەستە کاتییە بە سەرکەوتن هەژمار بکات. ئەو قسانە نەک هەر ڕاست نین بەڵکوو زۆرتر مەسرەفی نێوخۆییان بۆ ڕێژیم هەیە. ڕێژیم لەو ڕێگایەوە دەیەوێ شکست و لاوازییەکانی خۆی بشارێتەوە.

ئێران لەو شەڕەدا نە سەرکەوتووە و نە سوڵح و ئاشتیش لە ئارادایە. ئێران لە قەیرانێکی قووڵی هەمەلایەنەدایە،



سەرچاوە
Serchawe

ئابلۆقەی ئابووری و بازرگانی لەسەرە، بەدەیان جۆر سزای سیاسی و دیپلۆماسی و ئابووری لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان، ئورووپا و ئەمریکاوە خراونەتە سەر ئێران. کۆمەڵگەی ئێران سەرکوت کراوە، ژینگە بەرەو وێرانی دەچێت، هەژاری و نەداری و گرانی و ئاوسان وەک دێوەزمە دەستیان خستووەتە بینەقاقەی خەڵک. بێکارییەکی بەربڵاو و ملیۆنی خەریکە هەموو ئێران دەگرێتەوە، ئازادی نییە و خەڵک لە تاریکیی دیجیتاڵیدا بەسەر دەبات. ئەوەی کۆماری ئیسلامی ناوی ناوە مقاوەمەت و بەرگری، بۆ خەڵک شتێک نییە جیا لە هەژاری و نەداری و مەینەتبەری، نائەمنی و بێداهاتوویی.

ئەو ئاگربەستە هیچ کام لە کێشەکانی چارەسەر نەکردووە. مەسەلەی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران، توانای مووشەکیی ڕێژیم، ڕۆڵی ڕێژیم لە ناوچەکەدا، حزووری دارودەستە نیابەتییەکانی ڕێژیم، ئاسایشی کەنداو، تەنگەی هورمز، بایکۆتەکان، ئابلۆقە ئابوورییەکان، پوڵ و داراییەکانی ئێران کە لە دەرەوە دەستیان بەسەردا گیراوە، پرسی پشکنینی دامەزراوە ئەتۆمییەکان لەلایەن ئاژانسی وزەی ئەتۆمی، هەروا لەسەر مێزی وتووێژن. کۆمەڵگەی جیهانی و ڕێژیم زۆر لە یەک دوورن. دونیا دەیەوێ دەستی کۆماری ئیسلامی بە وزەی ئەتۆمی ڕانەگات، دەیەوێ توانای مووشەکیی ئێران کۆنترۆڵ بکرێت، داروودەستە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیم لە ناوچەدا چەک بکرێن. لەولاشەوە ڕێژیم داوا دەکات هەموو بایکۆتەکانی لەسەر لابچن، داراییەکانی ئێران لە دەرەوە ئازاد بکرێن، هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە بڕۆنە دەر و حەقی پیتاندنی یۆرانیۆمی بدرێتێ. ڕێژیم هەزینە و تێچوونی ئەو قەیرانەی بەسەر خەڵکدا سەپاندووە. لاوان دەرفەتی ژیان و پێشکەوتنیان لەدەست چووە. کرێکاران، مامۆستایان، خانەنشینەکان، چین و توێژە هەژار و مەینەتبەشەکان، لە ژێر فشاری گرانی و بێکاری و ئاوساندا پشتیان چەماوەتەوە. ژنانی ئێران لە ژێر سەرکوت و زەبروزەنگدان. نەتەوەکانی ژێردەستەی ئێران هەروا لە ئازادی و دێموکراسی و مافە ڕەواکانیان بێبەشن. جیاکاری و هەڵاواردنی مەزهەبی و ئایینی بە توندی بەڕێوە دەچێت، ڕۆژنامەنووس و لایەنگرانی مافەکانی مرۆڤ و چالاکانی سیاسی و مەدەنی دەگیرێن و ڕەوانەی زیندانەکان و سەرداری سێدارە دەکرێن.

لە وەزعێکی ئاوادا هێزە نیشتمانی و دێموکراتیکەکان دەبێت ببنە خاوەنی دەنگێکی سەربەخۆ و زوڵاڵ. ئەوان دەبێت دەنگی کۆمەڵانی خەڵک بن نەک ڕێژیمی ئاخوندی. ئەوان دەبێت ڕێگای سێیەم هەڵبژێرن.

ڕێگای سێیەم تەنیا ڕێگای ڕزگاری و ئازادیی ئێرانە. واتە نە شەڕ و نە ئیستبداد و سەرەڕۆیی. واتە تێپەڕین بۆ ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیک و سێکۆلار. ئێرانێک کە لەگەڵ دونیا و دراوسێکانی لە ئاشتی و سوڵحدا بێت. ڕێگای سێیەم دەبێت لەسەر چەند ئەسڵ دابمەزرێت. حەقی حاکمییەتی خەڵک، جودایی دین و دەوڵەت، دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ، بەرانبەریی ژن و پیاو، لابردنی جیاکاری و هەڵاواردنی سیاسی، مەزهەبی و نەتەوەیی لەسەر نەتەوەکانی ئێران، ئازادیی زیندانیانی سیاسی، سەربەخۆیی دەزگای قەزایی، هەڵبژاردنی ئازاد، سیاسەتێکی دەرەوەیی لەسەر بناخەی قازانج و بەرژەوەندییەکانی

خەڵکی ئێران.

ئەو وەزعە، لە زۆر ڕووەوە، هاوینی ساڵی ١٣٦٧مان وەبیر دێنێتەوە. ئەودەمیش ڕێژیم پاش ساڵانێک دروشم دان، لەپڕ پاشەکشەی کرد. بەڵام دیتمان پاشەکشەی سەربازی و ئاگربەست، ئازادیی سیاسیی بەدواوە نەهات. ڕاست بە پێچەوانەوە، ڕێژیم دەستی کرد بە سەرکوتی خەڵک و هێزە ئازادیخواز و حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و پیشەییەکان. کۆمەڵکوژی لە زیندانەکاندا وەڕێ خست. شکستی خۆی لە دەرەوە، بە سەرکوتی خەڵک قەرەبوو کردەوە.

ئەمڕۆ ئەو مەترسییە لە ئارادایە. هەرکات کۆماری ئیسلامی لە دەرەوە شکستی خواردووە، ماشێنی سەرکوت و گرتن و ڕاونان و سێدارەی لە نێوخۆ وەگەڕ خستووە. بۆیە کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێران دەبێت وشیار بێت. ئاگربەست ڕەنگە ئەمجارەش ببێتە هۆی وەڕێخستنی کۆمەڵکوژییەکی دیکە لە نێوخۆ لەلایەن ڕێژیمەوە. ئەو هەموو لەسێدارەدانانەی ئەم ڕۆژانە هەواڵەکانیان بڵاو دەبێتەوە، دەکرێت بە نیشانەی ڕوودانی کارەساتێکی مرۆیی لە زیندانەکاندا هەژمار بکرێت.

بۆیە ئەرکی هێزە دێموکرات و ئازادیخوازەکان ئەوەیە ئەو وەزعە بگۆڕین بۆ دەرفەتێک بۆ خۆڕێکخستن، بۆ پێکهێنانی ئەڵتەرناتیقی ئەو ڕێژیمە دژی گەلییە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو بارەوە ئامادەیە هەموو توانا و لێوەشاوەییەکانی خۆی بەکاریان بهێنێت و دەستی هاوکاری و هاوخەباتی بۆ هەموو هێزە ئازادیخوازەکانی ئێران درێژ دەکات. ئەگەر هێزە نیشتمانی و ئازادیخوازەکان، هێزە کۆماریخواز و چەپ و دێموکرات و لیبراڵەکان، ئەگەر حیزب و ڕێکخراوەکانی سەربە نەتەوە زوڵملێکراوەکان، ئەگەر ژنان و لاوان و کرێکاران و مامۆستایان و خوێندکاران و ڕێکخراوە پیشەییەکانیان، هەموو بتوانین لەسەر لانی کەمی داخوازییە هاوبەشەکان پێک بگەین، ئەوە دەتوانین ئومێدەوار بین قەیرانی ڕێژیم بکەینە دەرفەت بۆ تێپەڕین لە سەرەڕۆیی مەزهەبی بەرەو ئێرانێکی دێموکراتیک.

دەبێت بزانین کە کۆتایی ئیستبداد بۆ خۆی نابێتە گەیشتن بە ئازادی. ئازادی و دێموکراسی پێویستی بە کار و خەبات و خۆڕێکخستن و هاوکاری و بەرنامەی ڕوون هەیە. ڕەوتێکی لەو جۆرە پێویستی بە بەرەیەکی نیشتمانی و دێموکراتیک هەیە، پێویستی بە فەرهەنگی دێموکراتیک و سنگفراوانی و بەرپرسیارێتی هەیە. ئێرانی پاش کۆماری ئیسلامی نابێت ببێتە مەیدانی تۆڵە و ڕق و توندوتیژی. ئێرانی داهاتوو دەبێت لەسەر بناخەی دادپەروەریی سەردەمی تێپەڕین، مافی شارۆمەندی و بەرانبەر بۆ هەموو هاووڵاتیان، ئاشتیی نەتەوەیی، وەڵامدەربوونی تاوانباران، دابینکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵک و مافی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان دابمەزرێت.

**بانەمەڕی ٢٧٢٥**

ئاگربەستی ئەمڕۆ هەرچەند لەرزۆک و ناپایەدارە، بەڵام ڕاستییەک دەردەخات. کۆماری ئیسلامی ئیدی ناتوانێت بە دروشم و شوعارە کۆنەکانی قەیرانەکانی خۆی چارەسەر و ئیدارە بکات. مەشرووعییەتی ئایدیۆلۆژیکی خۆی لەدەست داوە، توانای ئابوورییەکەی تەواوەتەوە، سیاسەتە ناوچەییەکانی تێکشکاون و بێ ئاکام بوونەتەوە. خەڵکی ئێران ئیدی ئامادە نین هەزینە و تێچوونی مانەوەی ئەو ڕێژیمە بدەن.

کاتی ئەوەیە هەموو هێزە ئازادیخواز و دێموکراتیکەکان یەکدەنگ هاوار بکەن: ئێران دەبێت دەورانی سەرکوت و زەبروزەنگی نێوخۆیی و ئاژاوەگێڕیی دەرەکی بەجێ بێڵێت. ئەوەش تەنیا کاتێک ئیمکانی هەیە کە ئەو ڕێژیمە بڕوخێت و ڕێژیمێکی دێموکراتیک بێتە سەر کار.

ئاگربەست ئەگەر نەبێتە ئاشتی و گۆڕانکاریی سیاسی و سیستماتیک، تەنیا دەبێتە سەرەتای شەڕێکی دیکە. بەڵام ئەگەر کۆمەڵگەی مەدەنی و هێزە دێموکرات و ئازادیخوازەکانی ئێران بتوانن ئەو وەزعە بکەنە خاڵی وەرچەرخانێکی گەورەی سیاسی، ڕەنگە ئەو ئاگربەستە لەرزۆکە ببێتە سەرەتای کۆتایی ئەو چەرخەی کە ئەوە پتر لە چوار دەیەیە سەرکوت و زەبروزەنگ و سەرەڕۆیی و شەڕ و مەینەتبەریی بەسەر ئێراندا سەپاندووە.


**٢١ی بانەمەڕی ٢٧٢٦**

---



سەرچاوە
Serchawe

# قاسملوو و سەمفۆنیای خۆڕاگری






**هێمن مەردانی**

**سەمفۆنیای ژمارە ٥: لە مارشی شینەوە بۆ بەرگری:**

**(خوێندنەوەیەک بۆ سەمفۆنیای پێنجەمی مالێر لە بەستێنی پۆست – کۆلۆنیالیزم و هزر و گوتاری سیاسیی د. قاسملوودا)**

هەر لە منداڵی و تازەلاوەتیدا، کە گوێم لە دەنگی مۆسیقای تیتراژی سەرنجڕاکێش و چێژبەخشی ڕادیۆ "دەنگی کوردستان" دەبوو بەدوای سروودی "ئەی ڕەقیب"دا، بەردەوام و ڕۆژانە پارچە مۆسیقایەکی ئورووپایی و مۆدێرن بۆ ماوەی نیزیکەی دەقە و نیویێک بڵاو دەبۆوە. هەموو کات یان جاروبار کە گوێم لێ دەگرتەوە یان گوێم لێ دەبۆوە، حاڵەتێکی نۆستالژیکی بۆم هەبوو. لەو قەدەرانە لە کاک مەنسوور خوسرەوی، کادری پێشووی ڕادیۆ دەنگی کوردستانم پرسی کە کێ و چۆن بووە ئەو پارچە مۆسیقایە لە ڕادیۆ دابنرێت؟ بەڕێزیان وتیان کە لە سەرەتاکانی دەستبەکاربوونی ڕادیۆ، واتە لە نێوان ماوەی ٢٧ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٩ تا کۆتاییەکانی هەر ئەو ساڵە، ئەم پارچە مۆسیقایە بە دەستپێشخەری د. قاسملوو وەک تیتراژ لە سەرەتای دەستپێکی بەرنامەکانی ڕادیۆ دانراوە و کاسێتی سەمفۆنییەکەش هەر لەلایەن خودی د. قاسملووەوە پێشکەشی ڕادیۆ کراوە.

ئەم وتارە دەپرژێتە سەر شیکاری و پێداچوونەوە بەسەر گرتەیەکی دەنگیی مۆنتاژکراو لە شێوازی (ئۆستیناتووی جووڵەی یەکەم یان تراوەر- مارش) لە ئاهەنگساز و مۆسیقازانی بەناوبانگی نەمسایی گۆستاو مالێر و بەرهەمە بەناوبانگەکەی بە ناوی سەمفۆنیی ژمارە پێنج لە هەنگاوی دوو دێزی مەینۆر (کە جۆرە هەنگاوێکی مۆسیقاییە لە کەشوهەوایەکی خەمناک و خەماویدا) لە بەستێنی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران وەک زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

ئەم پارچە مۆسیقایە کە بەدوای قەیرانی نێو ژیانی مالێر لە ساڵی ١٩٠١ەوە و لە چوارچێوەی کەندوکۆژی ئەو بۆ زمانێکی نوێوە شەقڵی گرت (ئادورنۆ، ١٩٩٢: ٦٣ - ٦٥، میشێل ٢٠٠٥: ١٢٩ - ١٣١)، لە ڕەوتی گواستنەوەی بۆ نێو بەستێنێکی سیاسی - ڕاگەیاندنیدا، کارکرد و دەورێکی نوێ بەخۆوە دەبینێت. بە پشتبەستن بە تیۆرییە ئەدەبی و فەرهەنگییەکان - بۆ وێنە چەمکی سوننەت یان "تڕادیشن" لەلای تی. ئێس. ئێلیەت، شیکاریی ڕەگەزی دووپاتەیی و شین و شەپۆڕی ئێدگار ئالەن پۆ و هەروەها چەمکی "داڕشتی هەست و سۆز"ی ڕەیمۆند ویلیامزەوە - هەوڵ دراوە لەڕێی ئەم وتارەوە ئەوە نیشان بدرێت کە چلۆن ئۆلگۆیەکی دەنگیی دووپاتەکراوە دەبێتە ئامێر و کەرستەیەک بۆ بەرهەمهێنانی یادەوەریی گشتی و هەست و سۆزی خۆڕاگری. هاوکات بە کەڵکوەرگرتن لە چەمکی پێش - ئاگایی (فۆر- شێودینگ)، باس لەوە دەکرێت کە ئەم پارچە مۆسیقایە دەبێتە دەربڕینی "داهاتووی هەڵپەسێردراو" لەنێو ئەزموونی سیاسیی کوردیدا. دواجار، پێوەندیی تراژیدی لە نێوان بنەچە نەمساییەکەی ئەو مۆسیقایە و تیرۆری دوکتور قاسملوو لە ڤییێنا (١٩٨٩)، ئەم دەنگە بەرز دەکاتەوە بۆ ڕووداوێکی مێژوویی - چەمکی.

## پێشبار

گواستنەوەی فۆرمەکانی هونەر لە بەستێنێکی مێژووییەوە بۆ بەستێنێکی تر، بەتەنیا جێگۆڕکێ نییە، بەڵکوو

بەرهەمهێنانەوەی ماناشە لەلایەکی ترەوە. هەروەک تی. ئێس. ئێلیەت دەریدەخات هەموو بەرهەمێکی هونەری لەنێو تۆڕێک لە پێوەندییە مێژووییەکان مانا پەیدا دەکات و لە هەر خوێندنەوەیەکی نوێدا، ئەو پێوەندییانە ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت (ئێلیەت، ١٩٧٥: ٣٨).

لەو سۆنگەیەوە، دەکارکردنی بڕگەیەکی دەنگی لە سەمفۆنیی پێنجەمی مالێر لە ڕادیۆیەکی کوردیدا بە واتای ڕازاندنەوەی نەریتێک لە بەستێنی زۆر جیاوازدا دەکرێ شیتەڵکاری بکرێت؛ بەستێنێک کە تێیدا، دەنگ لە ناوەندی هونەرەوە دەگوازرێتەوە بۆ ناوەندی سیاسەت و لەو گواستنەوەیەدا، دەور و نەخشێکی نوێتر دەگرێتە خۆی.

سەمفۆنیی پێنجەمی مالێر لە دۆخێکی قەیراناویی ژیانی ئەودا بیچم و شەقڵی وەرگرتووە؛ ئەزموونێک نزیک لە مەرگ لە ساڵی ١٩٠١ کە دواجار بوو بەهۆی ئافراندن و داهێنان لە ژیانیدا (میشێل، ٢٠٠٥: ١٢٩-١٣١). ئەم ئەزموونە لە زمانی مۆسیقاییشدا دەنگدانەوە و کاریگەریی هەبووە: داڕشتێکی چڕوپڕ، جیاکراوە و هەڵواسراو لە نێوان بەرداشی ڕێکخراوەیی و داڕماندا (ئادورنۆ، ١٩٩٢: ٦٣-٦٥). بەو حاڵەش، گرینگیی ئەو بەرهەمە بەتەنیا لە ئاڵۆزکاوی و داڕشتی ئەودا نییە، بگرە لە چلۆنایەتی و کوالیتیی سەرەتایی ئەودا خۆی حەشار داوە. مووەمان یان جووڵەی بەشی سەرەتایی، بە سۆلۆی هێماییی ترامپێت و ڕیتم و ڕەوتی لەسەرەخۆ و قورسی مارشی تازیەباری و خەمباری، هەر لەجێوە ئاسۆی عاتیفی و هەست و سۆزی ئەو بەرهەمە دیاری دەکات.

دەکرێ ئەو سەرەتایە بە جۆرێک لە پێشەکی و دەستپێکی مۆسیقایی دابنێین؛ دەستپێکێک کە بێ دەربڕینی ڕاستەوخۆ، کەشوهەوای خەماوی و ماتەمینی بەرهەمەکە هەر لەڕێوە پێمان نیشان دەدات و بە جۆرێکیش پێمان دەڵێت کە لە درێژەدا چی چاوەڕوانمان دەکات. نموونەی هاوچەرخی ئەو دەستپێکە سەنگین و ڕەنگینە دەتوانین لە پێرفۆرمێنسی ئێدوارد گاردنێر بە هاوکاریی ئۆرکێسترای فیلارمۆنیکی لەندەن ببینین؛ شوێنێک کە سۆلۆی دەستپێکی ترامپێت بە باشی و بە تەواوی دەبیسترێت و بە واتای بانگەوازێک دێتە بەرچاو. وەک ئەوە وایە کە هەر لە سەرەتاوە بیسەر بانگ دەکرێت بۆ کەشوهەوای خەماوی و ماتەمینیی پارچە مۆسیقاکە و ڕەوت و ڕیتمی بە هەست و سۆزی دیاری دەکات. هەر بەو هۆیەش، پێرفۆرمێنس و ئیجرا بەتەنیا دابەشینی سادەوساکاری مۆسیقا نییە، بگرە جۆرە شیکاری و لێکدانەوەیەکی لەگەڵدایە. لە درێژەدا، دووپاتەکان ئیتر تەنیا دووپاتەی خەم و ماتەمین نین، بەڵکوو لەو حاڵەتە هێواش و خاوەوە بەرز دەبێتەوە بۆ هەوا و حاڵەتێکی گشتگیر و هەژێنەر کە ڕەنگە مچۆرک بێنێت بە مووی لەشی بیسەراندا و لە پاشاندا هەستێکی سووکنایی گرتن، ڕوونتربوونەوەی کەشوهەوا و تەنانەت هاتنی هیوا و ئومێدێک دەست پێ دەکات (جانسۆن، ٢٠٠٩: ١١٢ — ١١٥).

لە ڕادیۆدا ئەو پارچە مۆسیقایە بە تەواوی بڵاو ناکرێتەوە، بەڵکوو تەنیا دوو بڕگە و بەشی نەزم و بەرزی بە شێوەی دووپاتە مۆنتاژ کراوە و بڵاو کراوەتەوە. ئەم هەڵبژاردنە - کە بەستراوەتەوە بە کەشوهەوای سیاسیی پێوەندیدار بە د. عەبدولڕەحمانی قاسملوو- دەرخەری جۆرە تێگەیشتنێکە لە دەنگ وەک ئامێری شکڵ و شەقڵدان بە ئەزموونی گشتی؛ واتە دەنگ تەنیا بۆ بڵاوکردنەوە نییە و مەبەست لێی زیاتر کاریگەری دانانە لەسەر هەست و نەست و ئەزموونی بەکۆمەڵی کۆمەڵانی خەڵک. لێرەدا مۆسیقا دەبێتە بەشێک لە دارشتێکی بیستراو کە بەتەنیا مانا ناگوازێتەوە و هاوکات بەرهەمیشی دەهێنێت؛ پرۆسەیەک کە تێیدا مۆسیقا لە بەستێنی کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندنی خۆیدا دیسان پێناسە دەکرێتەوە و بیچم و شکڵی نوێتر دەدۆزێتەوە (چانان، ١٩٩٤: ١٥ - ١٨). بەتایبەتی ئەو بەشە خاو و هێواشانە کە هاوکات قورس و خەمبارن. لەم تازەگەرییە نوێیەدا، ئەم بەشەی مۆسیقاکە تەنیا دەربڕی خەم و ماتەمین نین، بەڵکوو هاوکات یادەوەرییەکی بیستراوەیین لە نەبوون، لەدەستدان و خۆڕاگری و بەرگری.

خاڵی گرینگ لێرەدا تەنیا کەڵکوەرگرتن لەو مۆسیقایە نییە، بەڵکوو هاوکات ئەوەیە کە ئەو بەش و بڕگانە چۆن ئاوا بە جوانی و بەئەنقەست لێرە پێکەوە دانراون و لکێندراون! هەروەک وتمان ئەو پارچە مۆسیقایە بەتەواوی دانەبەزێندراوە بۆ دەکارکردن لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان، بەڵام بە سەلیقە و زانایی کاک دوکتور قاسملوو هەڵبژێردراون کە زۆرترین و کاریگەرترین باری هەست و سۆز و توانایی پێکهێنانی جووڵەیان هەیە. بەم چەشنە، هەر وەک دەبینین دەنگ تەنیا دەنگدانەوەی ڕاستی و واقیع نییە، بەڵکوو بۆ خۆی دەور و نەخشی کاریگەری هەیە لە شەقڵدان بە ئەزموون (ئەتالی، ١٩٨٥: ٢٤ - ٢٦؛ لابێل، ٢٠١٠: ١٥ — ١٨).

هەربۆیە مۆسیقا لە بەرهەمێکی تەواو و کامڵ دەبێتەوە بە هەندێک بڕگە و بەش کە دەکرێ و دەتوانرێ دیسان لە بارودۆخی جیاوازدا کەڵکیان لێ وەربگیرێت و مانای تازەیان پێ بدرێت (بنیامین، ١٩٦٩: ٢١٧— ٢١٨). هەر بەو هۆیە، دەنگ بەتەنیا زمانحاڵی خەم و پەژارە نییە و بە پێچەوانەوە، دەتوانێت کۆمەڵانی خەڵک وەجووڵە بخات و هیوا و ئومێد بڵاو بکاتەوە.

ئەم نووسینە دەیەوێ بڵێ چۆن دەنگێک و بڕگە مۆسیقایەکی دووپاتە، توانایی ئەوەی هەیە لە کەشوهەوایەکی سیاسیدا ببێتە ئامێر و کەرستەیەک بۆ پاراستنی بیرەوەری، تێگەیشتن لە زەمەن و خۆڕاگری. هاوکات ئەم پرسیارەش دەورووژێنێت کە ئاخۆ دەکرێ ئەو دەنگە بەجۆرێک وەک "چیرۆک یان گێڕانەوەیەکی بێ مۆنۆلۆگ و دیالۆگ" سەیر بکەین و تێی بفکرین؟ گێڕانەوە و بەسەرهاتێک کە تێیدا لەڕێی دووپاتەکردنەوە و پێکهێنانی چاوەڕوانی، بیچم دەگرێت.

**بانەمەڕی ٢٧٢٥**

لەو نێوەدا، ناکرێ دەور و نەخشی د. قاسملوو تەنیا وەک سیاسەتمەدارێک لەبەرچاو بگرین، بەڵکوو دەبێ وەک ڕۆشنبیر و فەرهەنگدۆستێکیش سەیری بکەین. ئەو کە لە شاری پراگ خوێندنی تەواو کردبوو و لەگەڵ دابونەریتی فکری و هونەریی ئورووپاییەکان بە باشی ناسیاو بوو، لە دەیەی ١٩٧٠دا بەشێک لەو ئەزموونەی خۆی گواستەوە بۆ ناو کەشوهەوای ڕادیۆی کوردستان.

بە پێی سەرچاوەیەکی زارەکی لە مەنسوور خوسرەوییەوە، د. قاسملوو بەتایبەتی کاسێتەکانی مۆسیقای کلاسیک، بۆ وێنە سەمفۆنیای ژمارە پێنجی بەرهەمی گۆستاو مالێری بۆ ڕادیۆ "دەنگی کوردستانی ئێران" هێناوە (خوسرەوی، لە پێوەندییەکی تەلەفۆنیدا، ٤ی ئەپریلی ٢٠٢٦).

ناکرێ هێنان و دانانی ئەو مۆسیقایە بە شتێکی سادەوساکار دابنێین؛ لە ڕاستیدا ئەمە هەڵبژاردنێکی شارەزایانە بوو کە هەوێنی سەرەکیی ئەم وتارە - واتە پێوەندی لە نێوان مۆسیقا، یادەوەری و خۆڕاگری - پێک دەهێنێت؛ هەڵبژاردنێک کە دەریدەخات چۆن دەکارکردنی دووبارە لە ڕەگەز و توخمە فەرهەنگییە "نا - خۆجێیییەکان" دەکرێ یارمەتیدەر بێت بۆ ناساندنەوەی دیسانەوەی پێناس و شوناس و بەهێزکردنی یادەوەریی گشتی لە کەشوهەوایەکی سیاسیی سەرکوتگەرانەدا. هاوکات هەڵبەت ناکرێش نکۆڵی لە لایەنی نوێگەری و نوێبوونەوەی ئەم دەکارکردنە بکرێت.

**٢١ی بانەمەڕی ٢٧٢٦**

---



سەرچاوە
Serchawe

# کوردستان؛ لە سیاسەتی حاشالێکردنەوە هەتا بەردەوامیی بەرگری و خۆڕاگری




**هەوراز کاویان**

کوردستان لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا هەرگیز هەر هەرێمێک نەبووە. کوردستان ناوی واقعێکی سیاسی، مێژوویی و کۆمەڵایەتییە کە لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا پەیوەندییەکەی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیدا، بە شێوەیەکی سەرەکی بەهۆی سەرکوت، نکۆڵی، پەراوێزخستن و ئەمنییەتیکردنەوە پێناسە کراوە. هەر بۆیە، هەر شیکارییەک بیەوێت پرسی کورد هەتا ئاستی نارەزایەتییە نێوخۆییەکان، پەرەنەسەندوویی یان گرژییە کاتییەکان دابەزێنێت، لە ڕاستیدا لە تێگەیشتنی پێکهاتەی سەرەکیی پرسەکە دەستەوستان دەمێنیت.

ئەوەی لە کوردستاندا ڕووی داوە و ڕوو دەدات، تەنیا ململانێیەک لەسەر سەرچاوەکان یان بەڕێوەبردنی نێوخۆیی نییە؛ پرسەکە بریتییە لە بەفەرمیناسین یان نکۆڵیکردن لە «سووژەیەکی سیاسی و مێژوویی». لە قۆناغە جیاوازەکاندا، چ لە سەردەمی پاشایەتیی ڕووخاوی پەهلەویدا و چ لەنێو پێکهاتەی دەسەڵاتی ئایدۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامیدا، مامەڵە و ڕووبەڕووبوونەوەی ناوەند لەگەڵ کوردستان لەسەر بنەمای لۆژیکێکی هاوبەش بووە: هەر کاتێک کوردستان وەک

کۆمەڵگەیەکی خاوەن ئیرادە، خاوەن کۆیادی مێژوویی و داخوازیی سیاسی دەرکەوتووە، وەڵامی زاڵی ڕێژیمەکان نەک گفتوگۆ و نەویکیشان، بەڵکوو کۆنترۆڵ، سەرکوت و سەپاندنی هەژمۆنیی ئەمنییەتی بووە. لەم چوارچێوەیەشدا، گرتن، ڕەشبگیر، سەرکوت، دۆسیە بۆ دروستکردن، دژایەتیی دامەزراوە سەربەخۆکان و هەوڵدان بۆ وەدەرنانیان لە گۆڕەپانی هەڵسووڕان، گوشار بۆ سەر چالاکانی مەدەنی و فەرهەنگی و بەرهەمهێنانی گێڕانەوەی پڕسووکایەتی و بەکەمگرتن، هەموویان بەشێک بوون لە سیاسەتێکی یەکپارچە. سیاسەتێک کە هەوڵ دەدات پرسی کورد نەک وەک پرسێکی سیاسی، ڕەوا و دێموکراتیک، بەڵکوو وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر قەوارەی تاران وێنا بکات.

هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە کە نابێ سەرکوتی کوردستان تەنیا لە ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەی نیزامی یان ئەمنییەتیدا کورت بکرێتەوە. ئەم سەرکوتە ڕەهەندێکی سیمبولیک و گوتاریشی هەیە. کوردستان لە درێژەی ئەم ساڵانەدا، نەک هەر لە مافە سیاسی، فەرهەنگی و نەتەوەییەکانی بێبەش کراوە، بەڵکوو لە هەمان کاتدا لە ڕەهەندەکانی شێواندنی واقعە سیاسی و مێژووییەکان، بەراوەژووپیشاندنی ڕاستییەکان و بچووککردنەوەشدا بەئامانج گیراوە. لە گێڕانەوەی فەرمیی حکوومەتی ناوەندی و هەروەها لە خوێندنەوەی بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندگەراشدا، کورد زۆرجار نەک وەک کارەکتەرێکی سیاسیی خاوەن ماف، بەڵکوو وەک پەراوێزێک، کێشەیەکی بێزارکەر، یان گرووپێک کە دەبێ لەنێو نەزمی لەپێشدا پێناسەکراوی "ئێرانی یەکپارچە"دا بتوێتەوە، پیشان دراوە. ئەم جۆرە نیشاندانە، هەر زارەکی و زمانی یان هەر بەڕێکەوت یان نییە، بەڵکوو بەشێکە لە میکانیزمی سەرەکیی دەسەڵات.

لە مانگەکانی ڕابردوودا و ئێستاش، هەندێک هەڵوێست و دەربڕینی پڕسووکایەتی لەلایەن تەوژمە پاشایەتیخوازەکان و کەسایەتییە نزیکەکان لە ڕاستی توندڕەو هەر لەم ڕوانگەیەوە لێک دەدرێنەوە. واتە مەسەلەکە تەنیا چەند وشەیەک یان هەڵەیەکی سیاسی لەلایەن ئەوانەوەنییە، بەڵکوو ئەوەی هەستیارییە دروست دەکات و پەرە بە نیگەرانییەکان دەداتەوە؛ هەمدیسان بەرهەمهێنانەوەی هەمان ڕوانگە کۆن و سواوەیە کە کورد نەک وەک هاوبەش لایەنێکی یەکسان لە داهاتووی سیاسیی ئێراندا، بەڵکوو وەک توخمێکی لاوەکی و لاپەرەسەن دەبینێت. هەر کەسێک و لە هەر شوێنێکدا کە کوردستان لە پێگەی سوژەیەکی مێژوویی و سیاسییەوە بۆ ئاستی هۆز و عەشیرەت یان پاشکۆ دابەزێنێت، لە ڕاستیدا هەڵگری هەمان نەریتی نکۆڵیکردنە کە ئەمجارەیان نەک تەنیا لەلایەن «مێزەرەبەسەر»ەکانی دەسەڵاتدار، بەڵکوو لەلایەن «کراوات-لەملەکانی" بەناو ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵاتەوە بەرهەم دەهێندرێتەوە.

گرنگیی ئەم بابەتە لەوەدایە کە زمانی سووکایەتی زۆرجار دەبێتە بەرایی سیاسەتی سووکایەتی و؛ لەو سۆنگەیەوە کۆمەڵگەی کورد هەر کاردانەوەی لەهەمبەر وشەکان نابێت؛ بەڵکوو بەرامبەر بەو یادەوەرییە مێژووییەی لەنێو وشەکاندایە

هەڵوێست دەگرێت. ئەزموونی سەدەی ڕابردوو نیشانی داوە کە نکۆڵیکردن لە زماندا، زۆرجار بۆ نکۆڵیکردن لە سیاسەت و سڕینەوە لە کردەوەدا درێژ کراوەتەوە. لەم ڕوانگەیەوە، ناڕەزایەتیدەربڕین بەرامبەر بە ئەدەبیاتی پڕسووکایەتی و بەکەمگرتن، بەشێکە لە بەرگریکردن لە کەرامەتی سیاسی و مێژوویی کورد و کوردستان، نەک هەر بەتەنیا کاردانەوەیەکی هەستیەکی یان تەنیا ناسنامەیی.

لە تەنیشت ئەم پرسەدا، لە فەزای سیاسیی مانگەکانی ڕابردوودا، زۆرجار هەوڵ بۆ دروستکردنی ڕێکخراو و حیزبی کارتۆنی یان پرۆژەی تا ڕادەیەکی زۆر کەمبایەخ بە ڕواڵەتی نیشتمانپەروەری - شاخوازانە بۆ دروستکردنی درز لە نێوان کوردەکاندا دراوە. بەدەر لە وردەکاریی ناسنامەیی و پێشینەی ئەو کەسانەی لەم بەناو حیزبانەدان، ئەسڵی ئەم نیگەرانییە تەواو جێی تێگەیشتنە؛ چونکە ئەزموونی مێژوویی نیشانی دەدات یەکێک لە ئامرازە هەمیشەییەکانی ناوەند لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەوروبەرە سیاسییە سەرپێچیکارەکان، تەنیا سەرکوتی ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکوو بەرهەمهێنانی هێزی نێوەندگیر - بەبێ تێگەیشتنی سیاسی – کەمکاریگەر و هەروەها پاشکۆیە بۆ لاوازکردنی یەکگرتوویی هێزە سەربەخۆ و ڕەسەنەکان. ئەم سیاسەتە، ئەگەرچی ڕەنگە لە کورتماوەدا هەندێک باس و کەلێنی لێ بکەوێتەوە، بەڵام لە درێژخایەندا زیاتر لە هەر شتێک نیشانەی دەستەوستانیی تەوژمی ناوەندگەرایە لە قبوڵکردنی گفتوگۆی یەکسان لەگەڵ هێزە ڕاستەقینە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کوردستاندا.

هاوکات، لە ڕەفتاری کۆماری ئیسلامیدا سیاسەتی دووفاقێتی و یەکتربڕییەکی پتر دەبیندرێ. لە لایەکەوە، لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا باس لە گفتوگۆ، ئاگربەستی کاتی و ئیدارەکردنی قەیران دەکرێت، بەڵام لە لایەکی ترەوە، گوشار بۆ سەر کوردەکان لە نێوخۆی ئێراندا بە هۆی گرتن، لێپرسینەوە، هەڕەشە و دۆسیە بۆ دروستکردن و موشەکباران و بۆردومانکردنی کەمپە مەدەنییەکانی سەر بە حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لە هەرێم، بەشێکی سەرەکین لە بەرنامەیەکی بەردەوام و ئامرازی ئەم سیاسەتەن.

ئەم جۆرە ڕەفتارە زیاتر لەوەی نیشانەی هێز بێت، دەربڕی ترسێکی پێکهاتەییە لە کۆمەڵگەیەک کە قەت بێدەنگ نەبووە و هەموو کاتێک توانای ڕێکخراوەیی و دەرخستنی ناڕەزایەتی و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی بەرگریی لە خۆیدا پاراستووە.

یەکێک لە هەڵە باوەکان لە تێڕوانینی ناوەند (تاران)دا ئەوە بووە کە کوردستان تەنیا وەک گۆڕەپانی قەیران! سەیر کراوە، یان وەک قوربانییەکی هەمیشەیی. لە کاتێکدا کوردستان لە تەنیشت هەموو ئەزموونە تاڵەکانی خۆی، یەکێک لە زیندووترین گۆڕەپانەکانی خۆڕاگریی سیاسی و کۆمەڵایەتی بووە لە ئێرانی هاوچەرخدا. کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی

کەنەفت و بێدەنگ نییە، بەڵکوو کۆمەڵگەیەکی بزێو، بەرگریکار و خاوەن یادەوەریی بەکۆمەڵە. ژنان، لاوان، چالاکانی مەدەنی، بنەماڵە دادخوازەکان، زیندانییانی سیاسی، ڕووناکبیران و هێزەکانی بەرگری، هەر کامەیان پشکی دیار و بەرچاویان لە بەرهەمهێنانەوەی ئەم ژیانە سیاسییەدا هەبووە.

لەم نێوەشدا دەبێ بە ڕوونی سەیری پێگەی «پێشمەرگە» لە یادەوەریی سیاسیی کوردستاندا بکەین. پێشمەرگە تەنیا هێزێکی سەربازی نییە، بەڵکوو لە یادەوەریی بەکۆمەڵیی کوردستاندا هێمای خۆبەدەستەوەنەدان و سیمبولی بەرگری لە کەرامەتی مرۆڤی کوردە. نابێ هەرگیز لەبیر بکرێت کە لە کوردستاندا، شار و شاخ دوو ژینگەی لێکجیاواز نین، ئەمانە دوو ڕووی ئەزموونێکی مێژوویی و تەواوکەری یەکترین. یەکیان لە مەیدانی چالاکیی مەدەنی، ناڕەزایەتی و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیدا و ئەوی تریان نیشانەیەکە بۆ بەردەوامیی بەرگری و ملنەدان بۆ نسکۆ و سڕینەوە.

ڕاپەڕینی «ژن، ژیان، ئازادی» جارێکی تر ئەم یەکپارچەیی و یەکانگیرییەی ئاشکرا کرد. ئەم دروشمەی دوای کوشتنی حکومەتیی ژینا ئەمینی لە کوردستانەوە بەرز بۆوە، زۆر زوو بوو بە زمانێکی جیهانی و توانی لە هەمان کاتدا چەندین ئاست لە جۆرەکانی سەردەستی بخاتە ژێر پرسیارەوە، وەک: باڵادەستیی پیاوسالارانە، دیکتاتۆریی سیاسی، هەڵاواردنی نەتەوەیی و توندوتیژیی پێکهاتەیی. گرنگیی ئەم ڕاپەڕینە بۆ کوردستان تەنیا لەوەدا نەبوو کە لەنێو جوگرافیای کوردستانەوە دەستی پێکرد، بەڵکوو لەوەدا بوو کە نیشانی دا کوردستان هێشتا توانای بەرهەمهێنانی مانا، زمان و ئاسۆی سیاسیی بۆ هەمووی ئێران و تەنانەت لەوەش زیاتر هەیە. سەرکوتی ڕاپەڕینەکەش جارێکی تر نیشانی دا کۆماری ئیسلامی هێشتا دەستەوسانە لە وەڵامی سیاسی بۆ داخوازییەکانی کۆمەڵگە و لە ساتەکانی قەیراندا، جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ سەر هەمان مۆدێلی ناسراو، واتە توندوتیژی، ڕەشبگیر، سەرکوتی ئامانجدار و کوشتوکوشتار. بەڵام لە بەرامبەر ئەم سەرکوتەدا، ئەوەی لە کوردستان بیندرا تەنیا ئازار نەبوو، بەڵکوو جۆرێک لە خۆڕاگریی کۆمەڵایەتی و مێژوویی بوو کە نیشانی دا ئەم کۆمەڵگەیە هەر دەم و ساتێک توانای بەرگری و ڕاوەستانی هەیە و لە ساتە مێژووییەکاندا خاوەنی ئایدیای بونیادنانەوەی خۆیەتی.

بۆیە ناکرێ کوردستان بە سیاسەتی حاشا یان بەکەمگرتن بێدەنگ بکرێت، بە سەرکوتی سەرشەقام پەراوێز بخرێت یان ئەوەی بە موشەک لە هاوکێشە سیاسییەکان دابڕێت. پرسی کوردستان نە بە سەرکوت چارەسەر بووە و نە بە گێڕانەوە بێمانا و چەواشەکارییەکان کان تێدا چووە. بەپێچەوانە، هەر جارێک کە ناوەند هەوڵی حاشا و سڕینەوەی ئەو دۆزەی داوە، کوردستان بە فۆرمێکی نوێ گەڕاوەتەوە و لە هەمبەر ناوەندا وەستاوەتەوە. ئەم گەڕانەوەیە تەنیا ئەنجامی کاردانەوە بەرامبەر بە سەرکوت نییە، بەڵکوو بەرهەمی هەبوونی یادەوەرییەکی مێژوویی زیندوو و ئیرادەیەکی بەکۆمەڵی

**بانەمەڕی ٢٧٢٥**

بەردەوامە بۆ داخوازییەکی سیاسی کە دانی پێدا نەنراوە.

هەر پرۆژەیەکی سیاسی کە لە ئێراندا بیەوێت باس لە دێموکراسی، دادپەروەری و داهاتوویەکی هاوبەش بکات، ناچارە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ کوردستان ڕوون بکاتەوە. بەبێ دانان بە ناسنامەی سیاسیی کورد لە ئێران و بەبێ تێپەڕین لە لۆژیکی سووکایەتی، حاشا و سیاسەتی بەئەمنییەتیکردن، هیچ بانگەشەیەک لەسەر داهاتوویەکی ئازاد و یەکسان مانا و متمانەی نابێت؛ دەسەڵاتداران و نەتەوەکانی نێو جوغرافیای ئێران ناچار دەبن مێژوو دووبارە بکەنەوە و هەر جارێکیش بە شێوەیەکی کارەساتبارتر لە ڕابردوو.

**٢١ی بانەمەڕی ٢٧٢٦**

# میلیتاریزمی نەرم؛ ڕێژیم چۆن "ژن" دەکاتە قەڵغانی ئایدیۆلۆژیای توندوتیژی؟





**ئاسۆ ساعیدی**

ماوەیەکە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە پیشاندانی ژنان بە پۆششی ئیسلامی کە چەکی ڕەنگاوڕەنگی وەک کلاشینکۆفی پەمەیییان هەڵگرتووە، یان لە پشت جیپی پەمەیی هەڵگری دۆشکا دانیشتوون، یان دەرخستنیان بە جلوبەرگی سەربازیی تایبەت و مانۆڕدان لە شەقامەکانی تاراندا، پەیامی جۆراوجۆر بە دنیای دەرەوە و ناڕازییانی نێوخۆ دەگەیەنێت. ئەم دۆخە

نەک هەر دەرخەری ستراتیژیی ئاڵۆزی شەڕی دەروونی و پڕوپاگەندەی سیاسییە، بەڵکوو "ئۆپەراسیۆنێکی دەروونیی" ئەندازیاریکراوە کە بە دوای چەندین ئامانجدا دەگەڕێت.

لە پێکهاتەیەکدا کە مافە سەرەتاییەکانی ژنان دانیان پێدا نەنراوە، حکوومەت دەیهەوێ بە پێدانی چەک، هەستێکی درۆیینی "بکەربوون" و "گرنگی" لەو ژنانەدا وێنا بکات و هێزی ساختەیان پێ ببەخشێت، تاکوو کەسەکە هەست بکات بەشێکە لە "دەسەڵات"، نەک قوربانیی دەسەڵات. کۆماری ئیسلامی ساڵانێکە جەخت لەسەر مۆدێلی "ژنی ماڵدار- داوێن‌پاک" دەکاتەوە؛ بەڵام کاتێک ئەم ژنانە بە چەکەوە دێنێتە سەر شەقامەکان، تەکنیکی یەکنەگرتنەوەی بیرو کردار و وێناسازیی دژایەتیی هێمایی، خۆی دەنوێنێت. نواندنی باڵادەستیی هێز لە پەیامە نەستییەکەیدا ئەوەیە کە: "تەنانەت ناسکترین بەشی کۆمەڵگەش -لە ڕوانگەی نەریتیی حکوومەتەوە- ئامادەی شەڕە".

حکوومەت هەروەها دەیهەوێ لەم ڕێگەیەوە پیرۆزی بە توندوتیژی ببەخشێت. واتە بە دانانی چەک لە تەنیشت چارشێو و عەباوە (وەک هێمای ئایین) هەوڵ دەدات توندوتیژی و سەرکوتکردن بە بابەتە پیرۆزەکان ببەستێتەوە، ئەمەش وا دەکات ڕەخنەگرتن لێی لە ڕووی دەروونناسییەوە قوورستر بێت. هەڵبەت بۆ ئەو ژنانەی بەشداریی ئەم شانۆیانە دەکەن، ئەم هەوڵە دەتوانێت جۆرێک لە قەرەبووکردنەوەی دەروونی بێت.

کاتێک تاکایەتیی "ژن" لە پشت یۆنیفۆرم یان یەکپۆشی و چەکەوە ئەشاردرێتەوە، ناسنامەکەی ئەگۆڕێت. ئەم داماڵینی تاکایەتییە یا لێسەندنەوەی کەسێتییە دەبێتە هۆی ئەوەی تاک ئاسوودەتر فەرمانی سەرکوتکەرانە قەبووڵ و جێبەجێ بکات. چونکە چیتر خۆی وەک "تاکێک" یان ویژدانی ئەخلاقیی سەربەخۆ نابینێتەوە، بەڵکوو وەک بەشێک لە گرووپێکی سەرکوتکەرانەی گەورەتر دەبینێت.

**ئەم بابەتە دەتوانرێت لە چەند ڕوانگەیەکی دەروونناسانەوە تاوتوێ بکرێت:**

**١- ئاساییکردنەوەی توندوتیژی و "میلیتاریزمی نەرم:**

لە دەروونناسیی کۆمەڵایەتیدا، ڕەنگی پەمەیی وەک هێمایەک بۆ ئارامی، ژنایەتی و ئاشتیخوازیی کولتووری دەکار دەکرێت. تێکەڵکردنی ئەم ڕەنگە لەگەڵ ئامێری کوشتن، واتە (چەک)، هەوڵێکە بۆ جوانکردنی سیمای سەرکوت. ڕێژیم هەوڵ ئەدات بە "فانتازیا"کردنی ئامرازی شەڕ، ناشیرینیی توندوتیژی لە چاوی خەڵکدا کەم بکاتەوە. ئەو بە ڕاکێشانی چینە

خۆڵەمێشییەکان ئەم پەیامە دەگەیەنێت، کە میلیتاریزم مەرج نییە توندوتیژیی پیاوانە بێت، بەڵکوو دەتوانێت بەشێک لە شێوازی ژیانی ڕۆژانە بێت.

## ٢- پێناسەکردنەوەی شوناسی ژن لە ڕوانگەی ئایینەوە:

کۆماری ئیسلامی بەم شێوەیە هەوڵ دەدات مۆدێلی سێیەم لە ژن بخاتە ڕوو، کە نە "ژنی ماڵەوەی نەریتی" بێت و نە "ژنی مۆدێڕنی ڕۆژئاوایی". ڕێژیمی ئێران بە شانۆگەریی ژنی موجاهید، ژنێک کە هاوکات لەگەڵ پاراستنی حیجابی تەواو، بە کەرەستەی دەسەڵات واتە (چەک) تەیار کراوە، ئەو پەیامە بە کۆمەڵگە دەگەیەنێت کە ژنان نەک تەنیا بابەتی پاراستن نین، بەڵکوو هێزی جێبەجێکاری دەسەڵات بۆ سەرکوت لە کاتی قەیرانەکاندان، واتە سەربازی ئەمەگناس!

## ٣- کاردانەوە بەرانبەر بە بزووتنەوەکانی ژنان:

دوای ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان بە پێشەنگایەتیی ژنان، وەک شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی، مانۆڕی ژنانی چەکدار کاردانەوەیەکی بەرگریکارانە لە لایەن ڕێژیمەوەیە. ڕێژیم دەیهەوێ لەم ڕێگەیەوە مەتەرێزی ژنان وەربگرێتەوە؛ واتە جێگۆڕکێی "ژنی نارەزایی" بە "ژنی سەرکوتکەر/ سەرباز". ئەمە هەوڵێکی دەروونییە بۆ نیشاندانی ئەوەی کە "ژنی دڵخواز لە ڕوانگەی ئێمەوە" ئەو ژنەیە کە چەک بۆ بەرگریکردن لە مانەوەی حکوومەت هەڵدەگرێت، نەک ژنێک کە بۆ ئازادی، لەچک لەسەر دابکەنێت.

دروستکردنی کەلێنی دەروونی لە نێوان ژنانی کۆمەڵگە؛ دانانی ژنێک بە چەکەوە لە بەرانبەر ژنێک کە خوازیاری گۆڕانکارییە، دەبێتە هۆی داخورانی هاوسۆزیی کۆمەڵایەتی. ئەم کارە وەڵامێکی ئایدیۆلۆژیکییە بۆ دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" بۆ ئەوەی نیشانی بدات کە پێناسەی حکوومەت بۆ ڕۆڵی ژن بەستراوەتەوە بە دەسەڵاتی سەربازی و پاراستنی مانەوەی سیاسی.

## ٤- بەسەربازیکردنی کەشی گشتی:

ئاساییکردنەوەی بوونی چەکی جەنگی -وەک دۆشکا- لە ژینگە مەدەنییەکاندا بەشێکە لە ستراتیژی میلیتاریزەکردنی شار. کاتێک چەکێک کە پێویستە لە بەرەی شەڕدا بێت دەهێنرێتە سەر شەقامەکانی شار، سنووری نێوان "دۆخی ئاسایی" و "دۆخی

شەڕ" کاڵ دەبێتەوە، بۆ ئەوەی خەڵک بەردەوام هەست بە بوونی قورسیی دەزگا ئەمنییەکان بکەن.

### ٥- ئاساییکردنەوەی سیمای توندوتیژی:

لە ڕوانگەی دەروونناسیی کۆمەڵایەتییەوە، بوونی ژنان لە گۆڕەپانی سەرکوتکردن یان مانۆڕ لەنێو شەقامەکانی شاردا، جۆرێک لە "دژایەتیی ناسینەوە" لە هزری بینەردا دروست دەکات. کۆمەڵگە بە شێوەیەکی نەریتی ژن وەک هێمای چاودێری و ئاسوودەیی دەبینێت. حکوومەت بە بەکارهێنانی ژنان بە جلوبەرگی سەربازییەوە، هەوڵ دەدات ئەم گریمانە دەروونییە بقۆزێتەوە و وێنەی "توندوتیژیی" سەرکوتکردن کاڵ بکاتەوە. بوونی ژنان لە نمایشی سەربازی یان مانۆڕی شەقامەکاندا پەیامێک بۆ لایەنی نێوخۆیی و بیانی دەنێرێت: "ئەمە بزووتنەوەیەکی توندوتیژیی پیاوسالارانە نییە، بەڵکوو باوەڕێکی خێزانیی جێی پەسەندی دایکانی کۆمەڵگەیە."

### ٦- لێکدژیی هێمایی و شەڕی دەروونی:

ئەم وێنانە بەئەنقەست بۆ دروستکردنی دژواتەی بینایی دارێژراون. لە سایکۆلۆژیای پڕوپاگەندەدا، تێکەڵکردنی دوو هێمای دژ بەیەک - چارشێو و عەبا وەک هێمای نەریتیی حەیا و ئارامیی نێوماڵ و هەروەها دۆشکا وەک هێمای توندوتیژیی ڕووت و هێزی وێرانکەر- دەبێتە هۆی دروستبوونی جۆرێک لە شۆکی دیتنی. کاتێک چەک دەدرێتە دەست توێژێکی کۆمەڵگە کە بە شێوەیەکی نەریتی بە "مەدەنی" یان "دایک و چاودێر" دادەنرێت، ئەم پەیامە دەنێردرێت کە شەڕ و سەرکوت چوونەتە نێو قووڵترین چینەکانی ژیانی ڕۆژانەوە، کەواتە سەرکوت ئاسایی بووەتەوە. ئەم نمایشە ئەو پەیامە بە دژبەران دەگەیەنێت کە "چاوی چاودێر" و "دەستی سەرکوتکەر" تەنانەت لە ڕووخساری دایکانەی نەریتیشدا خۆی دەنوێنێ، کە ئەمەش بەزاندنی سنوورەکانی ژیانی تایبەتیی خەڵکە.

## دەرەنجام

ڕێژیم بە مانۆڕی دزەکردنی نێوخۆیی و لێکترازانی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی چەکدارکردنی ژنان، پەیامێکی ترسناک بە پێکهاتەی کۆمەڵگە دەگەیەنێت، کە سەرکوتکەر تەنیا لە سەربازگەکاندا نییە، بەڵکوو دەتوانێت لە ماڵەکەت یان دراوسێیەتیتانەوە بێت. کاتێک نیوەی دانیشتووان (ژنان) وەک بەشێک لە ماشێنی سەربازی وێنا دەکرێت، متمانەی ئاسۆیی لە کۆمەڵگەدا کەم دەبێتەوە و دەبێتە هۆی دروستکردنی پارانۆیا، واتە دروستبوونی کەشی بێمتمانەیی لەنێو خەڵکدا.

**بانەمەڕی ٢٧٢٥**

ئەم کارە کۆمەڵگە بەسەر دوو گرووپدا دابەش دەکات؛ "ژنانی ئەمەگناس/ چەکدار" و "ژنانی نێوخۆیی"، بۆ ئەوەی ڕێگری لە هاوپێوەندیی گشتی لە نێوان ژناندا بکەن.

لە دەروونناسیی سیاسیدا "مانۆڕی هێز" کاتێک ڕوو دەدات کە سیستەمێک هەست بکات باڵادەستیی ئاوەزەیی کەوتۆتە مەترسییەوە. نەمایشی ژنانی چەکدار هەوڵێکە بۆ وەرگرتنەوەی شەقامەکان بە شێوەیەکی هێمایی. بەکورتی، ئەم شانۆیە هەوڵێکە بۆ جێگۆڕکێی "ترس" لە جیاتی "ڕێزگرتن". کۆماری ئیسلامی بە پڕچەککردنی ژنان و هێنانە سەر شەقامەکان، هەوڵ دەدات ئەو پەیامە دەروونییە بچێنێت کە هیچ دەرەتانێک بوونی نییە، تەنانەت ڕەگەزێک کە هێمای ژیانە، لەم پێکهاتەیەدا بووەتە ئامرازێک بۆ پاراستنی مانەوەی دەسەڵات.

**٢٢ی بانەمەڕی ٢٧٢٦**

# شیکاریی گۆڕانکارییە گوتارییەکانی بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران و کوردستان (١٣٨٨ - ١٤٠٤)






**ناسر سالحیئەسڵ**

شیکردنەوەی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران و کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٣٨٨ تا ١٤٠٤، بەبێ تێگەیشتن لە سروشتی پێکهاتەی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا مەحاڵە. ئەم پێکهاتەیە لەسەر بنەمای پێشخستنی «ویلایەتی ڕەهای



سەرچاوە Serchawe

فەقیهـ» بەسەر «ئیرادەی گەل»دا دارِژاوە؛ بە جۆرێک کە دامەزراوە هەڵبژێردراوەکان، لە سەرۆکایەتیی کۆمارەوە بگرە تا پەرلەمان و ئەنجومەنەکان، لە کۆتاییدا لەژێر سێبەری دامەزراوە دەستنیشانکراوەکان و ئیرادەی ڕێبەردا کار دەکەن. ئامرازەکانی وەک «حوکمی حکوومەتی»یش دەرفەتی بێبایەخکردنی هەر جۆرە ئیرادەیەکی سەربەخۆی جەماوەری دەڕەخسێنن. لەنێو چوارچێوەیەکی وەهادا، هەڵبژاردن نەک وەک میکانیزمێک بۆ جێبەجێکردنی سەروەریی گەل، بەڵکوو وەک ئامرازێکی نمایشکاری بۆ بەدەستهێنانی شەرعییەتی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی کار دەکات. سەرەڕای ئەوەش، نەتەوەکان و کەمینە نەتەوەیی، زمانەوانی و ئایینییەکان لەم پێکهاتەیەدا خاوەنی پێگەیەکی ڕاستەقینە لە دەسەڵاتی سیاسیدا نین و هەر ئەمەش یەکێکە لە ڕەگەکانی نارەزایەتییە قووڵەکان لە ناوچە پەراوێزخراوەکانی وەک کوردستان و بەلووچستان.

لەسەر پاشخانی وەها پێکهاتەیەک، بزووتنەوە نارەزایەتییەکان لە ئێراندا لەم خولەدا، وردە وردە تووشی گۆڕانی گوتاری بوون. یەکەمین دەرکەوتەی بەرچاوی ئەم گۆڕانکارییانە، بزووتنەوەی سەوز بوو لە ساڵی ١٣٨٨دا. ئەم بزووتنەوەیە لە نارەزایەتی بە ئاکامەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆمار دروست بوو و بنکە سەرەکییەکەی لە چینە ناوەندە شارنشینەکان، بەتایبەت لە شارە گەورەکان پێکهاتبوو. ئامادەیی بەرفراوانی خوێندکاران، بژاردە کولتوورییەکان و توێژە خوێندەوارەکان، سیمایەکی مەدەنی و شارستانی بەم بزووتنەوەیە بەخشی. لەگەڵ ئەوەشدا، گوتاری زاڵی بزووتنەوەکە لەنێو چوارچێوەی سیستمدا مایەوە و داخوازییەکانی زیاتر لە دەوری تەوەرەی «چاکسازی» و گەڕانەوە بۆ دەستوور پێناسە دەکران. بە واتایەکی تر، بزووتنەوەی سەوز هەوڵی دەدا لە نێوەوەی پێکهاتەکەوە گۆڕانکاری دروست بکات و داوای پشکێکی لە دەسەڵاتدا دەکرد.

ئەم تایبەتمەندییە، لە هەمان کاتدا یەکێک بوو لە خاڵە لاوازە بنەڕەتییەکانی بزووتنەوەی سەوز؛ چونکە نەک هەر نەیتوانی بە شێوەیەکی بەرفراوان پشتیوانیی چینە هەژارەکان و ناوچە پەراوێزخراوەکان بەدەست بهێنێت، بەڵکو لە نێو نەتەوە پەراوێزخراوەکان و کەمینە ئایینییەکانیشدا کاریگەرییەکی سنوورداری هەبوو. هەروەها وابەستەبوون بە ڕێبەرانی ناوخۆی سیستم و نەبوونی ئامرازی کاریگەر بۆ بەرەوڕووبوونەوەی سەرکوتکردن، بووە هۆی ئەوەی ئەم بزووتنەوەیە دوای ماوەیەک کز بێت. دەستبەسەرکردنی ڕێبەرە سیمبولییەکانی و سەرکوتی سەر شەقام، کۆتاییەکی کردەیی بۆ بزووتنەوەکە تۆمار کرد، بەبێ ئەوەی گۆڕانکارییەکی هەستپێکراو لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا دروست بکات. بە گشتی، بزووتنەوەی سەوز دەکرێ وەک هەوڵێک بۆ چاکسازیی نێوخۆیی پێکهاتەکە هەژمار بکرێت کە بەهۆی سنووردارییە زاتییەکانی سیستم و چوارچێوەی گوتاری خۆیەوە، شکستی هێنا.

چەند ساڵێک دواتر، نارەزایەتییەکانی بەفرانباری ١٣٩٦ وەک خاڵێکی وەرچەرخان لە گۆڕینی گوتاری بزووتنەوە

کۆمەڵایەتییەکانی ئێران هەژمار دەکرێت. ئەم ناڕەزایەتییانە بە پێچەوانەی بزووتنەوەی سەوز، نەک لە شارە گەورەکان، بەڵکو لە شارە بچووکەکان و ناوچە پەراوێزخراوەکانەوە دەستی پێکرد و بە خێرایی لە سەرانسەری وڵاتدا بڵاوبووەوە. بنکە کۆمەڵایەتییەکەی زیاتر لە چینە هەژارەکان، بێکاران و توێژە زیانلێکەوتووەکان پێکهاتبوو. گرنگترین تایبەتمەندیی ئەم بزووتنەوەیە، تێپەڕینێکی ڕاشکاوانە و بێگرێوگۆڵ بوو لە دووفاقییەکانی نێوخۆی حکوومەت و ئامانجگرتنی گشتێتی سیستمەکە بوو؛ دروشمی وەک «اصلاح‌طلب، اصولگرا، دیگه تمومه ماجرا» دەربڕی ئەم گۆڕانکارییە بنەڕەتییە بوو لە ڕوانگەی سیاسیی کۆمەڵگەدا.

ناڕەزایەتییەکانی ٩٦ دەریخست کە قەیرانە ئابوورییەکان، لەوانە هەژاری، بێکاری و نایەکسانی، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە قەیرانی شەرعییەتی سیاسییەوە گرێ دراون. لەم بزووتنەوەیەدا، گوتاری دادپەروەریی کۆمەڵایەتی کە پێشتر لەلایەن سیستمەوە پڕوپاگەندەی بۆ دەکرا، کەوتە ژێر پرسیار و ناکارامەیی پێکهاتەی ئابووری و دابەشکردنی نادادپەروەرانەی سەرچاوەکان ئاشکرا بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، پەرشوبڵاوی جوگرافی، نەبوونی ڕێبەرایەتییەکی یەکگرتوو و پشتیوانی نەکردنی بەرفراوانی چینی ناوەندی شارنشین، بووە هۆی ئەوەی ئەم ناڕەزایەتییانەش نەگەنە ئەنجامێکی دیاریکراو. سەرەڕای ئەوەش، گرنگییەکەی لە گۆڕینی ڕێڕەوی گوتاری ناڕەزایەتی لە «چاکسازی»یەوە بۆ «تێپەڕین لە سیستم» جێگەی سەرنجە.

ئەم ڕەوتە لە ناڕەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ١٣٩٨دا بە شێوەیەکی بەرفراوانتر و ڕادیکاڵتر بەردەوام بوو. بەرزبوونەوەی لەناکاوی نرخی بەنزین بووە پلیتەی ناڕەزایەتییەکی سەرانسەری کە زیاتر لە سەد شار و ناوچەی گرتەوە. پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەم بزووتنەوەیە، هاوشێوەی ناڕەزایەتییەکانی ٩٦، زیاتر لە چینە هەژارەکان و ناوچە بێبەشکراوەکان بوو، بەڵام مەوداکەی زۆر بەرفراوانتر بوو و تەنانەت هەندێک شاری گەورەشی گرتەوە. لەم نێوەندەدا، ناوچە پەراوێزخراوەکان، کوردستان، خوزستان و بەلووچستان لە ناوەندە سەرەکییەکانی ناڕەزایەتی بوون.

گوتاری ئەم بزووتنەوەیە، جگە لە داخوازییە ئابوورییەکان، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێکهاتەی سیاسیی کردە ئامانج. خاڵێکی گرنگ لە ناڕەزایەتییەکانی ٩٨دا، ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوو لە کۆکردنەوە و هەماهەنگیکردن، هەرچەندە حکوومەت بە بڕینی سەرانسەریی ئینتەرنێت هەوڵی دا ئەم پەیوەندییانە تێک بدات. سەرکوتکردنی توند و بەکارهێنانی بەرفراوانی توندوتیژی، بەتایبەت لە ناوچەکانی وەک ماهشەهر، نیشاندەری پشتئەستووریی حکوومەت بوو بە ئامرازە ئەمنییەکان بۆ پاراستنی دەسەڵات. لە کۆتاییدا، نەبوونی ڕێکخستنێکی یەکگرتوو و توندیی سەرکوتکردنەکە، بووە هۆی کزبوونی ئەم بزووتنەوەیە، بەڵام قووڵایی ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی زیاتر لە جاران دەرخست.

ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ١٤٠٤یش لە درێژەی هەر ئەم ڕەوتەدا شیکردنەوەی بۆ دەکرێت. ئەم ناڕەزایەتییانە سەرەتا بە داخوازی ئابووری، لەوانە بەرزبوونەوەی نرخەکان، دابەزینی بەهای دراوی نیشتمانی و قەیرانی بژێوی دەستی پێکرد، بەڵام بە خێرایی گۆڕا بۆ گوتارێکی سیاسی دژی گشتێتی سیستمەکە. ئەم گۆڕانکارییە نیشانی دەدات کە بەشێکی گەورەی کۆمەڵگە، کێشە ئابوورییەکان نەک وەک دیاردەیەکی کاتی، بەڵکوو وەک دەرئەنجامە پێکهاتەییەکانی سیستمی سیاسی دەبینن. سەرکوتی توندی ئەم ناڕەزایەتییانە، جارێکی تر نیشانی دایەوە کە حکوومەت لە ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکاندا، پێش هەر شتێک پشت بە ئامرازە زۆرەملێییەکان دەبەستێت.

لەم نێوەندەدا، بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» لە ساڵی ١٤٠١دا وەک خاڵێکی وەرچەرخان لە گۆڕانکارییە گوتارییەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران و کوردستان هەژمار دەکرێت. ئەم بزووتنەوەیە لە دوای گیانلەدەستدانی ژینا ئەمینی دەستی پێکرد و بەخێرایی بوو بە جووڵانەوەیەکی سەرانسەری و تەنانەت جیهانی. بەپێچەوانەی بزووتنەوەکانی پێشوو، ئەم جووڵانەوەیە لە هەرە سەرەتاوە خاوەنی گوتارێکی فرەڕەهەند بوو کە داخوازییە ڕەگەزی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکانی پێکەوە گرێ دەدا.

تایبەتمەندییەکی بەرچاوی ئەم بزووتنەوەیە، ڕۆڵی میحوەریی ژنان بوو لە ڕێبەرایەتی و تێکۆشاندا. هەروەها ئامادەیی بەرفراوانی خوێندکارانی زانکۆ و قوتابخانە، چالاکانی مەدەنی و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگە، ڕەهەندێکی گشتگیری پێ بەخشی. ناوچەکانی کوردستان و بەلووچستان بەهۆی مێژووی جیاکارییەکانەوە، لە ناوەندە سەرەکییەکانی ناڕەزایەتی بوون. بەکارهێنانی بەرفراوانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، سیمبولسازی وەک لابردنی حیجابی زۆرەملێ، و گۆڕینی دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» بۆ گوتارێکی جیهانی، لە تایبەتمەندییە کانی تری ئەم بزووتنەوەیە بوون.

بزووتنەوەی ژینا، «ژن، ژیان، ئازادی» توانی بۆ یەکەمجار گوتاری خەبات لە ئاستی نیشتمانییەوە بۆ ئاستی نێودەوڵەتی بەرز بکاتەوە و پشتیوانییەکی بەرفراوانی جیهانی بەدەست بهێنێت. هەروەها ئەم بزووتنەوەیە دەریخست کە ڕێبەرایەتی لە سەردەمی نوێدا، مەرج نییە چەقگەرا و کاریزماتیک بێت، بەڵکو دەکرێ بە شێوەی تۆڕی و پەرشوبڵاو دروست بێت. سەرەڕای سەرکوتی توند، ئەم بزووتنەوەیە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر وشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە بەجێهێشت و چوارچێوەیەکی نوێی بۆ بەرگری و داواکاری دروست کرد.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین کە گۆڕانکارییە گوتارییەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران لە ساڵی ١٣٨٨ تا ١٤٠٤ ڕێڕەوێکی پلەبەندی بەڵام ئاتاداری بڕیوە. ئەم ڕێڕەو بە هەوڵدان بۆ چاکسازیی ناوخۆیی دەستی پێکرد، پاشان گەیشتە

**بانەمەڕی ٢٧٢٥**

ڕەخنەکردنی گشتێتی سیستەم و لە کۆتاییدا بووە هۆی دروستبوونی گوتارێکی فرەڕەهەند و جیهانی. هاوکات، شێوازی ڕێبەرایەتیش لە نموونە چەقگەراکانەوە بەرەو نموونە تۆڕییەکان گۆڕاوە و ڕۆڵی تەکنەلۆژیاکانی پەیوەندیکردن لە کۆکردنەوەی جەماوەریدا زیادی کردووە.

ئەم گۆڕانکارییانە نیشانی دەدەن کە کۆمەڵگەی ئێران، بەتایبەت لە کوردستان و ناوچە پەراوێزخراوەکان، گەیشتووەتە ئاستێک لە وشیاریی سیاسی کە داخوازییەکانی خۆی لە ناوچوارچێوەی چەمکەکانی وەک دادپەروەری، مافی مرۆڤ، یەکسانی و نەهێشتنی جیاکاریدا پێناسە دەکات. هەروەها گرێدانی نێوان داخوازییە ئابووری، سیاسی و ناسنامەییەکان، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ئاڵۆزتر و لە هەمان کاتدا گشتگیرتر کردووە.

لەکۆتاییدا و لەسەر بنەمای ئەم شیکردنەوەیە، ئاسۆی داهاتووی گۆڕانکارییەکان لە ئێران و کوردستاندا، بەستراوەتەوە بە گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە پێکهاتەی دەسەڵاتدا. ئەزموونی بزووتنەوە جیاوازەکان نیشانی داوە کە چاکسازیی سنووردار لە چوارچێوەی ئێستادا، توانای وەڵامدانەوەی داخوازییەکانی کۆمەڵگای نییە. لەبەر ئەوە، گوتاری زاڵ لە نێو بەشێکی زۆری کۆمەڵگادا بەرەو تێپەڕین لە پێکهاتەی ئێستا و جووڵانەوە بەرەو نەزمێکی دیموکراتیک، لەسەر بنەمای بەشداریی ڕاستەقینەی گەل و بەفەرمی ناسینی هەمەجۆریی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی، هەنگاوی ناوە. ئەم ڕەوتە، دەرئەنجامی کەڵەکەبوونی ئەزموونە نارەزایەتییەکان و وەرچەرخان لە شێوازەکانی تێکۆشان و ئەندێشەی سیاسی لە ئێرانی هاوچەرخدایە. بە کورتی، پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی چاکسازی هەڵنەگرە و تاکە ڕێگە، گۆڕینی گشتێتی سیستەم و جووڵانەوەیە بەرەو سیستەمێکی دیموکراتیک (بە جەختکردنەوە لەسەر فیدرالیزم.(

**٢٢ی بانەمەڕی ٢٧٢٦**

---

# گلۆڵەی ئاڵۆزی شەڕ!





**ڕەزا دانشجوو**

ئاگربەستی ناسەقامگیری نێوان کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا لە کاتێکدا سێیەمین حەفتەی تێپەڕ کرد کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەردەوام ئامادەی گۆڕانکاریی گەورەیە. لە ڕاستیدا ئەم بارودۆخەی کە ئێستا لە ناوچەدا بەناو ئاگربەست نێوی دەهێنرێت، هیچ نیشانەیەکی لە ڕاوەستانی ئاگری شەڕ، یان بە واتایەکی باشتر ڕازیبوونی لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەم شەڕە بە بەسبوونی شەڕ و کۆتاییهێنان بە گرژی و ئاڵۆزییەکان پێوە دیار نییە! ئەوەی ئێستا دەبینرێت زۆرتر لە بێدەنگیی

پێش ڕووداوێکی چاوەڕوانکراو و یان ئاگری بن خۆڵەمێش دەچێت کە هەر کات ئەگەری بووژانەوە و بڵێسەدانی بەدی دەکرێت. بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکانی ئەم ناسەقامگیرییە و شیکاریی باشتری باسەکە دەبێت سەرەتا ئاوڕێک لە ڕووداوەکانی شەڕ و پێشهاتەکانی دوای شەڕ تا ئەمڕۆ بدەینەوە. ئەمە ڕەنگە یارمەتیدەر بێت تا خوێندنەوەیەکی زۆر باشترمان بۆ داهاتوو هەبێت.

ڕەنگە شیکاریی تێچوو و قازانج باشترین و کارامەترین مێتۆدێک بێت کە دەتوانرێت وەک پێوەرێک بەکار بهێنرێت و پێوانەیەک بێت کە لە کاتێکدا تەواو سەلمێنراو و زانستییە، لە هەمان کاتدا ڕووداوەکانیش دەتوانێت بە سادەیی و لۆژیکی شی بکاتەوە.

لایەنی یەکەم و سەرەکیی ئەم ململانێیە، کۆماری ئیسلامییە؛ دەسەڵاتێکی پاوانخواز و بێبەزەیی و خۆبەزلزان کە ساڵانێکە بووەتە شێرپەنجەیەکی بێبڕانەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و نەک تەنیا ژیانی خەڵکی بێتاوان لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەڵکوو ژیانی میلیۆنان کەسی لە جیهاندا تووشی مەترسی کردووە و هۆکاری سەرەکیی ناسەقامگیری لە زۆرینەی وڵاتانی ناوچەیە. سەرەڕای هەموو ئیدیعا و لێدوانە بێبنەماکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، دەتوانرێت ڕاشکاوانە بگوترێت کە ڕێژیم لە هەموو ڕوویەکەوە لەم شەڕەدا دۆڕاو بووە و خەسارەی زۆری بەرکەوتووە. هەرچەندە دەبێت دان بەوەشدا بنرێت کە هەندێک شتی بەدەستهێناوە.

**تێچووی ڕێژیم دەکرێت لە دوو بەشدا دابەش بکرێن.**

**یەکەم:** توانای سەرکردایەتی و فەرماندەیی، یان باشتر بڵێین سەرچاوە مرۆییەکان. نەمانی دیکتاتۆری پیری تاران عەلی خامنەیی و بەشێکی بەرچاو لە فەرماندە نیزامییە باڵاکان و کەسایەتییەکانی دیار و نێوبەدەری ڕێژیم، وەها بۆشاییەکی گەورەی لە لوتکەی هەرەمی ڕێبەری و بڕیاردانی ڕێژیمدا دروست کردووە کە سەرەڕای بانگەشە و پڕوپاگەندەی هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی، لانیکەم لە کورتخایەندا پڕکردنەوەی ئەو بۆشایی و کەلێنە گەورەیە مەحاڵە. نابێت ئەوە لەبیر بچێت کە ئەم پرسە ڕەهەندێکی دەروونیشی هەیە و دەتوانێت بە شێوەیەکی بەرچاو بێتە هۆی دابەزینی ورە و توانایی لایەنگران و بەکرێگیراوانی ڕێژیم و درزێکی گەورە لە دامودەزگاکانی بڕیاردان دروست بکات. درزێک کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا و لە پرۆسەی بەناو دانیشتنەکانی دوای شەڕ بە ڕوونی دیار بووە. بەراورد لەگەڵ شەڕی دوازدە ڕۆژە، بەدڵنیاییەوە دەتوانرێت بگوترێت کە نەمانی دیکتاتۆر و سەرکردە سیاسی و نیزامییەکانی دیاری ڕێژیم، بووەتە هۆکاری دابەشبوونێکی ئاشکرا و بەربڵاو لە نێوان کاربەدەستانی ئێستای کۆماری ئیسلامی. ئەم دابەشبوونە و پەرتەوازەییە لە ناوەندی بڕیاردان دەتوانێت

توانایی بەرپەرچدانەوەی نیزامیی ڕێژیم و ڕەخسانی هەل و توانای چەنەلێدان لەسەر مێزی گفتوگۆ بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بکاتەوە.

**بەشی دووەمی** تێچووی کۆماری ئیسلامی لەم شەڕەدا بێگومان لەدەستدانی بەشێکی زۆر لە توانایی نیزامیی ڕێژیم لە مووشەک و درۆن و چەکە پێشکەوتووەکانە و هەڵبەت لەنێوچوونی بەربڵاوی ژێرخانی نیزامی و ئابووری کە ئاکامی دەیان ساڵ خەرجیی ڕێژیم بووە. ئەوە کە کۆماری ئیسلامی چۆن دەتوانێت ئەم بارودۆخە ڕێک بخاتەوە لە کاتێکدا کە لە بواری ئابووری بە تەواوی فەشەلی هێناوە و لە ژێر ئابلۆقە و گەمارۆی وڵاتە زلهێزەکاندایە، زۆر مەحاڵ دەنوێنێت. قەبارەی زیانەکان ئەوەندە گەورەیە کە تەنانەت لە ئەگەری چارەسەرکردنی کێشە کەڵەکەبووەکانی ئابووری و دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە داراییەکانیش، ڕێکخستنەوە و نۆژەنکردنەوەیان ساڵانێکی زۆری دەوێت. مەسەلەی سێیەم لە تێچووی کۆماری ئیسلامیدا، ململانێی بەرفراوان لەگەڵ دراوسێکانییەتی. هەرچەند ڕێژیمی وەلایەتی فەقیە لە هاتنەسەرکاری تا ئەمڕۆ سەرچاوەی ئاژاوە بووە و هەرگیز پێوەندیی دۆستانەی لەگەڵ دراوسێیەکانی نەبووە و ئەمەش سروشتی کۆماری ئیسلامییە، بەڵام پێوەندیی بازرگانیی بەرفراوانی لەگەڵ لانیکەم هەندێکیان هەبووە. ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی گەورەترین هاوبەشی بازرگانیی کۆماری ئیسلامییە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و قەتەریش یەکێک لە دۆستە نزیکەکانی ئەو ڕێژیمەیە. ئەگەری گەڕانەوە بۆ پەیوەندییەکانی ڕابردوو بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێشهاتانەی کە چ لە کاتی شەڕدا ڕوویانداوە و چ ئەو هەڕەشە بەردەوامانەی کە دوای شەڕ لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دژی دراوسێیەکانی دەکرێت، مەحاڵێکی ترە. ئەوە تەواوی چیرۆکەکە نییە. ڕێژیم لە پەنا تێچووەکانی تاقمێک سوودیشی لەم شەڕە پێگەیشتووە. سوودی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی شەڕ. ئەمە سروشتی هەر شەڕێکە کە بە جووڵاندنی هەستی نیشتمانپەروەری و دروستکردنی کەشێکی سۆزداری دەتوانێت بەشێکی سەرەکی لە خەڵکانی بێبڕیار و دوودڵ و یان تەنانەت هەندێک لە نەیارانی لانیکەم بۆ ماوەیەکی کورت، لە دەوری ڕێژیم کۆ بکاتەوە. کۆماری ئیسلامیش لەوە بێبەری نییە و تا ئێستا کەڵکی پێویستی لەم بابەتە وەرگرتووە، بەڵام شتێک کە نابێت لەبیر بکرێت ئەوەیە کە ئەم پشتیوانی و هاوسۆزییە تەواو کورت و کاتییە و تایبەتە بە سەردەمی شەڕ. لە ڕاستیدا لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و دوورکەوتنەوە لە کەش و هەوای شەڕ و ئارامبوونەوەی دۆخەکە بە ڕەچاوکردنی قەیران و ئاڵۆزییە کەڵەکەبووەکانی سیاسی و ئابووریی ڕێژیم، ئەم پشتیوانییەش زۆر بە زوویی کۆتایی دێت و جێگەی خۆی ڕەنگە بدات بە دژایەتی. دووەم سوودی ئەم شەڕە بۆ ڕێژیم دەستڕاگەیشتن بە کارتێکی نوێ بوو بە ناوی گەرووی هۆرمۆز. کارتێک کە کۆماری ئیسلامی بە هەڕەشەکردن لە ئابووریی جیهانی توانی بە باشی بەکاری بهێنێت. بەڵام ئەم کارتەش تەواو کاتی و سنووردارە و لە درێژخایەندا نەک یارمەتیی ڕێژیم نادات، بەڵکوو ڕەنگە ببێتە پاژنەی ئاشیلی ڕێژیمیش. گەمارۆدانی دەریایی ڕێژیم لە لایەن ئەمریکاوە، کارتی بەرپەرچدانەوە بوو کە ئەمریکا ئێستا لە بەردەم کارتی ڕێژیم دایناوە.



سەرچاوە
Serchawe

**بانەمەڕی ٢٧٢٥**

نابێت ئەوە لەبیر بکرێت کە هەرچەند بەرزبوونەوەی نرخی نەوت هەڕەشە لە ئابووریی جیهان دەکات، بەڵام بێتوانایی ڕێژیم لە فرۆشتنی نەوت دەتوانێت ئابووریی نەخۆش و لە لێواری دارمانی کۆماری ئیسلامی بە یەکجاری لە ناو ببات. جگە لەوەش لە درێژخایەندا دەتوانێت پێی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و هاوپەیمانییە حکوومییەکان وەک لایەنێکی تازەی شەڕ دژی ڕێژیم بۆ کردنەوەی گەرووی هۆرمۆز بێنێتە ئاراوە.

لایەنی دووەمی ئەم ململانێیە ئەمریکایە. لە دۆسیەی ئەمریکادا دەبێت بە ڕاشکاوی بڵێین سەرەڕای هەموو بانگەشەکانی ترامپ، دەستکەوتەکانی ئەمریکا لەم شەڕەدا هیچ شتێکی تایبەت نەبوون. ئەوەی ئەمریکا خەرجی کردووە دەتوانرێت بەسەر دوو بەشدا دابەش بکرێت. بەشی یەکەم و بە تەواوی خەمڵێنراو، ملیاردها دۆلار تێچووی ئەم شەڕەیە. ئەمەش دەتوانێت ببێتە کابووسێک بۆ ترامپ و کۆماریخوازییەکان بەرانبەر بە دێموکراتەکان. خاڵی دووەم کە نابێت بە کەم سەیری بکرێت، تێچووی ئەمریکا وەک بەهێزترین سپا و یەکەم زلهێزی جیهان لە ڕووی ناوبانگ و شکۆمەندیی سەربازی و سیاسییەوەیە. داتا سەربازییەکان هەرگیز باس لە باڵادەستیی ڕەهای ئەمریکا ناکەن. ڕەنگە قازانجی سەرەکیی ئەمریکا لەم شەڕە، لەناوبردنی بەشێک لە توانای سەربازی و سەرکردایەتیی ڕێژیم بووبێت.

لایەنی سێیەمی ئەم شەڕە ئیسرائیلە کە دەکرێت بگوترێت بەراورد بە دوو لایەنی پێشووی بەرکەوتووی تێچووی زیاترە. بەڵام ئیسرائیلیش بە هیچ شێوەیەک براوە و پیرۆزی ئەم شەڕە نییە. جگە لەو ملیاردها دۆلار چەک و تەقەمەنییەی کە ئیسرائیل لە شەڕدا خەرجی کردووە، تێچووی سەرەکی و گرنگ کەوتنە مەترسیی ژیان و هەڕەشەی بەردەوام لە تیرۆر و تۆقاندن بۆ خەڵکی نیشتەجێ لە ئیسرائیلە کە لە درێژخایەندا دەتوانێت ببێتە هۆی نارەزایی گەورە لە ئیسرائیل. بە پێچەوانەی فەرمانڕەواکانی تاران، کە لایان کەوتنە مەترسی و گیانی هاووڵاتیانی ئێرانی یەک فلس بایەخی نییە، ئیسرائیل وڵاتی ئەمن و بەڵێندراوە بۆ جوولەکەکان!

بێگومان قازانجی سەرەکیی ئیسرائیل لەم شەڕە، نەهێشتن یان لانیکەم لاوازکردنی سەرەتا هێزە بەوەکالەتەکانی ڕێژیم، وەک حیزبوڵڵا و پاشان خودی کۆماری ئیسلامییە. ئەمەش دەتوانێت مەترسییەکانی ئەو ڕێژیمە بۆ سەر ئیسرائیل زۆر کەم بکاتەوە.

لەوەی تا ئێستا بە کورتی باسکرا، دەتوانرێت بگوترێت کە هیچ یەکێک لە لایەنە سەرەکی و تەنانەت پەیوەندیدارەکانی ئەم شەڕە و بە تایبەت کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا بە دوور لە پڕوپاگەندە و ئیدیعاکانیان بە ئامانجەکانیان نەگەیشتوون و تێچوویان زۆر لە قازانج زیاترە!

**بانەمەڕی ٢٧٢٥**

چاوخشاندنێکی کورت بە خواستی هەردوولا لە پڕۆسەی دوای شەڕ دەریدەخات کە هەردوو لایەنی سەرەکیی شەڕ ئەوەی لە شەڕدا پێی نەگەیشتوون لە دانیشتنەکانی بۆ گەیشتن بە ئاشتی داوای دەکەن. ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی داوای خەسارە و قەرەبوو لە ئەمریکا دەکات، زیاتر لە داوایەک بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن وەک شۆخێکی گاڵتەجاڕی دەردەکەوێت، یان ئەوەی کۆماری ئیسلامی بە تەواوی دەستبەرداری بەرنامەی مووشەکی و ئەتۆمییەکانی دەبێت، هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ کۆتاییهاتنی نیزامی کۆماری ئیسلامی نییە.

لە پڕۆسەی ئاشتیدا کە دوو لایەنە سەرەکییەکە زیاتر لە خودی شەڕەکە داواکارییان هەیە و لە کاتێکدا هەردوو لایەن زۆر زیاتر لە بەرکەوتووەکانیان تێچوویان هەبووە، هیچ شتێک جێگیر و متمانەپێکراو نییە! ئەم شەڕە دەبێت براوەیەکی هەبێت، چ لە بەرەکانی شەڕدا و چ لەسەر مێزی گفتوگۆ و سازان! یان دەبێت لایەنێک تەسلیم بێت یان شەڕەکە بەردەوام دەبێت تا دەگاتە ئەنجام. ئەم چیرۆکە درێژەی هەیە! ئەو کەلافە ئاڵۆزە دەبێت لە شوێنێک بکرێتەوە!

**٢٣ی بانەمەڕی ٢٧٢٦**

# بازاڕ لە نێوان دەست بەسەرداگرتنی سپای پاسداران و شەڕی ژیۆپۆلیتیکیدا: قەیرانی وزە، داڕمانی دراو و بێمتمانەیی گشتی لە ئێران






**ئەمیر سوڵتانی**

لە سەرەتاوە، پێویستە بزانرێت کە قەیرانی ئابووری لە ئێراندا تەنیا ئەنجامی گەمارۆ یان گرژییە دەرەکییەکان نییە، بەڵکوو بە شێوەیەکی بنەڕەتی پەیوەندی بە دەست بەسەرداگرتنی ئابووریی وڵات لەلایەن دەزگایەکی سەرکوتکەر واتە سپای

پاسدارانەوە هەیە. سپا، کە لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیدا دامەزراوەیەکی سەربازی بوو، بە تایبەتی دوای شەڕی ماڵوێرانکەری ئێران - عێراق لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٠ - ١٩٨٨ی زایینیدا بۆ هێزێکی سەرەکیی ئابووری گۆڕدرا.

لە کاتی شەڕی ئێران-عێراقدا، سپای پاسداران بە بیانووی پاراستنی وڵات دەستی بەسەر زۆربەی دامودەزگاکانی ئابووریدا گرت. دوای کۆتاییی شەڕ، مەودای ئەو دەستبەسەرداگرتنانە زیاتر پەرەیان پێدرا. سپای پاسداران دەستی بەسەر پڕۆژە گەورەکانی بیناسازی، نەوت و گاز، بانکی و بازرگانیدا گرت و بەردەوام بوو لە دروستکردنی تۆڕێکی ئابووریی تایبەت بە خۆی. بەم شێوەیە، سیستەمی ئابووریی ئێران لە بازاڕی ئازادەوە گۆڕانکاریی بەسەردا هات و گۆڕدرا بۆ سیستەمێکی کۆنترۆڵکراو کە لەلایەن هێزێکی سەربازییەوە سەرپەرشتی دەکرا.

لە ئێستادا، سپای پاسداران و کۆمپانیا و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی دەستێکی باڵایان لە زنجیرەی تەواوی ئابووریی وڵاتدا هەیە، لە هەڵێنجانی نەوت و گازەوە تا هەنارده و هاوردە، و تەنانەت دەستوەردانی بازاڕی ناوخۆش. ئەمەش وای کردووە ڕکابەری لە بازاڕدا کەم ببێتەوە، تەنانەت وەبەرهێنانیش کەم بێت، چونکە زۆرێک لە کۆمپانیا تایبەتییەکان ناتوانن لەگەڵ دامەزراوەکانی سپادا پێشبڕکێ بکەن.

هەروەها، بەشێکی زۆری داهاتی نەوتی ئێران، بە تایبەتی لە ڕێگەی قاچاخەوە یان هەناردەی نهێنی، نەچووەتە ناو بودجەی گشتی بۆ خزمەتگوزاریی خەڵک، بەڵکوو بەشێکی زۆری ئەو داهاتە چووەتە گیرفانی کاربەدەستانی ڕێژیم، یان سەرفی دروستکردنی چەک و تەقەمەنی و هەروەها بەشێکیشی بۆ پشتگیری لە گرووپە نیابەتییەکان لە ناوچەکەدا وەک لە عێراق، لوبنان و شوێنەکانی تر تەرخان کراوە. ئەمەش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سیاسەتی دەرەکییە توندڕەوەکانی سپاوە هەیە، کە بووەتە هۆی قووڵبوونەوەی شەڕی نێوان ئەمریکا - ئیسرائیل و ئێران.

بەم شێوەیە، ئابووریی ئێران تووشی دوو قەیرانی سەرەکی بووە:

**یەکەم:** دەستبەسەرکردنی بازاڕی ناوخۆیی لەلایەن سپاوە.
**دووەم:** فشارە دەرەکییەکان کە بەهۆی هەمان سیاسەتەکانی سپاوە دروست بوون.

لە ڕووی ژیۆپۆلیتیکییەوە، ئەم دۆخە بەردەوام بە چڕبوونەوەی گرژییەکان لە ناوچەکەدا پەیوەستە. هەڵگیرسانی شەڕی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران، کە زۆرجاریش لە ڕێگەی گرووپە نیابەتییەکانەوە ئەنجام دراوە، ناوچەکەی

کردووەتە گۆڕەپانی پێکدادان. هەر هەواڵێک لەسەر هێرش یان وەڵامدانەوە، ڕاستەوخۆ نرخی نەوت بەرز دەکاتەوە.

نرخی نەوتی برێنت لەم دۆخەدا تا ١١٤ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک بەرز بووەوە، کە ئەوە نیشانەیەکی مەترسیدارە بۆ ئابووریی جیهان. مەترسییەکان لەسەر ڕێڕەوی هۆرمز کە نزیکەی ٢٠٪ی نەوتی جیهان پێیدا تێدەپەڕێت، هەمیشە وەک فاکتەری سەرەکی بۆ قەیرانەکان باس دەکرێن.

بەڵام لە ناوخۆی ئێراندا، ئەم بەرزبوونەوەی نرخی نەوت هیچ کاریگەرییەکی ئەرێنیی ڕاستەوخۆ بۆ ژیانی خەڵک نەهێناوە. بە پێچەوانەوە، قەیرانی وزە بە گشتی لە وڵاتدا هەر بەردەوامە. وڵاتێک کە خاوەنی گەورەترین یەدەگی سەرچاوەکانی گازە، بەڵام خەڵکەکەی بە کەمبوونی گاز و پچڕانی بەردەوامی کارەبا دەناڵێنن. لە زستاندا، ئەم کەمبوونانە بە شێوەیەکی زۆر بەرچاوتر دیار دەبن و کاریگەرییان لەسەر بەرهەمهێنانی ناوخۆدا هەیە.

لە بازاڕی دراودا، دۆخەکە هێشتا قووڵترە. تمەن بە شێوەیەکی بەردەوام لاواز دەبێت و نرخی دۆلار لە بازاڕی ئازاددا گەیشتووەتە ٦٠ هەزار بۆ ٧٠ هەزار تمەن یان زیاتر. ئەمە نیشانەیەکی بەرچاوی ڕووخانی دراوە، کە پەیوەندی بە بێمتمانەیی خەڵک بە سیستەمی دارایی ڕێژیمەوە هەیە.

لە لایەکی دیکەوە هەڵاوسان لە ئێراندا گەیشتووەتە نزیکەی ٤٠٪ بۆ ٥٠٪ و تەنانەت لە هەندێک کاتدا زیاتریش. نرخی خواردەمەنییە بنەڕەتییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو لە هەڵکشاندایە، کە وای کردووە زۆرێک لە خێزانەکان تووشی قەیرانی بژێوی ژیان بن. هێزی کڕین بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە و ژیانی ڕۆژانە قورستر بووە.

لە بنەڕەتدا، ئەم هەموو قەیرانانە بۆ قەیرانی متمانە دەگەڕێنەوە. خەڵک بێمتمانەن بە دامودەزگاکانی ڕێژیم، لە بانکی ناوەندییەوە بگرە هەتا دەوڵەت. ئەم بێمتمانەییە وای کردووە خەڵک پارەکانیان بگۆڕن بۆ دۆلار و زێڕ، کە ئەمەش شڵەژانی بازاڕ زیاتر دەکات.

لە ڕووی ژیانی ڕۆژانەوە، کاریگەرییەکان زۆر ڕوونن؛ بەرزبوونەوەی نرخی خواردەمەنی و شتومەک و پێداویستییەکانی ناوماڵ، ڕاستەوخۆ فشار لەسەر خێزانەکان زیاد دەکەن. پچڕانی کارەبا و گاز دەبێتە هۆی تێکچوونی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و گرژی لە بازاڕەکاندا.

لە لایەکی دیکەوە لاوازبوونی دراو واتە تمەن، بە شێوەیەکی گشتی دەبێتە هۆی هەژاری و دەستکورتیی زیاتری خێزانەکان. کاتێک بەرهەمهێنانی نەوت و وزە دادەبەزێت یان بە شێوەیەکی نایاسایی هەنارده دەکرێت، وەبەرهێنانی ناوخۆ ڕوو لە کەمی دەدات و بێکاری ڕووی لە زیادبووندا دەبێت، کەواتە هەلی کار کەم دەبێتەوە و سەرەنجام هەلاوسان لە وڵاتدا بێدادی دەکات.

هەموو ئەمانە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو قەیرانانەی لە سەرەوە باسیان لێوە کرا، تەنیا لە ئاستی سیاسەتی جیهانیدا نامێنێت، بەڵکوو دەگاتە ناو ژیانی ڕۆژانەی خەڵکیش. ئێران لە ئێستادا لە ناو سیستەمێکی پڕ لە قەیراندایە کە تێکەڵەیەکە لە دەستبەسەرداگرتنی ئابووری لەلایەن سپای پاسداران، شەڕی ناڕاستەوخۆی ناوچەیی و فشارە نێودەوڵەتییەکان. لەم نێوانەدا، داهاتی نەوت زۆرجار بەرەو دەرەوە و گرووپە نیابەتییەکان دەچێت، نەک بۆ پەرەپێدانی ناوخۆیی و ئاساییکردنەوەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک. ئەوەی زۆرترین زیان دەبینێت، خەڵکی ئاساییە کە لە نێوان قەیرانی وزە، دارمانی دراو و بێمتمانەییدا گیری خواردووە. بێ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە سیاسەت و بەڕێوەبردندا، ئەم دۆخە بەردەوام دەبێت و کاریگەرییەکانی زیاتر دەبن.

هەروەها، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، ئەم دۆخە کاریگەرییەکی قووڵتری هەیە کە تەنیا بە ژمارە و ئامار ناتوانرێت پێناسە بکرێت. زیادبوونی هەژاری، کەمبوونی هەلی کار و لاوازبوونی توانای کڕین، وای کردووە کۆمەڵگەی ئێرانی بەرەو جۆرێک لە ناهەمواری و نائارامیی ناوخۆیی بڕوات. زۆرێک لە لاوەکان، کە دەبێت هێزی سەرەکیی ئابووری و داهاتووی وڵات بن، لە ئێستادا تووشی بێهیوایی و بێئاسۆیی بوون و هەندێکیشیان هەوڵی کۆچکردن دەدەن.

لە هەمان کاتدا، جیاوازیی چینایەتی لە کۆمەڵگەدا زیاتر بووە. ئەو توێژانەی پەیوەندییان بە دامەزراوە دەسەڵاتدارەکانەوە هەیە، بە تایبەتی ئەوانەی نزیکن لە سپای سەرکوتکەری پاسداران، سوود لەم سیستەمە دەبینن، لە کاتێکدا زۆربەی خەڵک بەردەوام لە دۆخی نائاساییدان و زیان دەبینن. ئەمەش بووەتە هۆی زیادبوونی هەست بە نادادپەروەری و کەمبوونی هەست بە هاوبەشی لە کۆمەڵگەدا.


لە ڕووی سیاسییەوە، ئەم فشارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانە دەتوانن ببنە هۆی توندبوونەوەی ناڕەزایەتیی گشتی. کاتێک خەڵک هەست بکەن کە نە ئابووری باش دەبێت و نە سیاسەتەکان بەرەو ئارامی دەچن، ئەو کاتە هەڵوێستیان لە بەرامبەر دەوڵەت دەگۆڕێت. ئەمەش دەتوانێت ناوەندی قەیرانەکە زیاتر و بەربڵاوتر بکات و وڵات بەرەو قۆناغێکی هەستیارتر ببات.


بانەمەڕی ٢٧٢٥

بەم پێیە، قەیرانی ئێران تەنیا قەیرانێکی بازاڕی یان وزە نییە، بەڵکوو قەیرانێکی تەواوی سیستەمە لە سیاسەت و ئابووری تا کۆمەڵگە بە گشتی. چارەسەرکردنی ئەم دۆخەش تەنیا بە هەنگاوێکی دیپلۆماسی یان کەمبوونەوەی گرژییەکان ناکرێت، بەڵکوو پێویستی بە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە شێوازی بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی ئابووریدا هەیە.

٢٤ی بانەمەڕی ٢٧٢٦

## هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید سەید کامیل حەیدەری)



**برایم چووکەڵی**

ناوچەی هەوشار یەکێک لە سەنگەرە گرینگەکانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کوردە. خەڵکی خەباتگێڕ و دێموکرات پەروەری ئەو ناوچەیە، هەمیشە بەدڵەوە لایەنگری حیزبەکەیان، حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون و باشترین و بەوەفاترین ڕۆڵەکانی خۆیان، ڕەوانەی ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە. دوژمنی کۆنەپەرست و داخ لە دڵیش

زۆری هەوڵ داوە خەڵکی ئەو ناوچەیە لە حیزبی دێموکرات و جووڵانەوە دابڕێ. بەڵام ئەوە پێشمەرگەکان و خەڵکی نیشتمانخۆشەویستی هەوشار بوون کە دوژمنیان لەم ئاواتەی ناکام هێشتۆتەوە. لە هەگبەی شاخ و شۆڕشی ئەمجارەدا یادی شەهید سەید کامیل حەیدەری، بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی هەوشار بەرز ڕادەگرین.

سەید کامیل حەیدەری کوڕی "ئاغا سەید محەممەدی چراخەواڵ" ساڵی ١٣٢٨ لە ئاوایی چراخەواڵ لەدایک بوو. باوکی سەید کامیل پیاوێکی ئیماندار و لە پلەی شێخایەتیدا لە ئاواییەکەیان خاوەنی تەکیە و بارەگای تایبەتی خۆیان بوون.

سەید کامیل حەیدەری خوێندنی قۆناغی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیان تەواو کرد. بۆ بەردەوام بوون لە خوێندن، لەگەڵ برایەکی بەناوی ناجیل چوونە شاری ساینقەڵا و قۆناغی ناوەندییان لەو شارە تەواو کرد. دواجار بە بنەماڵەوە ڕوویان لە شاری کرماشان کرد و بڕوانامەی دیپلۆمی لەو شارە وەرگرت. پاشان لە ڕادیۆ کوردیی کرماشان دامەزرا و بۆ ماوەیەک لەو ڕادیۆیەدا کاری کرد و پاشان وەک مامۆستا لە قوتابخانەکانی ئەم شارە سەرقاڵی وانە گوتنەوە بوو. سەید کامیل هەر لەم قۆناغە لە ژیانیدا ژیانی هاوبەشی پێکهێنا و بەرهەمی ژیانیان کچێک بە ناوی موژدە بوو.

سەید کامیل هەر لە سەرەتای دەستپێکی شۆڕشی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی و ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەک هەموو کوردێکی شۆڕشگێڕ، هەستی بە ئەرکی نیشتمانیی خۆی کرد. لەگەڵ هاوڕێیەک بە ناوی شەهید عەباس وەلیزادە کە خەڵکی ئاوایی قۆزلووی هەوشار بوو، لە شاری کرماشان دووبەدوو هەوڵیان دەدا بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی تەشکیلاتی نهێنیی حیزب لەو شارەدا تێکۆشانی حیزبی و نیشتمانیی خۆیان درێژە پێ بدەن. ئەوە بوو کە توانییان لە ڕێگای کەسانی متمانپێکراوەوە پێوەندی بە شەهید کەماڵ دەباغی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و بەرپرسی تەشکیلاتی حیزب لە ناوچەی کرماشانەوە بگرن و بەمجۆرە سەید کامیل لەگەڵ هاوڕێیەکانی دیکەی کار و ئەرکی حیزبییان پێ ئەسپێردرا و پاش گیران و ئێعدامکرانی شەهید کەماڵ دەباغی خۆیان گەیاندەوە ئاوایی سەفاخانە لە ناوچەی هەوشار.

سەید کامیل حەیدەری بەرپرسایەتییە حیزبییەکانی یەک لەدوای یەک بڕی و دواتر وەک بەرپرسی کۆمیتە شارستانی هەوشار دیاری کرا. یەکەم بڕیاری کۆمیتە شارستان ئەوە بوو هێزی پێشمەرگە پتر لە ناوچەی هەوشار جموجۆڵیان هەبێ. دوای ئەو ساغبوونەوەیە، پێشمەرگەکانی هەوشار بە بەرپرسایەتیی سەید کامیل کە لە زۆربەی جەولەکاندا شانبەشانی هاوسەنگەرانی بوو، توانییان چەند جارێک تا قووڵایی ناوچەکە بچن. شەهید سەید کامیل تا کاتی فیداکردنی گیانی بە خاک و نیشتمان و خەڵکەکەی، وەک بەرپرسی کۆمیتە شارستانی هەوشار خزمەتی کرد.

## بانەمەڕی ٢٧٢٥

شەهید سەید کامیل لە دوایین جەولەیدا هاوڕێ لەگەڵ شەهید عەباس ئەکرەمی بڕیاریان دا بچنەوە بۆ ناوچەی هەوشار. هێز و کۆمیتە شارستانیان بەسەر سێ دەستەدا دابەش کران. لکی یەک بە بەرپرسایەتیی شەهید خەلیل مەحموودی بەرەو ئاواییەکانی چۆپلی و قسقاپان ەڕێ کەوتن. لکی دوو بەرەو ساینقەڵا و ناوچەی جەغەتوو، لکی سێ لەگەڵ شەهید سەید کامیل و شەهید عەباس ئەکرەمی بەرەو دۆڵی زاخۆرانی وەڕێ کەوتن. لە ماوەی چەند ڕۆژێک هەر لکە و چەند عەمەلیاتی سەرکەوتووانەی بەڕێوەبرد و توانییان زەبرێکی باش لە هێزەکانی دوژمن بوەشێنن.

بڕیار ئەوە بوو ئەو سێ لکە لە هەوارەکانی ئاغدەرەی سەروو لە قسقاپان یەک بگرنەوە و بەرەو ناوچەی سەقز بگەڕێنەوە. بەڵام بەداخەوە تووشی چەند شەڕێکی دژوار بوونەوە. ئەو لکەی لەگەڵ شەهید سەید کامیل و شەهید عەباس ئەکرەمی لە حاڵی جەولەدابوون، دەچنە سەر پایەگای "قەرەزاخ" و زۆر سەرکەوتووانە ئەو پایەگایە دەگرن. پێشمەرگەکان بۆ پشوودان دەچنە هەوارەکانی پشتی ئاغدەرەی سەروو. هەر لەو شوێنە و بەیانی، واتە ٦ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٤ کاتێک پێشمەرگەکان دەچن بۆ دانانی کەمین، بەداخەوە دەکەونە نێو کەمینی جاش و پاسدارەکانی ڕێژیم و شەڕ لە نێوان هێزی پێشمەرگە لە لایەک و هێزی ڕێژیم لە لایەکی دیکەوە دەست پێ دەکا، بە خوێنی پێشمەرگەیەک کەمینی دوژمن تێک دەشکێنن. بەدوای ئەو کەمینە شوێنی ڕێگایان دەگۆڕن، بەڵام دەکەونەوە کەمینێکی دیکەی هێزی ڕێژیم و شەڕێکی سەخت لە نێوان پێشمەرگەکان و هێزی ڕێژیمدا ڕوو دەدات. لەو شەڕەدا بەداخەوە سەید کامیل حەیدەری لەگەڵ ١٣ ڕۆڵەی کۆڵنەدەر و نیشتمانپەروەری کورد لە پێناو بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستان شەهید بوون.

ئەگەرچی دوو ڕۆژی بەردەوام شەڕ و بەربەرەکانی لەگەڵ هێزی پۆشتەوپەرداخی کۆنەپەرستی، ١٤ قارەمان شەهید بوون، بەڵام دەرسێکی لەبیرنەکراویان بە هێزی کۆنەپەرستی دا کە بۆ مێژووی نەتەوەکەمان وەک لاپەڕەیەکی پڕشنگدار لە دەفتەری حەماسەکانی هێزی پێشمەرگەدا تۆمار کراوە.

## ٢٥ی بانەمەڕی ٢٧٢٦

---



سەرچاوە Serchawe

# کارەساتی داخستنی تەنگەیەکی تەنگاوکەر




**دارسمە**

لەسەر گۆی ئەم زەوییەی ئێمە لێی دەژین، ئەو تەنگانەی بەردەوام بە داخراوی ماونەتەوە زۆر دەگمەنن، بەڵام تا بڵێیت ئەو تەنگانەی کراوەن و بوونەتە دەماری ژیان، یەکجار زۆرن. گەر ئاوڕێک لە نەخشەی جیهان بدەینەوە، دەبینین جەبەلوتاریق، تایوان، تسوشیما و هۆرمووز شادەماری ڕێڕەوە بازرگانییەکانی جیهانن. بێگومان لە نزیک تەنگەی هۆرمووزیش، تەنگەیەکی خوڕپلکەی دیکە هەیە و ناوی «بابولمەندەب»ـە؛ ئەمەی دواییان کەمێک بەدبەختە، چونکە کەوتووەتە ژێر ڕەحمەتی حووسییە خەنجەرکورتەکانی یەمەنەوە! بەڵام بابەتی ئەمڕۆی ئێمە، شازادەی تەنگەکانی جیهانە؛ تەنگەی هۆرمووز! ئەو تەنگە گرنگەی کە بەژنی سەرەوەی دەبێتە سنگی «ئێران خانم» و نیوبەژنی خوارەوەشی دەکەوێتە باوەشی وڵاتانی عەرەبییەوە.

بەر لەوەی بچینە نێو کرۆکی باسەکەوە، با کەمێک لەسەر زاراوەسازیی تەنگە بوەستین. هەندێک لە نووسەران و سیاسەتمەداران، بە هەڵە یان لە نەزانینەوە، بەم تەنگەیە دەڵێن «گەروو»، هەندێکی دیکەش زۆر بە لایاندا دەدەن و پێی دەڵێن «تەنگاو»! لێرەدا دەبێت بڵێین ئەوانەی وای پێ دەڵێن لە هەڵەیەکی کوشندەدان. ئاخر ئەگەر نووسەرێک



سەرچاوە
Serchawe

**بانەمەڕی ٢٧٢٥**

حەزیشی لە قافیەبازی و یاریی وشەیی وەک «تەنگە و مەنگە» یان «گەروو و مەروو» نەبێت، دیسانیش ناکرێت بڵێت تەنگاو. وشەی «تەنگاو» لە زمانی کوردیدا واتە کەسێک کە فشاری میزڵدان یان هینکەی دیکەی بۆ هاتبێت و خەریک بێت بەسەر خۆیدا بیکات! خۆ ئەگەر «تەنکاو»یشی پێ بڵێن، واتە ئاوی تەنک و کەمقووڵ. بەم حیسابە، پێویستە هەموو کوردزمانان لەسەر بەکارهێنانی وشەی «تەنگە» هاوڕا بن، پێش بە تێکەڵبوونی کێشەی جوگرافی و میزڵدان بگرن.

ئێستا ئەگەر لەسەر وشەی تەنگە ساغ بووینەوە، باشترە قسە لەسەر قەیرانی داخستن و دانەخستنەکەی بکەین. دیارە ئێمە حەقمان بەسەر جەبەلوتاریق و تایوانەوە نییە و کێشەی ئەوان چارەسەر ناکەین، بەڵکوو لێرەدا لەسەر تەنگەی هۆرمووزی داوێنی ئێران دەوەستین و لەوێوە بە بەژن و بالای ئابووریی خۆماندا هەڵدەدەین.

ئەم تەنگەیە هێندە هەستیار و ستراتیژییە، دەسەڵاتدارانی ئێستای ئێران ماوەی چل ساڵێک دەبێت شەو و ڕۆژ باسی داخستنی دەکەن. بە جۆرێک لووتیان بەرز کردبۆوە، دەیانگوت هەر کاتێک ئارەزوو بکەین، تەنگەکە وەک قردێلە گرێ دەدەین و ترپەی لێدانی دڵی ئابووریی جیهان هەر لەوێدا دەخنکێنین. دنیاش لەم هەڕەشانە دەترسا و دەیگوت نەوەک ئەم کابرا سەرەڕۆیانە بەڕاستی قورگمان بگرن.

بەڵام با بێینە سەر واقیعەکە؛ لەم دواییانەدا و دوای ئەوەی ئیسرائیل و ئەمریکا لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بە جدی و بە کردەوە کەوتنە بەرکەوتن، دەسەڵاتدارانی تاران دوای نزیکەی پەنجا ساڵ هەڵبەز و دابەز لەسەر سنگی پان و بەرینی «ئێران خانم»، هاتنە سەر ئەو بڕوایە ئیدی کاتی ئەوەیە تەنگەکە بەڕاستی بگرن و بیپەتێنن، تا نەهێڵن هیچ شتێک هاتوچۆی پێدا بکات. بەڵام کارەساتە کۆمیدییەکە لێرەدا ڕووی دا! دوای ئەوەی کۆماری ئیسلامی زۆر بە توندی تەنگەکەی گوشی، دیتی دڵی ئابووریی جیهان نەک هەر لە لێدان نەکەوت، بگرە زۆر ئاسایی کاری خۆی دەکات! ئەی کەواتە کێ خنکا؟ لێرەدا تووشی شۆکێکی وا گەورە بوون پێشتر هەرگیز بیریان لێ نەکردبۆوە؛ ئەویش ئەوە بوو بۆیان دەرکەوت ئەوان تەنگەکەیان بەسەر «خۆیاندا» داخستووە!

کۆماری ئیسلامی، بەم هەنگاوە ئێرانی وەک ئەو نەخۆشە لێ کرد تووشی پەتای «میزگیران» بووبێت و بە داخستنی ڕێڕەوەکان، هەرچی ئاو و پاشەڕۆی ئابووری و دارایی هەیە، لە میزڵدان و گورچیلە و بن پەراسووانی ئێراندا قەتیس ماوە و دەرناچێت. پزیشکانی بواری ئابووری، دوای پشکنینی ئەم تەنگژەیە، هاتنە سەر ئەو بڕوایە ئەگەر نەخۆش ڕێڕەوی دەرچوونی ئەم پاشەڕۆیانەی لێ بگیرێت و بەردەوام «تەنگاو» بێت، هەموو ژەهر و تراوەڵێنەکانی نێو جەستەی بڵاو دەبنەوە، ئەندامەکانی لە کار دەکەون و دەردەکەی دەبێتە دەردێکی کوشندە. خۆ ئەگەر وا بڕوات، بە هەموو ڕێسا و

بانەمەڕی ٢٧٢٥

یاسایەکی پزیشکی و سیاسی، دەسەڵاتی ئێستا وەک بکوژ و هەڵوەشێنەری جەستەی ئێران خانم دەناسرێت.

ئێستا کار لە کار ترازاوە. کۆماری ئیسلامی کاتێک زانیویەتی خەریکە لە «تەنگاویدا» دەپرووکێت، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی داخرانی تەنگەکەی خۆی، خەریکە بە ژێر بەڕەوە پەلەقاژێ دەکات. دەنگۆ هەیە ١٤ خاڵی بۆ دانوستان لەگەڵ ئەمریکا ئامادە کردووە و تکا و پاڕانەوەیەتی ئەمریکا بێت و «هینەکەی بۆ بکاتەوە»، تاوەکوو ئابووریی ئێران پشوویەکی بێتەوە بەر و لەو ژەهرە کەڵەکەبووە ڕزگاری بێت.

لە کۆتاییدا، بە تێگەیشتن لەم کۆمیدیا ڕەشە، دەگەینە ئاکامێکی تاڵ و ڕوون: لە ڕاستیدا ئەوە ئێران نەبوو تەنگەی بەڕووی جیهاندا داخست، بەڵکوو ئەوە ئەمریکا بوو تەنگەکەی بەسەر خودی ئێراندا داخست. مەرجەکەش زۆر سادەیە؛ هەتا ئەم شێوازە بیرکردنەوەیە و ئەم دەسەڵاتە بەسەر سنگی ئێرانەوە بێت، مامە سام ئامادە نییە هیچ کلیلێک بەکار بهێنێت و تەنگەکەی بۆ ناکاتەوە. ئێران دەبێت هەروا بە «تەنگاوی» بمێنێتەوە، تا ئەو ڕۆژەی ڕێگەیەکی عەقڵانی بۆ چوونە ناودەستی سیاسەتی نێودەوڵەتی دەدۆزێتەوە!

٢٥ی بانەمەڕی ٢٧٢٦



سەرچاوە
Serchawe

# مانەوەی ڕێژیمی ئێران؛ هەڕەشەیەکی گەورەتر لە چەکی ئەتۆمی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست






**حەسەن قارەمانی**

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە وەرچەرخانێکی مێژوویی و هەستیاردا تێدەپەڕێت؛ لە لایەک پێکهاتە کۆنەکانی دەسەڵات شەرعییەتیان لەدەست داوە و لە لایەکی دیکەشەوە واقیعێکی نوێی سیاسی و جیوپۆلیتیکی خەریکە سەر هەڵدەدات. لە چەقی ئەم ئاڵۆزییانەدا، کۆماری ئیسلامیی ئێران وەستاوە؛ ڕێژیمێک کە چەندین دەیەیە ستراتیژی ناوچەیی خۆی لەسەر

بنەمای پەرەپێدانی ئایدیۆلۆژی، میلیتاریزەکردنی ئێران و سەرکوتکردنی سیستماتیکی خەباتی نەتەوەکان و بزووتنەوە ئازادیخوازەکان داڕشتووە. سەرەڕای وتوویژە ئەتۆمییەکان و گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان، پرسێکی بنەڕەتی زیاتر سێبەری بەسەر پانتایی سیاسیی ناوچەکەدا کێشاوە: ئایا بەردەوامیی ئەم ڕێژیمە، لە چاو مەترسیی ئەتۆمیدا، هەڕەشەیەکی گەورەتر نییە بۆ سەر سەقامگیریی جیهان؟

ئەم پرسیارە لە ژێر تیشکی ململانێکانی ئەم ساڵانەی دواییدا گرنگییەکی زۆری پەیدا کردووە؛ بەتایبەت بەهۆی هێژمۆنی تاران بەسەر گرووپە میلیشیاکان و بەکارهێنانی شەڕی ناهاوسەنگ (Asymmetric Warfare) کە بووەتە هۆی تێکچوونی ئاسایش و تەناهی لە هەموو ناوچەکەدا. لەم نێوەندەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هێزە کوردستانییەکان، لاوازبوونی ڕێژیم بە دەرفەتێکی مێژوویی دەزانن بۆ پێناسەکردنەوەی چارەنووسی نەتەوەیی و چەسپاندنی مافە دێموکراتیکەکانیان.

## پێکهاتەی فیکری و ستراتیژی ناوچەیی ڕێژیم:

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شۆڕشی ١٩٧٩ەوە شوناسی دەوڵەتی خۆی لەسەر تێکەڵەیەک لە شەرعییەتی ئایینی و ئایدیۆلۆژیک بنیات ناوە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە پێچەوانەی دەوڵەتە نەتەوەییە نەریتییەکانی ناوچەکە، نەک تەنیا لە ڕێگەی سەروەریی خاکەوە، بەڵکوو لە ڕێگەی پرۆژەیەکی ئایدیۆلۆژییەوە کە ئامانجی هەناردەکردنی بنەماکانی شۆڕشی ئیسلامییە بۆ بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، خۆی پێناسە دەکات. تاران لە ڕێگەی دروستکردنی تۆڕێکی بەرفراوان لە میلیشیاکان لە لوبنان، عێراق، سووریە و یەمەن، ئامرازێکی بۆ دەستێوەردانی ناوچەیی دامەزراندووە کە هاوتەریب لەگەڵ دامەزراوە فەرمییەکاندا کار دەکەن. دەرئەنجامی ئەمەش ناسەقامگیرییەکی درێژخایەن لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بووە.

دۆکترینی ئەمنیی تاران لەسەر بنەمای "قووڵایی ستراتیژیک (Strategic Depth)" داڕێژراوە. ڕێژیم بە پەرەپێدانی هێژمۆنی خۆی لە دەرەوەی سنوورەکان، ململانێ دەرەکییەکان وەک کەرەستەیەک بۆ یەکخستنی نێوخۆ و شەرعییەتدان بە سەرکوتکارییەکان بەکار دەهێنێت. نیشاندانی وێنەیەکی هەمیشەیی لە "هەڕەشەی دەرەکی"، ڕێگەی بۆ ڕێژیم خۆش کردووە تا میلیتاریزەکردنی کۆمەڵگە و بەرتەسککردنەوەی ئازادییە مەدەنییەکان پاساو بدات. هەر بۆیە زۆرێک لە شرۆڤەکاران پێیان وایە سروشتی سیاسیی ئەم دەسەڵاتە، سەرچاوەی سەرەکیی ناسەقامگیرییەکەیە؛ چونکە مانەوەی ڕێژیم تەنیا بە واتای چەوسانەوەی نێوخۆیی نییە، بەڵکوو بە واتای بەردەوامیی هەناردەکردنی ئاژاوەیە بۆ وڵاتانی دەرەوە.

## پرسی ئەتۆمی؛ تێڕوانینێکی تەکنیکی یان سیاسی؟

لە دوو دەیەی ڕابردوودا، پەیوەندیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئێران زیاتر لە ژێر سێبەری دانوستانە ئەتۆمییەکاندا بووە. بەڵام ئەم ڕێبازە ڕووبەڕووی ئەو ڕەخنەیە بووەتەوە کە دیدێکی تەسک و تەکنیکیی هەیە. کێشە بنەڕەتییەکە تەنیا ئەوە نییە کە ئایا ئێران دەبێتە خاوەنی چەکی ناوکی یان نا، بەڵکوو پرسەکە ئەو ڕێژیمەیە کە لە ئێراندا دەسەڵاتدارە. سیستەمێکی تاکڕەو کە خەونی فراوانخوازیی هەبێت، تەنانەت بەبێ چەکی ناوکیش مەترسییەکی گەورەیە. پێکهاتەی سەرکوتگەرانەی ڕێژیم هەر ئێستا لێکەوتە تاڵەکانی لە شێوەی جەنگ، کۆچبەریتی و دارمانی ئابووریدا دەرکەوتووە. کەواتە ئەم هەڕەشەیە پرسێکی گریمانەیی نییە بۆ داهاتوو، بەڵکوو مەترسییەکە ئێستا لە ئارادایە.

## خەباتی مێژوویی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

مێژووی کورد لە ئێراندا، بە پەراوێزخستنی بەردەوام و بێبەشکردن لە ناوەندەکانی بڕیار دەناسرێتەوە. کورد وەک پێکهاتەیەکی سەرەکیی ئێران، هەمیشە لە مافە بنەڕەتییە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی بێبەش کراوە. لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩، کورد بەو ئومێدەوە بوو کە دەسەڵاتی نوێ دان بە فرەڕەنگی و مافی خۆبەڕێوەبەریدا بنێت؛ بەڵام ئەو هیوایانە زۆری نەخایاند و لەبار چوون، کاتێک کۆماری ئیسلامی شاڵاوێکی سەربازیی گشتگیری بۆ سەر کوردستان دەست پێ کرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەم ساتەوەختە مێژووییە پێویستی بە هاوپەیمانییەکی بەرفراوان هەیە لە نێوان هەموو نەتەوەکانی ئێراندا. ئامانجی کورد دروستکردنی سیستەمێکی دێموکراتیک و فیدراڵییە کە یەکسانی و فرەیی تێدا گەرەنتی بکرێت.

## "دەرفەتی زێڕین" و پاشەڕۆژی خەبات:

ململانێکانی ساڵانی دوایی و لاوازبوونی ڕێژیم بەهۆی گورزە دەرەکی و نێوخۆییەکانەوە، وەک "دەرفەتی زێڕین" بۆ خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد سەیر دەکرێت. لەم سۆنگەیەوە، حیزبی دێموکرات دووپاتی دەکاتەوە کە کورد خاوەن دۆزی ڕەوای خۆیەتی و بۆ مافە نەتەوەییەکانی خەبات دەکات. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکێک لە ئەکتەرە دیارەکانی ئەم خەباتە بووە و بە بەردەوامی لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا بانگەشەی بۆ فیدراڵیزم و دانان بە مافەکانی کورد کردووە.

**بانەمەڕی ٢٧٢٥**

مێژووی خەباتی حیزبی دێموکرات دژی کۆماری ئیسلامی، پێش ئەم جەنگ و ئاڵۆزییانەی ئێستای ناوچەکە هەبووە و لە پاش ئەوانیش هەر بەردەوام دەبێت؛ ئەم ڕەوتە دەرئەنجامی کێشە کاتییەکان نییە، بەڵکوو بزووتنەوەیەکی مێژوویییە کە لە ڕابردوودا ڕەگی داکوتاوە. هەر بۆیە پێویستە کورد وەک هەمیشە تەنیا پشت بە ئیرادە و توانای نەتەوەیی خۆی ببەستێت. حیزبی دێموکرات کە خاوەن پێگەیەکی جەماوەریی بەرفراوانە، پێی وایە ئەم ساتەوەختە مێژوویییە پێویستی بە هاوپەیمانییەکی نەتەوەیی و سەرتاسەری لە نێوان هەموو نەتەوەکانی ئێراندا هەیە.

لە کۆتاییدا، پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پاڵپشتیی سیاسی لە نەتەوەکانی ئێران بکات؛ چونکە مەترسیی ئەم ڕێژیمە بۆ سەر ئاشتیی جیهانی، زۆر لە بۆمبی ئەتۆمی گەورەترە. بۆ چەسپاندنی دێموکراسی لە ئێران و تەواوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، دەبێت سیستمێکی سیاسی بێتە کایەوە کە لەسەر بنەمای دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دانان بە مافی نەتەوە جیاوازەکاندا بنیاد نرا بێت.

**٢٨ی بانەمەڕی ٢٧٢٦**

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**بانەمەڕی ٢٧٣٦ کوردی = مای ٢٠٣٦ی زایینی**

---





# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتوویێژ و بابەتەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

